# فێدرالیزم
# لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا
(گەڵاڵەی سیستەمی فێدراڵی نەتەوەیی- جوگرافیایی بۆ ئێران)

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حدکا - ٢٧١٠
PDKI Center For Strategic Research - 2010

**ئامادە کردنی:**
**ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

پاییزی ٢٧١٢ی کوردی – ١٣٩١ی کۆچی هەتاوی

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک**

مافی بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بۆ
"ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی
کوردستانی ئێران " پارێزراوە

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیکی حدکا- ٢٧١٠

PDKI Center For Strategic Research - 2010

پەیوەندی گرتن لە گەڵ "ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیکی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"

csr@pdki.org

pdki.crs@gmail.com

# فێدرالیزم لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا

## (گەڵاڵەی سیستەمی فێدراڵی نەتەوەیی- جوگرافیایی بۆ ئێران)

**ئامادە کردنی:**

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**پاییزی ٢٧١٢ی کوردی – ١٣٩١ی کۆچی هەتاوی**

## نێوەڕۆک


پێشەکی........................................................................................ ٧
**پاژی یەکەم**: هەندێک باسی تیۆریک لەسەر فێدرالیزم................. ١٥
پێناسەو بنەماکانی فێدرالیزم.................................................... ٢٣
یاسای بنچینەیی فێدراڵ...................................................................٣٧
سیستەمی سیاسی حکوومەتی فێدراڵ و پێوەندی نێوان سێ دەسەڵاتی ئاسۆیی .................................................................................٤٥
جیاوازیی نێوان پێکهاتەی حکوومەتی یونیتەری و فێدراڵ...............٧١
جیاوازیی نێوان فێدرالیزم و دیسێنتراڵ کردن...................................٧٨
جیاوازیی نێوان فێدرالیزم و فێدراسیۆن........................................٨٩
ڕێگا، هۆکار و قازانجەکانی پێکهاتنی سیستەمی فێدراڵ..............١٠١
مۆدێلەکانی فێدرالیزم.............................................................. ١٢٠
پێوەندی نێوان حکوومەتیی و فێدرالیزمی پێوەندیدار بە دارایی....١٤١
**پاژی دووهەم**: فێدرالیزم لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا.........................١٧٧
سویس ...........................................................................................١٨٣
کەنەدا ...........................................................................................١٩٥
رووسیا.......................................................................................... ٢٠٥
هێندووستان ..................................................................................٢١٥
پاکستان.........................................................................................٢٣٨

مالیزیا......................................................................................... ٢٤٧
نیجێریا........................................................................................ ٢٥٥
بلژیک ......................................................................................... ٢٦٦
ئیسپانیا........................................................................................ ٢٧٧
ئافریقای باشوور............................................................................. ٢٨٧
ئێتیۆپیا......................................................................................... ٢٩٥
بۆسنیا .......................................................................................... ٣٠٥
عێراق........................................................................................... ٣١٦
**پاژی سێهەم**: گەڵاڵەی فیدرالیزمی نەتەوەیی -جوگرافیایی بۆ ئێران
.................................................................................................... ٣٢٩
یاسای بنچینەیی .............................................................................. ٣٤٠
پێکهێنەرەکانی وڵات........................................................................ ٣٥٦
سێ دەسەڵاتی ئاسۆیی حکوومەتی فیدراڵ........................................... ٣٦١
حکوومەتی هەرێمەکان..................................................................... ٣٧٧
نموونەی هەرێمێک لە ئێراندا: کۆماری دێموکراتیکی
کوردستان....................................................................................... ٣٨٥
پاشکۆکان: وێنەی پارەی هێندوستان و وێنەی پاسپۆرتی
عێراق........................................................................................... ٣٩٩
سەرچاوەکان.................................................................................... ٤٠١

## پێشەکی

هەروەک تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەکانی پێشتر (لەوانە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک) پیشانیان داوە، بە هۆی هەبوونی هەندێ بارودۆخی تایبەت بە وڵاتی ئێران، بەتایبەت فرەنەتەوەیی بوونی، بەدیهێنانی دیمۆکراسی لەم وڵاتەدا بە بێ سیستەمێکی حکوومەتی شیاو و راهاتوو لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە ئاستەمە. ئەم سیستەمەش، سیستەمی فیدراڵییە کە پێویستیی حکوومەتی دیمۆکراتیک لە وەها وڵاتگەلێک دایە. وێرای بوونی پێکهاتەی فیدراڵی لە زۆر وڵاتدا و تارادەیەک لە مێژینە بوونی ئەم پێکهاتە حکوومەتییە، پاش پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێراندا، بە هۆی لەبەرچاونەگرتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە و نکوڵی کردن لە نەتەوەکانی تر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، سەرنجی فیدرالیزم نەدرا و ئەم بابەتە بوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەنەسەندنی دیمۆکراسی لە ئێراندا. ئەوە لە کاتێکدایە کە دیمۆکراسی و فیدرالیزم، بەتایبەتی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا تەواوکەری یەکترن. بەپێچەوانەی رەوتی باو لە جیهاندا، ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە سەرنجی راهاتوویی نێوان جۆری



بگەڕێوە بۆ پێرست

حکوومەت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەداوە و هەر بەم بۆنەوە تووشیی زۆر قەیرانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریی و دواجار پەرەنەسەندن بووە. نەتەنیا دەرفەتێک بۆ بەشداریی سیاسی نەتەوە جیاوازەکان نەبووە، بەڵکو بە هۆی زاڵبوونی نەتەوەیەک بەسەر حکوومەتی ناوەندیدا و نەبوونی حکوومەتی هەرێمی وەکو پارێزەری مافی نەتەوەکان، هەوڵەکان بە درێژایی پێکهاتنی دەوڵەتی مودێرن لە ئێراندا لە راستای لە نێو بردن و تواندنەوەی نەتەوەکاندا بووە. لە باری ئابووریشەوە، پێکهاتەی یەکتیکەی[1] حکوومەت بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی پەراوێزی وڵات نەدرێت کە شوێنی نیشتەجێ بوونی نەتەوەکانەو لە ئاکامدا لە ناوخۆی وڵات رەوشی ناوەند-پەراوێز پێکهاتووە و جۆرێک لە چەوساندنەوە و ئیستێعماری ناوخۆیی بینراوە. لە راستیدا هەمووی ئەم کێشانە زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ بەشدار نەبوونی نەتەوەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا، واتە کێشەی سیاسی بنەمای کێشەکانی ترە لە ئێراندا. ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر حکوومەتی ناوەندیدا لە بۆشایی نەبوونی هیچ دەسەڵاتێکی هەرێمی و پارێزەری نەتەوەکان لە هەمبەر ناوەندا، کەڵک لە دەسەڵاتی

---

[1] unitary

ڕەهای ناوەند بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی خۆیان و یەکدەست کردنی خەڵکی ئێران وەرگرن. لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا جگە لە هەوڵی زۆر بۆ پاراستنی کەلەپوور و زمانە جۆراوجۆرەکان، تەنانەت بزووتنەوەی ژینگەپارێزی و پاراستنی جۆراوجۆریی ئاژەڵ و گیاکانیش گەشەی سەندبوو، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەتایبەت لە ئێراندا هەوڵی بەرفراوان خرابووە گەڕ بۆ سڕینەوە و لە نێوبردنی جۆراوجۆریی مرۆیی. هەر بۆیە بوونی ئەم پێکهاتە سیاسییە لە ئێراندا، بە درێژایی سەدەی رابردوو زیانێکی زۆری گەیاندە نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێران. لەم راستایەدا بوو کە هەست کرا بە پێویستی حکوومەتێکی دێمۆکراتیکی فێدراڵی فرەنەتەوەیی لە ئێراندا، کە تێیدا بەشداریی نەتەوەکان لە دەسەڵاتدا و خاوەن دەسەڵات بوونیان، ببێتە پارێزەرێک بۆ مافی گەلان و نەتەوەکانی ئێران.

هەرچەند ناکرێ یەک ڕەهەندی چاو لە کێشەکان بکرێت و لە راستیدا گەلێک هۆکار دەستیان داوەتە دەست یەک بۆ پێکهێنانی قەیرانەکانی ئێران، بەڵام وەک دیارە گرنگترینیان نەبوونی دێمۆکراسی و بیری دێمۆکراتیکە. هەروەک ئاماژەی پێ کرا سەرەکیترین پێویستیی دێمۆکراسیش، سیستەمی فێدراڵییە. تا ئەم قۆناخە

بگەڕێوە بۆ پێرست

لێکۆڵینەوەکانی تر، بەتایبەت ئەوانەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، پێویست بوونی فیدرالیزمیان بۆ ئێران سەلماندووە، بەڵام چ شێوازێکی ئەم سیستەمە گونجاوە لەگەڵ بارودۆخی ئێران، لێکۆڵینەوەی زۆرتری دەوێت. وێرای هاوشێوەیی زۆری سیستەمە فیدراڵیەکان، سیستەمی فیدراڵی بۆخۆی جۆراوجۆرە و مۆدێلی جۆراوجۆری فیدراڵی دەبینرێن. بە جۆرێک کە هەر وڵاتێک بە پێی تایبەتمەندیەکانی، دانیشتووانی هەوڵیان داوە کە بە رێکەوتن و رەزامەندی هەموو لایەک پێکهاتەیەکی شیاو هەڵبژێرن. بۆیە ئەوەی کە چ سیستەم و مۆدێلێک بۆ ئێران شیاوترە و پێویستیەکانی چییە، دەبێت تارادەیەکی زۆر روون بکرێتەوە. کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیە بە دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوەیە کە: ئاخۆ چ جۆرە سیستەمێکی فیدراڵی بۆ ئەم وڵاتە دەشێت؟ جۆر و مۆدێلی فیدرالیزمی ئێران دەبێت چۆن بێت؟ لە باری سیاسی، فەرمانگەیی و ئابوورییەوە چ پلانێک پێویستە کە دابڕێژرێت؟ پێوەندی نێوان هەرێمەکان و ناوەند چۆن دەبێت؟ دەسەڵاتی ناوەندی چۆن دابەش بکرێت، کە هەموو نەتەوە سەرەکییەکان بە شێوەیەکی شیاو تیایدا بەشدار بن؟ دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمەکان و پێکهاتەکانیان، بەتایبەت کوردستان، چۆن دەبێت؟ دیارە وێرای هەندێک

جیاوازی، ئێران هەندێک لێکچوونی هەیە لەگەڵ هەندێ لە وڵاتانی فیدراڵ و زۆرێک لەو وڵاتانە لەم سیستەمە بۆ چارەسەریی کێشەی جۆراوجۆریی نەتەوەیی کەڵکیان وەرگرتووە. بۆیە گریمانە دەکرێت کە بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە کە نەتەوە گرنگەکان هەرکامیان خاوەن خاکی خۆیانن و هەرێمی تایبەتیان دیارە، فیدرالیزمی نەتەوەیی -جوگرافیایی کە تێیدا هەموو نەتەوەکان لە دەسەڵاتدا بەشدار بن بۆ ئەم وڵاتە گونجاو و پێویستە. مۆدێلێکی جیاواز و تاڕادەیەک هاوشێوەی بۆسنیا و هێرتسەگۆڤینا، ئێتیۆپیا، کەنەدا، بلژیک، عێراقی پاش سەدام و... پێویست دەبێت کە مافی نەتەوەکان لەو چوارچێوەیەدا دابین بکرێت و بۆ دێمۆکراسی بە مانای ڕاستەقینەکەی، واتە مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەر نەتەوەیەک بە دەستی خۆ بوارخۆشکەر بێت یان ، یان لە ڕاستیدا بە دەستی خەڵک بێت.

لەم ڕاستایەدا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆرتر لە تێکەڵێک لە شێوازی لێکۆڵینەوەیی یاسایی و دامەزراوەیی و تاڕادەیەک بەراوردکارانە کەڵک وەرگیراوە. واتە لە لێکدانەوەی یاسای بنچینەیی وڵاتەکان و دامەزراوە حکوومەتیەکان کەڵک وەرگیراوە تاکو بە یارمەتی ئەوانە سیستەمێکی شیاو بۆ ئێران وێنا بکرێت. جێی ئاماژەیە کە خوێندنەوەی جیاوازیەکان و

بگەڕێوە بۆ پێرست

لێکچوونەکان لە نێوان سیستەمە فێدراڵیەکاندا و هۆیەکانیان و لقە جۆراوجۆرەکان – لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێ کردنی سیاسەت و تەرخانکردنی دەسەڵاتی ڕەوا و هەر بەو رادەیەش لەسەر شرۆڤەکردنی جۆراوجۆرییەکان، بە فێدرالیزمی "بەراوردکارانە"[٢] ناسراوە . ئەم فێدرالیزمە نەریتێکی دوورودرێژی هەیە لە سیاسەتی بەراوردکارانەدا. بوارێکی نوێتری لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی بەراوردکاریدا، سیاسەتی ژینگەیی نێونەتەوەییە. فێدرالیزم چەمکێکی سەرەکییە لە سیاسەتی بەراوردیدا، هەروەها لقێکی پێوەندیدارە بە پێکهاتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەوە. لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری و تەشەنەی فێدرالیزم تیشکی خستووەتە سەر سەردێڕگەلێک وەک پێکهاتەی دامەزراوەیی، دەسەڵات و هێز، چۆنیەتی کۆبوونەوەی دامەزراوە فێدرالیستەکان، بەرژەوەندیەکانی سەنتراڵ یان دیسەنتراڵ کردن، بزاوتنی کۆمەڵایەتی و چالاکییە سیاسیەکانی دیکە. هەربەو جۆرەی کە سیستەمە فێدراڵیەکان گەشەیان سەندووە، دەرفەتی لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانەش لە گەشەسەندندا بووە، لە نێوان گروپێک لە

---

2 comparative federalism

ناوچەکان، ئاستەکانی پەرەپێدانی ئابووریی، کەلەپوورەکان و...هتد.[3]

له بەشه جیاوازەکانی ئەم نووسراوەیەدا، ئاور دەدرێتەوە سەر باسێکی تیۆریک لەسەر فیدرالیزم، حکوومەتی فیدراڵ و تایبەتمەندیە پێوەندیدارەکانی سیستەمی سیاسی بە تێروتەسەلی، و پاشان چاوخشاندنێک دەکرێت بەسەر هەندێ وڵاتی فیدراڵی فرەنەتەوەی هاوشێوەی ئێران و یاسا بنچینەییەکان و تایبەتمەندیەکانیان و له کۆتاییدا بەپێی ئەمانە، چۆنیەتی و فۆرمی سیستەمی حکوومەتی فیدراڵ بۆ ئێران شرۆڤە دەکرێت.

---

[3] Henrik Selin and Stacy D. VanDeveer, ‘Federalism, Multilevel Governance and Climate Change Politics across the Atlantic’, **Presented at the EUSA Twelfth Biennial International Conference**, Boston, Massachusetts, March 3-5, 2011.

بگەڕێوە بۆ پێرست

# پاژی یەکەم:

# هەندێک باسی تیۆریک لەسەر فیدرالیزم

بگەڕێوە بۆ پێڕست

فیدرالیزم، وەک ئامرازێک بۆ هاوسەنگی نێوان هێزەکانی دوورکەوتنەوە لە ناوەند و نزیک بوونەوە لە ناوەند لە کۆمەڵگادا، ئەمڕۆکە لە بەرانبەر پرۆسەی تێکچوونی دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکاندا باس و بەرگرییەکی زۆری لێوە دەکرێت. ئەگەر هەندێک لەم دەوڵەتانە پێشتر لە ژێر زەختی "ڕاپەڕینی کتوپڕی نەتەوەکان"دا روخان، ئەمڕۆکەش زۆرنەتەوە هەن کە لە ژێر زەختی دەوڵەتەکان دان و بە ئاشکرا وەکو پەڕاوێزی پێوەندیدار بە نەتەوە، کەلەپوور و زمان ناسراون. سیاسەتی زۆربەی ئەو دەوڵەتانە لە راستیدا پێشگرتنە لە گەشەسەندنی ئاواتەکانی ئەم نەتەوانە._وڵاتانێک کە بە "کوورەی تواندنەوە" ناسرابوون، دواتر بە هۆی مانەوەی ئەو نەتەوانەی کە لە ئەنجامی سیاسەتی تواندنەوەیاندا هەر وا لە سەر پێ بوون، ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە نەکا دوای ژیانەوە و گەشەسەندنیان، بێزار بن لە "توێنەران"، یان ئەوەی کە دڵخوازانە بڕیار بدەن بۆ ناساندنی خۆیان بە "خۆ"گەلێکی رەسەن و خاوەن رەچەڵەکی تایبەت. سەردەمی راگەیەنەر و پێوەندییەکان وهەروەها پەرەپێدانی ناتەواوی دامەزراوە دێموکراتیکەکانیش بۆ ناوچەکانی پەڕاوێز، چاوەڕوانیەکانی ئەم گروپانەی بەرز کردووەتەوە بۆ بەرزترین ئاست، بەتایبەت کاتێک کە زۆربەی ئەم نەتەوانە بە رادەیەک گەورەن کە دەبێت لە بەر چاو بگیردرێن، هەرچەند زۆرتر

ئاواتیان ئەوە بووە کە لە ڕێکخستنە دیمۆکراتیکەکاندا بەشدار و هاوبەش بکرێن. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە سەردەمی ئەوە کۆتایی پێهاتبێ کە دەوڵەتەکان داواکاریی یەکدەست بوونیان هەبێت، کە چی لە گەڵ ئەوەشدا، لە هەندێک کۆمەڵگای فرە چەشنیدا بە هۆی مانەوەی هەندێک بیرۆکەی سڕینەوە و توێنەرانە، ئەمە وتنی هاسانترە لە چاو جێبەجێ کردنی[٤]. هەرچۆنێک بێت، بارودۆخی تازەپێکهاتوو، دەوڵەتەکانی هان دا بۆ وەپێش گرتنی ڕێگایەکی نێوەنجی، واتە بەرگری لە فیدرالیزم وەک پێشگرتن لە جیابوونەوە.

لەم پێوەندییەدا، بیرمەندانی سیاسی سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەی ئەستوونی، بە گشتی باس لە دوو جۆرە پێکهاتەی حکوومەتی دەکەن؛ یەکتیکە (یونیتەری) و فیدراڵ. بەپێچەوانەی یەکتیکە، لە پێکهاتەی حکوومەتی فیدڕاڵدا جگە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سێیانەی حکوومەتی، بە شێوەی ئاسۆیی، واتە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەریی، بەپێی یاسای بنچینەیی فیدراڵ و هەرێمەکان، کارەکانی دەسەڵاتی حکوومەتی دابەش دەکرێت لە نێوان حکوومەتی ناوەندیی و

---

[4] Kousar J. Azam, **Federalism and Good Governance, Issue Across cultures**, south Asian publishers, new delhi, 1998, p: 222-3.

بگەڕێوە بۆ پێرست.

حکوومەتی هەرێمەکاندا. حکوومەتی فیدراڵ یان ناوەندیی زۆرتر لەسەر بابەتە گرنگەکانی پێوەندیدار بە بەرژەوەندیی گشتی یان هاوبەش وەکو ئاسایشی گشتی و سوپای وڵات، ئابووریی و بابەتەکانی پێوەندیدار بە دارایی و پارە، هێما نیشتمانیەکان و سیاسەتی دەرەوە بڕیار دەدات و حکوومەتی هەرێمەکانیش زۆرتر لەسەر ئەو بابەتانە کار دەکات کە لە باری هەرێمی و خۆجێییەوە گرنگایەتیان هەیە. ئەو یەکە بچووکانەی کە فیدراسیۆنەکە لە یەکیەتی ئەوان پێکدێت ئێستا بە هەر ناوێکەوە وەک ویلایەت (ستەیت) لە ئەمریکا و هێند، کۆمار لە رووسیا، کانتۆن و پارێزگا و...هتد، خاوەن مافی خودموختارین. یاسای بنچینەیی فیدراڵ یان گرێبەستی پێکهێنانی فیدراسیۆن، دابەشکردنی دەسەڵات و سنوورەکان لە نێوان ناوەند و یەکەکاندا، دیاری دەکات. لەم سیستەمە حکوومەتیەدا جیابوونەوە لە فیدراسیۆن، لە ڕێگای پرۆسەیەکی فەرمی و یاساییەوە کە لە یاسای بنەرەتیدا پەسەند کراوە، ڕێپێدراوە. لەم جۆرە دەوڵەتەدا گۆڕینی یاسای بنچینەیی بە ڕێکەوتنی ڕێژەیەکی دیار لە یەکەکان جێبەجێ دەکرێت. کەواتە سەروەریی یان دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتە هەرێمیەکان بە جۆرێ دابەش دەکرێت، کە هەرکامەیان لە هەرێمی خۆیدا سەربەخۆ بێت لەوی تر. بۆ ئەو وڵاتانەی کە کەلێنی کۆمەڵایەتی گرنگیان تێدا نییە و لە باری حەشیمەت و پانتاییشەوە زۆر گەورە نین بە شێوەی گشتیی

بگەڕێوە بۆ پێرست

حکوومەتی یەکتیکە بە کار دەهێنرێت. بەڵام ئەم جۆرە وڵاتانە لە جیهاندا بە ڕێژەی قامکەکانی دەست بوونیان نییە و زۆربەی وڵاتان فرەنەتەوە، فرەکەلوپوور و فرەئاییینین. هەر بەم بۆنەوە زۆرێک لە وڵاتان جۆری دووهەم، واتە فیدرالیزمیان هەڵبژاردووە کە لەم ڕێگایەوە هەم دیمۆکراسی بەدیبهێنرێت واتە حکوومەت بە خەڵکەوە نزیک بکرێتەوە و گروپە کۆمەڵایەتیەکان بەشداریی بکەن لە کاروباری حکوومەتیدا، وە هەم هاسانکاریی بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە جۆراوجۆرەکان.

مێژووی سیستەمی فیدراڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئیسرائیلی کۆن و نزیکەی ٣٢٠٠ ساڵی پێش و پاش ئەوەش هەندێ دەوڵەتی تری وەکو حکوومەتی ماددەکان و حکوومەتەکانی پاش ئەوان لە ئێرانی کۆن و دەوڵەت شارەکانی یۆنانی هێلینیکی[5] و کۆماری ڕۆمی کۆن. چەمکی ئێستای فیدراسیۆن دیاردەی کۆتایی سەدەی ١٨ تا ناوەڕاستی سەدەی ٢٠ بوو. سەدەکانی ١٨ و ١٩ نوێنەرایەتی سەردەمێکی مێژوویيان کرد، کە فیدرالیزم سەریهەڵدا، تاڕادەیەک کە پێی گوتراوە "سەردەمی فیدرالیزم"[6].

---

[5] Hellenic city-states

[6] Alan Fenna, Federalism Symposium, **The Malaise of Federalism: Comparative Reflections on Commonwealth–State Relations**, The Australian Journal

بگەڕێوە بۆ پێرست

هەرچەند هەندێکی تر وەک رایکەر و برومەنز[٧] بە هۆی ریژەیەکی زۆر بە فێدراڵی بوون، سەدەی بیستەمیان وەکو سەردەمی راستی فێدرالیزم ناودێر کرد. لە حکوومەتە دیمۆکراتیکەکان دا، تا پێش ١٧٥٠ سویسرا فێدراڵ یان بە جۆرێک کۆنفێدراڵی بوو. سویس نموونەیەکی دەگمەنە کە لە ١٢٩١ بەملاوە کۆنفێدراسیۆنی هەبووە کە بە هەر شێوەیەک بووە ماوەتەوە تا ١٨٤٨ کە بە شێوەیەکی مودێرن بنیاتنراوەتەوە. لە سەردەمی مۆدێرِندا کۆمەڵێک شەپۆلی بە فێدرالیزم بوون بینراوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەم فێدراسیۆنی دیمۆکراتیکی نوێ بوو کە لە ١٧٨٩ دا سەریهەڵدا. کەواتە فێدرالیزمی مۆدێرِن پتر لە دوو سەدە لەمەوبەر لە ئەمریکاوە دەستی پێکرد. هەموو دەوڵەتە فێدراڵەکانی تر لاسایی مۆدێلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کردەوەتەوە، ئەگەرچی ئەوان دەبا چاکسازییان کردبایە بۆ گونجان لەگەڵ پێویستییەکانی خۆیان.[٨] لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٠-١٩٠٠دا کەنەدا (١٨٦٧) و دوو وڵاتی ئەوروپای

---

of Public Administration, vol. 66, no. 3, *September* 2007, pp. 298–306

[7] Riker & Brugmans

[8] S. L. Verma, **Federalism authority in the Indian political system**, published by R & SA Publisher, Jaipur, India, 1987, p: 82 & p. 235.

ڕۆژئاوا واتە ئاڵمان کە چوارچێوەی فیدرالیزمەکەی لە ١٨٧٠ لەلایەن 'بیسمارک'ەوە دانرا و ئوستریا (نەمسا) کە پڕۆسەی بە فیدرال بوونی لە دەیەی ١٨٩٠ دا تێپەڕاند، بوون بە فیدراڵ. هەروەها لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەندێ لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین وەک ئارژانتین، برازیل، مێکزیک و ڤێنیزۆئێلا بوون بە فیدراڵ. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠١ -١٩٥٠ دا شەش دەوڵەت؛ ئوستراليا (١٩٠١)، یەکیەتی سۆڤییەت، یوگۆسلاڤیا لە ئەوروپا، هێندووستان (١٩٥٠) و پاکستان (١٩٥٦) لە ئاسیای باشوور وەکو فیدراسیۆن سەریانهەڵدا. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥١ — ١٩٦٥ لە ئافریقا، نیجێریا (١٩٦٠) و کامێرۆن (١٩٦١) و تانزانیا (١٩٦٤) و لە ئاسیا مالێزیا (١٩٦٣) وەکو فیدراسیۆن پێکهاتن. لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای بیست و یەک، هەندێ وڵاتی تر، وەک: لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (١٩٧١)، ئێسپانیا (١٩٧٨) بەلژیک (١٩٩٣)، ئافریقای باشوور (١٩٩٦) و عێراق (٢٠٠٣) بوون بە فیدراڵ[٩]. زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی سەرەوە لەو وڵاتانەدا سەریانهەڵداوە کە لە سێ

---

[9] Ronald L. Watts, **Comparing Federal Systems**, second edition, Queen’s University Kingston, Ontario Canada, 1999, p. 2-3.

بگەڕێوە بۆ پێرست

تایبەتمەندیی وەک گەورەیی لە باری جوگرافیاییەوە، جۆراوجۆریی کولتووری –کۆمەڵایەتی و زۆربوون و ترنجاوی حەشیمەت، یەک یان دوو یان هەر سێکیان پێکەوە هەبووە.

هەرچۆنێک بێت، ئەورۆکە زۆربەی وڵاتە پان و بەرینەکان، حکوومەتی فیدراڵییان هەیە. لە زۆرێک لە وڵاتانی بچووکیشدا کە جیاوازیی و کەلێنی کۆمەڵایەتییان هەیە کەڵک لە فیدرالیزم وەردەگیردرێت. گۆڕەپانی کار و کردەی فیدرالیزم بەربڵاوە. ئەلەزار[١٠] لە ساڵی ١٩٨٧ دا، وێرای ئاماژە کردن بە ناوی ٢٢ وڵاتی فیدراڵ، دەستەواژەی "وەرچەرخانی فیدڕاڵی"[١١] بەکار هێنا. لە ١٩٩٩ دا نزیکەی ١٨٠ وڵات هەبووە (نزیک بە ٥٢ لەسەدی خاکی جیهان) کە لە کۆی ٢٤ فیدراسیۆن، نزیکەی دوو میلیارد خەڵک یان ٤٠ لەسەدی حەشیمەتی جیهانیان لە خۆ گرتووە[١٢]. لەو کاتەوە تاکو ئێستا چەندین وڵاتی دیکە ئەم سیستەمەیان هەڵبژاردووە. لە هەندێک نووسراوەدا ئاماژە بە فیدراڵی بوون دەکرێت وەکو تایبەتمەندی دیاری پێکهاتەی حکوومەتیی لە

10 D. J. Elazare

11 federal revolution

12 Watts, op.cit, 1999, p.4.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

سەدەی ٢١ دا.[١٣] له درێژەدا فیدرالیزم وەکو میکانیزمێکی سەرەوەتر له تەنیا حکوومەتێکی فیدراڵی و فیدراسیۆن، زۆرتر شی دەکرێتەوە.

## ١- پێناسەو بنەماکانی فیدرالیزم

وشەی "فیدرالیزم" ریشەکەی له وشەی لاتینی foedus دایه که به واتای رێکەوتن، یەکیەتی و یەکگرتوویيه. له ماوەی سەرهەڵدانی ئەمریکاوە، واتای ئەمڕۆکەی بەخۆیەوە گرت. مۆنتێسکیو وەکو "فیدرالیزم" بەکاری هێنا، بەڵام چەمکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەم. له سەدەکانی ناوەڕاستدا، پێش سەردەمی مۆدێڕن، جانز ئاڵتوسیوس[١٤] (١٦٠٣) یەکەمین کەس بوو که لەوە تێگەیشت فیدرالیزم بەڕاستی پێوەندی هەیە به کێشەکانی ولاتێکەوە و لەم بارەوە یەکەم دەقی لەسەر تیۆری فیدراڵ نووسی. بۆیە وەکو باوکی راستەقینەی تیۆری فیدراڵی مودێڕن ناسراوە[١٥]. چەمکە فیدرالیستییەکان له رێگای کۆمەڵێک تیۆری دارێژی وەک ئاکویناس، کانت، هیوم، سپینۆزا، مۆنتسکیو،

---

13 Ronald L. Watts, 'Daniel J. Elazar: Comparative Federalism and Post-Statism', **Publius: The Journal of Federalism**, 30:4 (Fall 2000), pp 155-168.

14 Johnnes Althusius

15 Verma, **op.cit**, p: 34. And, Watts, **op.cit**, p. 2.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئالتوسیوس و رووسۆ[16] دەگەڕێنەوە بۆ یۆنانیەکانی کۆن. ئەم تیۆرداریژانەو زۆریکی تر، کاریگەریان هەبووە لەسەر بیری یەکەمین فیدڕالیستەکانی ئەمریکا و باسە بەرینەکانیان لەگەڵ "دژە فیدرالیستەکان" و رەخنەگرانی دیکە.[17] بۆیە فیدرالیزم لە بنەڕەتدا بە داهینانیکی ئەمریکایی دەزانریت. لۆرینس ترایب[18] ئاماژە بە شەش بیرۆکەی زەقی سیاسی سیستەمی ئەمریکایی دەکات: نوینەرایەتی، کۆماریخوازیی، فیدرالیزم و جیایی دەسەڵاتەکان، یەکسانی لە بەرانبەر یاسا، خودموختاریی تاکەکەسی و دادپەروەریی پیوەندیدار بە ریسای کار.[19] هەروەها ئەوروپاییە مودیرنەکانیش بە شیوەی ئاسایی لەم چەمکە کەڵکیان وەرگرتووە، بۆ جەخت کردنە سەر لایەنەکانی خودموختاری یەکە ئەندامەکان.[20]

فیدرالیزم لە بەربلاوترین واتایدا، ئاماژەیە بۆ پیوەندی خەڵک و یەکە سیاسییەکان لە یەکیەتیەکی بەردەوام، بەڵام سنووردارردا،

---

[16] Aquinas, Kant, Hume, Spinoza, Montesquieu, Althusius, Rousseau

[17] Selin and VanDeveer, **op.cit**.

[18] Laurence tribe

[19] Chibli Mallat, 'federalism in the middle east', Case W. RES. J. INT, LL, VOL. 35:1, 2003.

[20] Verma, **op.cit**, p: 69.

بەپێی رەزامەندی دوولایەنە. حکوومەتە پێکهێنەرەکان دەبێت لانیکەم مافی پاراستنی تەواوەتی خاکی خۆیان، مافی نوێنەرایەتی لە دامەزراوەکانی حکوومەتی ناوەندیی و هەروەها مافی پاڵپشتی و پشتیوانی حکوومەتی فیدارالیان لە خۆ لە بەرانبەر دەسدرێژی دەرەکیداهەبێت. بۆیە لە تیۆری سیاسیدا، چەمکی فیدرالیزم ئاماژە دەکات بە سیستەمێکی سیاسی کە دەسەڵات لە نێوان حکوومەتێکی ناوەندیی و یەکە پێکهێنەرەکانیدا دابەش دەکات، بەجۆرێک کە هەر ئاستێک لە دەسەڵات سەروەریی سەرەکی لە هەندێ بابەتی دیاردا هەیە.[21] وڵات دابەش دەکرێت بە هەرێمگەلێکی جیاواز و خاوەن حکوومەتی تایبەت بەخۆ و خاوەن مافی یاسادانان و باج وەرگرتن بەپێی دابەشکردنی یاسایی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی ناوەندیی و هەرێمەکاندا. سەروەریی لە نێوان ئەم دوو ئاستەی حکوومەت دا دابەش دەکرێت و دەخرێتە چوارچێوە یاسایەکی نووسراو کە تەنیا بە شێوازگەلێکی تایبەت چاکسازیی تێدا دەکرێت، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رەوایی و زیاترکردنی رەزامەندیی سیاسی. لە سیستەمە فیدراڵەکاندا، رێبازە بنەڕەتیەکان لە رێگای وتووێژەوە

---

[21] Helder De Schutter, ‘Federalism as Fairness, *The Journal of Political Philosophy:* Volume 19, Number 2, 2011, pp. 167–189

بگەڕێوە بۆ پێرست

دادەنرێن و جێبەجی دەکرێن تاکو هەموو ئەندامەکان لە بڕیاردانەکان و دواتر جێبەجێ کردنیاندا بەشدار بن. کەواتە فیدرالیزم بریتییە لە تێکەڵێک لە خۆحکوومەتی (خودموختاریی)، حکوومەتی سنووردار و حکوومەتی هاوبەش، کە ئاماژە دەکات بە پێکەوەبوونی دوو ئاستی سەربەخۆی حکوومەت کە هاوکات بە سەر هاووڵاتییاندا حوکم دەکەن.[٢٢] بە واتایەکی تر لە دەوڵەتی فیدراڵدا، ناوەند خودموختاری یان سەروەریی تەواوی نییە؛ خودموختاریی یان سەروەریی بە شێوەیەکی باڵانسکراو یان نابەرابەر دابەش دەکرێت.[٢٣]

لەم پێوەندییەدا، چاکترین پێناسەی کورت و بەکەڵک بۆ فیدرالیزم هی دانیەل ئەلەزارە: "حکوومەتی خۆ لەگەڵ حکوومەتی هاوبەش". واتە فیدرالیزم تێکەڵێکە لە "خۆحکوومەتی" لەگەڵ "حکوومەتی هاوبەش" لە پێوەندیەکدا، بە پێی گرێبەست و پەیمانێک کە دابینکراوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات. لە راستیدا فیدرالیزم دابەشکردنێکی تری ئەستوونی یان جوگرافیایی شیاویەتیەکان و دەسەڵاتەکانی، لە دوو ئاستی جیاوازی حکوومەتیشدا زێدە کردووە بە جیاکردنەوەی ئاسۆیی یان

---

[22] Andreas Auer, The constitutional scheme of federalism, **Journal of European Public Policy**, June 2005: 419–431.
[23] Azam, **op.cit**, p: 15.

گەڕانەوە بۆ پێڕست

ڕێکخراوەیی دەسەڵاتەوە. ئەلەزار فێدرالیزم وەکو "ئەو شێوازەی ڕێکخستنی سیاسی دەبینێت کە یەکەکان، حکوومەتەکان لە ناو سیستەمێکی سیاسی بەریندا جیا دەکەنەوە بە جۆرێک کە ڕێگە بە هەرکامیان دەدرێت یەکیەتی سیاسی بنەڕەتی خۆی بپارێزێت". بە وتەی ناوبراو، سیستەمە فێدراڵەکان لە ڕێگای دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و یەکەکان لە پەیماننامەیەکدا کە گەڵاڵە کراوە بۆ پشتگیری لە بوون و دەسەڵاتی هەموو حکوومەتەکان، ئەم کارە جێبەجێ دەکەن. لە ڕێگای پێویست بوونی ئەو سیاسەتە بنەڕەتیانەی کە دادەنرێن و جێبەجێ دەکرێن و لە ڕێگای وتوویژ بە شێوازی جۆراوجۆر، توانا بە هەمووان دەدا بۆ بەشداریی لە بڕیاردانەکانی سیستەم و پرۆسەی جێبەجێ کردنی بڕیار. بەپێی بۆچوونی ئەلەزار، نا-ناوەندیی کردن[24] نێوەڕۆک و بنەمای فێدرالیزمە. بەپێی ئەو بۆچوونەی ئەلەزار، بنەما بنەڕەتیەکانی دەوڵەتی فێدراڵ ئەمانەن: هێزی دەوڵەتی فێدراڵ لە دەسەڵاتی نیشتمانییەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو لە دەسەڵاتی ڕەواوە کە بە گشتی خەڵک پێیان بەخشیوە سەرچاوە دەگرێت؛ هەردوو حکوومەتی نیشتمانی و حکوومەتە پێکهێنەرەکان بە تەنیا خاوەنی ئەو دەسەڵاتەن کە

---

[24] non-concentration

پێیان سپێردراوە؛ و هەموو حکوومەتەکان سنووردار دەکرێنەوە بە یاسای بنچینەیی نیشتمانی هاوبەش.[٢٥]

رایکەر[٢٦] (١٩٧٥) لە پێناسەی فیدرالیزمدا دەڵێت: "فیدرالیزم رێکخراوێکی سیاسییە کە تێیدا چالاکیەکانی حکوومەت لە نێوان حکوومەتە ناوچەییەکان و حکوومەتی ناوەندیی دابەش دەکرێن بە جۆرێک کە هەر کام لەوانە هەندێ چالاکی هەیە کە بڕیاری کۆتاییان لەسەر دەدات." بە واتایەکی تر فیدراسیۆنەکان لە حکوومەتە پێکهێنەرەکان یان حکوومەتە ناوچەییەکان و حکوومەتی ناوەندیی پێکدێن و هەر دوو ئاستی حکوومەت، لە هەندێ بواردا دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتاییان پێدەبەخشرێت. لە خاڵەکانی یاسای بنچینەییدا دەبێت لانیکەم بە روونی ئاماژە بکرێت بە بوارێکی بڕیاردانی کۆتایی بۆ هەرجۆرێکی حکوومەت (ناوچەیی یان ناوەندیی). بە شێوەی یەکلایەنە هیچکام لە دوو ئاستی حکوومەت (ناوچەیی و ناوەندیی) ناتوانن ئەم شیاویەتییەی بڕیاردانی دیاریکراو بگۆڕن. بە واتایەکی تر گۆڕانی یاسای بنچینەیی پێویستی بە ڕەزامەندی هەردوو ئاستی حکوومەت دەبێت. رایکەر بۆخۆی ئاماژە بەوە دەکات کە فیدراسیۆن دەرەتانێکی بەربڵاو دەهێڵێتەوە بۆ ناکۆکی و گۆڕان لە ناو گروپی

---

[25] Verma, **op.cit**, p: 52-54.

[26] Riker

بگەڕێوە بۆ پێرست

هەرێمە پێکهێنەرەکانی سیستەمی فێدراڵی: لانیکەم، دەسەڵاتدارانی فێدراسیۆن تەنیا لە بوارێکی سنووردارکراوی بەرتەسکدا دەتوانن بڕیار بدەن؛ لانی زۆر، ئەوان دەتوانن لە هەموو بوارێکدا بڕیار بدەن جگە لە بوارێک. بە شێوەیەکی نموونەیی، نیشاندەرەکانی فێدرالیزم دەبێت ئەم جیاوازیانە پیشان بدەن.[٢٧]

لە پێناسەی 'ویێر'دا[٢٨] (١٩٦٦) یاسای بنچینەیی فێدراڵ بە شێوەیەکی یاسایی، دەسەڵات لە نێوان حکوومەتێک بۆ وڵات بە گشتی و حکوومەتگەلێک بۆ بەشگەلێک لە وڵات دابەش دەکات، بە شێوەیەک کە هەر حکوومەتێک بە شێوەی یاسایی لە ناو چوارچێوەی خۆیدا سەربەخۆیە. لە پێناسەی کارل 'فریدریش'دا[٢٩] (١٩٦٨)، لە باری تەکنیکیەوە، فێدرالیزم ئاماژە دەکات بە پێوەندی یاسایی لە نێوان حکوومەتی نیشتمانی و ویلایەتەکان وەکو یەکەکانی یەکیەتی. ئەمە سیستەمێک لە ڕێساکانە بۆ دابەشکردنی بەرپرسایەتیەکانی سیاسەتی گشتی لە نێوان ڕێژەیەک ئاژانسی حکوومەتی خودموختاردا. ئەمە سیستەمێکە کە

---

[27] Lorenz Blume and Stefan Voigt, ‘Federalism and decentralization—a critical survey of frequently used indicators’, **Const Polit Econ** 22:238–264, 2011.

[28] K. C. Wheare

[29] Carl Friedrich

بگەڕێوە بۆ پێڕست

تێیدا ئەو دەوڵەتانەی کە تا ئێستا سەربەخۆ بوون پەیوەندیان پێکەوە کردووە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوبەش بۆ هەموو ویلایەتە یەکگرتووەکان کە هێشتا نایانەوێت شوناسیان لە دەست بدەن. لە راستیدا ئەمە پرۆسەیەکە کە لە رێگای ئەوەوە گروپەکان یەک دەگرن بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجگەلێکی دیاریکراو، لە کاتێکدا کە تایبەتمەندیی گرووپیی جیاوازی خۆیان دەپارێزن[٣٠].

سێلن و ڤاندێڤیر جەخت لەسەر دابەشکردنی سیاسەتی گشتی دەکەن و دەڵێن سیستەمێکی فێدراڵ ئەو سیستەمەیە کە دەسەڵاتی ئەم سیاسەتانە دابەش بکات لە نێوان حکوومەتە پێکهێنەرەکان وحکوومەتی ناوەندیدا. جێننا بێندار[٣١] (٢٠٠٩) پێویستیەکانی "فێدراسیۆنی گەورە" دیاری دەکات، کە بریتین لە سنوورگەلێکی جوگرافیایی و دەسەڵاتێک کە ناکرێت بە شێوەیەکی یەک لایەنە هەڵوەشێتەوە لەلایەن ویلایەتە پێکهێنەرەکان و حکوومەتی ناوەندیەوە. کەواتە دەسەڵاتی باج وەرگرتن، رێکخستنی پۆلیس، بەرێوەبەرایەتی سامانە سروشتییەکان، ئاسایشی نیشتمانی، دادوەریی، چاودێریی تەندروستی، پەروەردە و کۆمەڵێک بواری پێوەدیداری دیکە بە

---

[30] Azam, **op.cit**, p: 234.

[31] Jenna bendar



بگەڕێوە بۆ پێڕست

بابەتەکان، بە شێوەی تەواو جیاواز لە نێوان فێدراسیۆنە جیاوازەکاندا هاوبەش دەکرێن و ئینجا بڵاو دەکرێنەوە.[٣٢]

بە پێی ئەو پێناسانەی سەرەوە، راڤە جیاوازەکان لەسەر فێدرالیزم هەندێ بنەمای هاوبەشیان هەیە. یەکەم ئەوەی کە، فێدرالیزم جۆراوجۆریی کۆمەڵگا مرۆییەکان لەبەرچاو دەگرێت. دووهەم، لەبەر چاوگرتنی راستییەکانە، بەو واتایەی کە فێدرالیزم لە هەمان کاتدا کە رێز دەگرێت لە راستییە جۆراوجۆرەکان، ماف و گەرەنتی پێویستیشیان پێ دەدات. سێهەم ئەوەی کە، فێدرالیزم هەوڵی یەکیەتی دەدات بێ ئەوەی کە پێویست بێ ئەم یەکیەتییە ببێتە هۆی تێکەڵ بوون. لەبەرچاوگرتنی هاوکاتی جۆراوجۆریی و یەکیەتی و یان گەرەنتی کردنی پێکەوە ژیان، بەهۆکاری هەبوونی فێدرالیزم دێتە ئەژمار. فێدرالیزم بەردەوام وەکو پرۆسەیەکی پێکهاتەیی بۆ دڵنیابوونەوە لە دیمۆکراسی نەگۆڕ لەو کۆمەڵگایانەدا کە بە قووڵایی دابەشکراون شیدەکرێتەوە، لە راستای هێڵەکانی پێوەندیدار بە رەگەز و نەتەوەوە.[٣٣] بەمجۆرەیە کە ئەندامانی پێکهێنەری فێدراسیۆن، وێرای نەبوونی سەربەخۆیی رەها لە کۆمەڵگای یەکپارچەدا ناتوێنەوە. بۆیە لە نێوان جۆراوجۆریی خەڵکی وڵاتێک و فێدرالیزمدا، پێوەندیی ئەرێنی

---

32 Selin and VanDeveer, **op.cit** .
33 Azam, **op.cit**, p: 145.

بگەڕێوە بۆ پێرست

هەیە و هەندێ لە بیرمەندانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێکهاتە سیاسیەکانی هەر وڵاتێک دەبێت فرەچەشن بوونی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرن و لەم بوارەدا زۆرترین کەڵک لە فیدرالیزم وەرگیراوە. کەواتە فیدرالیزم لە واتای سەرەتاییدا، ڕێگاچارەیەکی سیاسی-جوگرافیاییە واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەی جۆگرافیایی کە پێڕەوی لە یاسایەکی بنچینەیی دەکات. هەروەها فیدرالیزم کۆمەڵێک بیرۆکە، بایەخ و جیهانبینییە کە دەربڕی فەلسەفەیەکە لەسەر بناخەی پاراستنی جۆراوجۆریی و یەکیەتی، لە یەک کاتدا. جۆرێک ئاشتی و پێکەوەبوونە لە پێکهاتەیەکدا کە لەسەر بنەمای "هەڵسەنگاندن و هاوسەنگی" پێکهاتووە. لەوەها پێکهاتەیەکدا دەسەڵات ڕێژەییە و بە دەسەڵاتەکانی تر سنووردار دەکرێتەوە.

## بنەما سەرەکیەکانی فیدرالیزم:

بە پێی ئەو باسانەی سەرەوە، فیدرالیزم هەندێ بنەمای هەیە و فیدراسیۆن بناخەکەی لەسەر ئەو بنەما سەرەکیانەیە کە بە شێوەی ئاسایی لە یاسای بنچینەیی فیدراڵدا دیاری دەکرێن. لەبەرچاو نەگرتنی ئەم بنەمایانە بە واتەی ناڕاست یان درۆیینە بوونی فیدرالیزمە. هەندێ لەو بنەمایانە بریتین لە: جیاکردنەوە و بەخشینی دەسەڵات، خودموختاریی، هاوبەشیی، گونجاویی ئەرکەکان و ڕاهاتوویی. سەبارەت بە جیاکردنەوە و بەخشینی

دەسەڵات، یاسای بنەڕەتی فیدراڵ بریتی دەبێت لە ڕێسای روون بۆ دابەشکردنی شیاویەتیەکان و دەسەڵاتەکان لە نێوان لانیکەم دوو ئاستی دەوڵەتدا واتە حکوومەتی هەرێمەکان و حکوومەتی ناوەندیی (فیدراڵ). یاسا بنچینەییە فیدراڵەکان، خودموختاریی هەرکام لە حکوومەتە هەرێمیەکان بە فەرمی دەناسن. خودموختاری یان ئۆتۆنۆمی بەو واتایەیە کە لە یەکەکانی پێکهێنەری پێکهاتەی دەوڵەتێکی فیدراڵ هەرکام هەندێ دەسەڵاتی سپێردراویان هەیە. ئەوان لە زۆر بوارەوە خودموختارن: ئۆرگان و دامەزراوەی خۆیان هەیە؛ یاسا و رێکخستنی خۆیانیان هەیە؛ یاسای بنچینەییان هەیە؛ حکوومەتە هەرێمیەکان مافی خۆڕێکخستنیان هەیە کە بە پێی ئەوە هەرکام لەو حکوومەتانە خاوەن دەسەڵاتی سێیانی دەبن، کە سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی فیدراڵ. واتە مافی دانانی یاسا، جێبەجێ کردن و دادوەرییان هەیە؛ بە شێوەی ئاسایی لە وڵاتانی فیدراڵدا دامەزراوەیەک وەک "دادگای باڵا" لە سەرەوەی هەرێمەکان دەبێت کە کێشەی نێوان یاسای بنچینەیی و یاسا ئاساییەکان، لێکدەداتەوە. ئەوان لانیکەم هەندێ ئۆتۆنۆمیان لە باری داراییەوە هەیە، واتە ئەوان رەنگە باجەکان زیاتر بکەن و سەربەستانە بڕیار بدەن لەسەریان. کەواتە یەکە پێکهێنەرەکان، تایبەتمەندی یاسایی خۆیانیان هەیە. حکوومەتە خودموختارەکان وەکو دەوڵەتەکانی خاوەن سەروەرین، بە بێ ئەوەی کە دەوڵەتی خاوەن سەروەری تەواو بن. هیچ جۆرە

بگەڕێوە بۆ پێرست

چاوەدێریی زنجیرەپلەیی و یان هیچ مافێکی سەرپەرشتی سەبارەت بە بڕیاری حکوومەتەکان لەلایەن دەوڵەتی فێدراڵەوە جێبەجێ ناکرێت. ئەمە بەو بۆنەوەیە کە سەروەریی ئەوان سنووردار دەکرێتەوە بە بنەمای سێهەم، واتە بنەمای راهاتوویی.

هاوبەشیی نێوان دوو ئاستی یاسایی راهاتوو، لایەنێکی حکوومەتی فێدراڵ و بەتایبەت "فێدرالیزمی لێکهەڵپێکراوەیی"ە[34]. هاوبەشیی لە بنەڕەتدا، بەو واتایەیە کە تایبەتمەندییە یاساییەکانی یەکەی ناوەندیی و یەکەکانی پێکهێنەر بێگانە نین لە یەکتری. بەپێچەوانەوە، ئەوان زۆر بە چڕی لە یەکدا تێکالاون و پێوەند دراون بۆ پێکهێنانی بەندوباوێکی یاسایی. بەپێی بنەمای هاوبەشیی، هەرکام لە یەکە فێدراڵەکان دەبێت لەلایەن نوێنەرانی خۆیانەوە لە بڕیارەکانی دەوڵەتی فێدراڵدا کە پێوەندییان بە کۆی فێدراسیۆنەوە هەیە، ئامادە بن و بەشداریی بکەن. ئەم بەشداری کردنە دوو لایەنەیە، واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە.[35] لەلایەکەوە، یەکەکانی پێکهێنەر بەشداری دەکەن لە پڕۆسەی پێناسەکردن، پەسەندکردن و جێبەجێ کردنی ڕێسا و سیاسەتەکانی فێدراڵ: بەتایبەت بەشداریی لە ڕێگای سیستەمی دوو ئەنجومەنییەوە، کە ئەنجومەنی دووهەم زۆرتر لە نوێنەرانی

---

[34] interlocking federalism

[35] Auer. Op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

هەموو یەکەکانی فیدراڵ یان گروپە کۆمەڵایەتیەکان و زۆربەی کات بە ڕێژەی بەرابەر بۆ هەر یەکە پێکدێت، دەسەڵاتی دەسپێکردنی یاسادانان، مافی راویژکردن لەگەڵیان پێش پەسەندی ڕێکخستنێکی فیدراڵ یان پێش گرێبەستێکی نێودەوڵەتی، بۆیان هەیە دادگای پێوەندیدار بە یاسای بنچینەیی بەکار بهێنن، و گرنگتر، ئەرکی جێبەجێ کردن و پێشەوەبردنی یاساکانی فیدراڵ. لە ڕێگای ئەم ئامرازانە و گەلێک ئامرازی دیکەش، یەکەکانی پێکهێنەر راستەوخۆ لە پرۆسەی پێناسەکردن و جێبەجێکردنی ویست و سیاسەتی یەکەی فیدراڵدا بەشدار دەبن. لەلایەکی ترەوە، یەکەی فیدراڵ هەروەها دەتوانێ لە هەندێ ڕێگاوە بەشداری بکات لە دانان یان جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێکخستنەکانی یەکەکانی پێکهێنەر. ئەو ناتوانێ بە تەواوەتی بێ لایەن بمینێتەوە لە جێبەجێ کردنی خودموختاری یەکەی پێکهێنەردا. یەکەی ناوەندیی نابێت تەنیا هەبوون و خودموختاری یەکەکانی پێکهێنەر بناسێت، بەڵکو دەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەر بە رادەی ئاستی نیشتمانی حکوومەت، ڕێزی تەواو و جێبەجێ کردنی کاری ئاسایی، دەسەڵاتەکان و ڕێکخستنەکانیان لەلایەن یەکە پێکهێنەرەکانەوە، گەرەنتی بکات. بە واتایەکی تر یەکەی فیدراڵ بە جۆرێک لە پرۆسەی فۆرمولەکردن و جێبەجێ کردنی ویستی یەکە پێکهێنەرەکاندا بەشدار دەبێت.

بگەڕێوە بۆ پێرست

لەسەر بنەمای شیاویەتی ئەرکەکان، ئەرکێک کە یەکە بچووکەکان دەتوانن جێبەجێی بکەن نابێت بسپێردرێت بە یەکەی گەورەتر. لە پەنای ئەمەشدا بنەمای راهاتوویی هەیە، بەو واتایە کە دەسەڵاتەکانی یەکەکانی پێکهێنەر و ئەو ڕێگایانەی کە ئەوان لەم دەسەڵاتانە کەڵک وەردەگرن، پێڕەوی پێویستیەکانی بەندوباوی یاسایی سەرەوەن، واتە ئەوەی لەلایەن یەکەی فیدراڵەوە پێکهاتووە. یاسا و بڕیارەکانی یەکەی فیدراڵ پێویستیهێنەرە بۆ یەکەکانی پێکهێنەر و زۆربەی کات ڕێکخستنەکانی فیدراڵ، لە بابەتی ناکۆکیدا، لە سەرەوەی ڕێکخستنەکانی ویلایەتەوە دەبن. بەوەشەوە، مێژووی پێوەندیدار بە یاسای بنچینەیی ئەمریکا و سویس پیشان دەدات کە تیۆریەکانی "هەڵوەشاندنەوە" یان "دەستێوەردان"، ڕێگە دەدەن بە یەکەکانی پێکهێنەر بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ جێبەجێ کردنی پێوەرێکی فیدراڵ کە ئەوان پەسەندی ناکەن و سەروەرییان پێشێل دەکات.

کەواتە فیدرالیزم بریتییە لە تێکەڵێکی تایبەتی خۆحکوومەتی (خودموختاری)، حکوومەتی سنووردار (راهاتوویی) و حکوومەتی هاوبەش (بەشداری کردن). دوو ئاستی حکوومەتیی، بە شێوەیەک لەیەک نزیک و گرێدراوی یەکترن. بە بێ یەکەکانی پێکهێنەر، یەکەی فیدراڵ ناتوانێ هەبێت. بە بێ دووهەمی، یەکەمیش ناتوانێ خودموختار بێت. هەر دوو دەبێت لە ڕێگای زنجیرەیەک لە شێوازە تایبەتەکان پێکەوە کار بکەن، بە مەبەستی

جێبەجێ کردنی ئامانجە پێوەندیدارەکانیان. ئەو بنەما سەرەکییانەی فیدرالیزم بە گوێرەی پێویست لە باری یاساییەوە، گرنگایەتی و کاریگەرییان هەیە. یاسا بنچینەییەکانی دەوڵەتە فیدراڵەکان بە شێوەی فەرمی، پێویستیی ئەم بنەمایانە دیاری دەکەن؛ لە ڕێگای پێناسەکردنی واتاکانیان، لە ڕێگای پشتگیری کردن لە پێکەوە هەڵکردن و بەهێزترکردنی دوو لایەنە و گەرەنتی کردنی جێبەجێ کردنیان.[٣٦]

## ٢- یاسای بنچینەیی فیدراڵ

یاسای بنچینەیی کلیلێکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت و ئەو یاسا بنەڕەتییەیە کە نەتەنیا دەسەڵاتەکان و بەرپرسایەتیەکانی دەوڵەت دیاری دەکات، بەڵکو ویستی خەڵکیش پیشان دەدات. فەلسەفەی سیاسی خەڵک و بارودۆخی مەعنەویی سەردەمیان، لە ڕێگای یاسای بنچینەییەوە پیشان دەدرێت. لەگەڵ گۆڕانی فەلسەفەی سیاسی خەڵک، یاسای بنچینەییش دەگۆڕدرێت. بە وتەی گێتێڵ[٣٧]: "کۆی ئەو بنەما بنەڕەتیانەی کە فۆرمی دەوڵەتێک دیاری دەکەن پێی دەگوترێت یاسا بنچینەییەکەی." بۆ مەکلڤەر[٣٨]

---

36 Ibid.

37 R. G. Gettel

38 R.M.Maclver

بگەڕێوە بۆ پێرست

یاسای بنچینەیی "ئەو یاسایەیە کە دەوڵەت ڕێنوێنی دەکات و ویستی بەرفراوانتر لە ویستی دەوڵەت پیشان دەدات." بۆ وۆلسی[٣٩] ئەمە "کۆیەکە لە بنەماکان کە بەپێی ئەوانە دەسەڵاتەکانی حکوومەت و مافەکانی خەڵک دیاری دەکرێن و پێوەندی نێوان ئەو دووانە ڕێکدەخرێت." ئالبێرت ڤێن دسی[٤٠] یاسای بنچینەیی وەک "شێوازی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی باڵا لە دەوڵەت" پێناسە دەکات. پێناسەی هێرمەن فاینەر لە یاسای بنچینەیی وردبینانەترە: "یاسای بنچینەیی هەندێ ماددە و خاڵە لە ڕێساکان کە دابەشکردنی کارکردەکان، دەسەڵاتەکان و ئەرکەکان لە نێوان ئاژانسگەلی جۆراوجۆر و نووسینگەکانی حکوومەت و پێناسەکردنی پێوەندیەکانی نێوان ئەمان و خەڵک ڕێکدەخات." بە واتایەکی تر "سیستەمێکی دامەزراوەیی سیاسی بنەڕەتی" ڕێکدەخات. یاسای بنچینەیی ڕەنگە تاقە بەڵگەنامە بێت و هەروەها ڕەنگە هەندێ ڕێسا، بنەما و پەیمان بێت. کەواتە یاسای بنچینەیی دەبێت ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێت: دەبێت ئاماژە بە دەسەڵاتەکانی حکوومەت و ئۆرگانە جیاوازەکانی حکوومەت وەک یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەریی بکات؛ لە فیدراسیۆندا یاسای بنچینەیی دەسەڵاتەکان دابەش دەکات لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵ و

39 Theodors Dwight Woolsey

40 Albert Venn Dicey

یەکەکاندا؛ یاسای بنچینەیی هەروەها ئاماژە دەکات بە مافەکان و ئەرکەکانی هاووڵاتییان[٤١].

یاساکانی بنچینەیی رەنگە نووسراوەیی یان نەنووسراوەیی و پتەو یان نەرمونیان[٤٢] بن. بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هیندوستان یاسای نووسراویان هەیە و ئینگلیز نموونەی کلاسیکی یاسای بنچینەیی نەنووسراوەیە. نیوزلەند و ئیسرائیل دوو وڵاتی ترن کە یاسای بنچینەیی نەنووسراوەیان هەیە. زۆرێک لە نووسەرانی یاسازان، بەتایبەت لۆرد جەیمز[٤٣] یاسا بنچینەییەکان بەپێی شێوازگەلێک کە لە ڕێگای ئەوانەوە دەگۆڕدرێن، بە پتەو ونەرموونیان پۆلێنبەندی دەکەن. یاسای بنچینەیی ئینگلیز وەکو نموونەی کلاسیکی نەرموونیان وەسف کراوە، لەبەر ئەوەی کە دەتوانرێ لە ڕێگای ئاساییەوە و لەلایەن پارڵەمانەوە چاکسازیی بکرێت. ئەگەر بەپێچەوانەوە، یاسای بنچینەیی تەنیا بە شێوازێکی تایبەتی و نائاسایی چاکسازیی تێدا بکرێ وەک یاسای بنچینەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە ڕێگای زۆرینەی دوو لە سێی هەردوو ئەنجومەنی پارڵەمان وێڕای پەسەندی لەلایەن سێ لە چواری ویلایەتەکانەوە چاکسازیی دەکرێت، ئەوە پێی

---

[41] Arun Bhattacharjee, **An Introduction to Political Theory**, London: New Central Book Agency, 1993, p.200.

[42] Rigid & Flexible

[43] Lord James

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دەگوترێت یاسای بنچینەیی پتەو. یاسای بنچینەیی نەرمونیان دەکرێ چاکسازیی تێدا بکرێت وەکو یاسایەکی ئاسایی لە رێگای ئاساییەوە. کەواتە لە ژێر یاسای بنچینەیی نەرمووناندا جیاوازیەک لە نێوان یاسای ئاسایی و یاسای بنچینەییدا نییە، بە گوێرەی شێوازی گۆڕانیان. لێرەدا دەسەڵاتی یاسادانان لە سەرەوەیە و هیچ کەسێک نییە بۆ پرسین لە نایاسایی یان لە دژی یاسای بنچینەیی بوونی هەر یاسایەک کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دادەنرێت. بەڵام لە ژێر یاسای بنچینەیی پتەودا، لە نێوان یاسای بنچینەیی و یاسای ئاساییدا جیاوازیی هەیە. یاسای بنچینەیی لە بارودۆخێکی بەرزتر دایە بە گوێرەی یاسای ئاسایی. لێرەدا یاسای بنچینەیی لە سەرەوەیە و هەر یاسایەک کە لە دژی خاڵەکانی یاسای بنچینەیی بێت دووری لێدەکرێت و هەڵدەوەشێتەوە. نەتەنیا ئەوە، بەڵکو لێرەدا دەسەڵاتی یاسادانانیش، دەسەڵاتی یاسادانانی بانتر یان سەروەر نییە، سەروەریێتی بە یاسای بنچینەییە[44].

یاسای بنچینەیی فیدراڵ جیاوازە لەگەڵ یاسا بنچینەییەکانی نا-فیدراڵ، هەروەها کە ئەوانە هەندێ کارکردی تایبەت جێبەجێ دەکەن. ناوەڕۆکی گرنگی یاسای بنچینەیی فیدراڵ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانانە لە نێوان دەسەڵاتی رەوای ناوەند و یەکە

[44] Ibid, p. 200 & 206.

بگەڕێوە بۆ پێرست

پێکهێنەرەکان. یاسای بنچینەیی دەبێت ئاماژە بکات بە بنەماکانی فێدرالیزم (خودموختاریی، راهاتوویی، بەشداری کردن)[٤٥]. باوکانی دامەزرێنەری یاسای بنچینەیی ئەمریکا، کە ئەمڕۆکە هێشتا بەهێزە، رازی بوون بەوەی کە کێشەی ئاستەمی نێوان پێویستی ئابووریی بۆ یەکیەتیەکی بەهێزتر و پێویستی سیاسی مانەوەی سەروەری ویلایەتەکان تەنیا دەکرێ لە رێگای داهێنانی پێکهاتەیەکی دەوڵەتی بە تەواو نوێ چارەسەر بکرێت: دوو ئاستی حکوومەت –ویلایەت و یەکیەتی – هاوکات کار دەکەن لەسەر هاووڵاتی. بیرۆکەی پێکەوە بوونی دوو حکوومەت، لە ناو یەک جوگرافیادا و یەک بەندوباوی یاسایی، کە هەرکامەیان خاوەن یاسای بنچینەیی، دامەزراوە، یاسا و باجەکانی خۆیانن و هاوکات بە سەر یەک حەشیمەتدا کار دەکەن، بیرۆکەیەکی نوێ و لە راستیدا شۆڕشگێڕانە بوو لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا[٤٦].

لە باری کارکردییەوە، یاسا بنچینەییەکانی فێدراڵ وەکو یاسا بنچینەییە ئاساییەکان نین. لە زۆربەی دەوڵەتە نافێدراڵەکاندا، بۆ نموونە وەکوو فەڕانسە، یاسای بنچینەیی زۆربەی کات وەکو زنجیرەیەکی سادەی یاسا سیاسییەکان چاوی لێدەکرێت، کە

---

45 Edinger, **Canadian Constitutional Law**, University of British Columbia, 2011-2012, p. 18. And, Andreas, **op.cit**.
46 Andreas, **op.cit**.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بایەخی یاسایی کەمیان هەیە. بەڵام یاسا بنچینەییەکانی فێدراڵ بە ڕێکوپێکی کارکردگەلێکی تایبەت جێبەجێ دەکەن. وێرای جیاوازیەکانی نێوان ئەوانە - ڕەنگە لە شێواز، پێکهاتە، کارکرد و وشەکاندا- هەندێ خاڵی هاوبەش هەن کە تەنیا یاسا بنچینەییەکانی فێدراڵ سەروکاریان لەگەڵیاندا هەیە. سێ خاڵی سەرەکی دەکرێ لێرەدا ئاماژەیان پێ بکرێت: پێناسەکردنی یەکە پێکهێنەرەکان، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان یەکەی ناوەندی و یەکەکانی تر، ڕێکخستنی بەرنامەیەک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان. یەکەم، یاسایەکی بنچینەیی کە ئاماژە نەکات بە هیچ یەکەیەکی پێکهێنەر بە سەختی دەتوانێ یاسایەکی فێدراڵ بێت. یاسا بنچینەییەکانی فێدراڵ تەنیا یاسای یەکەی ناوەندیی نین و بە پێچەوانەوە هی هەردووکی ئاستەکانن. بە شێوەی ئاسایی خاڵگەل و بەشگەلێکی زۆریان هەیە لە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی فێدراڵ و یاساکانی پێوەندیدار بە یەکەکانی پێکهێنەر. دووەم، یاسا بنچینەییەکانی فێدراڵ، دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە ڕێگای وەسفی شیاویەتیە تایبەتەکانی یەکەی فێدراڵ و/یان بۆ یەکەکانی پێکهێنەر دابەش دەکەن. ئەمە باوەڕ ناکرێت کە هەر یەکەیەکی پێکهێنەر سەروکاری هەیە لەگەڵ هەر بابەتێ کە بۆی گرنگە و دەیهەوێت. هەروەها بە شێوەی بەرابەر قبووڵ ناکرێت کە یەکەی فێدراڵ ملهوڕانە بیهەوێت هەر بابەتێک ڕێکبخات کە بە شیاوی بزانێت. دەسەڵاتەکان، شیاویەتیەکان و

بگەڕێوە بۆ پێرست.

بەرپرسایەتیەکان دەکرێن بە دوو بەش یان دەنرێنە هاوبەشی لە نێوان دوو ئاستی حکوومەت و ئەمە تارادەیەکە، کە یاسای بنچینەیی ئەم دابەشکاریە دیاری بکات. سێهەم، یاسا بنچینەییەکانی فێدراڵ دەبێت ڕێگایەک دیاری بکەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان یاسا جۆراوجۆرەکان و هەروەها نێوان یەکەکان لەگەڵیەک و لەگەڵ حکوومەتی فێدراڵ. دادگای پێوەندیدار بە یاسای بنچینەیی و دادگای باڵا بە ئەگەرەوە زۆر شیاون بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە[٤٧].

ویرای ئەو کارکردانەی سەرەوە، یاسای بنچینەیی زۆربەی فێدراسیۆنەکان بە روونی یان ناڕاستەوخۆ پێشتریێتی و گرینگی یاسای بنچینەیی رادەگەینێت. پرۆسەی چاکسازیی، دەوری پێشنیارنامەی یاسایی، مافەکان و ماددەکانی پێوەندیدار بە جیابوونەوە بە فەرمی لە یاسادا ئاماژەیان پێ دەکرێ. لە ریژەیەکی کەم لە فێدراسیۆنەکاندا لە یاسای بنچینەییدا راستەوخۆ مافی یەک لایەنەی جیابوونەوە ناسراوە، لەوانە سۆڤییەتی پێشوو کە دواتر هەندێکیان لێی جیا بوونەوە[٤٨]. لە فێدراسیۆنەکانی

---

[47] Ibid.

[48] لەم پێوەندیەدا جێی ئاماژەیە کە ئەگەر چی سۆڤییەت تێکچوو بەڵام زۆرێک لە وڵاتانی پاشماوەی فێدراڵن، وەک رووسیە. هۆی تێکچوونیشی کە دواتر لە بەشی جیاوازی فێدرالیزم و فێدراسیۆن دا ئاماژەی پێدەکرێت زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی تاک حیزبی، ئایدیۆلۆژیک و سەنتەڕاڵ بوونی.



بگەڕێوە بۆ پێرست

دیکەدا تەنیا لە ڕێگای یاساییەوە دەکرێ جیا ببنەوە. هەروەها و بەتایبەت دەسەڵات و پرۆسەی دادوەریی دەبێت لە یاسادا روون بکرێتەوە. دادگای باڵا، دادوەری کۆتاییە لە پێوەندی لەگەڵ یاساکانی یاسای بنچینەیی. دادگای یاسای بنچینەیی بۆ راڤەی یاسای بنچینەییە. بازنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووریی وەک چالاکیگەلی بەربڵاو لەلایەن هەردوو ئاستەوە جێبەجێ دەکرێن بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، یاسای بنچینەیی ئەوە دیاری دەکات کە کاروباری کۆمەڵایەتی وەکو پەروەردە، خزمەتگوزاریی تەندروستی، کار و ئاسوودەیی، بە حکوومەتە خۆجێیەکان بسپێردرێت. لە هەندێ یاسای بنچینەییدا خاوەن شیاویەتی 'پاشماوەی دەسەڵاتەکان' واتە ئەوانەی کە لە یاسادا دیاری نەکراون، دیاری دەکرێت. لە هەندێ فیدراسیۆندا لە ئەستۆی ناوەندە و لە هەندێکی تردا لە ئەستۆی یەکەکان یان هەردوولادایە[٤٩].

جێی ئاماژەیە کە ڕەنگە وشەی بەکارهێنراو لەلایەن یاسای بنچینەییەوە زۆر گرنگیی نەبێت. پێویست نییە کە سیستەمەکانی دەوڵەتی فیدراڵ بە ناوی راستەقینەیانەوە بانگ بکرێن. ئەوان ڕەنگە ئاماژە بە چەمکەکانی تر بکەن، بەو جۆرەی کە سویسرا لە ١٨٤٨ بەملاوە خۆی بە "کۆنفیدراسیۆن" ناو دەبات (ئەگەر چی

---

49 watts, **op.cit**, 1999, pages: 22, 40, 99, 100, 107, 108

بگەڕێوە بۆ پێرست

لەو کاتەوە فیدراڵی بووە). ئەوان رەنگە ئاماژە بکەن بە وشەگەلێک وەک یەکیەتی و یەکگرتوو، یان ئاماژە بکەن بە "ریگای کۆمەڵگایی" بۆ جێبەجێ کردنی شیاویەتیەکان. ئەوەی کە گرنگە تەنیا ئەوە نییە کە یاسای بنچینەیی چی دەڵێت و چ وشە و ناوێک بەکار دەهێنێت، بەڵکو ئەوەیە کە ئەوان جێبەجێی دەکەن، تەنانەت بە بێ وتن. ئەگەر یاسا وەکو نۆرم بە شێوەی سەرەکی ساختە (درۆ) بێت، ئەمە دەتوانێت ناوگەلێکی ساختە و درۆیینەش بەکار بهێنێت. بە واتایەکی تر، فیدرالیزم رەنگە بە چاکی هەبێت و شتگەلێک جێبەجێ بکات کە هەن، بە بێ ئاماژە کردن بە وشەی فیدراڵ. بەپێچەوانەوە، بە تەنیا ئاماژە کردن بە وشەی فیدراڵ سیستەمی دەوڵەتی فیدراڵ پێکناهێنێت، ئەگەرچی بە شێوەی ئاسایی ئاماژەی پێ دەکرێت[٥٠].

## ٣- سیستەمی سیاسی حکوومەتی فیدراڵ و پێوەندی نێوان سێ دەسەڵاتی ئاسۆیی

لە پێوەندی لەگەڵ فیدرالیزم، پێویستە سیستەمی سیاسی حکوومەتیش بە گشتی روون بکرێتەوە. سەبارەت بە سیستەمی سیاسی وڵاتەکان، ئەو پۆلێنبەندییەی دەوڵەتەکان کە زۆرتر قبووڵ

[50] Andreas, op.cit.

کراوە پۆلێنبەندی ستیڤێن باتێر لیکۆک[٥١] بووە کە لە پۆلێنبەندیەکەدا حکوومەتەکان دەکات بە دوو پۆلەوە. یەکەم، دیمۆکراسی؛ دووەم، ملهوڕیی. خودی ملهوڕیی دوو جۆرە؛ مۆنارشی ڕەها (وەکو ڕووسیای پێش شۆڕش)، و دیکتاتۆری (نازیسم و فاشیسم). دیمۆکراسیش دوو جۆری هەیە؛ کۆماری (وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێند)، مۆنارشی سنووردار (ئینگلیز). هەروەها هەرکام لەم دوو جۆرە سەرەکییەی دیمۆکراسی بۆخۆیان دوو جۆری یەک پارچە (وەک ئینگلیز) و فێدراڵ لە خۆ دەگرن. هەرکام لەم دوو پێکهاتەی یونیتەری و فێدراڵیش، بۆ خۆیان دەتوانن پارڵەمانتاری یان پرێزدێنتاڵ (سەرۆکایەتی) بن[٥٢]. پۆلێنبەندی کردن بە پارڵەمانتاری و پرێزیدنتاڵ بەپێی پێوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و یاسادانانە کە لە فێدرالیزمدا گرنگیی تایبەتی هەیە. کەواتە پێویستە لێرەدا ئاماژە بە دابەشکاریی دەسەڵاتەکانی حکوومەت بە شێوەی ئاسۆییش بکرێت واتە سێ دەسەڵاتی یاسادانان، ڕاپەڕاندن (جێبەجێکاریی) و دادوەریی و پێوەندی نێوانیان. هەروەها لەم پێوەندییەدا پێویستە ئاوڕێکی کورتیش بدرێتەوە سەر دەسەڵاتی ڕەوای فێدراڵ و سیستەمی حیزبی.

---

[51] Stephen Butter Leacock

[52] Bhatttacharajee, **op.cit**, p. 156.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

**دەسەڵاتی یاسادانان:**

دەسەڵاتەکانی یاسادانان دەورێکی سەرەکیی لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی لە دیموکراسیدا، دەگێڕن. بە گشتی پاڕلەمانەکان دوو جۆرن؛ دوو ئەنجومەنی یان تاک ئەنجومەنی[53]. کاتێک دوو ئەنجومەنی یاسادانان هەیە پێی دەگوترێت بیکامرالیزم. زۆر کەم لە وڵاتان دەسەڵاتی یاسادانانی تاقانەیان لە ئاستی نیشتمانیدا هەیە. نیوزلەند لە ١٩٥٠ و دانیمارک لە ١٩٥٤ بەملاوە، لە ناو ئەو وڵاتانەدان کە دەسەڵاتی یاسادانانی یەک ئەنجومەنیان هەیە. زۆربەی وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی دیمۆکراتیک، دوو ئەنجومەنیان هەیە بۆ دڵنیابوونەوە لە سیستەمێکی شیاوی چێک و باڵانس، بۆ دیتنی ئەوەی کە ئەنجومەنی خواروو تووشی هەڵە نەبێت. ئەنجومەنێکیان دەسەڵاتی زۆرتری هەیە بە گوێرەی ئەوی تر و زۆربەی کات یەکێک لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە هەڵدەبژێردرێت و ئەوی تر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت[54]. لە پلەی یەکەمدا بیکامرالیزم بەرگری لە مەیلی ملهوڕانەی تاک ئەنجومەنی دەکات. لە پلەی دووەمدا، ئەنجومەنی دووەم دەتوانێ چاکسازیی و پێداچوونەوە بکات و کاریگەری بەدواخستنی لەسەر ئەنجومەنی خوارتر

53 bicomeral & unicomeral

54 Watts, **op.cit**, 1999, p. 95

بگەڕێوە بۆ پێڕست

هەبێت و لەو ڕێگایەوە دەکرێ بەرگیری بکات لە هەرجۆرە یاسادانانێکی بەپەلە. بە پێ وەها لەمپەڕێک تاک ئەنجومەنی لە ڕێگای دەمارگرژی توندی ئاپوورەییەوە بەم لاو و ئەولادا لار دەبێتەوە. لە پلەی سێهەمدا، ئەنجومەنی دووهەم، بۆ قازانجی کەمینەکان و چینە پیشەییەکان، پێویستە. لە پلەی چوارەمدا، ئەنجومەنی دووەم کەڵکی زۆر و چاکی هەیە بۆ فێدراسیۆن. ئەنجومەنی خوارەوە نوێنەری خەڵکە، لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی سەرەوە، نوێنەری یەکە پێکهێنەرەکانە. بە پێ ئەنجومەنی دووەم شوناسی یەکەکان لە فێدراسیۆندا دەکەوێتە مەترسییەوە[55].

دامەزراوەی ئەنجومەنە دووانییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، لە ئینگلیزەوە لەگەڵ پێشتریێتی ئەنجومەنی گشتی یان خەڵک بەسەر ئەنجومەنی لۆردەکان دەستی پێ کرد و ئەمە لە سەرتانسەری جیهاندا قبووڵ کراوە. نۆمەن[56] دەڵێت دەسەڵاتی یاسادانانی دووانە بە چاکتر دەزانرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەوان دەتوانن بەرژەوەندیە ناوچەییەکان و هەروەها ئەو کەمایەتیانە، کە لە پرۆسە ئاساییەکانی هەڵبژاردندا چاوپۆشیان لێدەکرێت، پیشان بدەن. هەروەها دەڵێت بڕێکی جێی سەرنج کات بۆ باسکردن لەسەر شیاویەتیەکانی یاسایەک، لەلایەن هەردوو ئەنجومەنەوە، تەرخان

---

[55] Bhatttacharajee, **op.cit**, p. 213.

[56] Neumann

دەکرێت، کەواتە لە بڕیاردانی بەپەلە پێشگیری دەکرێت. ئەنجومەنی دووەم رەنگە لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئایینی، ئابووریی یان دیکەی دابەشکاریەکانی کۆمەڵگا بێت. لە وڵاتانی جیاوازدا ریگای جۆراوجۆر بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە هەیە وەک؛ هەڵبژێراردن، دیاری کردن، یان بە میرات پێگەیشتن یان تێکەڵێک لەمانە. لە ئینگلیزدا، ئەنجومەنی لۆردەکان پێکدێت لە ئەندامانێکی دیاریکراو بەپێی بنەماکا میراتییەکان لەلایەن مەلەکەوە. لە ئوسترالیا و ئەمریکا (لە ١٩١٣ بەملاوە) و سویس ئەندامانی ئەنجومەنی دووەم لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن. هەندێ وڵاتی وەک ئاڵمان لەلایەن کابینەی یەکەکانەوە هەڵدەبژێردرێن. لە کەنەدا لەلایەن دەسەڵاتداری گشتی وڵات و سەرۆک وەزیرانی فیدراڵەوە دیاری دەکرێن. لە ئەمریکای (پێش ١٩١٣) و نەمسا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن یاسادانانی یەکەی پێکهێنەرەوە هەڵدەبژێردرێن. لە هەردووکی هیند و ژاپۆندا بەشێکیان هەڵدەبژێردرێن و بەشێکیان دیاری دەکرێن. لە مالیزیا، بەلژیک و ئیسپانیا شێوازێکی تێکەڵ هەیە. هەرچۆنێک بێت، بەپێی شێوازی هەڵبژاردنیان، رادەی نوێنەرایەتی کردنی ناوچەیی لە راستیدا جیاوازە. ئەوانەی لەلایەن یەکەکانەوە هەڵدەبژێردرێن زۆرتر نوێنەرایەتی یەکەکە دەکەن و بەرژەوەندی دەپارێزن تا ئەوانەی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە وەکو نوێنەری یەکەکان دیاری

گەڕانەوە بۆ پێڕست

دەکرێن[57]. سێنای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ زۆر دەسەڵاتدارترە بە گوێرەی ئەنجومەنی خوارتر کە پێی دەگوترێت ئەنجومەنی نوێنەران. پێشنیار کراوە کە ئەگەر هەردوو بنەماکانی دیاری کردن و میراتیی و هەروەها زاڵیەتی ئەنجومەنی سەرەوە بەسەر ئەنجومەنی خوارووددا نادیمۆکراتیکن، ئەنجومەنی سەرەوەی ئایدیال ئەوەیە کە راستەوخۆ هەڵبژیردرێن یان بەشێکی لەلایەن ئەنجومەنی خوارووەوە هەڵدەبژێردرێت و بەشێکی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و یاسادانانی یەکەکانەوە دیاری بکرێت، وەکو ئەوەی لە هێندوستان دەبیندرێت[58].

بە گشتی کارکردەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بریتین لە: کارەکانی یاسادانان، کۆنترۆڵی بووجە، کارکردەکانی جێبەجێکاریی پێوەندیدار بە دەسەڵاتی یاسادانان، کارکردگەلی پێوەندیدار بە دادوەریی دەسەڵاتی یاسادانان، کارەکانی هەڵبژاردن و دیاریکردنی کۆمیسیۆنەکان. هەروەها، کارکردەکانی ئەنجومەنی دووەمیش بریتین لە: لێکدانەوە و پێداچوونەوە بەسەر ئەو پێشنیارنامانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی خوارووەوە نێردراون؛ دیاریکردن و ناساندنی ئەو پێشنیارنامانەی کە جێی باسکردن نین و ناکۆکییان لەسەر نییە؛ بە هۆی دەستەبەرکردنی بیروڕای نیشتمانی لەسەر

---

57 Watts, **op.cit**, 1999, p. 95.

58 Bhatttacharajee, **op.cit:** p 216

بگەڕێوە بۆ پێڕست

پێشنیارنامەکە دەبێت پەسەندکردنیان بخاتە دواوە. بەڵام بەدواخستن نابێت لە کاتی وەرگرتنی بیروڕای نیشتمانی، زۆرتر بخایێنێت. ڕەنگە دژایەتی لەگەڵ پێشنیارنامەیەک بکرێت، بەڵام نابێت بە جۆرێک بێت کە ببێتە بەربەستێک لە پەسەندکردنی هەر یاسایەکی پێشکەوتوودا[٥٩].

بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی حکوومەتی فیدراڵ یان هاوبەش دەبێت دوو پێوەر لەبەرچاو بگیردرێن: یەکەم، نوێنەرایەتی کردنی جۆراوجۆریی ناوخۆیی وڵات لە دامەزراوەکانی فیدراڵ و لە ناو فیدراسیۆندا و دووەم، کارامەیی بڕیاردانی حکوومەتی فیدراڵ. زۆربەی فیدراسیۆنەکان بنەمای بیکامێرالیزمیان[٦٠] بۆ یاسادانانی فیدراڵ بە پێویست زانیوە. لە نزیکەی ٢٤ فیدراسیۆنێکدا کە ڕۆناڵد واتس لە ١٩٩٩ دا ناوی بردوون تەنیا ٢ دانەیان بیکامراڵ نەبوون: ئەمارەتی یەکگرتووی عەرەبی و میکرۆنێزیا. زۆرتر گریمانە دەکرێت نوێنەرایەتی یەکە پێکهێنەرەکان لە چوارچێوەی پێوەری دووەمدا یەکسانە، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێ لە وڵاتان وەکو ئەمریکا و ئوسترالیا وا نییە و لەوانی دیکەدا بەپێی وڵات جیاوازیی دەبینرێت و بەپێی قەبارە و حەشیمەت و ڕادەی نایەکسانی یەکەکان، نوێنەرایەتی تاڕادەیەک ڕێژەییە یان یەکە

---

[59] Ibid, p 211 & 216

[60] Bicomeralism

بگەڕێوە بۆ پێڕست

سەرەکی و گەورەکان نوێنەری یەکسانیان هەیەو بچووکەکان نوێنەری کەمتر. بەڵام زۆرتر هەوڵ دراوە کە بەرژەوەندی یەکە ناوچەییە بچووکەکان و گرنگیی کەمایەتیەکان و دەرەنجامی نایەکسانی لە نوێنەرایەتیدا لەبەرچاو بگیردرێت[٦١].

## دەسەڵاتی جێبەجێکاریی:

چەمکی راپەڕاندن یان جێبەجێکاریی بە واتای ئەو لقەی حکوومەتە کە ویستی دەوڵەت دادەبەزێنێت و جێبەجێی دەکات. لە حکوومەتی دیمۆکراتیکدا، یاساکان ویستی خەڵک پیشان دەدەن و دیپارتمانی جێبەجێکاریی دەبێت هەبێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەوانە، بەپێی دەنگ و بیروڕای دەسەڵاتی دادوەریی. لە واتای بەربڵاویدا دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بریتییە لە هەموو ئەو ئاژانس و بەرپرسانەی کە راستەوخۆ پێوەندییان هەیە بە بەڕێوەبەرایەتی رۆژانەی وڵاتەوە. لە واتای بەرتەسکی خۆیدا، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بریتییە لە فەرمانبەرە گرنگەکانی دەوڵەت، جگە لەوانەی کە دەکەونە ناو بازنەی دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەرییەوە. کارکردەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بریتین لە: راگرتنی یاسا و رێسا و کاروبارە ئیدارییەکان، کاروباری پێوەندیدار بە هێزە چەکدارەکان، کاروباری دیپلۆماتیک، قازانجی گشتی و

---

61 Watts, **op.cit**, 1999, p. 83 & 92 & 95.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، فەرمانگەکانی پێوەندیدار بە دارایی و بەرنامەدارِشتنی ئابووریی، کاروباری فریاکەوتنی، کاروبارەکانی پێوەندیدار بە یاسادانان و دادوەریی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی[٦٢].

سێ فۆرمی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی هەیە: جێبەجێکاریی رواڵەتی یان فەرمایشی، راستەقینە یان سیاسی و بەردەوام[٦٣]. جێبەجێکاریی فەرمایشی ئەوەیە کە هەموو دەسەڵاتەکانی هەیە لە باری یاساییەوە، بەڵام هیچ کەڵکێ لەو دەسەڵاتانە وەرناگرێت کە بە کردەوە لەلایەن کەسان یان ئۆرگانەکانی ترەوە، واتە جێبەجێکاری راستەقینە، جێبەجێ دەکرێن. ئەو یان ئەوان (ئەگەر چەند کەس بن) سەرۆکی دەوڵەتن وەکو پاشا یان مەلەکەی ئینگلیز یان ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە هەندێ وڵاتدا یان سەرۆک کۆمار (وەکو سەرۆک کۆماری هێندووستان). لە پشتەوەی جێبەجێکاری فەرمایشی جێبەجێکاری راستەقینە هەیە کە ئەنجومەنی وەزیرانە. ئەگەرچی لە زمانی یاسای بنچینەییدا سەرۆک کۆمار سەرۆکی یاساییە بەڵام لە راستیدا (ئەو/ئەوان) زۆرتر کاریان پەسەند کردنە. جێبەجێکاری فەرمایشی (نۆمیناڵ) رەنگە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هەڵبژێردرێت، رەنگە دیاری بکرێت یان بە میرات پێی بگات. بۆ نموونە مەلەکەی ئینگلیز یان

---

[62] Bhatttacharajee, **op.cit**, p. 225-8

[63] nominal, political and permanent

جێگرەکانی وەکو مافی زکماکی دەکەونە سەر تاج و تەخت. دەسەڵاتداری گشتی (فەرماندەری گشتی) لە کەنەدا و ئوستralیا لەلایەن مەلەکەی بەریتانیاوە دیاری دەکرێن. سەرۆک کۆماری هیندووستان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت[64]. لە جۆری سیستەمی فیدراڵی پاڕلەمانتاریدا ئەم جۆرەی جێبەجێکاریی لە پەنای جێبەجێکاری سەرەکیدا هەیە، بۆ نموونە هیندووستان و عێراق.

جێبەجێکاری سیاسی، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی سەرەکییە. ئەم جێبەجێکارە سیاسەتی دەوڵەت دیاری دەکات و هەڵیدەسووڕێنێت و بەشی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیی کۆنتڕۆڵ دەکات. لێرەدا شێوەی جۆراوجۆر بۆ دیاریکردن هەیە. لە ئینگلیزدا ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێکاری سیاسییە. لە هیندوستانیش وەکو ئینگلیز ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێکاری سیاسییە و ئەندامانی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە هەڵدەبژێردرێن، بە لەبەرچاو گرتنی سیستەمی پاڕلەمانتاری، واتە دەبێت حیزبە سەرەکیەکان لەبەرچاو بگیردرێن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆک کۆمار جێبەجێکاری سیاسییە و ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و جێبەجێکاری نۆمیناڵ لەم وڵاتەدا نییە. لە سویسرا و عێراق جێبەجێکاری سیاسی لەلایەن دەسەڵاتی

64 Ibid, p 225-6.

یاسادانانەوە هەڵدەبژێردرێت. جێبەجێکاری سیاسی بۆخۆی چەند جۆرە: ڕەنگە بەپێی ئەوەی کە جێبەجیکاری سیاسی بەرپرسیارە لە بەرانبەر دەسەڵاتی یاساداناندا یان نا، پارڵەمانتاری یان سەرۆکایەتی بێت. هەروەها، جێبەجێکاری سیاسی ڕەنگە تاک بێت یان کۆ. ئەگەر دەسەڵاتی ڕەوای جێبەجێ کردن بسپێردرێت بە تاکەکەسێک وەکو سەرۆک کۆماری ئەمریکا، ئەوە جێبەجێکاری تاکە. ئەگەر بشسپێردرێت بە چەند کەس، ئەوە جێبەجێکاری کۆیە یان فرەجێبەجێکار. لە سویسرا، ئەنجومەنێکی فێدراڵ هەیە بریتی لە حەوت کەس و لە سۆڤییەتی پێشوودا لیژنەی سەرۆکایەتی بریتی بوو لە سی و سێ ئەندام. کەواتە لە سویس و یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوودا جێبەجێکاری بە کۆمەڵ دەبینرێت یان بینراوە[٦٥].

جێبەجیکاری دایمی (بورۆکراسی یان فەرمانگەیی) کە پێشی دەگوترێت خزمەتگوزاریی مەدەنی بەردەوام یان ئیداریی گشتی، جەستەیەکی بەرین و ئەو بەرپرسانە لە خۆ دەگرێت کە پۆستێکی دایمییان هەیە، بەڵام خۆپارێزی دەکەن لە هەر بەشداریەکی چالاکانە لە ژیانی سیاسیدا. گۆڕینی حکوومەت خزمەتگوزاریەکانی ئەوان ناخاتە ژێر کاریگەرییەوە. کارگێڕانی ئەم بەشە بە شێوەی ئاسایی لە خزمەتگوزاریەکاندا لەسەر بنەمای لێهاتوویی لە

[65] Ibid, p 226

تاقیکاریەکی رکابەرانەدا دادەمەزرێن. ئەوان لە تەمەنێکی دیاریکراودا دەچنە ناو خزمەتگوزارییەوە و لە تەمەنێکی بەساڵچوویشدا خانەنشین دەبن. ئەوان لە ناو چەندین بەشدا لە ژێر بەرپرسایەتی وەزیرێکی سیاسیدا ڕێکدەخرێن[66]. بە گۆڕینی جێبەجێکاری سیاسی گۆڕانکاریی کەمتر لێرەدا دەبینرت، بەپێچەوانەی هەندێ ولات وەک ئێرانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی کە بە گۆڕینی جێبەجێکاری سیاسی زۆرینەی جێبەجێکارانی بەردەوامیش دەگۆڕدرێن.

### دەسەلاتی دادوەریی:

دەسەلاتی دادوەریی یەکێکی تر لە سێ ئۆرگانە گرینگەکانی حکوومەتە و دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لەو ناکۆکیانەیدا کە لە فۆرمولەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا پێش دێن. دەسەلاتی دادوەریی نوێنەرایەتی لایەنی ئەخلاقیی حکوومەت دەکات. ئەم دەسەلاتە دادپەروەریی گەرەنتی دەکات و لە بەرانبەر ملهوڕی حکوومەتدا پارێزگاریی لە تاکەکان دەکات. وێناکردنی دەوڵەتێکی ژیار و خاوەن شارستانی بە بێ سیستەمێکی دادوەریی کارامە ئەستەمە . یاسا کۆمەڵگا لە ئانارشی و بێ سەروبەرەیی دەپارێزێت. لە نەبوونی دەسەلاتی دادوەریی

---

66 Ibid.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بێلایەندا، هاووڵاتییان لە بەرانبەر مەترسی خزمەتکارانی گشتی وەکو سەرپێچیکەرانی یاسا بێ پەنا دەبن[٦٧]. ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بە جوانی و شیاو کار بکات، حکوومەتیش بە شیاوی و چاکی کار دەکات. بۆیە لۆرد جەیمز برایس[٦٨] دەنووسی: "هیچ پێوانەیەک بۆ تاقیکردنەوەی چاک بوونی حکوومەت لە تاقیکردنەوەی کارامەیی سیستەمی دادوەریی چاکتر نییە." ئەم دەسەڵاتە پارێزەری بێلایەنی مافەکانە بەتایبەت مافی مەدەنی. ئاسایش و ئاسوودەیی هاووڵاتییان پێبەستەی بازنەیەکی گەورەی کارامەییە کە بەوە دادپەروەریی لە دەوڵەتدا جێبەجێ دەکرێت. لەم پێوەندییەدا جۆرج واشنگتۆن گوتوویە کە: "جێبەجێ کردنی دادپەروەریی کۆڵەکەی پتەوی حکوومەتە." کارکردەکانی دەسەڵاتی دادوەریی بریتین لە: راڤەکردنی یاسا، کاروباری یاسادانانی پێوەندیدار بە دەسەڵاتی دادوەریی، پارێزگاریی لە یاسای بنچینەیی، پارێزگاریی لە ئازادییە مەدەنییەکان و راوێژکاریی[٦٩].

لە وڵاتانی دیمۆکراتیکدا، لە هەر دوو سیستەمی پارڵەمانتاری یان پرێزدێنتاڵدا ئەم دەسەڵاتە سەربەخۆیە. چارلەز لۆییس

---

[67] R. C. Agarwal, **Indian Political system (Indian Government and politics)**, S. Chand & company Ltd, fifth edition, New Delhi, 2003, p. 206.

[68] Lord James Bryce

[69] Bhatttacharajee, **op.cit**, p 233-4.

بگەڕێوە بۆ پێڕست.

مۆنتسکیو[70] یەکەم بیرمەندی سیاسی بوو کە پێویستی دوور ڕاگرتنی دەسەڵاتی دادوەریی لە دەستێوەردانی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکاریی و یاسادانانی، زەق کردەوە. هەر بەم شێوەیە لاسکی[71] جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە "سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی لە جێبەجێکاریی، بۆ سەربەستی پێویستە." بەپێچەوانەوە ئەمە دەبێتە بەشێکی حکوومەت لە ژێر کۆنترۆڵی گروپ و حیزبی زۆرینە لە دەسەڵاتی یاساداناندا. ئەوە، تەنیا دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆیە کە دەتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی دەسەڵاتێکی جێبەجێکاریی بە هەڵەداچوو، ببێتەوە. دەسەڵاتی دادوەریی بن دەست ناتوانێ پارێزەری یاسای بنچینەیی و ئازادیە مەدەنیەکانی خەڵک بێت. بۆیە ئەم دەسەڵاتە دەبێت پلەیەکی بەرزی بێلایەنی، جێگەوپێگەدار، ڕاستی و بێ کەموکوڕیی، و لە سەرەوەی هەموویانەوە سەربەخۆیی دادوەریی و دۆزگەریی هەبێت. بۆیە نابێت گرێ بدرێت بە ئامرازی گەندەڵی سیاسی و ملهوڕی دەسەڵاتی جێبەجێکارییەوە. مەرجە پێویستەکان بۆ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ بریتین لە: شێوازێکی دروستی دیاریکردنی دادوەرەکان، مسۆگەر بوونی بارودۆخی خزمەتگوزاریی بۆ دادوەرەکان، پۆست و بەرپرسایەتی

---

70 Charles Louis Montesquieu
71 Laski

بگەڕێوە بۆ پێرست

درێژخایەنی خزمەتگوزاریی، مووچەی چاک، دادوەران دەبێت زۆر شیاو و خاوەن توانست بن[٧٢]. ئەگەر دەسەڵاتی دادوەریی و ئەو دادوەرانەی کە یاساکان راڤە و بەکار دەهێنن، ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوەیان نەبێت هیچ یاسایەک، تەنانەت ئەگەر بە قسەش باش بێت بۆ خەڵک، ناتوانێ ئاسوودەیی بۆ خەڵک بە دی بێنێت. لە وڵاتانی دیمۆکراتیکدا زۆرترین هەوڵ دەدرێت بۆ پاراستنی پێگەی سەربەخۆی ئەم دەسەڵاتە.

## پێوەندی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی: سیستەمی پاڕلەمانتاری و پرێزدێنتاڵ

سەبارەت بە پێوەندی دەسەڵاتی یاسادانان لەگەڵ ئۆرگانەکانی تری حکوومەت بەتایبەت دەسەڵاتی جێبەجێکاریی، دەبێت بگوترێت کە دەوری سەرەکی دەسەڵاتی یاسادانان، فاکتۆری بەرپرسایەتییە بە ئاراستەی خەڵکدا. کەواتە ئەمە دەبێت ئەوەندە توانایی هەبێت کە دەسەڵاتی جیبەجێکاریی لە بەرانبەریدا بەرپرسیار بێت. لە هەندێ وڵاتدا وەک بەریتانیا و هێندوستان لێژنەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی حکوومەت، واتە کابینە، لە ناو دەسەڵاتی یاسادانانەوە دێتە دەرەوە. ئەندامانی کابینە، زۆربەی کات لە حیزبی زۆرینەی ناو دەسەڵاتی یاسادانان

---

72 Bhatttacharajee, **op.cit**, p 235-6.

بگەڕێوە بۆ پێرست

دەکێشرێنە دەرێ. واتە، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لە خودی دەسەڵاتی یاسادانانەوە سەرچاوە دەگرێت و جێبەجێکاری پارڵەمانتاری بەرپرسیارە لە بەرانبەر دەسەڵاتی یاساداناندا و تا ئەوکاتەی لەسەر دەسەڵات دەمێنێتەوە کە متمانەی دەسەڵاتی یاسادانانی هەبێت. ئەمە بە شێوەی ئاسایی پێی دەگوترێت سیستەمی پارڵەمانتاریی حکوومەت. لە سیستەمی پارڵەمانتاریدا دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بریتییە لە سەرۆک کۆمار (یان مۆنارش وەکو ئەوەی کە لە ئینگلیزدا هەیە یان ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە هەندێ وڵاتدا) کە بە شێوەی ئاسایی و بە رواڵەت سەرۆکی یاسایی دەوڵەتە. پاشان سەرۆک وەزیران دێت کە سەرۆکی راستەقینەی حکوومەتە. سەرۆک وەزیران لەلایەن وەزیرەکانەوە یارمەتی دەدرێت کە بەرپرسایەتی وەزارەتخانە تایبەتیەکانیان لە ئەستۆیە (وەک وەزارەتی ناوخۆ، بەرگری، تەندروستی و هتد). سەرۆک وەزیران لەگەڵ وەزیرەکان پێکەوە پێیان دەگوترێت کابینە یان ئەنجومەنی وەزیران. لەم فۆرمەی حکوومەتدا حیزبی زۆرینە لە دەسەڵاتی یاساداناندا پشتیوانی لە کابینە دەکات کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە سەرکردایەتی دەکرێت. ئەگەر، حیزبی زۆرینە متمانەی خەڵک لە دەست بدات، دەسەڵاتی جێبەجێکاریش، دەسەڵاتی لە دەست دەدات. ئیتر حکوومەت دەڕووخێت و خەڵک دەبێت حکوومەتێکی نوێ هەڵبژێرن. لە سیستەمی پارڵەمانتاریدا چارەنووسی دەسەڵاتی یاسادانان و

بگەڕێوە بۆ پێڕست

جێبەجێکاریی پێکەوە گرێدراون. بە گشتی تایبەتمەندیەکانی سیستەمی پاڕلەمانتاری بریتین لە: هاوئاهەنگی نزیک لە نێوان دوو دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بەرپرسیارە لە بەرانبەر یاسادانان، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی تەشریفاتییە و جیایی نێوان دوو دەسەڵات کەمترە.

لەلایەکی ترەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا (پرێزدێنتاڵ) جیاوازە. بەپێچەوانەی پاڕلەمانتاری، لەم سیستەمەدا جیایی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و یاسادانان زیاترە، بەڵام هەرکامیان وەک چاوەدێرێک بۆ دەسەڵاتی ئەوی تر کار دەکات. خەڵک هەردووکیان بە جیاوازیی و لە کاتی جیاوازدا هەڵدەبژێرن. لەم سیستەمەدا، سەرۆک کۆمار بۆخۆی دەسەڵاتی جێبەجیکاریی بەڕێوەبەرایەتی دەکات و جێگری سەرۆک کۆمار کە ئەویش نوێنەرێکی هەڵبژێردراوە پیرەوی لەو دەکات. سەرۆک کۆمار هەر کەسی پێ شیاو بێت دەتوانێت دیاری بکات بۆ ناو کابینە. ئەندامانی تری کابینە بۆیان نییە نوێنەرانی هەڵبژێردراو بن، بەڵام دیاریکردنیان دەبێت لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە پەسەند بکرێت. دەسەڵاتی جێبەجێکاریی زۆربەی بڕیارە سیاسیە گرنگەکان دەدات، بەڵام ئەوانە بابەتگەلێک دەبن بۆ پەسەندکردن لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە. هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێکاریی، مافی ڤیتۆی هەیە لەسەر هەندێ پێشنیارنامە کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە پەسەند کراون.

بگەڕێوە بۆ پێرست

کەواتە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی لە سیستەمێکی سەرۆکایەتیدا لە بارودۆخێکی یەکساندان. ئەم سیستەمە زۆرتر گەڵاڵە کراوە بۆ پێشگیری لە زاڵبوونی دەسەڵاتێکی حکوومەت بە سەر ئەوی تردا، بەڵام لێرەدا سیستەمی پشکنین و هاوسەنگی (چێک و بالانس) هەیە. لە کاتێکدا کە لە سیستەمی پاڕلەمانتاریدا دەسەڵاتی جێبەجیکاریی زاڵە بەسەر دەسەڵاتی یاساداناندا. چۆن دەسەڵاتی جێبەجێکاریی جیایە لە دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بەرپرسایەتی راستەوخۆی نییە. هەروەها بەپێچەوانەی سیستەمی پاڕلەمانتاری، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا مافی راگرتنی دەسەڵاتی نەگۆڕی هەیە و بە هاسانی ناکرێ وەلا بنرێت، مەگەر لە ڕێگای شێوازێکی سەختی پێوەندیدار بە راگەیاندنی تاوان لەلایەن دادگاوە. بۆ ئەم سیستەمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاکترین نموونەیە. دەسەڵاتی یاسادانان (کۆنگرێس لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا) وەک چاوەدێرێکی دەسەڵاتی سەرۆک کۆماریی کار دەکات. هەروەک ویێر دەڵێت: پێوەندی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بارودۆخێکی یەکسانی هەیە. بە گشتی تایبەتمەندیەکانی سیستەمی پرێزدێنتاڵیش بریتین لە: جیایی زیاتری نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لە بەرانبەر

بگەڕێوە بۆ پێڕست.

یاسادانانەدا بەرپرسیار نییە، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی راستەقینەیە (رئال)[٧٣].

لە حکوومەتی پاڕلەمانتاریدا لە هەندێ وڵاتی وەک ئینگلیز، بە هۆی هەبوونی فەلاقە یان "شەلاخی حیزبی"[٧٤] کە بۆ پەسەندی یاساکان لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا و راگرتنی زۆرینە لە یەک هێڵدا بەکار دەهێنرێت، بە پێویست دەسەڵاتی جێبەجێکاریی کۆنترۆڵی زۆرتری بە سەر یاساداناندا دەبێت کەچی لە پریزدێنتاڵدا وا نییە چونکە دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لە کۆنگرێسەوە نایەتە دەرێ. لە ئەمریکادا دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان سێ لقی حکوومەتی گشتیدا پێشگیری دەکات لە هەر کارێک کە بە هۆی قۆرخ کردنی دەسەڵاتەوە بێت، لە رێگای دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان لقە دامەزراوەییەکان (چێک و باڵانس) وهەر وەها لە نێوان دەسەڵاتداران (فیدرالیزم). لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران (سێنا) خەڵکی ناو ئەو هەرێمانە دەبێت نوێنەرایەتی بکرێن[٧٥]. لە هەندێ وڵاتدا وەکو هێندووستان ئەگەرچی یاسای بنچینەیی جیایی سفت و پتەوی دەسەڵاتەکانی وەکو وڵاتی ئەمریکا نەناسیوە و هەرچەند ئاماژە بە

---

[73] Bhatttacharajee, **op.cit**, p. 160 & 226.

[74] party whip

[75] Azam, **op.cit**, p. 135.

بگەڕێوە بۆ پێرست

پۆلێنبەندی سێیینەی کارکردەکانی هەر سێ دەسەڵات وەکو سێ لقی جیاوازی حکوومەت دەکرێت، بەڵام وێرای پارڵەمانتاری بوونی، ئێستاکە لەو وڵاتەدا قازانجی سیاسی دۆکترینی جیایی دەسەڵاتەکان بە شێوەی بەربڵاو ناسراوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە وڵاتێکی وەک ئینگلیز ئەم جیاییە نابینرێت، وێرای ئەوەی کە باشترین جۆری ئازادی مەدەنی پارێزراوە و دادوەرە ئینگلیزیەکانیش قەت ناکەونە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی جێبەجێکارییەوە[٧٦].

هەر لەم پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بکرێت بە شێوازی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەڵبژاردن. کاتێک خەڵک راستەوخۆ نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن سیستەمەکە پێی دەگوترێت هەڵبژاردنی راستەوخۆ. لێرەدا خەڵک دەچنە بەر سندۆقەکان و دەنگ دەدەن بەو پاڵێوراوەی کە دەیانهەوێت و ئەو پاڵێوراوەش کە زۆرینەی دەنگەکانی هێناوە، سەرکەوتووە. ئەم شێوازە کە بە ساکاربوونی دیاری دەکرێت، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی دەسەڵاتی یاسادانانی زۆربەی وڵاتانی دیمۆکراتیکی جیهاندا، بەکار دەهێنرێت وەکو ئەنجومەنی گشتی لە ئینگلیز یان هیندوستان. لە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆدا، دەنگدەران، لە رێگای راستەوخۆوە پاڵێوراوانی خۆیان هەڵنابژێرن. ئەوان سەرەتا

[76] Bhatttacharajee, **op.cit**, p 242-3

دامەزراوەیەکی نێوەنجی کە پێی دەگوترێت "کۆلێژی هەڵبژاردن" هەڵدەبژێرن، کە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان پێ دەسپێردرێت. بۆیە لە شێوازی ناڕاستەوخۆدا "هەڵبژاردنی دوو قۆناخی" هەیە. سەرۆک کۆماری ئەمریکا لەم ریگایەوە هەڵدەبژیردرێت. خەڵک راستەوخۆ دەنگ نادەن بە سەرۆک کۆمار و ئەوان لە هەردووکی ناوەند و ویلایەتەکاندا رێژەیەک لە نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن و ئەو نوێنەرانە کۆلێژی هەڵبژاردن پێکدەهێنن، کە لە کۆتاییدا سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرن. لە هێندوستاندا سەرۆک کۆمار، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرەوەی حکوومەتی ناوەندیی و ئەنجومەنی سەرەوەی ویلایەت بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن[٧٧].

**دەسەڵاتی رەوای فیدراڵ:**

ئەگەر چی بە شێوەی فەرمی لە سیستەمی فیدراڵدا زۆرتر قسە لە دوو ئاستی حکوومەت دەکرێت، بەڵام لە خودی ئەم دوو ئاستەشدا هەندێ دابەشکاریی یان بازنەی دەسەڵاتی تر دەبینرێن، بەتایبەت لە سیستەمی پارڵەمانتاریدا ئەم بازنانە راشکاوانەتر دەبینرین. لە دەوڵەتی فیدراڵدا، لە ئاستی فیدراڵدا حکوومەتی فیدراڵ (گشتی یان هاوبەشیش دەگوترێت) هەیە. ئەم حکوومەتە بریتییە لە دوو دەسەڵاتی سەرۆکایەتی فیدراسیۆن یان دەسەڵاتی

[77] Ibid, p 274

بگەڕێوە بۆ پێرست

تەشریفاتی و دەسەڵاتی ناوەندیی کە تەنیا بەشێکە لە حکوومەتی فیدراڵ بە تەواوەتی، واتە دەسەڵاتی جێبەجێکاریی راستەقینە کە بە شێوەی گشتی بە حکوومەتی ناوەندیی ناسراوە. لە ئاستی یەکە پێکهێنەرەکانیشدا ئەگەر سیستەمی پارڵەمانتاریان هەبێت دیسان وەها بازنەگەلێکی دەسەلات دەکرێ گریمانە بکرێن. هەروەها لە ئاستی خوارتردا دەسەڵاتی حکوومەتە خۆجێییەکان هەیە. بۆیە پێشنیار کراوە کە هەموو فیدراسیۆنێک پێویستی بە چوار بازنەی دەسەڵاتی رەوا هەیە: ١- دەسەڵاتی فیدراڵ، ٢- دەسەڵاتی ناوەندیی، ٣- دەسەڵاتی یەکە پێکهێنەرەکان، ٤- دەسەڵاتە خۆجێییەکان. بە دەربڕینێک، ئەم سێیەی دوایی، دەسەڵاتیان لە یەکەمیەوە سەرچاوە دەگرێت. لە نەبوونی هەرکام لەمانەدا، یەک فیدراسیۆن ناتوانێ بۆ درێژخایەن بمێنێتەوە. ئەمانە دەوڵەت وەکو یەکەیەکی تەواو لێ دەکەن و نوێنەرایەتی لایەنە گرنگەکانی سەروەریی (بریتی لە پێوەندیەکانی نێوخۆیی و نێوان یەکتر) نوێنەرایەتی دەکەن [٧٨].

بە کورتی، بارودۆخ و پێگەی سەروەریی دەوڵەتی یەکگرتوو ناتوانرێ پیشان بدرێت یان کار بکات بە هەبوونی تەنیا یەکێک لە حکوومەتەکانی ناوەندیی یان یەکەکان. لە سەرەوەی ئەم حکوومەتانە، دەسەڵاتی رەوا یان ئۆتۆریتەی فیدراڵ هەیە کە

[78] Verma, **op.cit**, p: 11, 13 & 19.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بەشی گرنگی دۆخی سەروەریی دەوڵەتی فیدراڵ بە گشتی پیشان دەدات، بەڵام لەگەڵ هەمووی سەروەری دەوڵەتی فیدراڵدا بەرابەر نییە، بەڵکو پێوەندی هەیە بە فاکتۆرگەلێکی گرینگەوە لە بەشگەلێکی دەوڵەتی فیدراڵدا. لە ئاستی دووەمدا، حکوومەتی ناوەندیی بەپێی دەسەڵاتی ڕەوا کار دەکات کە لە دەوڵەتی فیدراڵەوە سەرچاوە دەگرێت. سەرهەڵدانی فیدراسیۆنێک پیشاندەری ئەوەیە کە هەردوو حکوومەتەکان ڕێکەوتوون کە لە ژێر ئەو دەسەڵاتە ڕەوایەی فیدراڵدا کار بکەن. دەبێ ئەوان پەسەند و پشتگیری بکەن و بیپارێزن، بەپێی پێویستیی پەیمانی سەرەتایی کە لە فۆرمی یاسای بنچینەیی نووسراو یان نەنووسراودا دەردەکەوێت. وەک لە بەشی دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا ئاماژەی پێ کرا، سەرۆکی فیدراسیۆن (دەوڵەت) لە وڵاتە فیدراڵەکاندا ڕەنگە جیاواز بێت کە هەر ئەو سەرۆکەی فەرمایشی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی دەبێت. واتە لە هەندێ وڵاتدا دەسەڵاتی فیدراڵ و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی بە دوو کەس دەسپێردرێن وەک هێند، کەچی لە هەندێکی تردا بە یەک کەس، وەک ئەمریکا، واتە سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکوومەت یەک کەسە. لە کەنەدا و ئوسترالیادا دەسەڵاتداری گشتی بە نوێنەرایەتی مەلەکەی بەریتانیا و لە هێندوستان سەرۆک کۆمار، سەرۆکی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دەسەڵاتی فێدراڵن. لە کاتێکدا کە سەرۆکی فێدراسیۆن و حکوومەتی ناوندیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاقانەیە[٧٩].

هەروەها، فێدراسیۆن میکانیسمێکی کۆنترۆڵی شیاوی هەیە لە ژێر دەسەڵاتی فێدراڵی خودموختاردا کە بە قازانجی هیچ کام لە ناوەند یان یەکەکان کار ناکات. لە زۆربەی سیستەمە فێدراڵەکاندا وەکو هێند بەشێک لە کاروبار بۆ حکوومەتی فێدراڵە و دەسەڵاتی فێدراڵ زۆرترە بە گوێرەی ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەموو فەرمانگەکانی فێدراڵ وەکو کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، کۆمیسیۆنی سیاسەتی پەروەردە، بانکی نیشتمانی، ئەنجومەنی نێوان ویلایەتەکان و هتد، بە شێوەی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی هەردوو حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی یەکەکان و لە ژێر کۆنترۆڵی گشتی و چاوەدێریی دەسەڵاتی فێدراڵدا دەمێننەوە. دەبێت ئەوە گەرەنتی بکرێت کە دەسەڵاتی فێدراڵ بە شێوەی بێلایەنانە کار دەکات. لە راستیدا، ئەمە تەواوەتیی رێکەوتنی سیاسی نوێنەرایەتی دەکات کە هاندەرێتی و مەبەست و دەرەنجامی وریایی و ویستی سیاسی بۆ هەبوونی فێدراسیۆنە[٨٠].

کەواتە، دەسەڵاتی رەوای فێدراڵ ئەو دەسەڵاتەیە کە پێوەندی هەیە بە فێدراسیۆنەوە وەکو یەکەیەکی تەواو بە گشتی و لە

---

[79] Ibid, p: 11-12 & 90.
[80] Ibid, pages: 16, 23, 24 & 26.

بگەڕێوە بۆ پێرست

پێوەندی دایە لەگەڵ حکوومەتە ناوەندی و پێکهێنەرەکان بەتایبەت و هەروەها لەگەڵ حکوومەتە خۆجێییەکان. ئەگەر ئەمەی دوایی وەکو حکوومەتە پێکهێنەرەکان دەسەڵاتی یاسایی پێ سپێردرابێت. دەسەڵاتی رەوا، هێز و دەسەڵاتی شەرعی پێکهاتەی فێدراڵی بە تەواوەتی پیشان دەدات و خەریکی بەکارهێنانی زۆرە و مافی دەرکردنی فەرمان، رێنوێنیەکان و بڕیارەکانی هەیە. دەسەڵاتی رەوا بۆ ئەوەی کە سەرکەوتوو و کاریگەر بێت پێویستی بە هەرەوەزیی و قبوولکردن لەلایەن خەڵکی پێوەندیدارەوە هەیە. لە دیمۆکراسیەکاندا، ئەمە لە رێگای بەکارهێنانی نوێنەرایەتی و بەشداری کردنی ئاستە جیاوازەکان کار دەکات. وەها دەسەڵاتێکی رەوا دەکرێ بسپێردرێت بە کەسێک یان رێکخراوێکی سەربەخۆ یان خودموختار کە دەسەڵات بەکار بهێنێت و جێبەجێی بکات، بە هاوکاری لەگەڵ کەس یان حێزبە پێوەندیدارەکان. هەر بەو رادەیە کە سپێردراوە بە یەکەکانی تری حکوومەتی فێدراڵ. جگە لە دەسەڵات و تەشەنە و کاریگەری، وەها دەسەڵاتێکی رەوا هەموو کاتێک تایبەتە، و بە روونی دەسەڵاتەکەی یان رەوابوونەکەی لە رەزامەندی و رێکەوتن لەسەر بایەخەکان سەرچاوە دەگرێت[٨١].

---

[81] Ibid, p: 12.

بگەڕێوە بۆ پێرست

**سیستەمی سیاسی لە باری حیزبییەوە:**

لە پێوەندی لەگەڵ سیستەمی سیاسی فیدراڵدا، بە گشتی، پێویستە لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بە سیستەمی حیزبی بکرێت. ئازادی حیزبی یەکێک لە بنەماکانی دیمۆکراسییە. حیزبە سیاسییەکان لە دەوڵەتی مۆدێرندا کۆمەڵێک رۆڵی گرینگ دەگێڕن وەک: فۆرمولەکردنی بیروڕای گشتی، خستنە ژێر کاریگەری بیروڕای گشتی، هەستیارکردن و ئاگاکردنەوەی رۆحی گشتی خەڵک، پێکهێنانی یەکگرتوویی لە نێو خەڵکدا، پێوەندی دانی خەڵک و حکوومەت وهەروەها پێویستییەکن بۆ سەرکەوتنی دیمۆکراسی پارڵەمانتاری. لە دیمۆکراسیەکاندا، سیستەمی حیزبی دەکرێ دوو حیزبی یان فرەحیزبی بێت. ئینگلیز و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیستەمی دوو حیزبییان هەیە، هەڵبەت ئەمە بە واتای نەبوونی حیزبەکانی تر نییە بەڵکو بە شێوەی ئاسایی دوو حیزب زۆربەی کات زاڵ بوون و ئەوانی تر لە باری رێکخراوەیی و توانستەوە ناتوانن بگەنە دەسەڵات، کەواتە زۆر گرینگیان نییە. چەند نموونەی فرەحیزبی بریتین لە فەڕانسە، هێندوستان و عێراق. سیستەمی فرەحیزبی هەندێ شیاویەتی هەیە وەک: جیاوازیی بیروڕا لە وڵاتدا پیشان دەدات، بیروڕای گشتی بە شێوەی کاریگەر مسۆگەر دەکات و دیمۆکراسی گەرەنتی

بگەڕێوە بۆ پێرست

دەکات[82]. هەروەک لە بەشی جیاوازیی نێوان فێدرالیزم و فێدراسیۆندا ئاماژە دەکرێت، سیستەمی حیزبی لەلایەن لێکۆڵەرانی فێدرالیزمەوە وەکو فاکتۆرێکی زۆر گرنگ، کە کاریگەرە لەسەر کاری راستەقینەی سیستەمێکی فێدراڵ، پێناسەکراوە. ئەلەزار (١٩٦٨) پێی وایە کە "هەبوونی سیستەمێکی حیزبیی ناسەنتراڵ کراو، رەنگە تاقە فاکتۆرێکی زۆر گرنگ بێت بۆ راگرتنی ناسەنتەراڵ بوونی فێدراڵ." ناوبراو ئاماژە دەکات کە لەو "وڵاتانەی فێدراڵ کە بە شێوەی فەرمی کەوتوونەتە ژێر رکێفی حیزبێکی زۆر سەنتراڵ کراو، ... حیزبی زاڵ کاری کردووە لە پێناو سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکوومەتە پێکهێنەرەکان لە ئاراستەی پەرەپێدانی زاڵیەتیەکەیدا."[83]

### ٤- جیاوازیی نێوان پێکهاتەی حکوومەتی یونیتەری و فێدراڵ

بەپێی بابەتەکانی پێشتر تاکو ئێرە، سیستەمی فێدراڵ جیاوازی زۆرە لەگەڵ یەکتیکە کە ئاماژە بە زۆرێکیان کرا و لێرەشدا ئاماژە بە هەندێ خاڵی تر دەکرێت. فۆرمەکانی (یونیتەری و فێدراڵی) حکوومەت بەپێی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان ناوەند و یەکە پێکهێنەرەکان، لێک جیا دەکرێنەوە. ئەگەر هەمووی

---

[82] Bhatttacharajee, **op.cit**, p. 256 & 258
[83] Azam, **op.cit**, p. 190.

گەڕانەوە بۆ پێڕست

دەسەڵاتەکان لەلایەن یاسای بنچینەییەوە تەنیا بسپێردرێت بە حکوومەتی ناوەندیی ئەو فۆرمە پێی دەگوترێت فۆرمی یەکتیکەی (یونیتەری) حکوومەت. بەڵام کاتێک کە یاسای بنچینەیی، دەسەڵات دابەش دەکات لە نێوان حکوومەتێکی ناوەندیی و حکوومەتە پێکهێنەرەکان و کارەکان لە نێوانیاندا دابەش دەکات، سیستەمەکە پێی دەوترێت فێدراڵ. دەوڵەتە یەکتیکەکان تەنیا یەک ئاستی حکوومەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتاییدا هەیە. رەنگە حکوومەتی ناوەندیی دەسەڵات بدات بە یەکە خۆجێییەکان، بەڵام دەسەڵاتی یاساییشی هەیە بۆ وەرگرتنەوەیان. لە سیستەمی فێدراڵدا، یاسای بنچینەیی سەرچاوەی هەردوو دەسەڵاتی ناوەندیی و پێکهێنەرەکانە. هەر یەکەیەک، ناوەندێکی دەسەڵاتی هەیە کە سەربەخۆیە لە ویستی ئەوانەی کە ئاستەکانی تری حکوومەت کۆنترۆڵ دەکەن.[٨٤] کەواتە گرنگترین جیاوازیی نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و یونیتەریەکان لە تەرخانکردنی شیاویەتیە بنەڕەتیەکان دایە.[٨٥]

جیاوازیەکی تری سیستەمی فێدراڵ ئەوەیە کە توانستی بوونی ئاستە جیاوازەکانی زیاتری دەسەڵاتی هەیە، بە جۆرێک کە لە هەندێ وڵاتدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە تا ئاستی چوار و پێنج لە

[84] Bhattarjee, **op.cit**, p. 163.

[85] Lurenz Blume, **op.cit**.

بگەڕێوە بۆ پێرست

فێدراسیۆندا دەبینرێت[86]. جگە لە ئاستی وڵات، کۆمار یان هەرێم، ستەیت (ویلایەت)، کانتۆن، پارێزگا و شار، ئاستی نزمتری دەسەڵاتی حکوومەتیی هەیە کە پێیان دەگوترێت دامەزراوە خۆجێیەکان، حکوومەتە خۆجێیەکان یان یەکە خۆجێیەکان. لە هەندێ فێدراسیۆندا ئەم ئاستە ئاماژەی پێ نەکراوە بەڵام لە سویس و سۆڤیەتی پێشوو و هەندێ وڵاتی تردا ئاماژەی پێکراوە. لەم پێوەندیەدا سویس سێ ئاست و رووسیا پێنج ئاستی هەیە. لە سویس ئاستی یەکیەتی (وڵات)، کانتۆن و کامیون[87] هەیە. یاسا، دەسەڵاتی خۆجێیی کامیونەکانی گەرەنتی کردووە. بابەتگەلێک لە ئاستی خۆجێییدا بەمانە دەسپێردرێت. بڕیارەکان لەلایەن پارڵەمان یان ئەنجومەنی کامیونەکانەوە دەدرێن[88].

وەک جیاوازیەکی تر، دەکرێ ئاماژە بە پێوەندیەکانی دەرەوەی یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فێدراڵ بکرێت کە لە هەندێ بواردا لەگەڵ دەوڵەتانی تر، رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و یەکە پێکهێنەرەکانی وڵاتانی دیکەدا هەیانە. بەتایبەت لە هەموو ئەو فێدراسیۆنانەدا کە پێوەند دراون بە وڵاتانی ترەوە، هەندێ فۆرمی رێکەوتن یان گرێبەست هەیە لە نێوان حکوومەتەکانی دەوڵەتی

---

[86] Watts, **op.cit**, 1999, p. 7.

[87] commune

[88] Verma, **op.cit**, p: 93.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

فیدراسیۆن و حکوومەتەکانی وڵاتانی دراوسێ. بۆ نموونە ڕێکەوتنی نێوان پارێزگاکانی ئافریقای باشوور و مۆزامبیک، نامیبیا و بۆتسوانا. هەروەها دەکرێ ئاماژە بکرێت بە ڕێکەوتنی ویلایەتەکانی ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پارێزگاکان لە کەنەدا.[٨٩]

جگە لەمانە، فیدرالیزم زەخت دەخاتە سەر بەرپرسانی حکوومەتی بۆ خزمەت کردن بە خەڵک، تێچوونی پێوەندیدار بە فەرمانگەکان کەم دەکاتەوە و ئاستی کارامەیی پەتی بەرز دەکاتەوە. لەم ڕاستایەدا و بە هۆی جۆراوجۆر، لە زۆربەی فیدراسیۆنەکاندا سیستەمی پاڕلەمانتاری هەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بەرپرس بێت لە بەرانبەر یاسادانانداا[٩٠]. فیدرالیزم ئاراستەی بەرەو داهاتوویە، کاتێ کە نۆرمە یاساییە کۆنەکان خزمەت نەکەن، پێکهێنەرەکان ئۆگریان هەیە بۆ پێکهێنانی نۆرمێکی نوێ.[٩١] لەم پێوەندییەدا جیاوازیی هەیە لە نێوان یەکە فەرمانگەییەکانی سیستەمی یونیتەری و حکوومەتە پێکهێنەرەکانی

---

89 Bertus de Villiers, ‘Ethiopian Federalism, Learning from the World’, **Brief feature**, July 2010, pp 28-33.

90 بۆ دیتنی هەندێ لەم هۆیانە بڕواننە: watts, **op.cit**, 1999, 36

91 John O. Mcginnis, ‘Federalism as a discovery process and a catalyst for humility’, ***Harvard Journal of Law & Public Policy,*** [Vol. 35 No. 1]. Pp 115-120.

فێدراڵ. تۆماس دای[٩٢] باسی کردووە کە "ویلایەت و حکوومەتە خۆجێییەکان سیستەمگەلێکی سیاسین، نەک یەکەگەلێکی فەرمانگەیی حکوومەتی ناوەندیی. کارکردی سەرەتایی ئەوان سیاسی دەمێنێتەوە، نەک پێوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتی". لەم روانگەوە یەکێک لە کارکردە سیاسییە سەرەکیەکانی ویلایەت و حکوومەتە خۆجێیەکان رکابەرایەتی بوو بۆ بۆ باجدەرانی بەکارهێنەر لە رێگای پێشکەشکردنی جیلمەگەلێکی جیاوازیی خزمەتگوزاریی و تێچوون بە جۆرێ کە هەر باجدەرێکی بەکارهێنەری نزیکتر بتوانێت پێشترێتیەکانی بەدی بهێنێت. حکوومەتە پێکهێنەر و خۆجێیەکان تەنیا کاتێک دەتوانن لەگەڵیەک رکابەرایەتی بکەن کە ئازاد بن بۆ خۆیان بڕیار بدەن لە سەر بیچمی "جیلمەی خزمەتگوزاریەکان" کە پێشکەشی باجدەرانی بەکارهێنەر دەکرێن[٩٣].

بە کورتی لە گرنگترین جیاوازیەکانی ئەم دووانە دەکرێ بەم خاڵانە ئاماژە بکرێت: ١- بەپێچەوانەی سیستەمی فێدراڵ کە یاسا بنچینەییەکەی نووسراوەیە، لە یەکتیکەدا رەنگە نووسراو یان نەنووسراوە بێت، ٢- لە یەکتیکەدا یاسای بنچینەیی پتەو یان

---

[92] Thomas Dye

[93] Alberta M. Sbragia, ‘Federalism and Intergovernmental Relations’, Oxford University, 2009 - 2012.

بگەڕێوە بۆ پێرست

نەرمونیانە و گۆڕانی یاسای بنچینەیی بە شێوەی ئاسایی کاتێک روودەدات کە حیزبی دەسەڵاتدار زۆرایەتی پێویستی هەبێت کەچی لە فێدراڵدا تەنیا پتەوە، ٣- لە یەکتیکەدا تاقە حکوومەت هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە یاسای بنچینەیی فێدراڵدا ئاماژە بە پێکهاتەی فێدراڵ و دووانە بوونی حکوومەت (ناوەندیی و هەرێمی) دەکرێت و هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەریی لە هەر دوو ئاستی فێدراڵ و هەرێمەکاندا دەبینرێن، ٤- بەپێچەوانەی یەکتیکە، لە فێدراڵدا هاووڵاتییان شوناسی دووانەیان هەیە، ٥- لە فۆرمی یەکتیکەدا دەسەڵات لە ناوەند کۆ دەکرێتەوە و بەپێچەوانەوە لە فێدراڵدا فرەیی حکوومەت و سەرچاوەکانی دەسەڵات بوونیان هەیە، ٦- زۆربەی سیستەمە فێدراڵەکان دوو ئەنجومەنین (فێدراڵ و نوێنەران)، ٧- لە سیستەمی فێدراڵدا رێباز و سیاسەتەکان لەسەر بنەمای وتوویژ دەبن. ٨- بەپێچەوانەی فێدراڵ کە دادگایەکی باڵا لە ئاستی فێدراڵدا هەیە، لە یەکتیکەدا دەسەڵاتی دادوەریی تایبەت، بوونی نییە.[٩٤]

پێویست بە ئاماژەیە کە خودی وڵاتانی فێدراڵیش، وێرای هاوشێوەیی، جیاوازیی زۆریان لە نێواندا هەیە (بڕواننە پاژی ٢). لە وڵاتانی جیاوازدا، یەکە پێکهێنەرەکان بە ناو، رادەی دەسەڵات، گەورەیی و پانتایی جیاوازەوە دەبینرێن. ئەمانە رەنگە کۆمار یان

[94] Ibid.

هەرێم، ویلایەت، پارێزگا، کانتۆن و شتی تریان پێ بگوترێت. کۆمار و هەرێم بۆخۆیان بریتین لە چەند ویلایەت، کانتۆن یان پارێزگا. ڕێژەیەکی زۆر لە لێکۆڵەرانی ئاڵمانی یەکە پێکهێنەرەکانی فێدراسیۆنێک وەکو "ویلایەتەکان" بە بێ سەروەریی چاولێدەکەن، لەکاتێکدا کە هەندێ لێکۆڵەری ئەمریکایی و یاسازان بەشێک لە سەروەریی بۆ ویلایەتەکان دەبینن[٩٥]. بە گشتی ئەگەر جۆراوجۆریی لە کۆمەڵگادا هەبێت دەسەڵاتی یەکەکان زۆرترە و ئەگەر یەکدەستی هەبێت دەسەڵاتی زۆرتر بە فێدراڵ دەدرێت. بۆ باڵانس لە نێوان یەکیەتی و جیاوازیدا، گەڵاڵەی فێدراڵ، پێویستی بە باڵانسێک لە نێوان سەربەخۆیی و پێبەندبوونی حکوومەتەکانی فێدراڵ و ناوچەیی هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا[٩٦]. هەروەها، وەک ئاماژە کرا، هەندێ جاریش وڵاتەکان بە شێوەی جیاواز خۆیان دەناسێنن بۆ نموونە کەنەدا و سویسرا، تەنانەت ئەمڕۆکەش خۆیان وەکو "کۆنفێدراسیۆن" وەسف دەکەن و ئوسترالیا خۆی بە "هاوبەرژەوەند"[٩٧] دەناسێنێت[٩٨].

---

[95] Verma, **op.cit**, p: 2 & 10.
[96] watts, **op.cit**, 1999, p. 35.
[97] common wealth
[98] Verma, **op.cit**, p: 2.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

### ٥- جیاوازیی فیدرالیزم و دیسەنتەراڵ کردن

چەمکی "دیسەنتەڕاڵ کردن" پڕۆسەیەکە کە لەودا دەسەڵاتی زۆر کۆکراوەی ناوەند رادەگوێزرێتەوە و بڵاو دەکرێتەوە، لە کاتێکدا کە "سەنتراڵ کردن" پێچەوانەی ئەو پڕۆسەیە[٩٩]. فۆرمگەلی جیاواز بۆ دیسەنتەراڵ کردن هەیە. دەسەڵاتی رەوا دەکرێ لە ڕێگای پەرەپێدانی کۆمەڵێک میکانیزم بۆ دابەشکردنی دەسەڵات رابگوێزرێتەوە لە ناو ئاستێکی لەبەرچاو گیراوی حکوومەت واتە جیاکردنەوەی دەسەڵات یان ئەمە دەکرێ بگۆڕدرێت بۆ دەرەوەی زنجیرەپلەیەکی (هیرارشی) فەرمانگەیی واتە بۆ ڕێکخراوە دڵخواز یان تایبەتە ناحکومیەکان. هەروەها دەسەڵاتی رەوا دەکرێ رابگوێزرێتەوە لە ئاستە بەرزەکانەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوەی فەرمانگە لە دوو ڕێگاوە: دەسەڵاتی رەوا دەکرێ رابگوێزرێتەوە بۆ ویلایەت، شار، یان حکوومەتە خۆجێییەکان کە بە شێوەی سەربەخۆ هەڵبژێردراون، واتە سپاردنی دەسەڵات (دیسەنتەڕاڵ کردنی سیاسی)؛ یان دەسەڵاتی رەوا دەکرێ بڵاو بکرێتەوە لە ڕێگای دیسەنتەڕاڵ کردنی "فەرمانگەیی" (ئیداریی)، کە ئاژانسگەلێکی جۆراوجۆر بۆ کارکردن

---

99 Decentralization vs. centralization

لە ئاستێکی خوارتری کۆمەڵگادا بڵاو دەکاتەوە یان پێکیان دەهێنێت[١٠٠].

تریسمەن[١٠١]، شەش لایەنی دیسەنتەڕاڵی لێک جیا دەکاتەوە: ١- دیسەنتەڕاڵ کردنی ئەستوونی، ٢- دیسەنتەڕاڵ کردنی بڕیاردان، ٣- دیسەنتەڕاڵ کردنی دیاریکردن و دامەزراندن، ٤- دیسەنتەڕاڵی کردنی پێوەندیدار بە هەڵبژاردنەکان، ٥- دیسەنتەڕاڵ کردنی فیسکاڵ (لە باری داراییەوە)، ٦- دیسەنتەڕاڵ کردنی کارگێڕیی یان کارگێڕان. دیسەنتەڕاڵ کردنی فەرمانگەیی/ پێکهاتەیی زۆرتر پێوەندی بە دیسەنتەڕاڵ کردنی ئەستوونییەوە هەیە. دیسەنتەڕاڵی ئەستوونی ئاماژە دەکات بە ریزەکانی حکوومەت. یەک "ریزی حکوومەت" گریمانە دەکرێت کە هەیە، ئەگەر دەسەڵاتێکی جێبەجێکار هەبێت کە سێ مەرج جێبەجێ بکات: لە باری داراییەوە لە بوودجەی گشتی یارمەتی بدرێت، دەسەڵاتی هەبێت بۆ هەڵسووڕانی بازنەیەک لە خزمەتگوزاریەکان و هەبوونی هەرێمێکی جوگرافیایی. بە وتەی تریسمەن، چین پێنج ریزی هەیە (ناوەندیی، پارێزگایی، فەرمانداری، کانتی، شار یان

---

100 David A. Shirk, 'New federalism in Mexico: Implications for Baja California and the cross-border region', *San Diego Union-Tribune* and Sempra Energy, July 1999.

101 Treisman

بگەڕێوە بۆ پێڕست

گوند) لە کاتێکدا کە سەنگاپوور تەنیا یەک حکوومەتی تاقانە دەناسێت. دیسەنتەڕاڵی کردنی ئەستوونی توانای ڕێکخستنێکی هیرارشیک لە دەوڵەتە یەکتیکەکاندا پیشان دەدات و تایبەتمەندی فیدراسیۆنەکان لەخۆ ناگرێت[١٠٢].

واتس، ئەم لایەنانەی دیسەنتەراڵ کردن لە سێ بواری جیاوازدا کورت دەکاتەوە: دارایی، سیاسی و فەرمانگەیی[١٠٣]. دیسەنتەراڵی کردنی فیسکاڵ (پێوەندیدار بە دارایی) پێوەندی هەیە بە راهاتوویی و گونجاوی داهاتەکان و تێچوونەکانی وەرگیراو و خەرج کراو لەلایەن ریزەکانی حکوومەتی ئاستی خوارەوەتر و پێوەندی و رێژەی نێوان داهاتەکان یان تێچووەکانی گشتی وڵات و ئاستە نزمەکانی دیکەی وڵات. هەروەها رەنگە حکوومەت لە باری سیاسییەوە هەندێ دەسەڵات بە ئاستەکانی خوارتر ببەخشێت کە ئەمە جیاوازە لەگەڵ فێدرالیزمی سیاسی، چونکە لێرەدا یاسای بنچینەیی بوونی یەکەکان بەو شێوەی لە فێدرالیزمدا هەیە بە فەرمی ناناسێت و دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتایی و هەروەها هەبوونی دەسەڵاتی ڤیتۆی بۆ گۆڕانی یاسای بنچینەیی، بۆ دیاری نەکردوون. بۆیە لێرەدا بەس دیسەنتەڕاڵ کردنێکی سیاسی روویداوە و حکوومەتی ناوەندیی هەرکات بیهەوێت ئەو دەسەڵاتە

---

102 Blume, OP.CIT.

103 بڕوانە: Watts, OP.CIT, 1999, p. 72

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بەخشراوانە، وەردەگریتەوە. کەواتە لە دیسەنتەڕاڵدا دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریی لە ئاستەکانی خوارەوەدا نابینریێن و لە رووی جیبەجیکاریەوە دیسەنتەڕاڵ هەیە و هەندێ دەسەڵات دەبەخشریت بۆ جیبەجێ کردنی یاسا و سیاسەتەکانی ناوەند. ئەم دیسەنتەڕاڵ کردنانە لە هەردوو وڵاتانی یەکتیکە و فیدراڵدا جیبەجێ دەکریت[١٠٤].

زۆربەی کات فیدرالیزم لەگەڵ دیسەنتەراڵ کردن لیک تیکدەچن. هەرچەند ئەوەی سیستەمیکی فیدراڵ لە سیستەمەکانی تر جیا دەکاتەوە (بەتایبەتی) ئەو دیسەنتەڕاڵ کردنە گەڕەنتی کراو و رادە خودموختاریەیە کە بۆ هەموو یەکە پیکهینەران لەبەردەستە[١٠٥]. هەروەها چەمکەکانی "ناسەنتەڕاڵ کردن" و "دیسەنتەڕاڵ کردن"[١٠٦] زۆر پیکەوە نزیکن و جاروبار لە جێی یەک بەکار دەهینریێن. بەڵام زۆربەی نووسەران لە پیوەندی لەگەڵ فیدراسیۆندا، بەکارهینانی ناسەنتەڕاڵ بە گونجاوتر دەزانن. چونکو دووەمی ئاماژە بە هیرارشی دەسەڵات دەکات لە سەرەوە یان لە ناوەندەوە بۆ خوارێ، بەڵام یەکەمی سەرچاوە دەگریت لە بڵاوەکردنی پیکهاتەی دەسەڵات بە شیوەی یاسایی و باشتر

---

[104] Blume, OP.CIT.

[105] Azam, OP.CIT , p. 237.

[106] Non-centralization & Decentralization

بگەڕێوە بۆ پێڕست

تایبەتمەندی فێدراسیۆن پیشان دەدات. کەواتە فێدرالیزم پێکهاتەیەکی ناسەنتراڵە کە هاوکات لە ئاستە جیاوازەکانیدا پلەگەلێک لە دێسەنتەراڵ دەبینرێن[107].

لە روانگەیەکی ترەوە، فێدراسیۆن دامەزراوەیەکە لەسەر بنەمای یاسای بنچینەیی و لە دامەزراوەگەلێکی یاسایی پێکهاتووە، لە کاتێکدا کە دێسەنتەڕاڵ کردن دەرەنجامی هەڵبژاردنی سیاسەتێک لە ئاستی دوای یاسای بنچینەیی وەسف دەکات. هەر بۆیە ئەو دووانە دەبێت بە شێوەی سیستەماتیک لە یەک جیا بکرێنەوە، لە بەر ئەوەی کە دێسەنتەڕاڵ کردن دەتوانێت لە دەوڵەتە نافێدڕاڵەکانیشدا رووبدات، ئەگەرچی جیاوازیەکی بەتەواوەتی روون و رەها لە نێوان دێسەنتەڕاڵ کردن و فێدرالیزمدا، نییە. بەووەشەوە، لانیەکم حەوت بابەت فێدرالیزم لە دیسەنتەڕاڵ جیا دەکاتەوە: جێبەجێ کردنی هەڵبژاردنەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی، خەرج و تێچوونی ئاستەکانی خوارتر، سەربەخۆیی لە باری داراییەوە، دیمۆکراسی لە ئاستەکانی خوارتردا، ڤێتۆی فێدراڵی، شیاویەتی فێدڕاڵ و پێکهاتەی پارلەمان. ئەم لایەنانە دەکرێ لە هەر رێژەیەکی تێکەڵبووندا دەرکەون. سەرەڕای ئەوە، پیشاندەرەکان بۆ هەر دووکی فێدرالیزم و دێسەنتەڕاڵ کردن لە رێگای رێژەیەک لە فاکتەر و بگۆڕە جوگرافیایی، کۆمەڵایەتی،

---

[107] Watts, **op.cit**, 1999, p. 71



بگەڕێوە بۆ پێرست

ئابووری و دامەزراوەییەکان پێکەوە گرێدراون و پێوەندییان هەیە. ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە پێکهاتەی فیدراڵ دەتوانێت بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی دیسەنتەراڵ کردن بەکار بهێنرێت. بەڵام هاوکات بەو واتایەیە کە پێکهاتەی فیدراڵ مەرجێکی پێویست نییە بۆ سیاسەتەکانی دیسەنتەراڵ کردن، هەروەها کە ئەمە دەتوانێت لە ژێر یاسا بنچینەییەکانی یونیتەریشدا جێبەجێ بکرێت. کەواتە، دەوڵەتە فیدراڵ و یونیتەریەکان هەردووکیان دەتوانن هەندێ لە چالاکیەکانیان، دیسەنتەڕاڵ یان سەنتەڕاڵ بکەن. بڕیاری دیسەنتەڕاڵ کردن دەتوانێت هەڵوەشێتەوە کە پیشان دەدات دەسەڵاتی بڕیاردانی بەخشراو دەسەڵاتی کۆتایی نییە. وێرای ئەمانە دەبێت چاوەڕوانی بکرێت کە ڕێژەیەک لە نیشاندەرەکانی دیسەنتەڕاڵ کردن (وەکو بەشی تێچوون یان خەرجی حکوومەتی ئاستەکانی خوارەوە لەسەر تێچوونی حکوومەتی گشتی) لە یەکە پێکهێنەرەکانی فیدڕاڵدا زۆرتر بەردەوامە بە گوێرەی دەوڵەتە یونیتەریەکان لەبەر ئەوەی کە یاسای بنچینەیی گریمانە دەکات کە دەبێت هەمیشە بەردەوام بن لە کاتێکدا کە هەڵبژاردنی سیاسەتەکان بە شێوەی سەرەتایی پێبەستەی پێشترێتیەکانی حکوومەتی سەردەمن[١٠٨].

---

[108] Blume & Voigt, op.cit.

لە پێوەندی لەگەڵ دیسەنتەراڵ کردن لە سیستەمی فێدراڵدا، رایکەر باس لە پلەی تێگەیشتن لە فێدرالیزم و راستەقینەبوونی دەکات. ئەو فێدراسیۆنی بەتەواوەتی سەنتەراڵ کراو (ناوەندیی کراو) لە فێدراسیۆنی تاڕادەیەک سەنتەڕاڵ کراو جیا دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە رادەی سەنتەراڵ بوون لە فێدرالیزمدا دەتواندرێت ئەندازە بگیردرێت لە رێگای سیستەمی حێزییەوە: "لە هەموو فێدراسیۆنە تەواو سەنتەڕاڵ کراوەکاندا، سیستەمی حێزبی سیاسیش هەروەها تەواو سەنتەڕاڵ کراون... لە هەموو فێدراسیۆنە تاڕادەیەک سەنتەڕاڵ کراوەکاندا سیستەمی حێزبی سیاسیش تاڕادەیەک دیسەنتەڕاڵ کراوە." رایکەر بۆ ئەم مەبەستە دوو نیشاندەر بەکار دەهێنێت: ئاخۆ ئەو حێزبەی کە حکوومەتی ناوەندی کۆنترۆڵ دەکات هەروەها حکوومەتەکانی پێکهێنەریش کۆنترۆڵ دەکات، و ئاخۆ دیسیپلینی حێزبی هەیە بۆ هەردووکی بابەتەکانی یاسادانان و جێبەجێکاریی. هەرچەند لە بەکارهێنانی ئەم نیشاندەرانەدا هەندێ کێشە هەیە، وەک ئەوەی کە چەمکی دیسیپلینی حێزبی واتای جیاوازی هەیە لە سیستەمی دوو حێزبیدا بە گوێرەی ئەوەی لە سیستەمی فرە حێزبیدا جێبەجێ دەبێت[١٠٩].

سپاردنی دەسەڵات بە گشتی بە قازانجترە بۆ بەهێزترکردنی فێدرالیزم و ئەمە هەردووکی بڕیاردان و بەرپرسیارێتی لە ناوەند

109 Ibid.

و حکوومەتی یەکە پێکهێنەرەکاندا بەهێزتر دەکات. کەواتە، سپاردنی دەسەڵات، بە گشتی قازانجە دیاریکراوەکانی فێدرالیزم زیاتر دەکات: ١-بەرپرسیاریێتی سیاسی گەورەتر بە هۆی نزیکی زۆرتری بڕیاردان بە هەرێمی هەڵبژاردنی بەر کاریگەرییەوە، ٢- پشکنینی ناو حکوومەتی و هاوسەنگی دەسەڵات لە نێو سیستەمی سیاسی بە گشتی، ٣- بەرزکردنەوەی ئاستی "کارامەیی" فەرمانگەیی لە ریگای راهاتووکردنی یاسای خزمەتگوزاریی گشتییەوە بۆ تەرخانکردنی هەرێمی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ و شیاویەتی. ٤- زیاترکردنی سروشتی سیاسەتەکانی زۆرتر ئاپوورەیی (نزیک بە خەڵک)، پڕقازانج، راهێنەرانە لە ناو و لە نێوان هەرێمەکانی ناو وڵات. بە کورتی، لە کاتێدا کە دیسەنتەڕاڵ کردن چاوەدێریی و کۆنترۆڵی کارکردەکان لە ژێر ئاستێکی بەرزتری حکوومەتدا رادەگرێت، سپاردنی دەسەڵات فێدرالیزم بەهێزتر دەکات. لە گەڵ ئەمەشدا، سیاسەتوانانێ کە قازانج لە خڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا دەبینن، رەنگە دژبەری سپاردنی دەسەڵات بن لەبەر ئەوەی کە ئەمە قانی (ئیمتیازی) تایبەتی ئەوان کەم دەکاتەوە[110].

هەندێ لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانە لەسەر سیستەمە فێدراڵ و یەکتیکە سەنتەڕاڵ و دیسەنتەراڵەکان، جیاوازیەکانی ئەمانە بە

[110] Shirk, op.cit.

چاکی پیشان دەدەن، بۆ نموونە بەراوردی سیاسەتی ئابووریی لە سویسرا (فیدراڵ دیسەنتەراڵکراو)، نەمسا (فیدراڵ سەنتەراڵ)، دانیمارک (یونیتەری دیسەنتەراڵ کراو) و ئیرلەند (یونیتەری سەنتەراڵ کراو). لە سویسرا، جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی پەرەپێدانی ناوچەیی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە پێگەی یاسایی هەیە و لە یاسای بنچینەییدا ئاماژەی پێ کراوە، کە دەسەڵاتەکانی فیدراڵ بۆ پشتگیریی لە ناوچە کەم دەسەڵاتەکان لە باری ئابووریەوە بەهێز دەکات. لە سویسرا، دانیمارک و نەمسا، جێبەجێ کردنی سیاسەتە نیشتمانیەکان زۆرتر لەلایەن فەرمانگەکانی ئاستەکانی خوارترەوە جێبەجێ دەکرێن. حکوومەتەکانی دانیمارک و کانتۆنەکان و شارەوانیەکانی سویس خودموختاریەکی بەرزیان هەیە لە بواری ئابووریی یان مسۆگەرکردنی بووجە و پارێزکاری پێوەندیدار بە سیاسەت. بەپێچەوانەوە، لاندەرەکان و شارەوانیەکانی نەمسا زۆر گرێدراوی (پێبەستەی) سەرچاوەکانی حکوومەتی فیدراڵن و زۆر سنووردار کراونەتەوە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتدا لە ڕێگای وردە یاساکانەوە. ئاستەکانی بن نیشتمانی ئیرلەند قەت شیاویەتی باج وەرگرتنیان نییە بۆ خۆیان و لە نەبوونی تەواوی سامانەکان (سەرچاوەکان) لە ڕەنج دان[111]. واتە لە باری ئابووریەوە

---

111 Jan Biela, Annika Hennl, and André Kaise, ‘Combining

بگەڕێوە بۆ پێڕست

یونیتەریەکی دیسەنتەڕاڵ رەنگە چاکتر بێت لە فێدراسیۆنێکی بێ فێدرالیزم و سەنتەڕاڵ کراو. لە باری سیاسییەوە، لە نموونەی ئەو فێدرالیزمانەی کە هەردووکی سەنتەڕاڵ و دیسەنتەڕاڵی تێیدا بینراوە، دەکرێ ئاماژە بە مێکزیک بکرێت. بە هۆی نزیکەی ٨٠ ساڵ زاڵبوونی حیزبی PRI[112] بە سەر سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتەدا تا نەوەدەکان، وێرای هەبوونی فێدراسیۆن سیستەمی سەنتەڕاڵ بینراوە، بەڵام لە ١٩٩٤ بەملاوە لەگەڵ هەوڵەکانی سەرۆک کۆمار ئێرنێستۆ زێدیلۆ[١١٣] لە چوارچێوەی سیاسەتی "فێدرالیزمی نوێ"دا سیستەمی سیاسی لە ڕێگای سەر لە نوێ بڵاو کردنەوەی دەسەڵات و هاوسەنگی لە نێوان ئاستەکانی حکوومەتدا بەرەو فێدرالیزمی راستەقینە رۆشت[١١٤].

بە گشتی، حکوومەت و بەڕێوەبەرایەتی فێدرالیستی لە هەندێ بواردا هەموو کاتێک دینامیکە، هەروەها کە هەندێ لە رێساکان

---

Federalism and Decentralization: Comparative Case Studies on Regional Development Policies in Switzerland, Austria, Denmark, and Ireland', *Comparative Political Studies,* 2012, at: http://cps.sagepub.com/content/45/4/447

[112] Institutional Revolutionary party (Partido Revolucionari Institucional or PRI)

[113] Ernesto Zedillo

[114] Shirk, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی ڕەوا (ئوتۆریتە) و بەرپرسایەتی دەگۆڕدرێن و وەکو بوارگەلێکی نوێی سیاسەت زێدە دەکرێن بە سیستەمەکە، وەک کەمکردنەوەی هەژاری، وەرگرتن و لەبەردەستبوونی چاودێریی تەندروستی و پاراستنی سامانە سروشتییەکان یان ڕێکخستنی پیسی. بەڵام ئەم سیستەمانە مەرج نییە هەموو کاتێک لە ڕێگاگەلێکی هاوشێوەوە بگۆڕدرێن. بەپێی بارودۆخی وڵات و جۆر و بابەتی سیاسەتەکان، هەندێک سەنتەڕاڵ کردن زێدە دەکەن لەسەر بابەتگەلێک، لە کاتێکدا کە ئەوانی تر ڕەنگە دەسەڵات دیسەنتەڕاڵ بکەن هەر لەو بوارانەدا.[١١٥] ئەم دیسەنتەراڵ یان سەنتەراڵ کردنە لە ناو یەکەکانی پێکهێنەریشدا دەبینرێن. وێرای ئەمانە دیسەنتەراڵ کردن چ لە ئاستی فێدراڵ و چ لە ئاستی یەکەکاندا بە چاکتر زانراوە و هۆی بەهێزتربوونی فێدرالیزمە، چونکە بەپێچەوانەوە بەتایبەت لە باری سیاسی و ئابووریەوە، ئەگەر سەنتەراڵ کردن لە ڕادە بەدەر بێت، سیستەم دەبێت بە فێدراسیۆنێکی بێ فێدرالیزم کە لە بەشی دواتردا باسی لێوە دەکرێت.

[115] Selin and Vandeveer, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

### ٦- جیاوازیی فێدرالیزم و فێدراسیۆن

لە زۆربەی دەقەکاندا فێدرالیزم و فیدراسیۆن بە واتایەک بەکار هێنراون و زۆر جاریش وەکیەک پێناسە کراون. نووسەرانی ئانگلۆ-ساکسۆن بە شێوەیەکی گشتی جیاوازییەکیان لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا نەبینیوە[116]. وەک پێشتر بۆ فێدرالیزم وترا، ئاماژە دەکرێت کە چەمکی فێدراسیۆن لە وشەی یۆنانی "fuedus"ەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە واتای پەیمانێکی ڕێکەوتنە. کاتێ کە هەندێ دەوڵەتی نزیک بە یەک لە باری جوگرافیاییەوە یەکیەتیەک پێکدەهێنن بە مەبەستی بەرگریەکی بەهێز و ئابووریەکی نەگۆڕ، پێی دەگوترێت فێدراسیۆن[117]. لە باری واتاییەوە، یەک فێدراسیۆن سیستەمێکی بڕیاردانە لە دەوڵەتێکدا و پێکهاتووە لە یەکە جوگرافیاییە پێکهێنەرەکانی (کۆمارەکان، ویلایەت، و هتد) لەگەڵ تاڕادەیەک پلەیەکی بەرزی خودموختاری کە بە ڕێگایەکی بەردەوام و ڕێکخراو لە پێکهێنانی ویستی حکوومەتی ناوەندیدا، بەشداری دەکەن. بە بڕوای دوئا و سین فێدراسیۆن پێکەوە کۆبوونەوەیە. ئەمە سیستەمی ڕاستەقینەی حکوومەتە، واتە ئەوەی کە دەسەڵات بەپێی یاسای بنچینەیی لە

[116] Verma, **op.cit.**, p: 63.

[117] Bhattacharjee, **op.cit.**, p. 165

نێوان لانیکەم دوو ئاستی حکوومەتیدا، دابەش بکرێت[١١٨]. لەم راستایەدا، هەر ئەو تایبەتمەندییانەی فیدرالیزمیش بۆ فیدراسیۆن ئاماژەیان پێ کراوە وەک: دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، یاسای بنچینەیی نووسراو، یاسای بنچینەیی پتەو، دەسەڵاتی دادوەریی تایبەت، پێشتریتی و سەروەریی یاسای بنچینەیی، هاووڵاتییەتی دووانە، مافە بنەڕەتیەکان[١١٩]. کەواتە پێناسەی هەندێ نووسەر هەر پێناسەی فیدرالیزمەو جیاوازیەکیان نەبینیوە لە نێوان ئەم دووانەدا. بەڵام ئەم دوو چەمکە جیاوازن و بەشێکی گرنگی بواری فیدرالیزمی بەراوردکارانە تەرخان کراوە بۆدەستنیشان کردنی جیاوازیی واتایی نێوان "فیدراسیۆن" و "فیدرالیزم". لە راستیدا لە باری واتاوە بازنەی فیدرالیزم بەرینترە و فیدراسیۆنیش لەبەر دەگرێت. لەم پێوەندییەدا دوو روانگەی جیاواز دەبینرێن؛ یەکیان پێوەندی بە ئایدیالۆژی فیدرالیزم و ئەوی تریان بە کۆمەڵگای فیدراڵەوە هەیە.

باسی ئایدیالۆژی فیدرالیزم پێوەندی بە دیمۆکراسییەوە هەیە. بە وتەی هەندێ کەس، ئەو وڵاتە دیمۆکراسییە لیبراڵانەی کە لە گەڵ دابەشکردنی یاسایی و راستەقینەی دەسەڵاتی رەوادان لە

---

118 B. D. Dua & M. P. Singh, **Indian federalism in new millennium**, New Delhi, Ajay Kumar Jain, 2003, p. 27
119 Bhattacharjee, **op.cit.**, p. 167

گەڕانەوە بۆ پێرست.

نێوان دوو ئاستی حکوومەتدا، بریتین لە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سویس، کەنەدا، نەمسا، ئاڵمان و هێند. قسەکردن لەسەر فیدرالیزم لە مالیزیا یان نیجێریا یان رووسیا قسەکردنە لەسەر فیدرالیزمێک کە لە فۆرمدا بەهێزە تا لە راستیدا. ئەم پۆلێنبەندییە گرێدراوەی جیاوازیدانان لە نێوان فیدرالیزم وەکو ئامێرێکی شیاو و فیدرالیزم وەکو ئامێرێکی دیمۆکراتیکە کە لە یەکەمیدا فیدرالیزم بە شێوەی سادە هەیە، چونکە بە بێ ئەوە یەکیەتی بوونی نابێت، بەڵام لە دووەمیدا فیدرالیزم لە بەر قازانجەکانی هەڵدەبژێردرێت، تەنانەت ئەگەر پێویستیشیان پێی نەبێت[١٢٠].

وەک ئاماژەی پێ کرا تایبەتمەندیی بنەڕەتی دەوڵەتی فیدراڵ، دابەشکردنی دەسەڵاتە. ئەمە لە بنەڕەتدا لە باری جوگرافیاییەوە لەسەر بنەمای شوێنە، کەواتە پێگەیەکی شیاو لەباری جوگرافیاییەوە پێویستە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات. بەڵام بەتەنیا بوونی دابەشکردنی دووانەی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان بۆ دیاریکردنی فیدرالیزم بەس نییە. کاری راستەقینەی سیستەمی فیدراڵ دەبێت لە پێوەندیەکاندا ببیندرێت کە لە یاسای بنچینەیی و لە دامەزراوەکاندا زەق بووەتەوە. ئەگەر فیدرالیزم وەکو بابەتی پێوەندییەکان ببیندرێت چی تر هەندێ

[120] Fenna, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

سیستەمی سیاسی وەک سیستەمە تۆتالیتەرەکان ناتوانن خاوەن فێدرالیزمی راستەقینە بن، تەنانەت ئەگەر فێدراسیۆنیشیان هەبێت[١٢١]. لە راستیدا باسی فێدرالیزم لە چوارچێوەی چەمکی دیموکراسی لەسەر بناخەی یاسای بنچینەیی واتای هەیە. وەک ئاماژە کرا، جیاوازیی نێوان یونیتاریانیزم و فێدرالیزم، بە شێوەی گشتیی پێوەندی هەیە بە دابەشکردنی دەسەڵاتەوە، بەڵام ئەو پرسیارەش لە ئارادایە کە ئاخۆ یاسادانەرە جیاوازەکان لە هەڵبژاردنەکانی رکابەرایەتیدا هەڵبژێردراون یان لە هەندێ ڕێگای ترەوە، کە ئەمە خاڵی جێی سەرنجە لە پێوەندی لەگەڵ دیمۆکراسی لەسەر بنەمای یاسای بنچینەیی. واتە کاریگەری هەڵبژاردنە دیمۆکراتیکەکان، جیاوازن لەگەڵ ئەو کاریگەریانەی کە بە هۆی تەرخانکردنی دەسەڵاتەکانی حکوومەتن[١٢٢]. یەکیەتی سۆڤییەت و یوگسلاڤی پێشووش یاسای بنچینەیی فێدراڵیان هەبوو، بەڵام زاڵیەتی ئایدیالۆژی حکوومەتی تەوەرەی یەکیەتی نەتەوە و گەلە جیاوازەکان بووە نەک یەکیەتیەک لەسەر بنەماکانی فێدرالیزم، بۆیە بە لاوازبوونی ئایدیالۆژیەکە، وڵاتەکانیش لە یەک دابڕان. ئەزموونی فێدرالیزم لەسەر بنەمای

---

121 Azam, **op.cit**, p: 237.

122 Blume and Voigt, **op.cit**.

هاوکاری و هەڵبژاردنی ئازاد، ئاکامی چاکتری دەبێت لە چاو فێدرالیزمی ساختە و دیاریکراو لەلایەن ناوەندەوە.

زۆربەی فێدراسیۆنەکان لە رۆژئاوا گرێدراون بە لیبرالیزمەوە. بە گشتی وا گریمانە دەکرێت کە دوو ئاستی حکوومەت (نیشتمانی و ناوچەیی) کە فێدراسیۆن پێکدەهێنن دەبێت سەربەستییان هەبێت، کە ئەمە پێوەندی بە بنەماکانی لیبرالیزمەوە هەیە. لێکۆڵەران بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە کۆمەڵگایەکی نەریتی و پارێزکار بۆ نموونە ئیمپەراتۆری ئوسترۆ-هانگەریان[123] لە ژێر رکێفی ئیمپەراتۆردا، نەیتوانی فێدراسیۆنی راستەقیە یان بە واتایەکی تر فێدرال بێت. هەروەها وڵاتێکی کۆمونیستی وەک یەکیەتی سۆڤییەت فێدراسیۆنێکی راستەقینە نەبوو، لەبەر ئەوەی کە لە کۆتاییدا دەسەڵات (دەسەڵاتی کۆتایی) دابەش نەکرابوو لە نێوان دوو ئاستی حکوومەتدا. بەڵکوو هەمووی دەسەڵات لە دەستی حێزبێکی ناوەندخوازی دەروەست بە ئایدیالۆژیەکی کۆمونیستی بوو. واتە لە باری سیاسی و ئابووریەوە سەنتەڕاڵ بووە. بەپێچەوانەوە فێدرالیزم، بەتایبەت لە ئەمریکا، پێوەند دراوە بە بنەماکانی لیبرالیزمەوە، نەک بە نەریتی پارێزکارانە یان ئایدیۆلۆژیای سوسیالیستییەوە. لە راستیدا نەریتی باو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لیبرالیزم بووە. واتە ئەوانەی پێشوو بەس

123 Austro-Hungarian Empire

چوارچێوەی فێدراسیۆنیان هەبووە نەک فێدراسیۆنی راستەقینە یان فێدرالیزم. ئایدیالۆژی راهاتوو لەگەڵ فێدرالیزم لیبرالیزمە. ئەمریکاییەکان نەتەنیا فێدراسیۆنی مۆدێرنیان داهێنا، بەڵکو چەمکی فێدرالیزمیشیان داهێنا، چەمکێکی گرێدراو بە لیبرالیزم. بە واتایەکی تر هەر لەو کاتەیدا کە دامەزرێنەرانی فێدراسیۆنی ئەمریکایی رووبەڕووی حکوومەتێکی بەهێزی نیشتمانی بوونەوە، دەسەڵاتی ئەو حکوومەتەیان سنووردار کردەوە. ئەوان نەتەنیا دابەشکردنی دەسەڵاتیان لە نێوان حکوومەتی فێدراڵ و ویلایەتەکاندا دەویست، بەڵکو جیایی دەسەڵاتی یاسادانانیان لە نێوان هەردوو ئەنجومەنی بەهێزدا دەویست. بە واتایەکی تر، ئەوان فێدرالیزمیان ویست، کە پێوەندی بە حکوومەتی سنووردارەوە هەیە. جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیکەی فێدراسیۆنە نۆژەنەکانیش وەکو سویس یاسای بنچینەیی لیبراڵیان لەسەر بنەماکانی فێدرالیزم داناوە[١٢٤].

بەشێکی تر لە جیاوازیی ئەم دوو چەمکە کە لەلایەن هەندێ لێکۆڵەرەوە ئاماژەی پێ کراوە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی کۆمەڵگای فێدراڵ، هەرچەند لە هەندێ کۆمەڵگای فێدرالیشدا لە بەر هۆکارگەلی ئایدیالۆژی و تاکە حیزبی، دیسان فێدراسیۆن بینراوە. لەم راستایەدا، رۆناڵد واتس سێ چەمکی فێدرالیزم، سیستەمە

124 Dua & Singh, **op.cit**, p. 27 - 34

جیاوازەکانی فیدراڵ و فیدراسیۆنەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە. فیدرالیزم پێوەندی بە نۆرمەوە هەیە و ئاماژە دەکات بە لایەنگری لە حکوومەتی چەند ئاستە کە تێکەڵێکە لە حکوومەتی هاوبەش و حکوومەتی ناوچەیی. ئەمە لەسەر بنەمای بایەخ و بڕواداری یەکە پێکهێنەرەکان و جۆراوجۆریی و راهاتوویی، پاراستن و بەهێزترکردنی شوناسە جیاوازەکان لە ناو یەکیەتیەکی سیاسی گەورەترە. سروشتی فیدرالیزم وەکو بنەمایەکی نۆرمدار هاوکات هۆی بەردەوام بوونی هەر دوو رەوشی یەکیەتی و ناسەنتەڕاڵییە. "سیستەمە سیاسییە فیدراڵەکان" و "فیدراسیۆنەکان" چەمگەلێکن کە بەکار دەبردرێن بۆ فۆرمگەلێکی تایبەت لە رێکخراوە سیاسییەکان. چەمکی سیستەمی سیاسی فیدراڵ بە پۆلێنێکی بەرین لە سیستەمە سیاسییەکان ئاماژە دەکات کە تێیاندا، بەپێچەوانەی سیستەمی یونیتەری، دوو یان زیاتر لە دوو ئاستی حکوومەتی هەیە (خۆحکوومەتی و حکوومەتی هاوبەش) کە ئەمە شەبەنگێکی تەواو لە فۆرمە نایونیتەریەکانی تایبەت لەبەر دەگرێت واتە لە فۆرمەکانی "شێوەفیدراسیۆن" و "فیدراسیۆنەکان" تا کۆنفیدراسیۆن و ئەولاتریش. واتس بەمجۆرە ئاماژە بە تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی فیدراسیۆن دەکات: دوو ئاستی حکوومەتی کە راستەوخۆ لە سەر خەڵک کار دەکەن؛ بڵاوکردنەوەی فەرمی و یاسایی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی و دابەش کردنی سەرچاوەکانی داهات لە نێوان دوو

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئاستی حکوومەتدا؛ دیاریکردنی نوێنەرایەتی پێوەندیدار بە روانگەی ناوچە جیاوازەکان لە ناو دامەزراوەکانی بڕیاردانی فیدراڵ بە شێوەی ئاسایی لە ریگای ئەنجومەنی فیدراڵەوە (ئەنجومەنی دووەم)؛ یاسای بنچینەیی نووسراوی باڵا کە بە شێوەی یەک لایەنە ناگۆڕدرێت؛ دادوەریی و نێوبژیوانی (لە شێوەی دادگاکان یان ریفراندوم) بۆ بەڕێوەبردنی ناکۆکی نێوان حکوومەتەکان؛ پرۆسەکان یان دامەزراوەگەلێک بۆ هاسانکاریی بە مەبەستی هاوکاریی نێوان حکوومەتی، لەو بوارانەدا کە بەرپرسایەتیەکانی حکوومەتی هاوبەشن یان کەوتوون بەسەر یەکدا[١٢٥].

بەپێی فۆرمولەکردنی پریستۆن کینگ[١٢٦]، فیدرالیزم چەمکێکی پێوەندیدار بە بەها یان ئایدئۆلۆژیەکە لەسەر بنەمای دەروەست بوون بۆ دەسەڵاتی رەوای سیاسی دابەشکراو، لە کاتێکدا کە فیدراسیۆن فۆرمێکی دامەزراوەیی (ئینستیتۆشناڵ) تایبەتە لە شوێنێکدا کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا پیشان دەدرێت. لەم پێوەندییەدا، وەک میکائیل برگێس[١٢٧] ئاماژەی کردووە، فیدرالیزم دەتوانێ بە بێ فۆرمێکی بە فەرمی راگەیندراوی فیدراسیۆنیش هەبێت. یەکە خودموختارەکانی

---

[125] Watts, **op.cit**, 1999, p. 6-7.

[126] Preston King

[127] Michael Burgess

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئێسپانیا و بەلژیکی پێش ١٩٩٣ وەکو بابەتگەلێک لە فێدرالیزمی بێ فێدراسیۆنی فەرمی، دەبیندرێن. لە بابەتی نەمسادا، کەواتە، بەپێچەوانەکەی دەبینرێت. لە نەمسا هەبوونی فێدراسیۆن بە واتای هەبوونی فێدرالیزم نییە. بۆچوونی کینگ لە سەر فێدرالیزم وەکو بەڵێنداربوون بۆ دەسەڵاتی سیاسی دابەشکراو، پێویستی بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە دەتوانێ ئەم سیستەمە راگرێت. بۆ لڤینگستۆن[١٢٨] "کۆمەڵگای فێدراڵە" کە لە باری جوگرافیاییەوە لەگەڵ بنەمای جۆراوجۆرێتییە. ئەم خاڵە بەردەوام بزربووی باسەکان بووە لەسەر حکوومەتی فێدراڵ، لە بەر ئەوەی کە مەیل هەبووە بە لای تیشک خستنە سەر دەسەڵاتەکان، هەرێمەکان، "بالانسەکان" و پرسە یاساییەکانی دیکە؛ بەڵام پێویستییە سەرەتاییەکانی فێدرالیزم بریتین لە جۆراوجۆریەکانی نێوان خەڵکی وڵاتێک و بایەخە جیاوازەکانی خەڵک لە ناو کۆمەڵگادا. لە بنەڕەتدا ئاڵۆزیەکی دەروونناسانە -کۆمەڵناسانەی بایەخەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەیە کە بناغە و تایبەتمەندی دامەزراوە حکوومەتی و سیاسییەکان دیاری دەکەن. فێدرالیزم، هاوشێوەی فۆرمەکانی تری حکوومەت، وەڵامێکە بۆ بایەخەکانی کۆمەڵگا؛ کەسانی تر ئەم بیرۆکەی لڤینستۆنیان لە رێگای زەقکردنەوەی دەوری فاکتۆرەکانی نەتەوەیی —زمانییەوە

---

128 William S. Livingston



بگەڕێوە بۆ پێڕست

پەرەپێداوە. بۆ نموونە، میشل ستین[١٢٩] روونی دەکاتەوە کە فێدرالیزم لە باری جوگرافیاییەوە لەسەر بنەمای جۆراوجۆریتی دانراوە: "لە شوێنێک کە کۆمەڵگا لە باری جوگرافیاییەوە بەپێی گروپە کۆمەڵایەتیەکان دابەش کراوە و بە روونی لە رووی زمان و نەتەوەوە جیاوازن، کۆمەڵگایەکی فێدراڵ دەبینرێت." بەپێی ستین ئایین، جوگرافیا و ئابووریی رەنگە ئەم هەرێمانە کە لەسەر جیاوازیی زمانی-نەتەوەیین بەهێزتر بکەن، بەڵام ئەوە مۆدێلەکانی نەتەوەیی-زمانین کە بنەڕەتین. وەکو ئامرازێکی شیکاریی، چەمکی کۆمەڵگای فێدراڵ دەکرێ لە ئاراستەیەکی دژبەریشدا بەکار بهێنرێت. ئەگەر کۆمەڵگایەک لەباری جوگرافیاییەوە هەندێ گروپی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای جیاوازیی نەتەوەیی و زمانی تێدا نەبێت و بەڵام دامەزراوە فێدراڵەکانیش جێیان گرتبێت، ئەوا دواتر هەندێ زەخت لەسەر سیستەمی فێدراڵ دەبێت بۆ پیشاندانی تایبەتمەندیەکانی "کۆمەڵگایەکی نافێدراڵ" و سەنتەڕاڵ کراو[١٣٠].

بەپێی ئەم روانگەیە لە هەندێ وڵاتدا بنەمای فێدرالیزم لە کۆمەڵگادا نابینرێت. لێکۆڵەرانی نەمسا زۆرتر لە چەمکی

---

129 Michael Stein

130 Jan Erk, ‘Austria: A federation without federalism’, **the journal of federalism**, 34:1 (winter 2004).

گەڕانەوە بۆ پێڕست

"فیدراسیۆنی سەنتەڕالیستیک" کەڵک وەردەگرن بۆ وەسفی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە. بەپێی یاسای بنچینەیی، نەمسا فیدراسیۆنە بەڵام لە کردەوەدا وڵات وەکو دەوڵەتێکی یونیتەری کار دەکات. نەمسا فیدراسیۆنێکە لەگەڵ "کۆمەڵگایەکی نافیدراڵ"، لەگەڵ نموونەگەلێک وەک ئاڵمان، ئوستralیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. یاسای بنچینەیی نەمسا نۆ یەکەی پێکهێنەری (لەندەر) دیاری کردووە، بەڵام جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی هاوتەریب لە راستای سنوورەکانی فیدراڵدا نییە. نەبوونی بنەمایەکی جوگرافیایی بەپێی جیاوازیی زمانی و نەتەوەیی بووەتە هۆی پێکهاتنی زەختێکی ناوەندخوازانەی بەربڵاو لەسەر سیستەمی فیدراڵی نەمسا. کەواتە کارەکانی سیستەمی فیدراڵ زۆرتر یەکدەستن بە گوێرەی ئەو فیدراسیۆنانەی کە کۆمەڵگایەکی فیدراڵیان هەیە وەک کەنەدا، بەلژیک و سویس. سیستەمی فیدراڵی ئەم وڵاتە بە هۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یەکدەست بەرەو ئاراستەیەکی ناوەندخوازانە رۆشتووە. کەواتە فیدراسیۆنی نەمسا وەکو سیستەمێکی ئیداریی دیسەنتەڕاڵ کراو کار دەکات تاکو بەندوباوێکی فیدراڵی دیاریکراو (تێکەڵێک لە "حکوومەتی هاوبەش" و "خۆحکوومەتی" یان "یەکیەتیەک لەگەڵ خودموختاریی"). حیزبە سیاسییە سەرەکیەکان لەم وڵاتەشدا پێڕەوییان لە راڤەیەکی یونیتەریانەی فیدرالیزم کردووە. کەواتە کاری سیستەمی فیدراڵی نەمسا بە کردەوە زۆرتر یونیتەریە،

وێرای ئەوەی کە بەپێی یاسای بنچینەیی فێدراڵ بە فەرمی سیستەمی فێدراڵە. لەم روانگەوە کۆمەڵگا کە فێدراڵ نەبوو واتە جۆراوجۆریی کۆمەڵایەتی تێدا نەبوو، بوار بۆ سەنتەڕاڵ کردن دەڕەخسێت و فێدراڵی سەنتەڕاڵ کراو یان بە تەنیا فێدراسیۆن دەمێنێتەوە[131]. بەپێچەوانەی ئەمسا کە بە هۆی یەکدەستیی وڵات، وێرای فێدراڵی بوون لە کردەوەدا بەرەو ناوەندخوازیی راکێشراوە. لە هێندووستان بوونی کۆمەڵگایەکی فێدراڵی فرەنەتەوەیی بووەتە هۆی بەرەبەرە دەرچوونی لە ناوەندخوازیی کە پێشتر لە کردەوەدا بە هۆی بوونی حێزبێکی سەرتاسەری و زاڵ، پێکهاتبوو. پێشتر فێدراسیۆن بوونی هێند بە واتای فێدرالیزم نەبوو و ئەو فێدراڵییە بەس "بنەمای رێکخراوەیی" فێدراسیۆنی هێند بوو. پێشتر لە (هێند)دا لە راستیدا ناوەند زۆربەی کات وەکو بن دەست هەڕەشەی لە ویلایەتەکان دەکرد. بوونی حێزبە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوە و ویلایەتەکان بووەتە هۆی رۆشتنی هێند بەرەو فێدراڵی بوونی زۆرتر و هاتنە دەرەوە لە ژێر رکێفی تاکە حێزبی زاڵی (کۆنگرەی نیشتمانی) هێند[132].

کەواتە فێدرالیزم لایەنی ئایدیۆلۆژیکی و فەلسەفی هەیە و پێوەندی بە ماف و ئازادیەکانەوە هەیە، بەڵام فێدراسیۆن بەس

131 Ibid.

132 Dua & Singh, **op.cit**, p. 36 & pp. 43-44

لایەنی پێکهاتەیی دەگرێتەوە و رەنگە بە بێ فێدرالیزم هەبێت. فێدرالیزم فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە لەسەر بنەمای پاراستنی جۆراوجۆریی کۆمەڵگا و شتێکی پتر لە چوارچێوە و پێکهاتەی سادەی فێدراسیۆنە. لە مۆدێلی نەتەوەیی-جوگرافیاییدا (لە بەشەکانی دواتردا ئاماژەی پێ دەکرێت) فێدرالیزم و فێدراسیۆن پێکەوەن، واتە فێدراسیۆن بەشێکە لە فێدرالیزم نەک هەمووی، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕ بە هەموو ماف و ئازادیەکان و دیسەنتەراڵ بوونیش لە بوارە جیاوازەکاندا، دەبینرێت.

## ٧- رێگا، هۆکار و قازانجەکانی پێکهاتنی سیستەمی فێدراڵ

بە گشتی سیستەمی فێدراڵ یان فێدراسیۆن لە دوو رێگاوە پێکدێت: بەرەو ناوەند چوون و دوورکەوتنەوە لە ناوەند[١٣٣]. بە واتایەکی تر، فێدرالیزم وەکو ئایدیالۆژی کار دەکات، بەڵام لە شوێنە جیاوازەکاندا و لە مێشکە جیاوازەکاندا، ئەمە دەتوانرێ لە هەردوو رێگاوە وەکو ئایدئۆلۆژیای سەنتەڕاڵ کردن و ئایدئۆلۆژیای ناسەنتەراڵ کردن، بەکار بهێنرێت.[١٣٤] یەکەم ئەوەی کە رەنگە دوو یان چەند وڵاتی سەربەخۆ رێکەون کە وڵاتێکی نوێ پێکبهێنن و بەشێک لە سەروەریی و دەسەڵاتی خۆیان بە پێی

[133] Centripetalisation & Centifugalisation
[134] Auer, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ڕێکەوتنێکی دڵخوازانە و یاسایی بە حکوومەتێکی ناوەندی بسپێرن. لەم ڕەوشەدا دەوڵەتەکان لە بەر هۆگەلی پێوەندیدار بە ئاسایش، بۆ بەرگری لە بەرانبەر بێگانە و هەڕەشەی دەرەکی یان بە هۆی ئابووریەوە یەکدەگرن و زۆربەی کات لە باری زمان و کەلەپوورەوە جیاوازیی ئەوتۆیان نییە و دەسەڵاتی زۆرتریش بە حکوومەتە هەرێمیەکان دەدەن، وەک ئەمریکا، ئوسترالیا، ئەمارەتی یەکگرتووی عەرەبی و سویس. دووەم، کاتێک کە یەکە فەرمانگەییەکان (ئیداریەکان) لە وڵاتێکدا یان هەرێمگەلێکی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان لە وڵاتێکی خاوەن حکوومەتی یەکتیکە لەگەڵ ناوەند ڕێک دەکەون لەسەر خودموختاری بۆیان و لە ڕێگای یاسای بنچینەییەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی دامەزرێنەران یان کۆنڤانسیۆنێکەوە پێکهاتووە، دەسەڵاتەکان و کارەکان لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتە پێکهێنەرەکاندا دابەش دەکرێن. کە لەم ڕەوشەدا زۆرتر لە بەر جیاوازیگەلی زمانی و نەتەوەیی، ڕەژیمی فیدراڵ پێکدێت. لەم کاتەدا لە وڵاتانی دیمۆکراتیکدا شێوازی یاسایی بۆ جیابوونەوەی نەتەوەکان بەپێی ویستی خەڵکەکەیان لەبەرچاو دەگیردرێت[١٣٥]. بەلژیک، ئیسپانیا و ئافریقای باشوور... نموونەکانی ڕەوشی دووەمن. لە ڕاستیدا، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان یەکیەتی و یەکەکانیدا

[135]Bhattacharrjee, 1993, p: 165-6 and Verma, **op.cit**, p: 9.

ڕاستەوخۆ پێوەندی بە گەشەسەندن و پەرەی ناسیۆنالیزمەکان لە دەوڵەتێکدا هەیە. ڕادەی زۆرتری ناسیۆنالیزم هۆکاری داواکاریی زیاترە بۆ خودموختاری یەکەکان و لەم کاتەدا فیدراسیۆن ڕێگە بە خودموختاری زیاتر دەدات[١٣٦]. لەم پێوەندیەدا لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا باسی چڕوپڕی سیاسی بوونی نەتەوەکان لە ئارادایە کە کاریگەریی لەسەر مانەوە و بەردەوامی فێدراسیۆنەکەش هەیە. لە هەندێ وڵاتدا (وەک هێند) ئەگەر لە ناو نەتەوەکاندا "ناسیۆنالیزم"یش نەبینرێت "نەیشنیزم" دەبینرێت کە هۆکاری پێکهاتنی فێدرالیزم بووە[١٣٧].

---

[136] Verma, **op.cit**, p: 36.

[137] ئاماژەیەک لەسەر جیاوازیی نەیشنزیم و ناسیۆنالیزم: نەیشنیزم یان ناسیۆنیزم (nationism) جیاوازە لە "ناسیونالیزم" کە چەمکێکی سیاسی و ئایدئۆلۆژیک و لە کۆتاییدا دەیهەوێت دەوڵەتێک بۆ کۆمەڵگایەکی سیاسی تایبەت پێکبهێنێت. تامەزرۆی نەتەوایەتی ڕازیکراو پێکهێنانی دەوڵەتێک یان ناوچەیەکی جیا لە فێدراسیۆن یان ئیمراتۆری یان دەوڵەتێکی دایک نییە. بەڵام ئەمە ڕێز دەگرێت لە "هەستی ئێمە" یان وریایی کۆمەڵگایەکی هاوبەشی خۆیان کە بە جیا لە دیتران دەژین. نەیشنیزم دەکرێ وەکو چەمکێکی ئاستی گشتی تر لەبەرچاو بگیردرێت کە پێوەندی هەیە بە ژیان لە جوگرافیا، تۆپۆگرافی و کەلەپووری تایبەت. نەیشنزیم زۆرتر نەگۆڕ و دژە-ڕووتییە (ئینتزاعییە)و ڕێگە دەدات جۆراوجۆریەکانی تر و شوناسە جۆراوجۆرەکان و نەتەوایەتیەکان سەر هەڵدەن و گەشە بسێنن و هەستیان لە ژیانی هاوبەش دەوڵەمەندتر دەکاتەوە. نەتەوایەتی (nationality)، نەیشنزیم و نەتەوە (nation) دەکرێ وەکو فۆرمی لەناخداهەڵگری زاڵیەتی خواز و دەستدرێژیکەر یان هێرشبەر لەبەرچاو بگیردرێن.



بگەڕێوە بۆ پێرست

ناسیۆنالیزم ئاماژە بە لایەنی سیاسی نەیشنیزم دەکات. نەیشنیزم وەکو بنەڕەتی فیدرالیزمی هێندی بووە. چەمکی نەیشنیزم بە هاسانی راهاتووە لەگەڵ جۆراوجۆریەکان، کۆمەڵگاکان و هاووڵاتییەکانی جیاواز بە بێ بزواندنی ئەوان لە ژێر چەمێکی ناسیۆنالیزمدا. نەیشنیزم بۆ پێکهاتنی سیستەمی فیدراڵ تەواو و بەسە. بەڵام ناسیۆنالیزم هەستی بێ مەیلی دەکات بۆ هەڵکردن لەگەڵ شوناسەکانی تر. ئەمە سروشتی سیاسییە و پێکهێنانی دەوڵەتی کردووە بە ئامانج. نەیشنیزم، چەمکێکی ئاسۆییە، لە کاتێکدا کە ناسیۆنالیزم چەمکێکی ئەستوونییە و بە دەور نەتەوایەتیدا کار دەکات. هێند، نەیشنیزمی پتر لە سەد ساڵە هەیە بەڵام تاڕادەیەک بە بێ ناسیۆنالیزم. نەتەوایەتیی زۆر هەیە، بەڵام نەتەوە وەکو یەکەیەکی سیاسی هێشتا لە رەوشی پێکهاتن دایە. چەمکی نەیشنیزمیش مەیلی هەیە بەرەو ناسیۆنالیزم. کەواتە ئەگەر نەتەوەیەک زاڵیەتی بە سەر نەتەوەکانی تردا هەبێت و مافی ئەوان نەپارێزێت ئەوە بەرەو شۆڤینیزم دەڕوات، ئەگەر بە مافی خۆی بزانیت وەکو هەندێ نەتەوە و بەرابەر لەگەڵیان دەوڵەتی خۆی هەبێت ئەوە ناسیونالیزمە و ئەگەر هێشتا لە باری سیاسییەوە بە هۆی ئەوەی کە مافی تاڕادەیەک پارێزراوە جموجووڵی سیاسی تێدا زۆر زەق نەبێت و لەگەڵ نەتەوەکانی تر بێ ناکۆکی لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا وەک فێدراسیۆن دەژین ئەوە نەیشنیزمە کە چەمکێکی گشتییە، واتە هەموو خاونیەتی، بەڵام هەموو نەتەوەیەک رەنگە بە قۆناخی ناسیونالیزم نەگات یان زۆر کەم نەتەوە خۆی بە سەرتر لەوانی تر دەزانن و تووشی شۆڤێنیزم دەبن. بۆ نموونە لە کوردستاندا بە هۆی هەلومەرجی تایبەت و لەبەرچاو نەگرتنی مافی کورد ئەم نەتەوە بە قۆناخی سیاسی گەیشتووە و داوای مافی بەرابەری پێکهێنانی دەوڵەت دەکات هەرچەند بە هۆی سیاسی و هەلومەرجی تایبەت، ئەم ناسیونالیزمە جارێ بە مافی کەمتر لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ رازی بووە. سەبارەت بە نەیشنیزم بڕواننە: Verma, Op.cit, p: 86 & p: 167.

مەرجە پێویستەکان بۆ پێکهاتنی فێدراسیۆن لە جۆری یەکەمدا بریتین لە: ئۆگری بۆ یەکیەتی؛ نزیکی جوگرافیایی (دراوسێتی)؛ گرێدراوی لە باری زمان، ئایین، کەلەپوور و بەرژەوەندییە ئابووریەکان؛ هێزی یەکسانی یەکەکانی فێدراسیۆن و رکابەریی سیاسی.[١٣٨] لە چەشنی نموونەی نوێی ڕێگای یەکەم کە زۆرتر باری ئابووری و سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە، دەکرێ بە یەکیەتی ئەوروپا ئاماژە بکرێت، ئەگەرچی ئەم یەکیەتیە وەکو دەوڵەتێک لەبەرچاو ناگیردرێت و تەنانەت چەمکە نەریتیەکان وەک "دەوڵەتی فێدراڵ" یان "کۆنفێدراسیۆن" وەلانراون بە قازانجی فۆرمولێکی وەک "یەکیەتیەک لە خەڵکان و دەوڵەتەکان" یان دەستەواژەی لەو بابەتە. رۆناڵد واتس یەکیەتی ئەوروپا بە سوپر فێدراسیۆن ناو دەبات، هەروەها پەیمانە ناوچەییەکانی وەکو NAFTA لە ئەمریکای باکوور و ASEAN لە ئاسیای باشووری رۆژهەڵات و...[١٣٩]. لە ئاستی یەکیەتی ئەوروپادا، فێدرالیستەکان بە چاکیان زانی کە یەکیەتیەکی زۆر نزیکتر پێکبێت. یەکیەتی ئەوروپا و دەوڵەتەکانی ئەندام هەردووکیان بەشداریی لە فۆرمولەکردنی سیاسەتەکان و ڕێکخستنەکانیاندا دەکەن. ئەنجومەنی ئەوروپا؛ ئەنجومەنی وەزیران؛ پارڵەمانی

---

138 Bhattacharrjee, **Op.cit**, 1993, p: 166

139 Watts, **Op.cit**, 1999, p. 64

بگەڕێوە بۆ پێرست

ئەوروپا؛ کۆمیسیۆنی ئەوروپا؛ پەسەندکردن، چاکسازیی و شێوازی پەرەپێدانی ئەندامەتی دەوڵەتانی ئەندام، لە چوارچێوەی پێوەندیدار بە یاسای بنچینەیی یەکیەتی ئەوروپا، دەبینرێن. ئەمانە کارە یاساییەکانی یەکیەتی جێبەجێ دەکەن، هەردووکی یاسادانان (یاساکان و یاساکانی چوارچێوە) و نایاسادانان (ڕێکخستنەکان و بڕیارەکان)، واتە کار کردن لە نێو بەندوباوە یاسایەکانی خۆیان لەلایەن یەکیەتی ئەوروپایەوە. دابەشکاریەکی روونی دەسەڵاتەکان و شیاویەتیەکان لە نێوان یەکیەتی ئەوروپا و دەوڵەتە ئەندامەکاندا هەیە، کە لە ڕێگای یاسای بنچینەییەوە بەپێی بنەماکانی دابەش کردن، لاوەکی یان تەواوکەر، شیاویەتی و ڕێژەیی پێناسە کراوە و پەرەی پێدراوە. بە وتەی هەندێ کەس ئەوروپای فیدراڵ بووەتە راستییەکی یاسایی، تەنانەت ئەگەر باسی سیاسی سەبارەت بە سروشتەکەی و داهاتووی درێژەی هەبێت.[١٤٠] کەواتە هەرچەند لە راستیدا یەکیەتی ئەوروپا کۆنفیدراڵە، بەڵام وەکو پێکهاتەیەک لە جۆری فیدراڵی فرەنەتەوەیی ناوی لێدەبەن. لێرەدا لە بەر ئەوەی بە ئەندام بوون لەو یەکیەتیەدا بۆ وڵاتەکان بە قازانجە، خۆیان داوای چوونە ناوەوەی دەکەن.

چەندین جۆر باسی نەریتی لەسەر فیدرالیزم پاساو بۆ فیدرالیزم دێننەوە، بۆ نموونە: فیدرالیزم گەشە و بەشداریی سیاسی خەڵک

---

[140] Auer, op.cit.

زێدە دەکات؛ ئەم سیستەمە هەڕەشە لەسەر سەربەستی، لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، زۆر کەم دەکاتەوە و دەسەڵات لە بەرانبەری دەسەڵاتدا پێکدەهێنێت، کە دەسەڵاتی رەها لە دەست ناوەندا نەبێت و دەسەڵاتی هەرێمیش ببێتە پاڵپشتی جۆراوجۆرییەکان (نەتەوەیی، ئایینی و...)؛ ڕێگە دەدات بە رکابەرایەتی نێوان یەکەکانی بن-دەوڵەت؛ و...[١٤١] ویێر، باسی لە هەندێک لە مەرجەکانی فێدرالیزم کردووە: هەستی نەبوونی ئاسایش لە باری چەکدارییەوە و پێویستی بە بەرگری هاوبەش؛ حەز و ئۆگری سەربەخۆیی لە دەسەڵاتە دەرەکیەکان کە بۆ ئەوە یەکیەتی پێویستە؛ هیوای قازانجی ئابووریی؛ رادەیەک یەکگرتوویی سیاسی لە پێشدا؛ دراوسێیەتی جوگرافیایی و هاوشێوەیی لە دامەزراوە سیاسیەکان. دۆیچ[١٤٢]، هێزە هاندەرەکان بۆ پێکهێنانی فێدراسیۆنێک بەم جۆرە ناو دەبات: پێکەوە گونجانی دوو لایەنەی بایەخە سەرەکیەکان؛ ڕێگایەکی جیاوازیی ژیان؛ چاوەڕوانی دەستکەوت یان پێوەندی ئابووریی بەهێزتر؛ زیاترکردنی رادەیەکی بەرچاو لە توانایە سیاسی و ئیداریەکانی لانیکەم هەندێک یەکەی بەشدار؛ لە پێشتر بوونی گەشەی ئابووریی لانیکەم لە هەندێ

141 Helder De Schutter, ‘Federalism as Fairness', *The Journal of Political Philosophy:* Volume 19, Number 2, 2011, pp. 167–189.

142 Deutsch



بگەڕێوە بۆ پێرست

یەکەی بەشدار؛ پێوەندیگەلێکی پتەوی کۆمەڵایەتی، هەروەها لە باری جوگرافیایی نێوان هەرێمەکان و لە باری کۆمەڵناسییەوە لە نێوان چین و توێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان؛ بڵاوکردنەوە و زۆرترکردنی بلیمەتە سیاسییەکان؛ بزاوتنی تاکەکان لانیکەم لە نێوان چینە پێوەندیدارەکان لە باری سیاسییەوە و فرەیی ئاستی پێوەندی و سەوداکان.[143]

رۆناڵد واتس هەندێک هۆکار ناو دەبات بۆ ئۆگری جیهانی سەبارەت بە فۆرمی فێدراڵ: سەرەتا، پەرە سەندنێکی مۆدێڕن لە هاتوچۆدا، پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، تەکنۆلۆژیا، رێکخراوە پیشەسازییەکان زەختیان هێناوە بۆ (هەندێ جار) پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی گەورەتر (رێگای یەکەم) و هەندێ جاریش بۆ پێکهێنانی رێکخراوی سیاسی بچووکتر. لە یەکەمیدا حەز بۆ پێشکەوتن، بەرزکردنەوەی ئاستی ستانداردەکانی ژیان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کاریگەری لە بواری جیهانی و... هتد، هۆی یەکگرتنە. ئۆگری بۆ رێکخراوە سیاسییەکانی خۆحکوومەتی بچووکتر، لە بەر سەرنجی زۆرترە بە هاووڵاتی تاک و پێبەستەیی بە گروپە سەرەتاییەکان کە پێوەندی بە شوناسەوە هەیە وەک زمان، مێژوو، ئایین و... دووەم، پێکهاتنی جۆرێک حەزی خەڵکی لە هەردووکی، هاوکات وەکو مشتەری و بەکارهێنەری جیهانی و

[143] Verma, **op.cit**, p: 6.

وەکو هاووڵاتی خۆجێیی. کۆرچێن[١٤٤] بەم رەوتە دەڵێ "گلۆکالیزەیشن"[١٤٥]، کە چەمکی دەوڵەت-نەتەوە لێرەدا ئەو بایەخەی پێشووی نییە و وەکو پێشتر لە بەرژەوەندی هاووڵاتییاندا نییە. سێهەم، پەرەپێدانی ئابووریی لەسەر بنەمای بازار، کە تایبەتمەندی ناسەنتەراڵی هەیە پاڵپشتی بیرۆکەی فێدراڵ بوو. چوارەم، گۆڕانی تەکنۆلۆژیا کە بووە هۆی بەرهەمهێنانی مۆدێلی نوێ و زۆرتر فێدراڵی رێکخراوەکانی پیشەسازی و پێکهاتنی رایەڵەیەکی ناسەنتەراڵی دانوستان کە بەرەو پێکهاتنی رێکخراوەی سیاسی ناسەنتەراڵ رۆشت. پێنجەم، زیاتربوونی حەزی گشتی بۆ دامەزراوەکانی ئاستی خوارتر لە ناو وڵاتدا بەتایبەت لە ئەورووپا کە دامەزراوە سیاسییە باڵاکان تەنیا ئەو کارانە بکەن کە لە ئاستی خوارەوەتردا توانایی جێبەجێ کردنی نییە. کە ئەمە ئاراستەکەی رۆشت بەرەو پێکهاتنی 'فێدرالیزمێک لە ئاراستەی هاووڵاتییان'دا[١٤٦].

کەواتە هۆکارە کاریگەرەکان لە پێکهێنانی سیستەمی فێدراڵدا، دەکرێت ئەم بابەتانە بن: جۆراوجۆریی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئاسایش، سیاسەت، ئابووریی، جوگرافیا. جۆراوجۆریی کۆمەڵایەتی

---

[144] Courchene

[145] Glocalization

[146] Watts, **op.cit**, 1999, p. 5. - Citizen-Oriented F.

بگەڕێوە بۆ پێرست

گرنگترین هۆکاریی پێکهاتنی فیدرالیزمە. کاتێک لە سنوورێکی جوگرافیاییدا جۆراوجۆریی رەگەزی، نەتەوەیی، کەلەپووریی، زمانی و ئایینی هەیە، چاکترین رێگای بە فەرمی ناسینی ئەم جیاوازیانە پێکهێنانی فیدراسیۆن و بەکارهێنانی بنەماکانی فیدرالیزمە. دەوری ئەم هۆکارە لە پێکهاتنی وڵاتانی وەک کەنەدا، هیندووستان و...هتددا، بە روونی دەبینرێت. لە پێوەندی لەگەڵ ئاسایش، هەروەک ئاماژەی پێ کرا ترس لە دوژمنی دەرەکی هاوبەش و پێویستی یەکگرتن بۆ بەرگری، لە پێکهاتنی فیدراسیۆندا کاریگەر بووە، وەکو کۆلۆنیەکانی ئوسترالیا، کانتۆنەکانی سویس و سێزدە ویلایەتی سەرەتایی ئەمریکا. لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتدا، رەنگە لە بەر کاریگەری زۆرتر لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا چەند وڵاتی بچووک یەکگرن، یان لە بەر کاریگەری و هاسان جێبەجێ کردنی کاروباری حکوومەتی لە راستای سیاسەتە گشتیەکاندا دەوڵەتێک بە هۆی پان و بەرینی زۆر، حەشیمەتی زۆر و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانەکان بەرەو فیدرالیزم بڕوات. هەروەها سیستەمی فیدراڵی، سیاسەت دەباتە ناو ئاپوورەی خەڵکەوە و بوروکراسی کەم دەکاتەوە، ئاستی بەشداریی سیاسی زیاتر دەکات و کاروچالاکیەکان خێراتر جێبەجێ دەکرێن. لە باری ئابووریەوە، دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ماددی و پەرەپێدانی چالاکی و گەشەسەندنی ئابووریی لەو هۆکارانەن کە رەنگە چەند دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنێک هان بدەن. ئەم هۆکارانە لە

پێکهاتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها فێدراسیۆنی کەنەدادا، کاریگەرییان هەبووە. لە باری جوگرافیاییشەوە، لەلایەکەوە هەم جوگرافیای تایبەت بە کۆمەڵگا جیاوازەکانی وڵاتێک و هەم رووبەری ئەو وڵاتە بۆ پێکهێنانی فێدراسیۆن کاریگەرن (لە رێگای دووەمی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە) و لەلایەکی تریشەوە نزیکی و دراوسێیەتی جوگرافیایی چەند وڵات بۆ یەکگرتن و پێکهێنانی فێدراسیۆن، هۆکاری سەرەکییە (لە رێگای یەکەمی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە).

## پێویستی و قازانجی فێدرالیزم:

هاندەری سیاسی دەورێکی سەرەکی دەگێرێت لە پێکهاتنی سیستەمە فێدراڵەکاندا. تیۆری سیاسی، سەرکەوتووانە رێخەی فێدراسیۆنە کۆنەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان، سویسرا، کەنەدا، ئوستралیا، هەر بەو رادەی فێدراسیۆنە نوێیەکان وەکو هێند، مالیزیا، نیجریا و هتد، روون دەکاتەوە. فێدرالیزم لە وڵاتانی جۆراوجۆردا زۆربەی کات بەرهەمی هەلومەرجی تایبەت بووە وەک: شەڕ، قەیرانی ئابووریی و هتد[١٤٧]. بۆ زۆر وڵاتان فێدرالیزم بووەتە بنەمای بەردەوامی و نەگۆڕی. بە بێ هاوسەنگی و پشکنینی فێدرالیزم، زۆر وڵاتیش تووشی شکست هاتوون. بە بێ بڕیاردانی

[147] Verma, **op.cit**, pp: 45-46 and p: 85.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ناسەنتەراڵ کراو، رکابەرایەتی بۆ دەسەڵاتی سەنتەراڵ کراو، بە جیا لە نێوی بردوون. بە بێ توانای فیدرالیزم بۆ راهاتوویی لەگەڵ جۆراوجۆریی، کەمینەکان لە رەنجدا دەبن. بە بێ ئەزموون لە ناو فیدرالیزمدا، توانا و رادەی تواندنەوەی سیستەمی یونیتەری دەبێتە هۆی کارەسات. بە بێ فیدرالیزم ناوچە دووره پەرێزەکانی وڵاتە گەورەکان سەرنج نادرێن و چاوپۆشییان لێدەکرێت. کەواتە ئەمە زۆر جێی سەرسووڕمان نییە کە لە سەدەی بیستەمدا و بەتایبەت پاش شەڕی دووەمی جیهانی زۆرێک لە دێمۆکراسییە لاوەکان فیدرالیزمیان هەڵبژارد. بۆ نموونە، هێند، نیجریە، ئافریقای باشوور، ئێسپانیا، مێکزیک، برازیل، ئێتیۆپیا، رووسیا، و لەم دواییانەشدا عێراق و نێپاڵ. ئەم ریزبەندە لە زیاتر بوون دایە. تەنانەت وڵاتانی کلاسیکی یونیتەری وەکو بەریتانیا، فەرەنسە و ئیتالیا لەم ساڵانەی دواییدا بەرەو دیسەنتەراڵ کردنێکی بەهێز بۆ ناوچەکانیان رۆشتوون.[١٤٨]

ئەرکی پێکهێنانی سیستەمێکی فیدراڵ بۆ وڵاتانی گەورە لە باری جوگرافیایی و جۆراوجۆر لە باری حەشیمەتەوە، زۆر ئاڵۆزترە لە دەوڵەتە بچووک و یەکدەستەکان. یەکەم، لەم وڵاتانەدا پێناسە و دیاریکردنی "چاکە بۆ خەڵک"، زۆر ئەستەمترە لە چاو وڵاتانی

---

[148] Villiers, Bertus de, 'Ethiopian Federalism, Learning from the World', **Brief feature**, July 2010, pp 28-33.

بچووک. بۆ نموونە لە وڵاتانی گەورە و نایەکدەست وەک رووسیا، دەسەڵاتە ناوەندییەکان زۆر کەم زانیاریان هەیە لەسەر پێداویستی و پێشتریێتیەکانی خەڵک لە بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا. زۆربەی کاتیش، زانیاریی بەردەست تەواو نییە بۆ دابینکردنی  پێداویستی و کەلوپەلی گشتی بە شێوەی ناوەندیی، بۆ کاریگەر بوون. دووەم، بەڕێوەبەرایەتی ناوەندیی وڵاتێکی گەورە لەگەڵ ئامرازەکانی دەوڵەتێکی گەورەدا سەروکاری هەیە. کۆنترۆڵی کاریگەری بورۆکراسییەکی گەورە، ئاڵۆزتر و گرانتر دەبێت و هەمیشەش بۆی ناکرێت. بەم هۆیانە دەسەڵاتی دابینکردنی کەلوپەلە گشتییەکان دەبێت بسپێردرێت بە حکوومەتگەلی ئاستی خوارتر کە ئەوانە هیوای زۆرترە کە خزمەتی بەرژەوەندی خەڵکە خۆجێییەکان بکەن. هەربۆیە لە بەر پان و بەرینی، ئابووریی و جۆراوجۆریی بۆ نموونە وڵاتێکی وەک رووسیا، ناکرێ بە شێوەی کاریگەر وەکو دامەزراوەیەک لە ناوەندەوە بەڕێوەبەرایەتی بکرێت، بە پێچەوانەی وڵاتانێ وەک بلاروس، مەغولستان یان لیتوانی.[١٤٩]

زۆر ئەزموونی نێونەتەوەیی هەن کە تێیاندا کەمینەکان پشتگیری دەکرێن بە بێ پێکهێنانی دەوڵەتگەلێکی نوێ. بۆ وێنە؛

---

[149] Ekaterina Zhuravskaya, ‘Federalism in Russia, russia after the global economic crisis’, center for economic and financial research at new economic school, April 2010.

ئەنجومەنە کەلەپووریەکان لە بەلژیک، کە گرووپە زمانییەکان نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ چاوەدێریی لەسەر پێویستیە زمانی و کەلەپوورییەکانیان؛ مافەکانی زمان لە کەنەدا لە ژێر چارتی (فەرمانی) مافەکاندا، هەروەها کۆنڤانسیۆنەکان بۆ پشتگیری لە مافی پارێزگا فەڕەنسەیی زمانەکان؛ پەروەردەی زمانی دایکی و بەکارهێنانی ئەلف و بێی خۆیان لە هێنددا؛ نیوە کانتۆنەکان لە سویسرا و هەر وەها کەرتە فەرمانگەییەکان لە ئێتیۆپیا کە شوناسی زمانی کۆمەڵگا خۆجێییەکان پیشان دەدەن.[١٥٠]

فێدرالیزم ڕێگا خۆش دەکات بۆ ڕێکەوتنی بەردەوام لە نێوان یەکێتی و خودموختاری و دێسەنتەراڵ کردنی دێمۆکراتیک لەسەر بارودۆخی بەردەوام لە ناو حکوومەتێکدا و پێکهێنانی ڕێگایەکی دامەزراوەیی بەرەو کۆتایی شەڕەکان. فێدرالیزم ئامرازێکی شیاوە بۆ ئاشت کردنەوەی پێویستی یەکگرتوویی و پێکەوە بوون لە وڵاتێکدا لەگەڵ هاندەرە سروشتیەکانی کۆمەڵگا ناوچەییەکانی چوارچێوەی دەوڵەت بۆ ڕاگرتنی شوناسە پێوەندیدارەکانی خۆیان و خودموختارییان. ئەمە دەتوانێ ببێتە هۆکاری هاوسەنگی (بالانس) لە نێوان یەکگرتوویی گشتی وڵات و خودموختاریی ناوچەیی، کە ئەگەر بە شێوەی شیاو یەکگرتوویی پێکبێت، دووەمی دەتوانێت پارێزەرێک بێت بۆ جۆراوجۆریی لە

---

150 Villiers, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

پێوەندی لەگەڵ زمان، کەلەپوور، رەگەز و ئاییندا. تەنانەت ئەگەر ئەم جۆراوجۆرییە لە ئارادا نەبێت وەکو هاوبەرژەوەندی ئوستralیا، بۆ پێویستی روو لە زیاتربوونی بەشداریی زۆرتر لە هەڵسووڕانی حکوومەتێکدا، بەردەوام پێویستی بە رێکخستنی فێدراڵ دەبێت.[١٥١]

کۆسار ئەعەزەم، لە پێوەندی لە گەڵ هۆیەکانی لە پێشتر بوون و زەق بوونی فێدرالیزم، ئاماژە بە هەندێ قازانجی فێدڕالیزم دەکات: سەرەتا، و بۆ بەرگری لە رێکخستنەکانی فێدراڵ، ترس لە ملهوڕی و ستەمی زۆرینەیە. کەواتە لێرەدا دەسەڵات لە بەرانبەر دەسەڵاتدا هەیە و پێشگیری لە ملهوڕی زۆرینە دەکات. مەنتیقی دووەم بۆ بەهێزکردن و پشتگیری لە دەوڵەتی فێدراڵ لە هەڵسووڕانی بازاڕ و کاروباری پێوەندیدار بە بووجە و لە بایەخدانان بۆ سیستەمێکی فێدراڵی بالانس کراو سەرچاوە دەگرێت. کۆبوونەوەی بووجەکانی فێدراڵ/ناوەندیی لە سەردەمێکدا کە بە بیرۆکەی بازاڕ-ناوەندیی پیشان دەدرا زەختی هێنا بۆ بیرکردنەوەی زۆرتر سەبارەت بە ئامانجەکانی بازاڕ، واتە کارامەیی ئابووریی. کارامەیی وەکو بابەتێکی گرنگی پێوەندیدار بە بووجە ئێستا بووەتە بابەتێکی سیاسی (کە هەمیشە بابەتێکی پێوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتی بووە). سێهەمین قازانجی دەوڵەتە فێدراڵەکان، جەختیان لەسەر خۆجێییخوازی (لۆکالیزم)،

---

151 Verma, **op. cit**, p: 4.

خۆحکوومەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ و تاقیگەکانی دیموکراسی بووە. یەکێک لە قازانجە سەرنجڕاکێشەکانی دەوڵەتی فیدراڵ لە باری سیاسییەوە، گوتاری خۆجێیی لەسەر خێر و بەختەوەریی گشتی بووە. بژاردەکان لە ڕێگای ئەو بایەخانەی کە لە باری خۆجێییەوە تەشەنەیان هەیە و کەلەپووریی سیاسی کە ڕێگە دەدات یان هاندەرە بۆ تاقیکردنەوە، بەدواداچوون دەکرێن. لۆیس براندیس[١٥٢] دادوەری ئەمریکی بەمانە دەڵێت "تاقیگەکانی دیمۆکراسی"، واتە لۆکالیزم دەرفەتێک دەدات بە کۆمەڵگاکان یان ویلایەتەکان بۆ بردنەپێش و تاقیکردنەوەی داهاتووی بەکۆمەڵی خۆیان و بایەخە جۆراوجۆرەکان و دواجار کەلەپوورە خۆجێییەکانیان لە سیستەمی حکوومەتی سەنتەڕاڵ کراودا، چاکتر پیشان دەدات[١٥٣].

شێوەی حکوومەتی فیدراڵی لە وڵاتانی فرەچەشنیدا (فرەنەتەوەیی، فرەئایینی و...) سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە. لەم جۆرە وڵاتانەدا، جۆراوجۆریی کەلەپووریی و زمانی و ویستی سیاسی و ئامانجە جیاوازەکانی خەڵک، پێویستیان بە خودموختاریی هەرێمی لە پەنای یەکیەتی وڵاتدا هەبووە، کە بنەما گرنگەکانی فیدرالیزم هەندێ خاڵی فرەلایەنی دەستڕاگەیشتن بە "دیمۆکراسی

---

[152] Louis Brandeis
[153] Azam, op.cit, p 16 & 18.

بەشدارانەی"[154] پێکهێناوە، بە جۆرێ کە بابەتە سیاسییەکان دەبێت لەلایەن حکوومەتە فێدراڵەکانەوە لە ڕێگای بەشداریی دیمۆکراتیکەوە بڕیاریان لەسەر بدرێت.[155] جگە لەمە فێدراسیۆن سەرچاوەی فێرکردنی خەڵکە لە باری سیاسییەوە و هانیان دەدات کە سەرنجی کێشە و پرسەکانی خۆیان بدەن. هەرێم و یەکە چکۆلەکانی دیکەی وڵات و تەنانەت گوندەکانیش، تاڕادەیەک کە یاسا ڕێگا بدات، لە باری کاروباری ناوخۆیی خۆیاندا سەربەستن و دەتوانن کاروباری پێوەندیدار بە شوێنی خۆیان بەپێی بارودۆخ، هەلومەرج و ڕێوڕەسمی خۆجێیی و مەیلی خۆیان جێبەجێ بکەن. لەم پێوەندیەدا تەنانەت هەندێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە فێدرالیزم بە هۆی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ لە هەر دوو ئاستی حکوومەتیدا بۆ جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی یاسادانان و هاوبەشکردنی دەسەڵاتی ڕەوای بڕیاردانی کۆتایی، لەگەڵ هاووڵاتییان دا دانوستانی هەیە، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بۆ نموونە ژنان.[156]

---

[154] participatory democracy

[155] Ibid, p. 13.

[156] لەم بوارەدا بڕواننە: Jill Vickers, ‘A Two-Way Street: Federalism and Women’s Politics in Canada and the United States’, **Publius: The Journal of Federalism**, volume 40 number 3, pp. 412^435.



بگەڕێوە بۆ پێرست

هەروەها لە نێوان فێدرالیزم و سەربەستیشدا پێوەندی هەیە. لایەنگرانی فێدرالیزم رەوایەتی جۆراوجۆریی دیسەنتەراڵ کراویان وەرگرتووە. لای ئەمان دیسەنتەراڵ کردن، سەربەستی (ئازادی) زۆرتر دەکات. لەبەر ئەوەی کە ئەمە جۆراوجۆریەکی گەورەتری پێشتریتیەکان رازی دەکات. لە باتی هەبوون لە یەکەیەکی گەورەی حکوومەتدا، تاکەکان دەتوانن یەکەگەلێکی جیاواز و بچووکتر هەڵبژێرن کە ریزبەندیێک لە بژاردەکانی پێوەندیدار بە رێکخستن پێشکەش دەکات. کەواتە، فێدرالیزم ئاستی سەربەستی بەرزتر دەکاتەوە[١٥٧].

بوونی ئەم قازانجانەیە کە بووەتە هۆی مانەوە و گەشەسەندنی فێدراڵیزم. بە وتەی ئەعەزەم، فێدراڵیزم لەسەر دوو فاکتۆری گرنگ ماوەتەوە: یەکیان ئەو قازانجانەیە - سیاسی، ئابووریی، ئاسایشی- کە سیستەمی فێدراڵ پێشکەشیان دەکات و دووەمیش ئەو هەستەیە کە لە پشتەوەی فێدراسیۆنەوە پەرە دەستێنیت. هۆی پێکهاتنی سیستەمێکی فێدراڵ هەموو کاتێک ئەو قازانجەیە کە پێشکەشی یەکە یەکگرتووەکانی دەکات و بە بۆنەی ئەو کێشە زۆرانەی کە دەوڵەتە مۆدێرنەکان وەکو دەرەنجامی داهێنانە

---

157 Louis Michael Seidman, ‘Depoliticizing federalism’, *Harvard Journal of Law & Public Policy* [Vol. 35 No. 1]. pp 121-127.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

زانستی و تەکنۆلۆژیکییەکان و سێناریۆ جیهانییە گۆڕدراوەکان تووشیان بوون، دەوڵەتەکان بەتایبەت ئەوانەی کە بچووک و هەژارن، یان ئەوانەی کە دەکەونە بەر ئامانجی چەوسانەوە و گەورەکردنەوە، لەسەر پاراستنی خۆیان و جێگەوپێگەیان لە ڕێگای پەیوەندبوون بە یەکەوە لە یەکیەتیەکی فیدراڵدا، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لە باری جوگرافیاییەوە دراوسێ و نزیکی یەکن و هاوبیرن، بیر دەکەنەوە. دووەم، کەلەپووریی سیاسی جیاواز بۆ پێکهێنان و ڕاگرتنی هەر فیدراسیۆنێک زۆر پێویستە و ئەمە پێویستە لەسەر سیستەمی فیدراڵ بۆ پاراستن، گۆڕان وە/یان پەرەپێدانی کەلەپووریی سیاسی کە لەگەڵ پێویستیەکانی دەگونجێت. کەلەپوورێکی پشتگیر و پشتیوان پێویستە. پەرەپێدانی هەستی "فیدرالیستی" لە پشتەوەی فیدرالیزمێک ئەرکێکی زۆر گرنگە. لە ڕاستیدا مەرجی سەرەتایی بۆ سەرکەوتنی هەر ئەزموونێکی فیدراڵی لە کۆمەڵگا فرەچەشنەکاندا (پلورال) پەرەپێدانی هەستی سەربەفیدراسیۆن بوون، وەکو تەواوەتیەک یان پەرەپێدانی هاووڵاتی بوونە. هاووڵاتی بوون، هاوکات لەگەڵ هاووڵاتیبوونی خودی هەرێمەکە. قۆرخ کردنی دەسەڵات لەلایەن تاکەکەس، گروپ و تاکە حیزبەوە ئەم هەستە لاواز دەکاتەوە. هەندێ نموونەی وەک ڕوخانی یوگۆسلاڤی و شەڕی چیچان پیشان دەدەن کە فیدراسیۆنەکان لە هەلومەرجی سیاسی گۆڕدراوەدا تەنیا کاتێ دەمێننەوە کە یەکەکانی فیدراسیۆن دڵنیا

ببنه‌وه‌ و خودموختاری ته‌واویان هه‌بێت بۆ پاراستنی شوناس و که‌سایه‌تی خۆیان[١٥٨].

**٨- مۆدێله‌کانی فێدراليزم**

له‌ وڵاته‌ جیاوازه‌کاندا و به‌پێی پێکهاته‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی و هه‌روه‌ها سیسته‌می سیاسی و پێکهاته‌ی پێوه‌ندیدار به‌ فه‌رمانگه‌ حکوومه‌تیه‌کان، مۆدێلی جۆراوجۆر له‌ فێدراليزم ده‌بینرێت. هێڵده‌ر دو شاتێر ئاماژه‌ به‌ دوو رێگای پۆلێنبه‌ندی فۆرم یان شێوه‌کانی فێدراليزم ده‌کات: یه‌که‌م، فێدراليزم ده‌توانێت ده‌ره‌نجامی سه‌رله‌نوێ بنیاتنانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تێکی یونیته‌ری به‌ شێوه‌ی ناسه‌نته‌راڵی بێت هه‌ر به‌و راده‌یه‌ که‌ ده‌وڵه‌تانی له‌ پێشدا سه‌ربه‌خۆ یه‌کده‌گرن. دووه‌م، هه‌ندێ فۆرمی فێدراليزم به‌ روونی ده‌ره‌نجامی داواکاریه‌ خۆحکوومه‌تی گروپه‌ که‌له‌پووری — نه‌ته‌وه‌ییه‌کانن، له‌ کاتێکدا که‌ له‌ بابه‌ته‌کانی تردا، فێدراليزم پێوه‌ندی به‌ ناسینی شوناسی نه‌ته‌وه‌یی نییه‌. ریسنێک و کیملیکا[١٥٩] جۆری یه‌که‌میان به‌"فێدراليزمی جوگرافیایی یان تێریتوریال" و دووه‌میان به‌ "فێدراليزمی فره‌نه‌ته‌وه‌یی"[١٦٠] ناساند.

---

158 Azam, **op.cit**, pp 238-9, & p 245.

159 Resnick & Kymlicka

160 multinational federalisms & territorial federalisms

گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ پێرست

ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئاڵمان نموونەگەلێکن لە فیدرالیزمی تێریتوریال لە کاتێکدا کە بەلژیک و کەنەدا دەوڵەتی فیدراڵی فرەنەتەوەیین. فیدرالیزمە دیسەنتەرە فرەنەتەوەییەکانی وەک ئیسپانیا، کەنەدا و بەلژیک داواکاری دیسەنتەراڵ کردنیان لەبەرچاو گرتووە کە وەکو ئامرازێکی راهاتوویی لەگەڵ داواکاریەکانی خۆحکوومەتی گروپە نەتەوەییەکان بەرگری لێدەکرێت[١٦١]. لە راستای پۆلێنبەندیەکانی پێشوودا لێرەدا ئاماژە بە سێ مۆدێل دەکرێت:

**ئەلف - مۆدێلی فیدرالیزمی فەرمانگەیی:**

مۆدێلی فەرمانگەیی (جوگرافیایی-ئیداریی) بەپێی دابەشکاریی دەسەڵات و سەروەریی، بە سەر هەندێ ناوچەدا پێکدێت بۆ هاسانکاریی کاروباری فەرمانگە حکومیەکان و کەمتر کردنی ئەرکی حکوومەتی ناوەندیی. ناوچەکە بە پێی وڵات رەنگە قەوارە و ناوی جیاوازی هەبێت (ویلایەت یان ستەیت، پاریزگا، کانتۆن). ناوچەکانیش بەپێی پێوەری جیاواز دیاری دەکرێن وەک ناوی مێژوویی ناوچە، جوگرافیایەکی دیار، حەشیمەت و پان و بەرینی. لەم مۆدێلەدا پرسی سەرەکی و گرنگ خودی ناوچەکەیە کە بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و کاروباری فەرمانگەیی

---

161 Schetter, op.cit, 2011.

بگەرێوە بۆ پێرست

حکوومەتە. لە نموونەی ئەم مۆدێلە دا دەکرێ ئاماژە بە سیستەمی ئەمریکا، ئاڵمان، ئوسترالیا و... بکرێت. ئەم چەشنە فێدرالیزمە زۆرتر لە وڵاتانی یەکدەست کە جیاوازی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ نابینرێت و لە وڵاتانی گەورەدا کە ناوچەکان دوورن لە ناوەند، بەکار دەهێنرێت. باسی دادپەروەریی ئابووریش لێرەدا دەور دەگێڕێت. حکوومەتی یەکە پێکهێنەرەکان وەکو لەمپەرێک لە بەرانبەر زاڵیەتی ئێلیتی ئابووری و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی حکوومەتی فێدراڵ و بەکارهێنانی دەسەڵاتی فێدراڵ بۆ زاڵ بوون بەسەر چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، کار دەکەن.[١٦٢] لە هەندێ وڵاتی فرەچەشنیشدا کە ئەم مۆدێلە بە کار هێنراوە ڕێکاری تر بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی و زمانی و کەلەپووریی کۆمەڵە جیاوازەکانی خەڵک لەبەرچاو گیراوە. بۆ وێنە لە سویسدا هەرچەند یەکەی سەرەکی فێدراسیۆن کانتۆنە و بنەمای فێدرالیزم دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان کانتۆنەکان بەڵام شێوازی جوگرافیایی بوونی زمان قبووڵ کراوە و کانتۆنەکان بۆخۆیان لە باری زمان و کەلەپوورەوە بڕیار دەدەن. لە هەر کانتۆنێکیشدا ڕەنگە یەک یان زیاتر لە زمانێک، زمانی فەرمی هەبێت.

---

162 Seidman, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

**ب- مۆدێلی کامیونیتاریەن[١٦٣]:**

بە وتەی هەندێ لێکۆڵەر فێدرالیزمی گروپە کۆمەڵایەتیەکان (کامیونیتاریەن) بەپێی جوگرافیا نییە. وەک دیارە لە وڵاتانی فێدراڵدا، فێدرالیزم لە بنەڕەتدا جوگرافیایی و هەرێمییە. واتە دەبێت ناوچەیەک لە وڵات دیاری بکرێت و لە ناو سنوورەکانی ئەو ناوچانەدا خودموختاری و دامەزراوە خودموختارەکان کە پێویستن بۆ سیستەمێکی فێدراڵ سەقامگیر ببن، بۆ پیشاندان و هێنانە ئارای دەنگی خەڵک لە ناو ئەو ناوچەیەدا لە ڕێگایەکەوە کە وڵاتەکە پێکەوە ڕاگرێت. بەڵام لەم جۆرەدا لە بە هۆکارگەلی جۆراوجۆری وەک تێکەڵبوونی گروپە کۆمەڵایەتیەکان یان بچووکی وڵات، باس لە دابەشکردنی ئەستوونی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەی جوگرافیایی ناکرێت. مۆڵەتی زۆر دەدرێت بە گروپە کۆمەڵایەتیەکان کە پێکەوە دەژین و دانوستانیان هەیە. لێرەدا لە ڕاستیدا گروپەکان بنەمای سەرەکین و جوگرافیا چەندان لەبەرچاو ناگیردرێت. بنەمای دابەشکاریی دەسەڵات لەم جۆرەدا، کامیونیتی یان گروپە کۆمەڵایەتیەکانن. جا ڕەنگە ئەم گروپانە لە جوگرافیایەکی دیاردا بن یان بڵاو بن و جوگرافیای تایبەتیان نەبێت. ڕەنگە تاکەکانی گروپێک پەرتەوازە بووبێتن یان کۆمەڵگا کۆمەڵگای تێکەڵ بێت و سنووری جوگرافیایی تایبەتی نەتەوەیەک

---

163 communitarian federalism



بگەڕێوە بۆ پێڕست

یان هەر گروپێکی تری کۆمەڵایەتی دیار نەبێت. لێرەدا لە حکوومەتدا بۆ ئەو نەتەوە یان کامیونیتیانە، لە ئاستە جیاوازەکانی وڵاتدا، پشکێک لە دەسەڵات دیاری دەکرێت و بەشداری دەسەڵاتی سیاسی دەبن. ئەم مۆدێلە کە هەندێ لێکۆڵەر وەک فیدرالیزم ناویان هێناوە، لە راستیدا دیمۆکراسی فرەنەتەوەییە نەک فیدرالیزم، چونکە رەنگە دابەشکاریی جوگرافیایی دەسەڵات کە بنەمای فیدرالیزمە لە ئارادا نەبێت. بەوەشەوە لێرەدا مافی هەموو لایەک لە حکومەتدا لەبەرچاو دەگیردرێت. لێرەدا بەجۆرێک لە جۆرەکان کۆمەڵگایەکی فیدراڵی بێ فیدراسیۆن هەیە، بە پێچەوانەی فیدراسیۆنی بێ کۆمەڵگای فیدراڵ کە باسی لێوە کرا. لۆبنان نموونەی ئەزموونی فیدرالیزمی کامیونیتاریەنە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم وڵاتەدا دابەشکاریی دەسەڵات بۆ گروپە ئایینیەکان بەپێی حەشیمەتیان بە جۆرێکە کە سەرۆک کۆمار تەنیا دەتوانێت مەسیحی مارۆنی بێت. هاوکات، سەرۆک وەزیران تەنیا دەتوانێت موسڵمانی سوننە بێت و وتەبێژی پارلەمانیش تەنیا دەتوانێت موسڵمانی شیعە بێت[١٦٤].

---

164 Mallat, op.cit. 2003

**پ- مۆدێلی فیدرالیزمی نەتەوەیی– جوگرافیایی:**

مۆدێلی نەتەوەیی جوگرافیایی بە جۆرێک تێکەڵێک لە مۆدێلی فەرمانگەیی و مۆدێلی کامیونیتاریەنە و ئەم هەردوو لایەنە لەبەر دەگرێت. وەها مۆدێلێک بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشنیار کراوە[١٦٥]. لە مۆدێلی نەتەوەیی -جوگرافیایی یان بە کورتی فیدرالیزمی فرەنەتەوەیی، حکوومەتی فیدراڵ، لە باری جوگرافیاییەوە سەروەریی و دەسەڵاتی بڕیاردان بەپێی جیاوازیی نەتەوەیی، زمانی، کەلەپووریی، بڵاو دەکاتەوە. لە وڵاتانی فرەچەشنی (فرەنەتەوەیی، فرەئایینی...)دا لەم مۆدێلە کەڵک وەردەگیردرێت. بۆسنە و هێرتسە گۆڤین و بەلژیک لە چاکترین نموونەکانی ئەم مۆدێلەن و لە وڵاتانی تریش، دەکرێت ئاماژە بە ئێتیۆپیا، نیجێریا، هێندووستان، عێراق و... بکرێت. لەم مۆدێلەدا خاک و جوگرافیای پێوەندیدار بە شوێنی نیشتەجێ بوونی هەر نەتەوەیەک دیارە و ئەو ناوچەیە دەبێتە بنەمای دابەشکردنی وڵات و پێکهاتەی حکوومەتە هەرێمی و خۆجێییەکان.

فیدرالیزمی فرەنەتەوەیی وەکو رێگاچارەیەکی شیاوە بۆ کێشە سیاسی–نەتەوەییەکان. بەپێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان، رووکردنە تیۆری فیدرالیزم لەم دواییانەدا بەتایبەت لە دەوڵەتە

---

[165] Ibid.

بگەڕێوە بۆ پێرست

فرەنەتەوەییەکاندا[١٦٦] و لە بەر پرسی مافی کەمینەکان بۆ گروپە نەتەوەییەکان[١٦٧] کە لەم دەوڵەتانەدا دەژین، زۆرتر بووە و قازانجەکانی فیدرالیزم بە گشتی لەگەڵ پێویستی بەرژەوەندیی سیاسی-تیۆریک لەم دەوڵەتانەدا گونجاوە. زۆربەی تیۆریستەکان لەم بوارە تازەی فیدرالیزمی نەریتی و نۆرمدار[١٦٨] بۆ دەوڵەتە فرەنەتەوەکان (رەنگە کیملیکا[١٦٩] وەکو نوینەری سەرەکییان بێت) تیشکیان خستووەتە سەر تواناییەکانی فیدرالیزم بۆ دابینکردنی خۆحکوومەتی بۆ گروپە نەتەوەییەکانی ناو دەوڵەتەکان وەک کاتالانەکان، فلامانەکان و کێبێکیەکان[١٧٠]. بە پێی ئەم تیۆریە، شوناسی نەتەوەیی کاریگەری زۆری هەیە لە ژیانی خەڵکیدا و سیستەمی ئەم شێوازەی پێکهاتەی فیدراڵ توانستی پشتگیری لە شوناسە نەتەوەییەکان دابین دەکات و توانایی حکوومەت کردن بە سەر خۆیانیان، پێ دەبەخشێت. کەلەپووری نەتەوەیی بۆ خەڵک گرنگی هەیە و فیدرالیزم ئەو توانایە بە خەڵک دەبەخشێت تاکو کەلەپووری نەتەوەیی خۆیان بپارێزن. لە تیۆریەکانی فیدرالیزمی فرەنەتەوەییدا، فیدرالیزم لە بنەڕەتدا و بە شێوەی پەتی

---

[166] multinational states
[167] national groups
[168] normative federalism
[169] Will Kymilicka
[170] Catalans, Flemish & Quebecois

بگەڕێوە بۆ پێرست

میکانیزمیکە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەکانی ناو دەولەت لە ریگای خودموختاریەوە[١٧١].

فیدرالیزمی فرەنەتەوەیی پیوەندی بە ریبەرایەتی مەدەنیەوە هەیە کە بەرەبەرە هەنگاوەکان بەو ئاراستەیەدا رۆشتوون و دریژەیان هەیە. لە سەردەمی مۆدیرنیشدا بە هۆی پیکهاتەی یونیتەرییەوە، سەرکردەکان تووشی درندەیی و بی بەزەیی سەدەکانی ناوەراست بوون. چەکدارەکان هەموو دەسەلاتی سیاسییان گرت و ریبەرایەتی مەدەنیان خستە پشتەوەی توولە ئاسنینەکان. بەلام فیدرالیزم وەکو فۆرمیکی دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی لە کۆمەلگا دیمۆکراتیکەکاندا بە شیوەی گشتی وەکو چاکسازیی دەسەلات و یەکیەتی نیشتمانی لەگەل پاراستنی مافەکانی یەکە پیکهینەرەکان، دیاری کرا. بەشداریی خەلک لە ریگای ئامرازی بە قازانجی یەکەکان بە شیوەی بنەرەتی پیگەیەکی دیمۆکراتیکی بە فیدراسیۆن دا. وەکو بنەمای دیمۆکراسی، فیدرالیزم نیوەرۆک و واتای خۆی لە چەمکەکانی "دەسەلات" و "خەلک" دەردەهینیت. وەکو "دەسەلات" لە خۆیدا تیکچرژاوە لەگەل "ناکۆکی" کە چاوەروانی دەکریت پیگەی دەولەتی فیدرال لەسەر ریکەوتنی گشتی بیت کە لە ریگای سیستەمیکی بایەخە گشتییەکانەوە دیاری دەکریت. هەرچەند

171 Schutter, op.cit.

باڵانسی نەگۆڕی نێوان زۆرەملیەکانی دەسەڵات و ئاواتەکانی خەڵک لە باسە سەردەمیەکانی فیدرالیزمە. سنووردارێتیە پێوەندیداەرەکان بە ڕێکەوتن (ڕەزامەندی) لە سەر یاسای بنچینەیی لە دیمۆکراسیە نایەکدەستە گەورەکاندا، بنەڕەتین. کەواتە لە ئاکامدا رەوتەکانی سەنتەڕاڵ کردن و دیسەنتەڕاڵ کردن لە فیدراسیۆنە هاوچەرخەکاندا هەردووکیان وەڵام و کاردانەوەیەکی پێکهێنەرە سەرەکیەکانی کۆمەڵگایەکی فیدراڵ دەبن[١٧٢].

لە میانەی سەدەی بیستەمدا، حکوومەتی فیدراڵ ئامرازێک بوو بۆ دیسان بڵاوکردنەوەی دادپەروەریی لە باری رەگەزییەوە. باسی فیدرالیزم بە قووڵی پێوەندی بە نیوەڕۆک و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە و لە بنەڕەتدا سیاسیە[١٧٣]. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لە ١٩٥٦ دا ڤینگستۆن (لێکۆڵەری ئەمریکی) روانگەیەکی کۆمەڵناسانەی لەسەر فیدرالیزم پێشکەش کرد و جەختی کرد کە "سروشتی سەرەکی فیدرالیزم لە پێکهاتەی پێوەندیدار بە یاسایی بنچینەیی یان دامەزراوەییدا جێی نەگرتووە، بەڵکو لە خودی کۆمەڵگادایە واتە لە هێزە ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلەپوورییەکاندا". حکوومەتی فیدراڵ کە فۆرمی دەرەکی

[١٧٢] Azam, op.cit, 1998, p: 261-62.
[١٧٣] Seidman, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

فیدرالیزمی پێکهێناوە، ئامرازێکە کە لە ڕێگایەوە تایبەتمەندیە فیدراڵییەکانی کۆمەڵگا پیشان دەدرێن و پاڵپشتی لێدەکرێت؛ بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە "فیدرالیزم کارکردێکی نەک یاسا بنچینەییەکان بەڵکو کۆمەڵگاکانە." و ئەمە ئەو جیاوازیانە لەبەر دەگرێت کە بە شێوەی جوگرافیایی گروپبەندی دەکرێن. پێوەندی هۆ و بەرهۆیی هەیە لە نێوان کۆمەڵگای فیدراڵ و دامەزراوە سیاسییەکاندا، و ئاکاری سیاسی و پرۆسەکان ئاڵۆز و دینامیکن[١٧٤].
ئەم ڕوانگەیە چوار واتای مێتۆدۆلۆجیکاڵی گرنگی هەیە: فیدرالیزم کارکردی پلورالیزمی کۆمەڵایەتییە؛ پلورالیزم دەبێت بە شێوەی جوگرافیایی ڕیز بکرێت؛ یەکیەتی فیدراڵ تەنیا سیاسی نییە بەڵکو کۆمەڵایەتیشە؛ و هەر ڕیزبەندێکی دەسەڵاتی یاسایی لە نێوان دوو حکوومەتدا دەبێت شیاو بێت لە گەڵ لایەنە فیدراڵییە پێناسەکراوەکانی پێوەندی ویلایەت-کۆمەڵگاکان. ئەمە بەو واتایە کە مافەکان و پێشتریتیەکانی یەکە ناوچەییەکان ڕەنگە لە بەر فرەچەشنی (پلورالیزمی) کۆمەڵایەتی-کەلەپووریی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی-ئابووریی جۆراوجۆر جیاواز بن[١٧٥]. لەم پێوەندییەدا، هەندێ لە وڵاتان وەکو بەلژیک، ئێسپانیا و ئافریقای

---

[174] Ronald L. Watts, **op.cit**, 1999, p. 15.  And, Azam, **op.cit**, 1998, p: 224.
[175] Dua & Singh, **op.cit.**, 2003, p 86.

بگەڕێوە بۆ پێرست

باشوور و عێراق و... وڵاتانێکی یونیتەری بوون کە لە ژێر زەختی کۆمەڵگادا بەرەو دیسەنتەراڵی و فێدراڵی رۆشتن.

ئەگەر کۆمەڵگا فێدراڵ نەبێت ئەوا لە ریگای جۆرێک لە هێزە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە، فێدراسیۆنەکان بە ئاراستەیەکی سەنتەراڵ کردندا دەڕۆن؛ و لە نەبوونی هێزە گرنگەکانی تری قەرەبووکردنەوە بە شێوەی یەکسان دەبینرێت کە هاوسەنگییەکە بە تەواوی لار دەبێتە بەرەو قازانجی حکوومەتی ناوەندیی. لە بنەڕەتدا، باڵانسی فێدراڵ بە ئەگەرەوە دەپارێزرێت، ئەگەر بە پتەوی بەسترابێتەوە لە ریگای کۆمەڵگایەکی فێدڕاڵی بەرچاو. کەنەدا و سویسرا دوو نموونەی سەرەکی سیستەمی فێدراڵین کە بە توندی تایبەتمەندی فێدراڵیان پاراستووە، لەگەڵ پلەی زۆر کەمتری سەنتەراڵی کردن. ئەوەی کە ئەوان جیا دەکاتەوە لە ئوستراليا و ئاڵمان پلەی زۆری جۆراوجۆری جوگرافياييە. گرنگترین جۆراوجۆریی لە نێوان کۆمەڵگاکان لە جیاوازیی زمانیاندایە. دیاریکردنی هەرێمی دەسەڵات ناو دەوڵەتێکی دیاریکراودا لەگەڵ کۆمەڵگا زمانییە تایبەتەکان، وەکو هێزێکی دوورخەرەوە لە ناوەند دەور دەگێڕێ کە هاوسەنگی بۆ دینامیکەکانی سەنتەڕاڵ کردن دابین دەکات. هەرجێیەکی، وەکو سویسرا، یەکیەتیەکەی بە شێوەی سروشتی دڵخوازانە بێت، ئەوە دینامیکێکی پاراستنی فێدراڵ دابین دەکات بە بێ هیچ دواهاتێکی تێکدەرانە. هەر جێیەکی وەکو کەنەدا، کە یەکیەتیەکەی بە

بگەڕێوە بۆ پێڕست.

شێوەی دڵخوازانە نییە، بە شێوەی سروشتی ئەوە جۆراوجۆرییە کە هەمیشە یەکیەتییەکەی دەخاتە ژێر تاقی کردنەوەوە. هەرچەند، هەر دوو ڕێگاکە وەک شوناسەکان و کێشەکان وەکو هێزگەلێکی گرنگی دوورخەرەوە لە ناوەند دەور دەگێڕن[١٧٦].

هەرچۆنیک بێت وەک ئەلەزار ئاماژەی پێ کردووە، بۆ جیهانێک کە دیاری کراوە بە لەت لەت کراویی، ناکۆکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی زەقکراوە، فیدرالیزم ڕێگایەکە بۆ ئاشتی. فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ریزبەندەکانی سیاسی فیدراڵ خۆحکوومەتی و حکوومەتی هاوبەش وەکو ئامرازێک بۆ دابینکردنی ئاشتی تێکەڵ دەکەن. وتارێکی ئەلەزار لە ژێر ناوی 'فیدرالیزم و ڕێگایەک بۆ ئاشتی' (١٩٩٤) بوارێکی نوێی لەسەر جۆراوجۆریی و نەرمونیانی بیرۆکەی فیدرالیزم خستە بەر باس و ئەوەی کە چۆن بەکارهێنانی لە یەک فۆرم یان ئەوەی تردا لە بواری ناکۆکیەکانی هاوچەرخدا ڕەنگە یاریدەر بێت لە ئاراستەی دەستەبەر کردنی پێکەوە بوونێکی ئاشتیانەدا[١٧٧]. بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مۆدێلەدا وەک گانۆن[١٧٨] کە بە لەبەرچاوگرتنی کێشەی

---

[176] Fenna, **op.cit.**

[177] Ronald L. Watts, 'Daniel J. Elazar: Comparative Federalism and Post-Statism', **Publius: The Journal of Federalism**, 30:4 (Fall 2000), pp 155-168.

[178] Gagnon

بگەڕێوە بۆ پێرست

فیدراسیۆنە فرەنەتەوەییەکان، پێشنیاری کردووە، خاڵێکی تر لێکجیاکردنەوەی نەتەوە و هاووڵاتی بوون[١٧٩] دەبێت کە پێویستە بۆ پەرەپێدانی فیدراسیۆنێکی فرەنەتەوەیی کاریگەر[١٨٠]. لێرەدا هاووڵاتی (سیتیزن) پێوەندی بە وڵاتەوە هەیە کە یەک وڵاتە و بۆیە هاووڵاتیی دووانەیە، بەڵام نەتەوە جیاوازە و رەنگە لە وڵاتێکدا چەند نەتەوە هەبن، بۆیە نەتەوایەتی تاقانەیە واتە تاکەکان سەر بە یەک نەتەوەن. فیدرالیزم لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا شتێکە لە نێوان دەوڵەت-نەتەوەی یونیتەری و پێکهاتەیەکی دامەزراوەیی نێونەتەوەیی. خەڵک لەم دەوڵەتە فیدراڵانەدا بە شێوەی هاوکات تایبەتمەندی هاووڵاتی بوونی دووانە لەگەڵ سەروەرییان هەیە: خەڵکی فیدراڵ و خەڵکی هەرێم. هەر بۆیە فیدرالیزم زۆرتر توانای هەیە بۆ گونجان لەگەڵ شوناسە جیاوازەکان و رێگایەکی شیاوە بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی لە نێوان هاووڵاتییانی نەتەوە پێکهێنەرەکان.

لەم پێوەندیەدا، هەندێ نووسەری وەک شاتیر تیشکیان خستووەتە سەر باسی شوناس بۆ فیدرالیزم. فیدرالیزمی فرەنەتەوەیی ئەو داواکاریەی هەیە کە ناسەنتەڕاڵی کردن دەبێت بنیات بنرێتەوە لە راستای هێڵە نەتەوەیی و کەلەپووریەکاندا، بە

---

[179] Nation & citizenship
[180] Ibid.

جۆرێک کە یەکە نەتەوەیی و کەلەپووریەکان دەسەڵاتی خۆحکوومەتیان هەبێت. دەوڵەتە فێدراڵییە فرەنەتەوەییەکانی وەک بەلژیک یان کەنەدا فێدرالیزمیان بە وردی لە بەر هۆکارەکانی پێوەندیدار بە شوناس بەکارهێناوە و زۆرتر وابیردەکرێتەوە کە سەرکەوتنی فێدراسیۆن گرێدراوی ئەوەیە کە داواکاریەکانی ناسینی شوناسی نەتەوەکانی ناو دەوڵەتەکان رازی بکات. شاتێر باس لە رێبازی "فێدرالیزم وەکو دادپەروەریی" دەکات کە تێیدا هۆیەکانی پێوەندیدار بە شوناس لە خۆیاندا تەواون بۆ راگرتنی کێشەی جیایی خوازیی بۆ فێدرالیزم. واتە مسۆگەربوون لە باری شوناسەوە پێشگیری لە جیابوونەوە دەکات. لەم روانگەوە فێدرالیزم پێوەندی بە دادپەروەریی پێوەندیدار بە شوناس یان وەرگرتنی مافی پێوەندیدار بە شوناس هەیە. چەندین تیۆریستی نەریتی فێدرالیزمی فرەنەتەوەیی باسیان کردووە کە شوناسە نەتەوەیی و کەلەپووریەکان وەها گرنگیەکی قووڵیان لە ژیانی خەڵکدا هەیە، کە دەبێتە هۆی ناسینی سیاسی ئەوان هەر بە رادەی ئاستێکی دیار لە خۆحکوومەتی چاک و پەسەندکراو. خەڵک بایەخ دادەنێن بۆ شوناسی نەتەوەییان و حەزیان لێیەتی کە کاردانەوی ئەوە لە دامەزراوە سیاسییەکاندا ببینن. وەک ئالەن پاتێن[١٨١] باس دەکات رێز لەم حەز و ئۆگریانە دەگیردرێت، لەبەر

[181] Alan Patten

ئەوەی کە ئەگەر چاکەیەک (لێرەدا خۆحکوومەتی) بۆ زۆر گروپ بایەخی هەیە و ئەگەر دەوڵەتەکان وەکو دامەزراوەی بێلایەنن دەبێت ئەم چاکەیە دابەش بکەن و تەنیا ڕێگای شیاویش بۆ دابەشکردنی ئەم چاکەیە ئەوەیە کە بە شێوەی یەکسان دابەش بکرێت. خۆحکوومەتی شتێکی گرنگە، یەکەم، بە هۆی پێگەی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە خۆ. زۆربەی خەڵکی هەست بە سووکی و بێ ڕێزی دەکەن ئەگەر ئەو دامەزراوە سیاسییانەی کە لە لایەن ئەوانەوە بنیات نراون، لە شوناسێکی یەکلایەنەدا پێناسە بکرێن و ئەوان نەکاتە بەشدار لە گەڵ خۆیان و هاوبەشیان نەکەن. دووهەم بە هۆی ئەوەی کە کیمیلیکا باسی دەکات کە بوارەکانی کەلەپووریی-نەتەوەیی سەربەستی دابین دەکەن کە ئەمە هاوشانە لەگەڵ ئەو باسەیدا کە خۆحکوومەتی چاکترین ڕێگایە بۆ کۆمەڵە نەتەوەییەکان کە توانا بە ئەندامەکانیان بدات بۆ درێژەدان بە چێژ بردن و کەڵک وەرگرتن لە بواری کەلەپووریی —نەتەوەیی خۆیان. لە بیرۆکەی "فێدرالیزم وەکو دادپەروەریی"دا: ناسینی سیاسی شوناسە نەتەوەیی و کەلەپووریەکان شتێکی گرنگە و بەپێی ئەوەی کە لە باری سیاسییەوە بێلایەن بوون لە ڕاستای وەها شوناسگەلێکدا بۆی نییە، تەنیا ڕێگای شیاو بۆ دابەشکردنی ئەم شتە چاکە، یەکسان دابەشکردنیەتی؛ و سیستەمە فێدراڵییەکان چاکتر تەیار دەکرێن بۆ بەدیهاتنی یەکسانی هەڵسوکەوت لە چاو دەوڵەتە یونیتەریەکان. بە کورتی،

بگەڕێوە بۆ پێڕست.

دادپەروەریی شوناس پێویستی بە هەڵسوکەوتی یەکسان هەیە و فیدرالیزم چاکترین ڕێگایە بۆ بەدیهاتنی هەڵسوکەوتی یەکسان. لەم ڕاستایەدا، کیملیکا باس لەوە دەکات کە تەنیا جێگرەوە بۆ بیرۆکەی 'بێلایەنی کەلەپووری نەتەوەیی' یان 'سەرنج و گوێ پێ نەدان'، سیاسەتی گەڕەنتی کردن و مسۆگەربوونی مافەکانی کەمینەیە، واتە گروپە نەتەوەییەکان "مافی خۆحکوومەتی"یان هەیە. کیملیکا بەو ئاکامە دەگات کە ئەگەر بژاردەی سیاسەتی بێ لایەنی لە باری کەلەپووریەوە نەبێت، لیبرالیزم ڕێدەکەوێت لەگەڵ پێدانی مافەکانی خۆحکوومەتی بۆ گروپە نەتەوەییەکان، بە جۆرێک کە توانایان دەکات بۆ پاراستنی کەلەپووری خۆیان. دەرەنجامەکەی پێشنیارکردنی دەوڵەتێکی فیدراڵی فرەنەتەوەییە کە خودموختاری سیاسی بە نەتەوەکانی بن-دەوڵەت دەدا. بۆ وێنە کیملیکا سویس بە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی بریتی لە نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەزانێت، کە هەستی بەهێزی شوناسی نیشتمانی بۆ تەواوەتی سویس هەیە وێڕای جۆراوجۆریی زمانی و کەلەپووریی زۆر[١٨٢]. لەم ڕوانگەوە، فیدرالیزم جۆرێک گرێبەستی سیاسی-کۆمەڵایەتییە.

شاتێر باس لەوە دەکات کە گرێبەستی فیدراڵ وەڵامی سێ پرس لەخۆدەگرێت: چ بیچمێکی (فۆرمی) دەربڕینی دامەزراوەیی

---

[182] Schutter, op.cit.



بگەڕێوە بۆ پێرست

دەبێت بدرێت بە خۆحکوومەتی نەتەوەیی؟، کام یەک لە دەسەڵاتەکان دەبێت بسپێردرێن و کامانەیان دەبێت بە شێوەی فیدراڵ بمێننەوە؟ دەوڵەتی فیدراڵی فرەنەتەوەیی دەبێت بەدواداچوون بۆ چ جۆرە سیاسەتگەلێک بکات؟ وەڵامی پرسیاری یەکەم بریتییە لە دوو بەش: ئەلف) دیاریکردنی دوو بەشی دەسەڵاتی سیاسی —فیدراڵ و یەکە پێکهێنەرەکان؛ و ب) دیاریکردنی نوێنەرایەتی یەکە خۆحکوومەتیەکان لە ئاستی فیدراڵدا. کاتێک کە ڕێکەوتنی خەڵک و گەلی فیدراڵ لە ڕێگای دەزگا سیاسیەکانی دەوڵەتێکی بەرین دەردەبڕدرێت، ڕاهاتوویی نەتەوایەتی بن-دەوڵەت[١٨٣] لە ڕێگای دیاریکردنی کۆمەڵگا سیاسییە بن-دەوڵەتەکانەوە کە یەکەکانی نەتەوەیی-کەلەپووریی پێکدێنن بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. ساکارترین ڕێگا بۆ ناساندنی ئەمە دانان لە باری جوگرافیایە بەپێی گروپە نەتەوەییەکان و بەخشینی خودموختاری سیاسی بنەڕەتی بەوانە لەسەر ئەو خاک و جوگرافیایە تاکو لە ڕێگای پاڕلەمان و حکوومەتێکی خاوەن دەسەڵات و سەروەرییەوە کار بکرێت. کەواتە بۆ نموونە، کێبێک، کاتالۆنیا و فلەندەرز[١٨٤] و کوردستانی باشوور و...هتد، هەرکامیان لە باری جوگرافیاییەوە (پێوەندیدار بە خاک) وەکو یەکەگەلێکی

[183] sub-state nationality

[184] Quebec, Catalonia, Flanders

بگەڕێوە بۆ پێرست

خۆحکوومەتی پێناسە دەکرێن. لە کاتێکدا کە بەخشینی خۆحکوومەتی جوگرافیایی بۆ هەر گروپێکی نەتەوەیی، وەکو بابەتێکی ستانداردی نەتەوەکانی بن-دەوڵەتی راهاتوو دەبینرێت، بەڵام هەندێ ئاڵتەرناتیڤیش هەیە بۆ ئەو بابەتانەی کە بە کۆبوونەوە و لە دەوریەک بوونی گروپەکان لە باری جوگرافیاییەوە دیاری ناکرێن، کە دواجار لەگەڵ کێشەی "کەمینە لە ناو کەمینەکاندا" لە بەشێکی جوگرافیایی دیاریکراودا رووبەڕوو دەبنەوە. کەواتە مۆدێلی جۆگرافیایی یان تێریتۆریاڵ رێگاچارەیەکی تارادەیەک گرنگ، بۆ ئەم کێشەیە دابین دەکات: ئەندامانی نەتەوەیەکی تر کە لە یەکەیەکی جوگرافیایی ژێر زاڵیەتی نەتەوەیەکی کەمینەی خۆدەسەڵاتداردا دەژین، شوناسیان ناسراوە لە رێگای هەبوونی ئاستێکی فیدراڵی خۆحکوومەتی. ئاڵتێرناتیڤێک بۆ ئەمە "دووناسیۆنالیزمی جوگرافیایی"یە[185] واتە دوو یان چەند نەتەوە بە شێوەی تێکەڵ لە یەکەیەکی جوگرافیاییدا دەژین. یەکەکە وا رادەگەیندرێت کە هی هەردوو نەتەوەکەیە و کۆمەڵێک میکانیزمی هاوسەنگ کردن وەکو کۆتا (پشک) و دەسەڵاتەکانی ڤیتۆشیان پێ دەدرێت. ئاڵتەرناتیڤی دووەم "خۆحکوومەتی ناجوگرافیایی" یان ناتێریتۆریاڵە، واتە دەسەڵاتی سیاسی تارادەیەک لە رێگای ناجوگرافیاییەوە جێبەجێ دەکرێت.

---

185 territorial binationalism

کەواتە، لە کردەوەدا خۆحکوومەتی ناجوگرافیایی هەموو کاتێک تێکەڵ لەگەڵ دووناسیۆنالیزمی جوگرافیایی یان خۆحکوومەتی جوگرافیایی دا بەدواداچوونی بۆ دەکرێت بە هۆی لایەنە جوگرافیاییەکان وەکو جادەکان و ئاسایشی گشتی کە ناکرێ دووریان لێ بکرێت[١٨٦]. خۆحکوومەتی ناجوگرافیایی بە جۆرێک هەر ئەو فێدراڵیزمی کامیونیتاریەن یان دیموکراسی فرەنەتەوەییە، کە لە خودی یەکەکاندا ئەگەر کەمینەیان هەبێت جیبەجێ دەکرێت.

جگە لە دیاریکردن و ناسینی نەتەوەکانی بن —دەوڵەت و سپاردنی دەسەلاتی سیاسی بەوان، ڕێگای تری دەربڕینی ناسینی دامەزراوەیی بۆ ئارمانی (ئایدیالی) خۆحکوومەتی نەتەوەیی بن-دەوڵەت، نوێنەرایەتی کردنی ئەوان لە ئاستی فێدراڵ دایە - بۆ نموونە لە ڕێگای نوێنەرایەتی کردنی نەتەوەکان لە ئەنجومەنی دووەمی پارڵەمانی فێدراڵدا. بە گشتی، دەکرێت بازنەیەکی بەربلاو لە ڕێگا ڕەواکان بۆ بە دامەزراوەیی دەربڕینی خۆحکوومەتی ئاماژەی پێ بکرێت، تا ئەو شوێنەی کە ئەوان ئایدیالی هەڵسوکەوتی یەکسانی شوناسە نەتەوەییەکان دەردەبڕن. لێرەدا واتە لە ئاستی فێدراڵدا، ڕوانگەیەک ڕاهاتووە لەگەڵ تێگەیشتن لە دیمۆکراسی فێدراڵ وەکو تەنیا بەشداریی "ناڕاستەوخۆ" کە نەتەوە

186 schutter, op.cit.

بن دەوڵەتەکان نوێنەرایەتی دەسپێرن بە نوێنەرەکان بۆ سەر مێزی وتوویژی فێدراڵ. روانگەی تر، رێبازی ئایدیالی 'فێدرالیزم وەکو دادپەروەری'یە. روانگەی فێدرالیزم وەکو دادپەروەریی، باسێک بۆ پێدانی دەربڕینێکی دامەزراوەیی بۆ هەبوونی خەڵکێکی فێدڕاڵ لە پەنای دەربڕینێکی دامەزراوەییدا بۆ خەڵکانی بن-دەوڵەت دابین دەکات. ئەم روانگەیە لەگەڵ بەشداریی راستەوخۆی هاووڵاتییان لە هەردووکی سیاسەتەکانی فێدڕاڵ و بن-دەوڵەتدا گونجاوە. کەواتە جێبەجێ کردنی خودموختاری بە کۆمەڵی فێدراڵ هەر لە سەرەتادا روودەدات لە رێگای خۆحکوومەتی فێدراڵ، نەک بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە رێگای نوێنەرانی یەکە پێکهێنەرەکانەوە[١٨٧].

لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا کە کام دەسەڵاتگەلێک دەبێت بسپێردرێن بە نەتەوە بن-دەوڵەتەکان و کامەیان دەبێت بۆ فێدراڵ بمێنیتەوە، پێبەستەیە بە بابەتی بەردەست. وەکو رێسایەکی گشتی، دەکرێ بگوترێت کە یەکە خۆبەڕێوەبەرەکان — بن دەوڵەت یان فێدراڵ — پێویستیان بە دەسەڵاتێکی زۆر هەیە، تا بتوانن خودموختاریەکی واتادار جێبەجێ بکەن. ئەم دەسەڵاتانە توانا دەدات بە بەرپرسان بۆ هەموو شیاویەتیەکانی نەتەوەسازی نەریتی، وەک سیاسەتی زمان، پەروەردە و راگەیەنەی گشتی.

---

[187] Ibid.

هەرچەند، هیچ هۆیەک نییە بۆ گریمانەی ئەوەی کە خۆحکوومەتی دەبێت بەمانەوە سنووردار بکرێتەوە. لە راستیدا، کەلەپوورێکی نەتەوەیی بە تەنیا لە زمان یان مێژوودا دەرناکەوێت، بەڵکو لە بوارەکانی سیاسەتی نەریتیدا زۆرتر رەنگدانەوەی دەبێت، وەک پلاندانانی ژینگەیی، چاودێریی تەندروستی و تەنانەت کاروباری نێونەتەوەیی. فێدرالیزم زۆرتر پێوەندی بە دابەشکردنی دەسەڵات لە باری سیاسەت دانانەوە هەیە، تا ئەوەی کە دەبێت سیاسەتگەلێکی تایبەت بەدواداچوونیان بۆ بکرێت[188].

بە گشتی ئەگەر فێدرالیزمی کامیونیتاریەن (بە جۆرێکی سەرەکی فێدراڵ) لەبەرچاو نەگرین، لە بەر ئەوەی بنەمای فێدراڵ کە دابەشکاریی جوگرافیایی-سیاسییە لەم جۆرەدا نابینرێت، وێرای هەبوونی جیاوازیی شێوازەکان لە نێوان سیستەمە فێدراڵەکاندا، مۆدێلێکی هاوبەش لە سیستەمی فێدرالیستیدا دەبینرێت کە لە زۆربەی ئەزموون و وڵاتەکاندا هەیە. ئەم مۆدێلە هاوبەشە هەر ئەو "دووانە بوونی" دەسەڵاتی سیاسییەیە کە بە پێچەوانەی یونیتاریانیسمە. بەو واتایە کە جگە لە کۆمەڵگا جیاوازەکان، لانیکەم دوو ئاستی جیاواز لە حکوومەتدا دەبینرێت: ئاستی وڵات و ئاستی هەرێم. هەرچەند فێدرالیزم لەگەڵ گۆڕانی ویستەکان و

188 Ibid.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئیمکاناتی کۆمەڵگا راهاتوو دەکرێت. لەم راستایەشدا جێی ئاماژەیە کە بەپێچەوانەی بیرورایەک کە دەیهەوێت لە دابەشکاریەکی هەڵەدا فیدرالیزمی فەرمانگەیی لە سیاسی جیا بکاتەوە، باسی فیدرالیزم بە هەموو مۆدیلەکانیەوە لە بنەڕەتدا سیاسییە، چونکە پێوەندی بە حکوومەت و دابەشکاریی جوگرافیایی-سیاسی دەسەڵاتەوە هەیە، کە ئەگەر وانەبێت هیچ فیدرالیزمێک لە ئارادا نییە. بەڵام هۆکاری پێکهاتنی جیاوازیی لە نێوان ئەم مۆدیلانەدا بنەمای ئەم دابەشکارییەیە (وەک دابەشکاریی بەپێی کاروباری فەرمانگەیی، کەلێنی کۆمەڵایەتی بۆ وێنە نەتەوەیی و...).

**٩- پێوەندی نێوان حکوومەتیی و فیدرالیزمی پێوەندیدار بە دارایی**

پێوەندی نێوان حکوومەتیی چ ئاسۆیی و چ ئەستوونی، بە شێوازی جۆراوجۆر (بەتایبەت لە رێگای دامەزراوە ناوحکوومەتیەکان و دانیشتن لە نێوان بەرپرساندا بۆ وتوویژ، راوێژکاریی و هاوکاریی) بەڕێوە دەچێت[١٨٩]. تەنانەت ئەم پێوەندییانەی نێوان یەکەکان و نەتەوەکانی نێو وڵاتێک دەکرێ وەک جۆرێک پێوەندی نێونەتەوەیی لەبەرچاو بگیردرێن. هوگۆ گرۆتیس و ساموئێل پوفیندۆرف[١٩٠] ریزبەندی فیدراڵیان وەکو

---

[189] watts, **op.cit.**, 1999, p. 58.

[190] Hugo Grotius & Samuel Pufendorf

بگەڕێوە بۆ پێرست

لایەنەکانی یاسای نێونەتەوەیی شیکردووەتەوە. لە ڕێبازی سەردەمییانەدا بە هۆی حکوومەتی سنووردار لە ڕێگای هاوسەنگ کردنی دەسەڵات لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکان و حکوومەتی ناوەندیی، سیاسەتی نێوان حکوومەتی لە زۆربەی سیستەمە فێدراڵەکاندا زاڵ بووە[١٩١]. لەم راستایەدا، جگە لە مۆدێلەکانی فێدرالیزم کە زۆرتر پێوەندییان بە قەوارە و شێوازی فێدرالیزمەوە هەیە، سەبارەت بە نێوەڕۆک و پێوەندییەکانی دوو ئاستی حکوومەتی و حکوومەتەکانیش پێکەوە، بەتایبەت لە باری سیاسی و ئابووریەوە، لێکۆڵەرانی سیاسەت و یاسا باسیان لە هەندێ ڕێباز و تیۆری کردووە. بە گشتی دوو ڕێباز هەیە؛ یەکەم، نەریتی (وەک فێدرالیزمی دووانە و رکابەرانە)، و دووەم، سەردەمییانە (مۆدێڕن) کە خۆی دوو رەوتی لێ دەبێتەوە: رەوتی یەکەم، شەبەنگێک بریتی لە فێدرالیزمی هەرەوەزیانە و هاوسەنگ کراو، فێدرالیزمی هاریکارانە، چەند دەنگە و تیۆری تاقیگەیی، و رەوتی دووەم، فێدرالیزمی زۆرەملێ[١٩٢].

---

[191] Azam. **Op.cit**, p. 236

[192] Shannon K. McGovern, ‘A new model for states as laboratories for reform: how federalism informs education policy’, ***New York University law review*** [Vol. 86: pp. 1519-1555.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

تیۆریە نەریتیەکانی فێدرالیزم کە لە ویژە و نووسراوە یاسایی، رامیاریی و ئابووریەکانەوە سەرچاوە دەگرن، وتەی زۆریان پێیە لەسەر چۆنیەتی تەرخانکردنی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی فێدراڵ و هەرێمەکان. نەریتخوازەکان جەخت لەسەر هەبوونی دوو دەسەڵاتی رەوای سەربەخۆ و هاوتا دەکەن، کە دەسەڵاتی تەواویان لە ناو بازنەی دەسەڵاتی وەسفکراو لەلایەن یاسای بنچینەییەوە هەیە. ویێر و دیسیل[١٩٣] لە پەرەپێدەرانی ئەم ریبازەن. لە پێناسەی کلاسیکی ویێردا کە ئاماژەی پێ کرا، فێدرالیزم لەگەڵ دابەشکردنی ئەستوونی دەسەڵاتدا سەروکاری هەیە. بە شێوەیەکی گشتی زاڵ دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی گشتی و ناوچەییدا هەیە، "هەرکام لەوانە لە هەرێمی خۆیدا هاوتەریبە لەگەڵ ئەوانی تر و سەربەخۆن." ئەم پێناسەیەی ویێر (١٩٦٤) لە فێدرالیزم پێوەندی بەو شوێنانەوە هەیە کە تێیاندا حکوومەتگەلێکی دووانە لەگەڵ دەرەتانگەلێکی راشکاوی دەسەڵاتی رەوا و دەسەڵات دەبینرێن، یان بە واتایەکی تر "فێدرالیزمی دوئالیستیک". ویێر درێژەی پێ دەدات کە وەها فێدراسیۆنێک ویستی حەشیمەت پیشان دەدات کە دەبێت

---

dual federalism, competitive f., cooprative f. & equipoised f., collaborative f., coercive f., polyphonic f., laboratory theory.

[193] K. C. Wheare & A.V. Dicey

بگەڕێوە بۆ پێڕست

هاوکات هەم جیا بێت و هەم یەکگرتوو. پرۆسەی فیدراڵی کردن لەوەها مۆدێلێکدا هەم وەک یەکگرتوویی و هەم بە هەمان رادەش بە جیایی کار دەکات [١٩٤].

تیۆری "فیدرالیزمی دووانە" بیرۆکەیەکی لە مێژینەی فیدرالیزمە کە دوو دەسەڵاتی جیاواز لە خۆ دەگریت؛ بە شێوەی دوولایەنە و پاوانخوازانە هەرێمی دەسەڵاتی یەکەی پێکهێنەر و فیدراڵ. لە فیدرالیزمی دووانەدا، ویلایەتەکان و حکوومەتی ناوەندی هەرکامیان باندەستن لە ناو بازنە و دەرەتانی خۆیاندا و بە جۆرێک لە جۆرەکان رکابەرایەتی هەیە لە نێوان ئەم دوو ئاستەی حکوومەت و هەروەها حکوومەتە پێکهێنەرەکاندا، واتە فیدرالیزمی دووانە رکابەرانەشە. ئەم بیرۆکەیە کە پێشتر لە ئەمریکا باو بووە کەمتر هاوشێوەیە لەگەڵ دەوڵەتە فەرمانگەییە مودێرنەکان کە تێیاندا هەموو شتێ خەریکە بووبێتە نێوان حکوومەتی. لە ئەمریکادا وێرای ئەوەی کە لە باری یاساییەوە ئەو قانە (ئیمتیاز) بە ویلایەتەکان دراوە کە واشنگتۆن ناتوانێ هەڵیانوەشێنێتەوە و لە ناویان ببات، بەڵام بە گشتی زۆر سەروکاریان لە گەڵ بڕیاردانی پێوەندیدار بە وڵاتەوە نییە. ئەوان لە پشت مێزی بڕیاردان لە واشنگتۆن، کورسییان نییە. چەمکی "فیدرالیزمی دوئال" جیایی نێوان ئاستی وڵات بە گشتی (حکوومەتی فیدراڵ) و یەکەی

194 Azam. Op.cit, p. 254

بگەڕێوە بۆ پێڕست

پێکهێنەری بە پێویست زانیوە - هەرکامیان لە "دەرەتانەکانی کاری" خۆیدا یاسا دادەنێت. کەواتە، بەرپرسانی یەکەی پێکهێنەر لە نێو جوگرافیای خۆیاندا بۆ زۆر بواری پێوەندیدار بە سیاسەتەکان و دامەزراوە فێدراڵەکان و بە گشتی لە نێو ڕێژەیەکی سنوورداری بوارەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتەکان بۆ وڵاتیش یاسا دادەنێن. ئەگەرچی، لە ئەمریکا سەرەتا سێناتۆرەکان لەلایەن یاسادانەرانی ویلایەتەوە هەڵدەبژێردران، بەڵام هەڤدەهەمین چاکسازیی ڕێگەیدا بە سێناتۆرەکان کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێن. هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سێناتۆرەکان پێوەندی نێوان دامەزراوەکانی ئاستی ویلایەت و بڕیاردانی ئاستی وڵاتی پچڕاند. لە کاتێکدا کە لقی جێبەجێکاریی ویلایەتەکانی ئاڵمان وەکو دامەزراوەیەک لە ئەنجومەنی دووەمی پارڵەمانی وڵاتدا نوێنەرایەتی دەکرێت، حکوومەتەکانی ویلایەتەکانی ئەمریکا نوێنەرایەتی ناکرێن چ لە ئەنجومەنی پیران (سێنا) یان ئەنجومەنی نیشتمانیدا و دەسەڵاتدارەکانی ویلایەت تەنیا لەلایەن گروپەکانی بەرژەوەندیی نیشتمانیەوە نوێنەرایەتی دەکرێن. بۆ ڕێکخراوی سیستەمی فێدراڵی ئاڵمان سیاسەتی هەرێمی لە ناوەند دایە، واتە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی هەرێمەکان لە ڕێگای حکوومەتەکانیانەوەیە. بەرژەوەندییە هەرێمییەکان تەنانەت دەتوانێ پێشتریێتیان هەبێت بەسەر جیاوازیەکانی دیکەدا، بۆ نموونە جیاوازیە حیزبییەکان. دەسەڵاتدارانی یەکە پێکهێنەرەکانی

ئاڵمان لە ئەنجومەنی سەرەوەی کۆماری فێدراڵدا یەکسانن. لە ئەمریکادا، بەپێچەوانەوە، دەسەڵاتدارانی یەکەکان بڕیاردەرانی ئاستی وڵات نین. دەسەڵاتدارانی یەکەکان لە واشنگتۆندا لۆبیستن تاکو بڕیاردەر. لە کاتێکدا کە دەتوانن لە ئاستی فێدراڵدا لۆبی بکەن، بەڵام لە باری یاساییەوە بڕیاردەری دیاریکراو نین، وەکو دەسەڵاتدارانی یەکە پێکهێنەرەکانی ئاڵمان[195].

لە باری کارکردییەوە، تیۆری "فێدرالیزمی دووانە" لەلایەن هەندێ لێکۆڵەرەوە کەوتە بەر رەخنە کە تیۆری دووانەیان بە کردەوەیی نەدەزانی و هەندێ تیۆری جێگری هاوچەرخیان پەرەپێدا وەکو: دوو رەوتی فێدرالیزمی هەرەوەزیانە و فێدرالیزمی زۆرەملێ. بە وتەی رەخنەگران، وێرای ئەوەی کە لە یاسای بنچینەییدا سنوورەکانی بازنەی کارەکان و دەسەڵاتەکانی نێوانیان گەرەنتی کراون، بەڵام دوو ئاستی حکوومەت لە سیستەمی فێدراڵدا چی تر بە شێوەی بنەڕەتی سەربەخۆ نین لە یەکتر. لە راستیدا، بەرە بەرە جەخت لەسەر هاوبەشی، دانوستان و گرێدراوی لە جێبەجێ کردنی کارەکانی تەرخانکراو بۆ هەرکام لەوانە دەکرا. فێدرالیزمی دووانە یان تیۆری داسیکاڵ[196] بۆ مانەوەی تێستی ئیمپریکاڵی پێوەندیدار و توانستی جێبەجێکردنی

[195] Sbragia, op.cit.
[196] Dassical theory



گەڕانەوە بۆ پێڕست

بەردەوام بۆ فیدراسیۆنەکان و بۆ ئەزموونە نوێیەکان لە فیدرالیزمدا سەرنەکەوت. بۆیە ڕێبازی نەریتی ڕەخنەی لێگیرا وەکو ئەوەی کە زۆر یاساییە. بە وتەی ڕەخنەگران ئەمە هێزی هێزە کۆمەڵایەتی–ئابووریەکان لەبەرچاو ناگرێت. هەروەها سەربەخۆیی یەکەکان خودموختار و سەربەست دەکات و لە ئاراستەی جۆراوجۆردا کار دەکات. ئەوان ئەمەیان بە مەترسی بۆ سەر هەستی یەکگرتوویی لە سیستەمدا دەزانی. بە بڕوای ئەوان ئەم ڕەوشە یەکەکان والێدەکات کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان بیر بکەنەوە و چاوپۆشی بکەن لە بەرژەوەندیەکانی وڵات بە گشتی. بە رای ئەمان پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیکی، فراوانی ئابووریی و کەلەپووریی و ئاسوودەیی خوازی بە جۆرێ هەستی هەرەوەزیی لە نێوان یەکەکانی فیدراسیۆندا پەرە پێدا و هەرەوەزیی وەک بارودۆخێکی ئەرێنی ڕەچاو کرا و ئەمە بە واتای پێکەوە کارکردنە بۆ سەرنجدان بە مەبەستێکی هاوبەش. برچ، میشێل دی ڕەیگان، و ڤیل و ئەلەزار[١٩٧] پەرەپێدەرانی ڕێبازی نوێ بوون کە لەسەر فاکتۆری گرێدراویی و پێبەستەبوون و هاوکاریی زیاتر لە هاوتەریبی و سەربەخۆیی، جەخت دەکەن. ئەمانە پێشنیاریان کرد کە چەمکی نەریتی فیدرالیزم وەکو

197 A. H. Birch, Michael D. Reagan, M.C.J. Vile & D. J. Elazar

دەرگیر و چنگاوش بوون لەگەڵ سنووربەندیەکی تێژی بەرپرسایەتیەکان لە نێوان دوو ئاستی سەربەخۆی سەروەریەکان، هیچ کاتێک لە کردەوەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کاری نەکردووە. بەپێی وتەی ئەوان، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، هەروەک سەدەی بیستەم، هەرەوەزیی فەرمانگەیی (ئیداریی) و گرێدراویی سیاسی لە نێوان حکوومەتە فێدراڵەکان و ویلایەتەکان تایبەتمەندیەکی زاڵی سیستەمی فێدراڵی ئەمریکا بوو، وێرای دابەشکردنی فەرمی یاسای بنچینەیی[١٩٨].

کەواتە رێبازی نوێی فێدرالیزم فێدراڵیزمی هەرەوەزییە لەسەر بناخەی هاوکاری و پێبەستەبوون لە نێوان دوو زنجیرە حکوومەتدا. مۆدێلی "فێدرالیزمی هەرەوەزیانە" لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ناسێندرا و جەخت لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و هاریکاری نێوان هەرێمەکان و حکوومەتی فێدراڵ (بریتی لە جێبەجێ کردنی سیاسەتە گشتییە نیشتمانییەکان لەلایەن هەرێمەکانەوە بە یارمەتی حکوومەتی فێدراڵ لە باری داراییەوە)[١٩٩] دەکات. مۆدێلی هەرەوەزیی، بەپێچەوانەی مۆدێلی "دوئالیستیک"ی کلاسیک، ئاماژە دەکات بە هەبوونی دوو حکوومەت کە هەردووکیان هاوبەشی یەکسانن نەک دوو

---

[198] Verma, **op.cit**, p: 47. And, Sbragia, **Op.cit**.
[199] Shannon, **op.cit**

بگەڕێوە بۆ پێرست

رکەبەری یەکسان و هیچ حکوومەتێک باندەستی ئەوی تر نییە. بە کورتی ئەمە ئاماژە دەکات بە ڕێکەوتنی نێوان تایبەتی خوازی و گشتی خوازی و هەوڵ بۆ دوورەپەرێزی لە هێزی لەناخداهەڵگری (پۆتانسیەلی) ملهوڕی هەرکامیان[٢٠٠]. دانیەل ئەلەزار باسی کردووە کە "فیدرالیزمی هەرەوەزیی" وەسفێکی شیاوتر بوو لەسەر پێوەندیەکانی ویلایەت – ناوەند بە گوێرەی "فیدرالیزمی دووانە یان دوئال"[٢٠١].

لەم راستایەدا، دوو چەمکی فیدرالیزم و 'پێوەندییەکانی نێوان حکوومەتیی' کە بە شێوەی نزیک لەیەک و لەجێی یەک بەکار دەهێنرێن، ئاماژە بە زنجیرەیەکی ئاڵۆزی پێوەندییەکان لە هەموو ئاستەکانی حکوومەتدا دەکەن، بۆ وێنە سەبارەت بە ئەمریکا، هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەم دەیانەی دواییدا پێوەندیی نێوان واشنگتۆن و حکوومەتەکانی دیکە، بە شێوەی پاوانخوازانە تیشکی نەخستووەتە سەر حکوومەتی ویلایەتەکان[٢٠٢]. لەم پێوەندییەدا بە پێی پێناسەکەی دانیەل ئەلەزار کە جەخت لەسەر چەمکی پەیمان (گرێبەست) دەکات، هەربەو جۆرەی کە سروشتی فیدرالیزم دەریدەبڕێت، چەمکی فیدرالیزم جێگیر بووە

---

200 Azam. Op.cit, p. 254

201 Sbragia, Op.cit.

202 Ibid.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

له پێوەندییه تایبەتیەکاندا بەپێچەوانەی مۆدێله سیاسیەکانی هیرارشیک یان ناوەند-پەڕاوێز. ئەو جەختی کرد لەسەر ناسەنتەڕاڵ کردنی پێوەندیدار به گرێبەست به شێوەی بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتەکان له نێوان زۆر ناوەندا که له باری یاساییەوە دەسەڵاتی ڕەوا گەڕەنتی دەکرێت، وەکو مۆرەی سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوە و بەربڵاوی دەسەڵات که تایبەتمەندی سەرەکی دیمۆکراسی فێدراڵە. له ڕاستیدا ئەلەزار ڕوانگەیەکی نێوەنجی هەیە، وێڕای ئەوەی که له نێوان ناسەنترال کردن و دیسەنترال کردنی هیرارشیک جیاوازیی دادەنێت و فێدراڵ به ناسەنتەراڵ دەزانێت که بۆخۆشی دەتوانێت دیسەنتراڵ ببێت، سەرنج دەخاته سەر گرینگی کەلەپووری سیاسی پشتگیرانه و باڵانسی نێوان هەرەوەزی و ڕکابەرایەتی له نێوان حکوومەتی گشتیی و پێکهێنەرەکان بۆ کاری کاریگەری سیستەمه فێدراڵەکان[٢٠٣].

له پێوەندی لەگەڵ فێدرالیزمی هەرەوەزیدا، سەبارەت به هەندێ فێدراسیۆن بۆ نموونه کەنەدا، باسی "فێدرالیزمی هاریکارانه" کراوە. فێدرالیزمی هاریکارانه تایبەتمەندیەکانی فێدرالیزمی هەرەوەزیانه و فێدرالیزمی کلاسیک (دووانه) تێکەڵ به یەک دەکات. هاریکاری ڕەنگه لەسەر بنەمای ڕێسا بێت یان ڕێکەوتن و ڕەزامەندی. له هاریکاری بەپێی ڕێسا و یاسا ئەوە

[203] Watts, op.cit.

یاسای بنچینەییە کە پلەی شیاوییەتی یاسادانان و جێبەجێکاریی هەر ئاستێک لە حکوومەت لە دەرەتانێکی تایبەتدا، پەسەند دەکات. هاریکاری ڕێکەوتنی، لەلایەکی ترەوە، ئاماژە بە ڕێکەوتنە سیاسی و فەرمانگەییەکان (ئیداری) لەسەر سیاسەتی گشتی دەکات. لایەنی جیاوازیی فیدرالیزمی هاریکارانە ئەوەیە کە سەربەخۆیی هەیە، بەڵام هیرارشی (زنجیرەپلەی باندەستی یەکتر بوون یان هاوتا نەبوون) لە نێوان حکوومەتەکاندا نییە. کەواتە، بارودۆخی یەکەکانی ئەندام ڕەنگە لە سێ مافی پەسەندکراو لە یاسای بنچینەییدا پێناسە بکرێت؛ مافی بوون، بەتایبەت بریتی لە مافی یەکەکە بۆ ئەوەی کە سنوورە جوگرافیاییەکان بە شێوەی یەک لایەنە لەلایەن ناوەندەوە نابێت بگۆڕدرێن یان تێکبدرێن؛ مافی خودموختاریی، بە لەبەرچاوگرتنی هەردووکی یاسادانان و فەرمانگەیی، کە نەتەنیا مافی جێبەجێ کردنی یاساکانی خودی یەکەکە بەڵکو لە باری یاسای بنچینەییەوە مافی جێبەجێ کردنی یاساکانی حکوومەتی ناوەندیشی هەیە وەک نموونەی ئاڵمان؛ و لە کۆتاییدا، مافی بەشداریی بە شێوەی فەرمی و نافەرمی لە پێکهێنانی ویستە سیاسیەکانی ناوەند. ئەم دوایین مافە پیشان دەدات کە لە باری یاسای بنچینەییەوە مافە گەڕەنتی کراوەکان و خودموختاری سیستەمێکی فیدراڵ، بەو واتایە نییە کە یەکەکان بە تەواوەتی جیا دەبنەوە لە ناوەند بەڵکو لە دیالۆگێکی بەردەوام دان لەگەڵیدا. ئەم ڕوانگەیە جەخت لەسەر لەبەین نەچوونی یەکەکان

بگەڕێوە بۆ پێڕست

و یەکیەتی، کۆنترۆڵی هاوبەش بەسەر پێکهێنانی سیاسەتە نیشتمانیەکان و بەتایبەت ئەوانەی کە کاریگەرن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی فێدراڵ، و خودموختاری گەرەنتی کراوی یاسادانان و جێبەجێکاری لەو بابەتانەیدا کە تەرخان کراون بۆ یەکەی پێکهێنەر دەکات. لەم روانگەوە دەوری ناوەند سنووردار دەکرێتەوە بۆ سێ کارکردی رێکخستن، دابەشکردن و ستانداردکردن و هاوئاهەنگ کردن. کارکردی رێکخستن ئەو بابەتانە لەبەر دەگرێت کە لە ئاستی وڵات بە گشتی و لە نێوان هەرێمەکاندا کاریگەری هەیە، وەک ژینگە. کارکردی دابەشکاریی بە شێوەی سەرەکی دابەشکردنی سامانەکان و راگرتنی باڵانسی ئابووریی نێوان ناوچەکان لەبەر دەگرێت. هاوئاهەنگ کردن ئاماژە دەکات بە رێکخستنی نۆرم و ستانداردەکان لەو بوارانەدا کە پێویستی بە دیمەنی نیشتمانی و یەکفۆرمی سیاسەت هەیە، وەک زانست و تەکنۆلۆژیا، تەندروستی و هتد[٢٠٤].

هەر لە پێوەندی لەگەڵ رێبازی پێویستیی رێکەوتن و دیالۆگ کە لە فێدرالیزمی هاریکارانەدا هاتە ئاراوە، هەندێ تیۆری نوێی تریش باس کراون. رابێرت شاپیرۆ[٢٠٥] فێدرالیزمی چەند دەنگەی پەرە پێداوە کە باس لە فرەچەشنی و سەرچاوە سەربەخۆکانی

---

204 Dua & Singh, **op.cit**, p. 88-89

205 Robert A. Schapiro

بگەڕێوە بۆ پێرست

دەسەڵاتی سیاسی و...هتد، دەکات. لە باتی بوارێکی جیاوازیی دایمی بۆ دەسەڵاتی فێدراڵ و هەرێم، مۆدێلی شاپیرۆ گریمانە دەکات کە فرەیی (پلورالیستی)، وتووێژ (دیالۆگ) و بەرفراوانی دەبێتە هۆی راهێنان و نەرمونیانی. وەها مۆدێلێک سێ قازانجی هەیە: هەرێمەکان لە یەکترییەوە فێردەبن، حکوومەتی فێدراڵ بەپێی چاکترین کردەوەکانی هەرێمەکان کار دەکات و هەرێمەکان دەبنە بابەتی هێڵە بنەڕەتیەکانی فێدراڵ و دەتوانن کردەوەکانیان بگۆڕن و کردەوەکان دەتوانن بە تێپەڕینی کات گەشە بکەن[٢٠٦].

هەروەها لە راستای پێوەندییەکانی نێوان حکوومەتیی و هەرەوەزیی و هاریکاریدا، تیۆریەکی تری نوێی فێدرالیزم، واتە تیۆری تاقیگەیی هاتە ئاراوە کە باس لە تاقیگە بوونی یەکە پێکهێنەرەکان دەکات. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا براندیس هەرێمەکانی وەک تاقیگە وەسف کرد کە رەنگە ئەزموونگەلێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی نوێ هەڵسەنگێنن، بێ ئەوەی کە بەشەکانی دیکەی وڵات بکەونە مەترسییەوە. سەرنەکەوتنی هەندێ پرۆگرام بووە هۆی ئەوەی کە یەکە پێکهێنەرەکان سەرنجیان بدرێت و کەڵکیان لێوەرگیردرێت وەکو "تاقیگەیەک"ی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە چ جۆرە پرۆگرامگەلێک

[206] Shannon, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دەکرێ بەکار بهێنرێن[٢٠٧]. دەوری حکومەتی فیدراڵ وەکو کەسێکی یارمەتیدەری تاقیگە وێنا دەکرێت کە هاوکات دەبینێت و پشتگیری لێکۆڵینەوەیی دابین دەکات بۆ ریژەیەک لە ئەزموونەکان، هەندێ ئاکام لە دەرەنجامەکان دەردەهێنێت و خزمەت دەکات وەکو خەزێنەیەکی زانیاریی بۆ ئەزموونەکانی داهاتوو. بۆ نموونە بۆ چاکسازیی لە بواری خوێندن و پەروەردە و ئابوورییەوە، باسی فیدرالیزمی تاقیگەیی دەکرێت[٢٠٨].

دووەمین رەوتی ریبازی نوێ لە فیدرالیزمدا، "فیدرالیزمی زۆرەملێ" بوو کە بە پێچەوانەوەی فیدرالیزمی هەرەوەزیانە، زۆر بەکارهێنانی دەسەڵاتی یاسایی، یارمەتی مەرجدار لە باری داراییەوە، پاوانخوازی و دەست پێشخەری و رێکخستنی فەرمانگەیی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە، وەسف دەکات بۆ زەخت خستنە سەر هەرێمەکان بۆ گونجاندنیان لەگەڵ داهێنانەکانی سیاسەتی فیدراڵ. فیدرالیزمی هەرەوەزیانە بە شێوەی بەربڵاو مۆدێلێکی وەسفییە و وێرای ئەوەش، بە شێوەی ناواقیع بینانە کەمتر جەخت لەسەر ناکۆکی نێوان حکوومەتی، دەکات. فیدرالیزمی زۆرەملێ توانستی هەیە بۆ کێشەی رووبەروو بوونەوە:

---

207 Wallace E. Oates, ‘An Essay on Fiscal Federalism’, **Journal of Economic Literature**, Vol. XXXVII (September 1999) pp. 1120–1149

208 Shannon, **op.cit**

گەڕانەوە بۆ پێرست

ئەمە کەلێنی نێوان هەریم-فێدراڵ گەورە پیشان دەدات، بەمجۆرە بواری هاوبەش بە نادیار دەزانێت و پێشگیری دەکات لە هاوکاری و هەرەوەزیی.[٢٠٩] بەوەشەوە، لە بواری جۆراوجۆر و لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتە جۆراوجۆرەکاندا لە مۆدێلی جیاواز لە باری نێوەڕۆکەوە قسە کراوە و جاروبار هاوکات ئەم مۆدێلانە بەکار هێنراون. بۆ نموونە لە بواری پەروەردە و خوێندندا هەندێ لێکۆڵەر لەسەر ئەو باوەڕەن کە فێدرالیزمی زۆرەملێ و هەرەوەزیی پێویستن. وەک هۆیەک بۆ لەبەرچاوگرتنی ستانداردەکان و دەستڕاگەیشتن بە خوێندنگە و یەکسانی کە دەبێت لەلایەن هەرێمەکانەوە جێبەجێ بکرێت. لە بواری سیاسەتە گشتییەکانی وڵاتدا ئەم هێزە یاساییە بەکار دەهێنرێت.

جێی ئاماژەیە کە فێدرالیزمی زۆرەملێ کاریگەری هەبووە لەسەر پێکهاتنی قۆناخێکی نوێ کە پێی دەگوترا "فێدرالیزمی ئۆرگانیک". دەوری حکوومەتی فێدراڵ وەکو ڕێکخەری ناوەندیی لە پەرەپێدانی فێدرالیزمدا ئەم فازە نوێیەی پێکهێنا. چەمکی ئۆرگانیک پێوەندی بە جوگرافیای سیاسییەوە هەیە و ڕەنگە وەکو فێدرالیزمی یەکگرتوو ناوی لێ ببردرێت. فێدرالیزمی ئۆرگانیک ئەو پۆلێنبەندیەی فێدرالیزمە، کە تێیدا حکوومەتی ناوەندیی بە شێوەی

[209] Ibid.

بەربڵاو دەسەڵات و بوارە زۆر گرنگەکانی تایبەت بە خۆی هەر بەو رادەی چالاکییە هەرەوەزیەکان هەڵدەسوورێنێت[٢١٠].

لایەنێکی تری فێدرالیزمی زۆرەملێ، فێدرالیزمی چەکدارانەیە (میلیتاری) کە لەلایەن هەندێ نووسەرەوە باس کراوە. فێدرالیزمی چەکدارانە جۆرێ فێدرالیزمی ناوندخوازە. ئەم نووسەرانە ئەزموونی هەندێ وڵاتی فیدراڵ کە بۆ ماوەیەک کەوتوونەتە ژێر رکێفی هێزە چەکدارەکان وەکو فێدرالیزمی چەکدارانە ناو دەبەن کە لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی، زۆر ناوەندیی کردنی دەسەڵات و لەدەستچوونی خودموختاری ویلایەتەکانە. هێزە چەکدارەکان ئاوەزمەندی (عەقلانیەت) سیاسی کەمتر لە سیاسەتەکاندا پیشان دەدەن و هەروەها رێگە نادەن بە گەشەسەندنی گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە جۆرێ کە دەوری زۆر کەم لە بەڕێوەبەرایەتی وڵاتدا دەگێڕن. بۆ نموونە، ئەم جۆرە فێدرالیزمە لە نیجێریادا هەبووە. بەتایبەت لە فازی یەکەمی رێژیمی چەکداریی (٧٧-١٩٦٦) و هەروەها ساڵانی ٩٩-١٩٨٣ لەم وڵاتەدا. لەم ساڵانەدا لەم وڵاتەدا حکوومەت لەلایەن هێزە چەکدارەکان و حکوومەتەکانیانەوە زۆر سەنتەڕاڵ کرا و دەستیان گرت بە سەر نەوت و دابەشکردنی قازانجەکان لە نێوان یەکەکانی پێکهێنەری فێدراسیۆن و دەوڵەتدا. لە دوای حکوومەتی

---

[210] Verma, **op.cit**, p: 48.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

چەکداریی و بە هەوڵی گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نیجیریا لە فیدرالیزمی سەنترالْ کراوەوە بەرەو فیدرالیزمی هەرەوەزیی رۆشت[211]. لە فیدرالیزمی سەنتەڕاڵ و چەکدارانەدا بەس فیدراسیۆنیکی بێ فیدرالیزم دەبینریت.

وەکو رەوتیک سەردەمانیک کۆنفیدراڵەکان و فیدراسیۆنە شلەکان جیَیان دا بە "فیدرالیزمی دوئال"، و دواتر "فیدرالیزمی هەرەوەزیانە"، و تەنانەت بە هیوری هەندێ گەڕانەوە هەبووە بۆ "شیوە فیدراسیۆن" یان "یەکیەتی".[212] هەرچۆنیک بیت، هەموو فیدراسیۆنەکان وەکیەک نین، هەندیکیان زۆرتر هەروەزین و ئەوانی تر زۆرتر رکابەرانە، یان هاوسەنگییەک لە نیوانیاندا هەیە. ویرای بوونی فیدرالیزمی رکابەرایەتی، زۆربەی فیدراسیۆنەکان هاوکات بەرەو فیدرالیزمی هەرەوەزیی رۆشتوون کە هەرکامیان قازانجی خۆی هەیە. لە رکابەرایەتیدا خزمەتی زۆرتر پیشکەشی هاووڵاتییان دەکریت و فیدرالیزمی هەرەوەزیش ناکۆکی کەم دەکاتەوە و هاوئاهەنگی زیدە دەکات. بەڵام ئەگەر فیدرالیزمی هەرەوەزیی بەرەو فیدرالیزمی لیکهەڵپیکراو بڕوات بۆ نموونە ئاڵمان، رەنگە ببیتە هۆی کەم بوونەوەی خودموختاری و ئازادی

[211] Celestine Bassey, 'The Politics of Resource Control in Nigeria', **European Journal of Social Sciences**, ISSN 1450-2267 Vol.27 No.2 (2012), pp. 222-232

[212] Verma, **op.cit**, p: 49.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

کاری حکوومەتەکان لە هەر دوو ئاستدا. هەروەها کاتێ کە فێدرالیزمی جێبەجێکاریی[٢١٣] زاڵ بێت واتە رۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی زیاتر بێت، رۆڵی یاسادانانەکان سنووردار دەبێتەوە. هەروەها فێدرالیزمی هەرەوەزیی باری دیمۆکراسی و بەرپرسایەتی دیمۆکراتیک کەم دەکاتەوە. بۆیە زۆربەی فیدراسیۆنەکان هەوڵ دەدەن بۆ هاوسەنگی نێوان ئەم دووانە و وتوویژ و هاوکاری نێوان حکوومەتی[٢١٤]. بە هۆی هەندێ قەیران و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بگۆڕەکانی ئەم قەیرانانە، لە مۆدێلەکانی ئێستای فێدرالیزمدا بۆ وێنە هێندوستان هەوڵ درا لاوازیەکان زەق بکرێنەوە (بۆ چارەسەرکردنیان) و مۆدێلێکی دیالۆگی و وتوویژیانە، گریمانەیەکی بێ پەردە و دۆزینەرانەی مەنتیقی ئاکادیمیک، و واتادارکردنی پێوەندییەکان لەبەرچاو بگیردرێن. لە راستیدا، فێدرالیزمی ئاسایی ئەوانەن کە لەسەر بنەمای وتوویژن. فێدرالیزمی هەرەوەزیی و هاریکارانە بەکردەوە پێویستی بە رێکەوتن و دیالۆگ هەیە، بەپێچەوانەوە فێدرالیزم دەڕوات بەرەو دووانە یان زۆرەملێ. هەندێ فێدرالیزم وەکو رووسیا بە کردەوە دوورن لە فێدرالیزمی وتوویژیی ئەگەرچی بەپێی یاسای بنچینەیی هەر کۆمارێک و دیکەی ئاستەکانی حکوومەتی لەگەڵ ناوەند

---

[213] Executive Federalism

[214] Watts, **opcit**., 1999, pp. 60-61

بگەڕێوە بۆ پێرست

دەتوانن وتووێژ بکەن بۆ بە چاکی دابەشکردنی بووجەی فێدراڵ[٢١٥].

## فێدرالیزمی پێوەندیدار بە دارایی:

یەکێک لە باسە گرنگەکانی پێوەندیدار بە فێدرالیزم و پێوەندی نێوان حکوومەتیی، "فێدرالیزمی فیسکاڵە"[٢١٦]. ئەم تیۆریە پێوەندی

---

[215] Azam. **Op.cit**, p. 255 & p. 15

[216] هەندێ جار وا باس لە فێدرالیزمی پێوەندیدار بە دارایی (fiscal f.) کراوە کە گوایە بە بێ هەبوونی سیستەمی سیاسی فێدراڵ دەکرێت هەبێت. کەچی تا پێکهاتەی سیستەمی فێدراڵ نەبێت، فێدرالیزمی فیسکاڵ بەتەنیا بوونی نییە. دەبێت پێکهاتەی فێدراڵ هەبێت کە لە باری داراییشەوە دێسەنتەڕاڵ کرێت و دەسەڵاتیان پێ بسپێردرێت وەکو ئارژانتین. ئەگەر سیستەمەکە فێدراڵ نەبوو ئەوە بەس دێسەنتەڕاڵ کردنێکە لە باری ئابووریەوە. ئەم چەشنە تیۆریانە کە بە پاشگرێک لێک جیا دەکرێنەوە زۆرتر لە باری زانستی و لە سۆنگەیەکی تایبەتییەوە بە پێی لقی خوێندن، فێدرالیزم لێکدەدەنەوە. تەنانەت ئێستا کە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتی فرەئاستییە (multilevel governance) لە زۆر بواردا باسی فێدرالیزم هەیە: وەک فێدرالیزمی سیاسی، ئیداریی (administrative f.)، فێدرالیزمی ئابووری یان دارایی، فێدرالیزمی ژینگەیی (environmental f.)، فێدرالیزمی پارێزەری بازاڕ (market-preserving f.) و...هتد، ئەمانە پێوەندییان بە سیاسەتەکانەوە هەیە کە لە بواری سیاسەتدانانی گشتیدا حکوومەتەکان دایان دەنێن. هەمووی ئەمانە لە پێوەندی لەگەڵ سیستەمی حکوومەتی فێدراڵدا دێنە ئاراوە و لە لێکۆڵینەوەکانیشدا باس لەوڵاتانی فێدراڵ

گەڕانەوە بۆ پێرست.

بە ئابووریی سیاسی سیستەمی فێدراڵەوە، هەیە. وێژەی پێوەندیدار بە فێدرالیزم یان دێسەنتەراڵی کردنی پێوەندیدار بە دارایی لە تیۆری تایبۆت[217] (١٩٥٦) سەبارەت بە رکابەرایەتی نێوان حکوومەتییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئۆتس (١٩٩٩) فێدرالیزمی پێوەندیدار بە دارایی وەکو چوارچێوەیەکی نۆرمداری گشتی بۆ سپاردنی کارە جیاوازەکان بە ئاستە جیاوازەکانی حکوومەت و ئامرازگەلی دارایی شیاو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارانە، بە شێوەی ئاسایی بەپێی قازانجەکان و تێچوونەکان، وەسف دەکات. لە ئاستی زۆر گشتیدا، ئەم تیۆریە ئەو داواکاریەی هەیە کە حکوومەتی ناوەندیی دەبێت بەرپرسایەتی سەرەکی هەبێت بۆ کاری سەقامگیریی ئابووریی گەورە و بۆ دیسان بڵاوکردنەوەی داهات لە فۆرمی یارمەتی بۆ هەژاران. لەبەر ئەوەی کە فێدرالیزم زنجیرەپلەیەک لە حکوومەتەکان وەسف دەکات، بەرهەمەکەی ڕێژەیەکی زۆرە لە بازنەکانی رکابەرایەتی لە ئاستە نزمترەکاندا. ئەمە رکابەرایەتی 'ئاسۆیی'یە کە خوێندنەوەکانی دێسەنتەڕاڵ کردن و قەبارەی حکوومەت، لەسەری دانراون. هەروەها ئاستی رکابەرایەتی نێوان یەکە حکوومەتییەکان، سنووردارێتی لەسەر

---

دەکرێت. بۆ هەندێ لەم بوارانە بڕوانە: Selin and VanDeveer, **op.cit**, 2011. And, Oates, **op.cit**

[217] Tiebout



بگەڕێوە بۆ پێڕست

بەهێزتربوونی ئاکاری جۆری لێڤیاتانی زیاتر دەکات. فیدرالیزم و حکوومەتە رەقیبەکانی ناو سیستەمی فیدراڵ، توانای حکوومەتی ناوەندیی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە لێڤیاتانییەکان سنووردار دەکەنەوە[٢١٨].

وەک لقێکی دارایی یان فاینانسی گشتی، فیدرالیزمی دارایی پێکهاتەی ئەستوونی کەرتی گشتی پیشان دەدات. دیسەنتەراڵ کردنی کەرتی گشتی کارێکی ساکار نییە. کەرتی گشتی تا رادەیەکی زۆر لە هەموو وڵاتاندا چەندین ئاستی جیاواز لەبەر دەگرێت کە سەرەکیترینیان هاوئاهەنگی کردنی بەرپرسایەتیەکان و ئامرازەکانی داراییە لەگەڵ ئاستە شیاوەکانی حکوومەت. هەروەک ئەوەی کە ئالێکسیس دو تۆکڤیل[٢١٩] لە پتر لە سەدەیەک لەمەوبەر باسی کردووە، "سیستەمی فیدراڵ" بە مەبەستی تێکەڵکردنی ئەو قازانجە جیاوازانەوە پێکهات کە لە گەورەیی و بچووکی نەتەوەکان سەرچاوە دەگرن. بەڵام بۆ تێگەیشتن لەم "قازانجە جیاوازانە" دەبێت تێگەیشتن هەبێت کە کام لە کارکردەکان و ئامرازەکان چاکترە سەنتەراڵ بکرێن و

---

[218] George R. Crowley and Russell S. Sobel, ‘Does fiscal decentralization constrain Leviathan? New evidence from local property tax competition’, **Public Choice** (2011) 149:5–30. And, Oates, **op.cit**.
[219] Alexis de Toqueville

بگەڕێوە بۆ پێرست

کامانەیان چاکترە لە دەرەتانی ئاستە دیسەنتەراڵەکانی حکوومەتدا دانرێن. ئەمە بابەتی سەرەکی فێدرالیزمی فیسکاڵ و پێوەندیدار بە داراییە. لە هەردووکی چەمکی نەریتی و ئەرێنیدا، ئەمە دەگەڕێت بە دوای دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکانی حکوومەت و ئەو ڕێگایانەی کە لێیانەوە بە کەڵکوەرگرتن لە وەها ئامرازگەلێک وەکو یارمەتیەکانی نێوان حکوومەتی، پێکەوە پێوەند دەدرێن[۲۲۰].

لە هەموو فێدراسیۆنەکاندا دابەشکردنی ئەستوونی و ئاسۆیی سامانە نیشتمانیەکان لە نێوان حکوومەتی ناوەندیی و یەکە فێدراڵەکاندا یەکێکە لە پرسە هەرە کێشەدارەکان. لە ڕاستیدا، بنەماگەلێکی پەسەندکراوی گشتی (جیهانی) لە ئارادا نین بۆ دابەشکردنی داهاتە نیشتمانیەکان کە بەپێی ئەوانە هەرێمەکان بتوانن کاتێک پێویستیانە قەرز وەرگرن یان قەرز بدەن. ئەمە بەو بۆنەوەیە کە هیچ دوو فێدراسیۆنێک وەکیەک نین لە باری مێژوویی، سیاست، ئابووری و پێکهاتە ڕەگەزیی/نەتەوەییەکانیانەوە. بە وتەی ڕۆنالد واتس تەرخانکردن و دابەشکردنی سەرچاوەکانی دارایی بۆ هەر حکوومەتێک لە ناو فێدراسیۆندا لە بەر دوو هۆی سەرەکی گرنگە: یەکەم، ئەم سەرچاوانە حکوومەتەکان بە توانا یان سنووردار دەکەنەوە بۆ کارکردن لە چوارچێوەی ئەو ئەرک و بەرپرسایەتیانەدا کە لە باری یاساییەوە بۆیان دیاری کراون؛

---

[220] Oates, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

دووەم، دەسەڵاتی باج گرتن و خەرج کردن بۆخۆیان ئامرازگەلێکی گرنگن بۆ کاریگەری دانان و ڕێکخستنی ئابووریی. لە باری بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی داهات، زۆر فیدراسیۆن لە یاسادا دەسەڵاتەکانی پێوەندیدار بە داهات دیاری دەکەن کە لەگەڵیەک جیاوازن. بۆ نموونە لە هەندێ لە فیدراسیۆنەکاندا قەرزی دەرەکی لە ئەستۆی حکوومەتی فیدراڵە بەڵام لە هەندێکدا وەک ئوستralیا لە ئەستۆی ئەنجومەنی قەرزەکانی نێوان حکوومەتییە[٢٢١]. بنەما بەکارهێنراوەکانی تەرخانکردنی داهات لەلایەن دەوڵەتە فیدراڵەکانەوە پێبەستەی فاکتۆرگەلێکی زۆرە. دوو لەو فاکتۆرە بنەڕەتییانە بریتین لە: یەکەم، چۆن دەوڵەتەکە بووە بە فیدراڵ و دووەم، ئابووری سیاسی دەوڵەتەکە بە شێوەی بەرچاو کاریگەری دەبێت لەسەر کۆنترۆڵ و دابەشکردنی سامانی وڵات لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکانیدا. ئابووری سیاسی دەوڵەتەکە هاتوچۆیەک لە نێوان سەنتەراڵ و دیسەنتەراڵ کردنی دەسەڵاتەکانی پێوەندیدار بە دارایی و کۆنترۆڵی سامانە نیشتمانیە گرنگەکان، دیاری دەکات. بە واتایەکی تر، سروشت و مۆدێلی فیدرالیزم لەگەڵ ئابووری سیاسی دەوڵەتەکە ڕێدەکەوێت.

---

[221] watts, op.cit, 1999, pp 43-44.

هەروەها، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتی داهات و خەرج کردنی بڕوانە: watts, op.cit, 1999, 43

گەڕانەوە بۆ پێرست

ئەزموونی دەوڵەتە فێدراڵییەکان پیشان دەدەن کە ئەو دەوڵەتە فێدراڵانەی کە ئابووری پیشەسازی جۆراوجۆریان هەیە بەرەو دیسەنتەراڵ کردنی دەسەڵاتەکانی دارایی و کۆنترۆڵی سامانە گشتییە گرنگەکان دەچن، لە کاتێکدا ئەو دەوڵەتە فێدراڵانەی کە ئابووریی تاقانەی لاوازیان هەیە وەک نیجێریا بەرەو سەنتەراڵ کردنی دەسەڵاتەکانی دارایی و کۆنترۆڵی سامانەکان دەچن. هەرچەند لە هەر دوو مۆدێلەکەدا حکوومەتی ناوەندیی گەورەترین پشکی سامانەکانی وڵات کۆ دەکاتەوە، بەڵام ئەوەش هەندێ جار سنوورێک یان بازنەیەکی بەرینی لەسەر سامانە نیشتمانیە گرنگەکان هەیە و کەڵک وەردەگرێت لە دەسەڵاتەکانی باج وەرگرتن و یاسای بنچینەیی بۆ سنووردارکردنی بازنەی دەسەڵاتی یەکە فێدراڵەکان، لەسەر هەر سامانێک لە شوێنی خۆیاندا. ئەمڕۆکە ڕەنگە فێدراسیۆنێک نەبینرێت کە یەکە فێدراڵەکانی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دارایی، لە چاو حکوومەتی ناوەندیی، دەسەڵاتی زۆرتریان هەبێت. هەروەها ئەگەر فێدرالیزم وەکو ئامرازێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی کردنی ناکۆکیەکان لە کۆمەڵگا پلوراڵەکان و ڕاستکردنەوەی ناهاوسەنگیە ئەستوونیەکانی پێکهاتوو بە هۆی هەڵسەنگاندنەکانی داهات و تێچوونەکان لەبەرچاو بگیردرێت، ئەوا یەکەکانی فێدراڵ لە باری ئابووری و سیاسیەوە زۆربەی کات بەهێزتر نین لە حکوومەتی ناوەندیی. سەرەڕای ئەوە، زۆربەی کات، لە شوێنێکدا کە یەکە



بگەڕێوە بۆ پێرست.

پێکهێنەرەکان دەسەڵاتیان هەیە بە سەر سامانە دۆزراوەکان لە ناوچەکەیاندا، وەها سەرچاوەگەلێک سامانە هەرە گرنگە گشتییەکان نین. بە واتایەکی تر، ئەو فیدراسیۆنە تەنیا پێبەستەی وەها سەرچاوەگەلێک نییە بۆ مانەوە. لە کۆتاییدا، بە پێی بارودۆخی وڵات بۆ راستکردنەوەی ناهاوسەنگی ئەستوونی و دانانی ستانداردی نیشتمانی (وڵات بە گشتی) لەسەر دەست راگەیشتن بە خزمەتەکان، لە یاسای بنچینەییدا پشکی زیاتر لە باج وەرگرتن یان کۆنترۆڵی راستەوخۆی سامانە گرنگەکانی ناو فیدراسیۆن، بۆ حکوومەتی ناوەندیی لەبەرچاو دەگیردرێت[٢٢٢].

بابەتێکی تر لە پێوەندی لەگەڵ فیدرالیزمی دارایی باسی ئامرازەکانی دارایی لە سیستەمی فیدراڵ دایە. بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان، ئاستە جیاوازەکانی حکوومەت پێویستیان بە ئامرازگەلێکی دارایی تایبەت هەیە. لەم ئامرازانە، بۆ دەستەبەرکردنی بووجە لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی کەرتی گشتیدا، دەتوانرێ ئاماژە بە باج دانان، یارمەتیەکانی نێوان حکوومەتی و بەش کردنی داهات و قەرز، ئاماژە بکرێت. یارمەتییە نێوان حکوومەتیەکان ئامرازێکی گرنگ و جیاوازیی پێوەندیدار بە سیاسەت لە فیدرالیزمی داراییدا پێکدەهێنن، کە دەتوانن خزمەتی رێژەیەک لە کارە جیاوازەکان بکەن. یەک

[222] Bassey, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

ئاست لە حکوومەت رەنگە داهاتەکانی باجی زیاتر بێت لە تێچوونەکانی و پاشماوەکەی دەدات بە ئاستەکانی تری حکوومەت بۆ مسۆگەرکردنی بووجەی دواتر. سێ رۆڵی چاوەڕوانکراو بۆ وەها یارمەتیگەلێک هەیە: ناوخۆیی کردنی سەرڕێژی قازانجەکان (قازانجە زێدەکان) بۆ هەرێمەکانی دیکە، یەکسان کردنی هەرێمەکان لە باری داراییەوە و سیستەمێکی باجی سەرتانسەری چاکترکراو. یارمەتییەکان دەکرێ بە یەکێک لەم دوو رێگا گشتییە وەربگیردرێن: ئەوانە دەتوانن "یارمەتی مەرجدار" بن کە جۆرە جیاوازەکانی سنووردارێتیەکان لەسەر بەکارهێنان لەلایەن وەرگرەکانەوە دادەنێن. یان ئەوانە دەکرێ "بێ مەرج" بن واتە راگوێزراوە زێدەکان بەکار دەهێنرێن لە هەر رێگایەکەوە کە وەرگر، بیهەوێت[٢٢٣]. لەم پێوەندیە و هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ فیدرالیزمی هەرەوەزیی و هاریکارانەدا بۆ نموونە، دەکرێ ئاماژە بکرێت بە سیاسەتەکانی سەر لە نوێ بڵاوکردنەوە. لە کەنەدا ئەم سیاسەتە بۆ سەر لە نوێ بڵاوکردنەوەی زەنگین و سامانەکان لە پارێزگا دەوڵەمەندەکانەوە (زۆرتر بریتیش کلومبیا، ئالبێرتا و ئانتاریۆ) بۆ لاوازەکان لە رێگای حکوومەتی فیدراڵ و بەرنامە جۆراوجۆرەکانەوە وەک: بەرنامەی خەرجییەکان و خەرج کردنی فیدراڵ، بەرنامەکانی گواستنەوەی بلۆک وەک یەکسان کردن،

---

[223] Oates, op.cit.

فۆرمولی هەرێمی بۆ دارایی، گواستنەوەی تەندروستی کەنەدا و گواستنەوەی کۆمەڵایەتی کەنەدا جێبەجێ کراوە[٢٢٤].

لە پێوەندی لەگەڵ فیدرالیزمی ئابووریی دا، هەروەها دەبێت سەرنجی کاریگەری فیدرالیزم لەسەر بازاڕ بدرێت. لە ئاستی فیدراڵدا ویلایەتەکان بەشداریی دەکەن لە ڕەوتێکدا کە تاڕادەیەک ڕکابەرایەتییە و چاکتر نزیک دەبنەوە بە بازاڕی تایبەتی. بۆ دڵنیابوون، یاسای بنچینەیی فیدراڵ دەورێکی گرنگ لە پێکهێنانی چوارچێوەیەک بۆ فیدرالیزمی ڕکابەرایەتی دەگێڕێت لە ڕێگای پشتگیری کردن لە جووڵانی ئازادی خەڵک و زانیاریەکان، لە نێوان ویلایەتەکاندا. ئەم پشتگیریانە ڕێگە دەدەن کە تاکەکان لە ویلایەتەکانیاندا ئازاد بن و حکوومەتی فیدراڵیش مافەکانی بزاوتن و زانیاریی گەڕەنتی دەکات. هەروەها وەکو ڕەوتەکانی دیکەی بازاڕ، فیدرالیزم میکانیزمێکی دۆزینەوە بەرهەم دەهێنێت کە زانیاریی کاردانەوە (فیدبەک) لەسەر ریزبەندێک لەو هەڵبژاردنانەی کە بۆیان هەیە دەخولقێنێت، بەوجۆرەی کە ویلایەتەکان لەگەڵ زنجیرەگەلێکی جیاوازیی مافەکان ئەزموونی دەکەن. فیدرالیزم وەکو بازاڕ، ڕۆحی بێ فیزی و ئەزموون بەهێز

---

[224] James A. Mc Allister, ‘Redistributive federalism: Redistributing Wealth and income in the Canadian federation’, **Canadian public administration**, volume 54. No 4, December 2011, pp. 487-507.



بگەڕێوە بۆ پێرست.

دەکات. لە بازرگانیدا بیرۆکەکان، هەرچەند لە تیۆریدا چاک بن، بەڵام دەبێت تێست بکرێن. فیدرالیزم هەڵبژاردنی کۆیەک لە مافەکان هاسان دەکاتەوە لە ڕێگای ڕۆشتن بۆ یەکێک لە کۆی ویلایەتەکانی یەکیەتیەکە. فیدرالیزم وەکو بازاڕێکی ئابووریی، هەروەها ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە بڵاو دەکاتەوە کە بە هۆی زەختی ژیان بۆ هەر کەسێک لە ژێر ڕێسایەکی یەکجۆردا (یونیفۆرم) پێکهاتوون. هەر بەو شێوەیە، بە پێشکەش کردنی بەراوردێکی کاریگەریەکانی سیاسەت، فیدرالیزم تیشکی خستووەتە سەر دواهات و دەرەنجامەکان. کەواتە فیدرالیزم، وەکو بازاڕەکانی دیکە، ئەوەی بەرهەم دەهێنێت کە لیرند هاند[٢٢٥] ناوی ناوە 'ڕۆحی ئازادی'[٢٢٦].

هەر لەم پێوەندییەدا لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی کەرتی گشتیدا وینگاست[٢٢٧] باس لە "فیدرالیزمی پارێزەری بازاڕ" دەکات. سەرنج راکێشی فیدرالیزم بۆ ئەو، توانای پەنگخواردووی فیدڕالیزمە بۆ دابینکردنی سیستەمێکی سیاسی کە دەتوانێت پشتگیری لە سیستەمێکی کارامەی بازاڕ بکات. لەم جۆرە فیدرالیزمەدا وینگاست زنجیرەیەکی سێ مەرجی بۆ سیستەمێکی

---

[225] Learned Hand
[226] McGinnis, op.cit.
[227] Weingast

گەڕانەوە بۆ پێڕست

فیدراڵ دەهێنێتە ئاراوە. ئەم مەرجانە بریتین لە: حکوومەتگەلێکی دیسەنتەراڵ کراو بەرپرسایەتی ڕێکخستنی سەرەتاییان هەبێت لەسەر ئابووری؛ سیستەمەکە بازاڕێکی هاوبەش پێکبهێنێت کە تێیدا هیچ سنوورێک بۆ بازرگانی نەبێت؛ حکوومەتە دیسەنتەراڵ کراوەکان تووشی "سنووردارێتی سەختی بووجە" ببن. لە ڕێگای ئەم مەرجەوە، وینگاست وادەزانێت کە حکوومەتەکانی ئاستی خوارتر نە توانستی پێکهێنانی پارەیان هەیە نە دەستڕاگەیشتن بە بڕواداریەکی بێ سنوور. و ئەمە ئاماژە دەکات بەوەی کە حکوومەتی ناوەندیی بەرگە ناگرێت و ئامادە نییە بۆ بەرەڵاکردنی ئەوان لە کاتێکدا، کە قەیران و بێ دەسەڵاتی هەیە لە باری داراییەوە. وینگاست باس لە هەندێ بابەتی مێژوویی دەکات وەک بەریتانیای سەدەی هەژدە و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەدەی نۆزدەدا، کە بە شێوەی کاریگەر وەها سیستەمگەلێک بوون لە فیدرالیزمی پارێزەری بازاڕ، و ئەمە لە ڕێگاگەلێکی بنەڕەتی و گرنگەوە ڕادەی پرۆسەی گەشەی ئابووریی بردە سەرێ[٢٢٨].

فیدرالیزم ڕێگە بە هەرێمە جیاوازەکان دەدات بۆ ڕکابەرایەتی و گۆڕینی جیلمەی (پێچراوەی) کەلوپەلەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکەن. گریمانە ئەوەیە کە فیدرالیزم هەرێمە پێکهێنەرەکان هان دەدات بۆ ڕاکێشانی

---

[228] Oates, op.cit.

دانیشتووان لە ڕێگای پێشکەشکردنی کەلوپەلی گشتی لە نرخی باجی تایبەتدا. ئەمە قەوارەی حکوومەت و تێچوونەکانی چاوەدێریی کردنی بەرپرسان کەم دەکاتەوە و زەخت دەهێنێت بۆ هاوکاری دوو لایەنە لە نێوان گروپەکانی خاوەن بەرژەوەندی جۆراوجۆر کە ڕەنگە بەپێچەوانەوە سامانە گشتییەکان بە لاڕێدا ببەن بەرەو بەکارهێنانی تاکەکەسی یان تایبەتی. لەم دۆخەدا یەکدەستییەک پێکدێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی لە ناو حکوومەتدا لەبەر ئەوەی کە خەرجییەکان بۆ چالاکی قەدەغەکراو کە بە لاڕێدا دەبردرێن لە پێشتریتیەکانی زۆرینە و شتە گرینگەکانی دیکە، زۆر بەرچاو دەبن. دەرەنجامی ئەم تایبەتمەندییە لاوەکیانەی فیدرالیزم، و ڕەنگە ئامانجە سەرەتاییەکانی فیدرالیزم بۆخۆی، ئەوەیە کە ڕکابەرایەتی نێوان هەرێمی هاوکات کار دەکات وەکو لەمپەرێک لە بەرانبەر حکوومەتە سەنتەڕاڵ کراوەکاندا. ئەمە ڕاشکاوانە خزمەتی بەرژەوەندی ئازادیی دانیشتووان دەکات کە بەپێچەوانەوە لەلایەن حکوومەتە سەنتەڕاڵ کراوەکانەوە، کە خەرجییەکانیان دەسەپاند بەسەر بازنەیەکی بەربلاوتردا پێشێل کرا[٢٢٩].

---

229 Clayton P. Gillette, ‘Fiscal federalism as a constraint on states’, **Harvard journal of law & public policy**, vol, 35, No 1, pp. 101-114.

گەڕانەوە بۆ پێڕست

لێرەدا فێدرالیزم زنجیرەیەک لە ریزبەندە دامەزراوەییەکان پێشکەش دەکات کە بەڵێنی هەردووکی: رادەیەکی چاکی ئازادی و وەرگرتنی کارامەی سامانە گشتتیە ویستراوەکان، دەدات. ئەمە بە شێوەی بەربڵاو ئامانجی ناوخۆیی کردنی تێچوونی چالاکیەکانی هەر ئاستێک لە حکوومەت دەستەبەر دەکات. کەواتە، هیچ تاقە ئاستێکی حکوومەت مافی پاوانخوازانەی نییە بۆ دەستێوەردان لەسەر ئەو قازانجانەی کە دەکرێ لەو ریزبەندییانە بهێنرێنە دەرێ. بە وتەی رۆدێن[٢٣٠] فێدرالیزمی فیسکاڵ هەردوو بنەمای بەڵێن و بەرپرسایەتی (ترسی زیان و مەترسی) پێشکەش دەکات. بۆیە ئەو بنەما یاساییانە کە پێوەندی نێوان حکوومەتەکانی فێدراڵی سەنتەڕاڵ کراو و دیسەنتەڕاڵ کراو بەڕێوەدەبەن دەبێت سەرنجی هەردووکیان بدەن[٢٣١]. لێرەدا کردەوەی ناوەندخوازانە بۆ ئەوەیە کە زۆر بهێنێت بۆ بەشە کێشەدارەکانی ئاستی خوارتر کە تێچوونی ئەو زیانانەی کە داویانە لە وانی تر، بگرنە ئەستۆ.

وەک سەرەتا ئاماژەی پێ کرا، یەکێک لە بوارە گرنگە پێوەندیدارەکان بەو تیۆریانەی فێدرالیزم سەبارەت بە پێوەندی نێوان حکوومەتی، کە پێشتر باس کران، بواری ئابووری و داراییە. لە فێدراسیۆنە کۆنەکاندا وەکو ئەمریکا و کەنەدا، ئەزموونی

---

[230] Rodden

[231] Ibid.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

فێدراڵ وەڵام و دژکردەوەی پیشان داوە بۆ دینامیکەکانی ئابووری سیاسی کە لە گۆڕاندا بوون: لە پێکهاتەی (فۆرماسیۆنی) کۆمەڵایەتی پێش-پیشەسازی بناخەدانراو لەسەر پیشەسازیەکانی پێوەندیدار بە دەرهێنان بۆ سیستەمگەلێکی پیشەسازی پێشکەوتووی سەدەی بیست/ بیست و یەکەم. وێرای نەگۆڕی قەوارەی فێدراسیۆن، تیۆری و سیاسەتەکانی فێدراڵ بەتایبەت لە باری ئابووریەوە لە نێوان تیۆریە جیاوازەکاندا بەپێی بارودۆخ لە گۆڕاندا بووە. بۆ نموونە، گۆڕانکاریی بنەڕەتی فێدرالیزمی ئەمریکایی لە تیۆری و کردەوەدا، ئابووری سیاسی و مێژوویەکی نارێکوپێک پیشان دەدات: فێدرالیزمی دووانە، فێدرالیزمی ناوەندخوازانە، فێدرالیزمی هەروەزیانە، فێدرالیزمی خولقێنەر، فێدرالیزمی ڕێگەپێدراو و هاسانگیر و فێدرالیزمی نوێ[٢٣٢]. هەر یەکەیان جیاوازیی تەواوی لەگەڵ ئەوی تریان هەیە. وێرای ئەوە، هەمووی ئەمانە وەڵامی دینامیکەکانی ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی داوەتەوە کە لە گۆڕاندا بوون. هەربەو جۆرەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئابووریەکی وەرزێڕیەوە بەرەو فێدراڵی هەرەوەزیانە ڕۆشت، کە تێیدا حکوومەتەکانی ناوەندیی و ویلایەتەکان بەرپرسایەتی سیاسەتە گشتییەکانیان دابەش کرد.

---

[232] Dual F., Centralising F., Cooperating F., Creative F., Permissive F., New F.

بگەڕێوە بۆ پێرست

قەیرانی ئابووری ۱۹۳۰ کۆتایی به فیدرالیزمی دووانه هێنا و گۆڕانێکی جێی سەرنج بەرەو حکوومەتێکی ناوەندیی بەهێز روویدا، واته ئەوەی که به ناوی فیدرالیزمی هەروەزیی ناسراوە. ئەمە بەتایبەتی له سەردەمی رۆزڤێلت[۲۳۳] دا بوو. هەر که پاش قەیرانەکه بارودۆخی ئابووری ویلایەته یەکگرتووەکان چاک بووەوە، فیدرالیزمی هەرەوەزیانه زوو ریگای خۆش کرد بۆ فیدرالیزمی خولقێنەر. لەم مۆدێلەی فیدراڵدا، حکوومەته هەرێمییەکان و حکوومەتی ناوەندی تووشی پلاندانان و بڕیاردانی هاوبەش بوون. هەر بەو شێوەیە، ئابووری سیاسیش بەرەو پێش چوو له فیدرالیزمی خولقێنەرەوە بەرەو فیدرالیزمی رێگەپێدراو و هاسانگیر که پێوەندی هەیه به دانوستان و بەرنامه هاوبەشەکان له نێوان ۵۰ ویلایەت و تێکەڵکردنی هەموو ئاستەکانی ناوحکوومەتەکان له جێبەجێ کردنی بەرنامەکاندا. گۆڕانەکه درێژەی هەبوو تا گەیشت بەوەی که لێکۆڵەرانی فیدرالیزمی ئەمریکا لەم دواییانەدا ئاماژەیان به 'فیدرالیزمی نوێ' کرد که لەگەڵ دابەزینی دەسەڵاتەکان و بەرپرسایەتی حکوومەتی ناوەندیی له هەندێ بواری دیاردا بوو و هەرێمەکان ئێستا بەرپرسایەتی فرەتر وەردەگرن. هەرچەند، وێرای هەوڵی نیکسۆن و رەیگان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەرپرسایەتیەکانی

[233] Franklin D. Roosvelt

حکوومەتی فێدراڵ، ئەم حکوومەتە درێژەی دا بە بەهێزتر بوون لە باری داراییەوە. ئەمە بووە هۆی بزاڤێکی بەهێز لە ئاڕاستەی فێدرالیزمی ناوەندخوازدا. ئەم بەهێزیە لە باری داراییەوە حکوومەتی فێدراڵ بەهێز دەکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ویلایەتەکان و حکوومەتە خۆجێییەکان لە ڕێگای بەرنامەی یارمەتیدان لە باری داراییەوە کە بە هۆی ئەوەوە یارمەتی ویلایەتەکان دەدرێت، بەڵام بە هەندێ مەرجی دیاریکراو. حکوومەتی فێدراڵ لە باری قەوارە و تەشەنەدا لە هەر دوو بواری کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانە و پێوەندیدار بە حکوومەتی ویلایەتەکان گەورەتر بووە. ئەمە بەو بۆنەوەیە کە هیچ ویلایەتێک نییە کە بتوانێت بە ڕادەی حکوومەتی فێدراڵ بە شێوەی کاریگەر باج وەرگرێت. ئەمە ویلایەتەکان لە ژێر پشکنین و هەڵسەنگاندندا ڕادەگرێت تا کاتێک کە پێبەستەن بە یارمەتی لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان[٢٣٤].

[234] Bassey, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

**کورتەی پاژی یەکەم**

لەم پاژەدا هەوڵ درا کە لە باری تیۆریکەوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی فیدرالیزم (پێناسە، میژوو، هۆکار و مۆدیل و تیۆریە جۆراوجۆرەکانی، جیاوازیی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە، یاسای بنچینەیی فیدراڵ و سیستەمە سیاسییەکەی) تا شوێنێ کە پێویست بێت شرۆڤە بکرێت. دیارە بە گشتی فیدرالیزم بازنەیەکی بەرینی هەیە و هەم بیرۆکە و هەم پێکهاتە لەبەر دەگرێت و جگە لە بوونی فیدراسیۆن پێویستی بە هەندێ بیرۆکەی تر هەیە بەتایبەت بڕوا بە ئازادی و خودموختاری تاک و کۆمەڵ و باوەڕ بە مافی دیاری کردنی چارنووس لەلایەن خەڵکەوە. ئەم پێکهاتەیە بە گشتی، لانیکەم بریتی دەبێت لە دوو ئاستی وڵات و هەرێمە پێکهێنەرەکان کە هەرکام لەم ئاستانە بەپێی سیستەمی سیاسی کە ڕەنگە خۆیان هەندێ بازنەی دەسەڵات لەبەر بگرن. لە ئاستی وڵات و دەوڵەتی فیدراڵدا حکوومەتی فیدراڵ هەیە کە ڕەنگە هەندێ دەسەڵاتی جیای تێدا هەبێت وەک ئاستی دەسەڵاتی فیدراڵ کە بریتییە لە سەرۆک کۆمار یان ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی وەک سەرۆکی دەوڵەت و دامەزراوە فیدراڵەکان و، ئاستی حکومەتی ناوەندیی کە بریتییە لە سەرۆک وەزیران و کابینە وەک سەرۆک و جێبەجێکارانی حکوومەتی ناوەندیی، کە لە ڕاستیدا ئەم دوو ئاستەی دەسەڵات دەسەڵاتی جێبەجێکاریی حکوومەتی فیدراڵ پێکدەهێنن کە بە

بگەڕێوە بۆ پێرست

شێوەی ئاسایی لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا بە یەک کەس سپێردراون و لە پارڵەمانتاریدا بە دوو کەس. و لە پەنای ئەمانەدا دوو دەسەڵاتی یاسادانان (یەک یان دوو ئەنجومەنی) و دادوەریش دەبینرێن. لە ئاستی هەرێمەکانیشدا کە ناوی جۆراوجۆریان بە دەسەڵات و جوگرافیای جیاوازەوە هەیە، لە وڵاتە جیاوازەکاندا ڕەنگە ئاستی دەسەڵاتی جیاواز ببینرێت هەم لە باری ئەستوونی و هەم ئاسۆییەوە، واتە لە ئاستی هەرێمدا بە گشتی (وەک دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەتی هەرێم لە دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا و هەم دوو دەسەڵاتی ئاسۆیی دیکە) و لە ئاستی خۆجێیدا (وەک دەسەڵاتی کانتۆن، پارێزگا و شارەوانیەکان).

لە سەردەمی نوێدا زۆربەی سیستەمە فێدڕاڵەکان بە هۆی فرەچەشنی بوونی وڵات لەباری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە، پێکهاتوون. بۆیە بۆ مسۆگەرکردنی مافی بەکۆمەڵی گروپە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگای دووەمی پێکهاتنی فێدراڵ واتە ناسەنتەڕاڵ کردنی حکوومەتی یەکتیکە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان باو بووە و لەو وڵاتانەیدا کە گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان جوگرافیای تایبەتی خۆیان هەیە گرنگترین مۆدێلی بەکارهێنراو، مۆدێلی <u>نەتەوەیی - جوگرافیایی</u> بووە. لە پاژی دووەمدا سەرنجێک دەخرێتە سەر هەندێک لە وڵاتانی فێدراڵی فرەنەتەوە و شێوازی سیستەمی فێدراڵ لەو وڵاتانەدا.

# پاژی دووهەم:

# فیدرالیزم لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا

بگەڕێوە بۆ پێرست

وەک لە پاژی یەکەمدا ئاماژەی پێ کرا، وڵاتانی یەکدەست لە جیهاندا زۆر کەمن، بە رادەیەک کە دەکرێ بڵێین وڵاتێکی بەو شێوەیە نییە. تەنانەت گومان هەیە لەسەر یەکدەست بوونی ئەو نموونە وڵاتە یەکدەستانەش کە لە سەرچاوە سیاسییەکاندا باس دەکرێن، وەک ژاپۆن، کە گوایە هەندێ گروپی زمانی جیاوازی هەن، بەڵام سەرنج نەدراون. لە ساڵی ١٩٩٨ دا، کۆسار ئەعزەم لە پەرتووکی "فیدرالیزم و بەڕێوەبەرایەتی چاک"دا ئاماژەی کردووە، کە لە کۆی ١٨٥ وڵاتی ئەو سەردەمە، ٩/١% دەکرێ تاڕادەیەک وەکو وڵاتی یەکدەست، لە باری کەلێنی کۆمەڵایەتی پێوەندیدار بە نەتەوەو ئێتنیک، لەبەرچاو بگیردرێن. لە ١٨.٩%ی دەوڵەتەکان گروپێکی ئێتنیکی ٩٠%ی حەشیمەت بە گشتی پێکدەهێنێت و هەر بەو رادەیەش لە دەوڵەتەکان، گەورەترین ئێلێمێنت (نەتەوە) لە نێوان ٧٥% و ٨٩%ی حەشیمەتی گشتی دان. بەڵام ٢٣.٥% لە دەوڵەتەکان گەورەترین ئێتنیک تەنیا ٥٠ تا ٧٤ لەسەدی حەشیمەتە. و لە ٢٩.٥%ی دەوڵەتەکان گەورەترین گروپ تەنانەت بە نیوەی حەشیمەتی دەوڵەت ناگات[٢٣٥]. هەرچۆنێک بێت تاڕادەیەک بە شێوەیەکی رێژەیی، ئەو چەند نموونە وڵاتە کە رێژەیان زۆر کەمە وەک یەکدەست دێنە

---

[235] Azam, **op cit**, p. 23

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئەژمار، بەڵام زۆربەی وڵاتانی جیهان فرەنەتەوەیی، فرەکەلەپووری (فرەچاندی)، فرەئاینیی، فرەزمانی و لەم چەشنە فرەییانەیان هەیە کە چۆنایەتی و چەندایەتی ئەو دۆخە لەم وڵاتانەدا بۆخۆیان جیاوازن لەگەڵ یەک و لە زۆربەیاندا ناکۆکی پێوەندیدار بەم فرەچەشنییە دەبینرێت و رێکار و شێوازی جیاواز بۆ چارەسەرکردنی لەبەرچاو گیراوە. لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا بەجێی هەوڵ دان بۆ تواندنەوە و کاری نامرۆڤانە، هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی دێمۆکراتیک و بەتایبەت بە رێزگرتن لە دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکان بەپێی یاسا جیهانیەکانی مافی مرۆڤ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، کە گرنگترینیان بریتی بووە لە جیابوونەوە و فێدرالیزم. هەروەک لە پاژی یەکەمدا ئاماژەی پێکرا لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا وەک گرنگترین چارەسەریی، جۆرەکانی فێدرالیزم بەکارهێنراون، کە لەم پاژەدا ئاماژە بە هەندێک وڵات دەکەین.

لەم پێوەندیەدا وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، لە بنەڕەتدا دەکرێ وڵاتەکان بکرێن بە دوو پۆلەوە: ١- وڵاتانێک کە یەکدەستن لە باری نەتەوەییەوە، واتە رەنگە کۆچبەری زۆریان لێ بێت، بەڵام خەڵکی خودی وڵاتەکە تاڕادەیەک یەکدەستن وەک ئەمریکا، ئوسترالیا، ئاڵمان، نەمسا، ژاپۆن و...هتد؛ ٢- وڵاتانێک کە لە بنەڕەتدا فرەنەتەوەیین وەک بەلژیک، سویس، هێندوستان، کەنەدا و...هتد، کە ئێران دەکەوێتە ناو پۆلی دووەمەوە، بۆیە لێرەدا

جەخت دەخرێتە سەر ئەم وڵاتانە. لە وڵاتانی جۆری یەکەمدا بەپێی بارودۆخی هەر وڵاتێک لە هەر دوو پێکهاتەی حکوومەتی یەکتیکە (یونیتەری) و فیدراڵ کەڵک وەردەگیردرێت، هەرچەند زۆرێکیان فیدراڵن. بەڵام ئەم فیدراڵییە بە هۆی کێشەی فرەچەشنی و لێرەدا فرەنەتەوەیی و دابینکردنی مافی نەتەوە جیاوازەکان نییە. هەرچەند لە هەندێ وڵات دا هەندێ خەڵکی خۆماڵی (دانیشتووانی سەرەتایی) و پەنابەری زۆر هەن و زۆرتر بۆ هاسانکاریی فەرمانگەیی یان بە واتایەکی تر فیدرالیزمی ئیداریی بووە، بۆ ئەوەی کە بە دیمۆکراسی راستەوخۆ و بەشدارانە نزیکتر ببنەوە.

وڵاتانی پۆلی دووەم، خۆیان دەبنە دوو تاقمەوە: ئەلف؛ ئەوانەی تێکەڵن، و ب) ئەوانەی تێکەڵ نین (ناتێکەڵ). لەوانەیدا کە تێکەڵن مەگەر وەکو وڵاتانی پۆلی یەکەم بۆ هاسانکاری کاروباری وڵات و دیمۆکراسی، ئەگەرنا فیدراڵی بوون و نەبوونی چەندان کاریگەر نییە. بەڵام دەبێت دیمۆکراسی رێکەوتنی (تەوافقی) و بەشداریکەرانە (دیمۆکراسی فرەنەتەوەیی) بێت و لایەنە جیاوازەکان بەشداری دەسەڵات بن و لە ئاستە جیاوازەکاندا پشکیان دیاری بکرێت وەکو دۆخی لوبنان. دەکرێ بڵێین مالیزیا لە چەشنی وڵاتانی تێکەڵی فیدراڵە، کە هەرچەند زۆرینەی ئەم وڵاتە مالایین بەڵام لە دوو سێ ویلایەتدا ئێتنیک و نەتەوەی جیاواز هەن و بە شێوەی تێکەڵ دەژین، کە شێوازی فیدراڵی ئەو

هەلەی رەخساندووە کە ئەم ئێتنیکانە لە ویلایەتی خۆیاندا مافیان بپارێزرێت و بەشداری سیاسییان هەبێت (لەم پاژەشدا وەک نموونەیەکی دەگمەن ئاماژەی پێ دەکرێت). لە وڵاتانی ناتێکەڵدا، کەلێنی دیار هەیە لە نێوان نەتەوەکاندا و هەرکام لەوانە خاک و جوگرافیای تایبەتی خۆی هەیە. لەم جۆرە وڵاتانەدا جۆراوجۆریی نەتەوەیی پێوەرێکە بۆ دابەشکردن و فیدرالیزم جگە لە هاسانکاری بۆ کاروباری ئیداریی وڵات، پێکهاتەیەکە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکان لە گەڵیەک و لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی و بۆ مسۆگەر کردنی مافی هەرکامیان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بەکار دەهێنرێت. زۆربەی ئەم وڵاتانە لە بەر فرەنەتەوەیی بوون پێکهاتەی فیدراڵیان هەڵبژاردووە. بۆیە لەم وڵاتانەدا فیدرالیزم تایبەتمەندی خۆی دەبێت و زۆرتر باری سیاسی فیدرالیزم یان فیدرالیزمی سیاسی گرنگی هەیە، کە بۆخۆی لایەنی ئابووری و ئیداریشی لەگەڵ دەبێت و زۆرتر بە شێوەی نەتەوەیی – جوگرافیایی دەردەکەوێت. لەبەر ئەوەی کە ئێران دەکەوێتە ناو ئەم وڵاتانەی ناتێکەڵ، لەم بەشەدا ئاورێک دەدەینەوە سەر مۆدێلە جیاوازەکانی سیستەمی فیدراڵ لە هەندێ لەم وڵاتانەدا، بەتایبەت بەپێی یاسا بنچینەییەکانیان. لێرەدا پێکهاتەی وڵاتەکان لە باری فیدرالیزمەوە چاولێدەکەین بەڵام ئەوەی کە چەندە بە کردەوە یاساکانی فیدراڵ جێبەجێ دەکرێن و پێشێڵ ناکرێن، بە گوێرەی وڵاتەکان جیاوازن. ناتەواو بوونی دیمۆکراسی و نەبوونی

بگەڕێوە بۆ پێرست

دیسەنتەراڵی سیاسی و تاقە حیزبی و بابەتی پێوەندیدار بە ئایدیالۆژی و توندوتیژی ئایینی و هۆکاری تر بە پێی هەلومەرجی وڵاتەکان، کاریگەریان دەبێت لەسەر جێبەجێ کردنی راستەقینەی سیستەمی دیمۆکراتیک و فیدراڵی و جاروبار لەم وڵاتانەشدا فیدرالیزمی ناتەواو یان فیدراسیۆن دەبینرێت. بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتدا وەکو پاکستان و نیجیریا، بابەتگەلێکی وەک تاکە حیزبی دەسەڵاتدار یان توندوتیژی ئایینی بووەتە هۆی ئەوەی کە لە کردەوەدا وێرای بوونی سیستەمی فیدراڵی، هەندێ ناوەندخوازیی ببینرێت. ئەم دۆخە لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەملاوە بەرە بەرە کەم بووەتەوە و زۆرینەی وڵاتەکان بەرەو فیدرالیزمی راستەقینە و فرەحیزبی رۆشتوون، بۆ نموونە مێکزیک و هیندوستان و...هتد.

کەواتە بەپێی جیاوازی وڵاتەکان، هیچ دوو سیستەمێکی فیدراڵ وەکوو یەک نین. هەر سیستەمێک هاوسەنگی خۆی لە دابەشکردن و بەهاوبەشیدانانی دەسەڵات، بەدەست دەهێنێت. جۆری جیاواز لە یاسای بنچینەیی هەن و هەموو یاساکان وەک یەک نین. ئەمە یەکێک لەو فاکتۆرانەیە کە گواستنەوەی دامەزراوەکان، ئامێرەکان یان شێوازەکان لە سیستەمێکی فیدراڵەوە بۆ ئەوی تر بە بێ چاکسازیی بنەڕەتی، دژوار دەکاتەوە بۆ وەرگرتنی باڵانسێکی شیاو لە نێوان هەرەوەزیی و رکابەرایەتی لە

بگەڕێوە بۆ پێڕست

نێوان حکوومەتی گشتی و یەکە پێکهێنەرەکان[٢٣٦]. بەڵام بە گشتی یاسای بنچینەیی ئەم وڵاتانە نووسراوەیە و زۆربەیان لە چەشنی پتەون کە لە هەموویاندا دابەشکردنی دەسەڵات وەکو تایبەتمەندی یاسای بنچینەیی ئەم وڵاتانە دەبینرێت و لە هەمووشیاندا ئاماژە بە مافە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتییان کراوە. وێرای زۆرێک هاوشێوەیی، بەڵام بەپێی هەلومەرج و تایبەتمەندی هەر وڵاتێک هەندێک جیاوازیی چ لە باری چوارچێوە و چ لە باری نێوەڕۆکەوە دەبینرێن. زۆربەی وڵاتانی ئاماژەپێکراوی ئەم پاژە کە بەپێی مێژووی دەرکەوتنی فێدراڵییەتیان کورتە ئاورێک دەدرێتەوە سەریان، راستەوخۆ لە یاسای بنچینەییدا ئاماژە بە فێدراڵیان کراوە و هەندێ لەوانەش کە راستەوخۆ ئاماژەیان پێ نەکراوە بەپێی دابەشکاریی حکوومەت و سیستەمی سیاسی کە یاساکە ئاماژەی پێکردووە، لێکۆڵەران بە فێدراڵیان زانیون.

**سویس**

سویس وڵاتێکی فرەنەتەوەیە کە کۆنترین وڵاتی فێدراڵی ئەورووپایە و یەکێکیشە لە کۆنترین وڵاتانی فێدراڵی سەردەمی مۆدێرن و تەنیا وڵاتێکە کە پێش سەردەمی مۆدێرن پێشینەی کۆنفێدراسیۆنی هەبووە، واتە لە ساڵی ١٢٩١ی زایینیەوە. لە

236 Ibid, p: 237.

سەردەمی مۆدێرندا پاش شەڕی ناوخۆیی لە ١٨٤٨ بەملاوە، سیستەمی فیدراڵی هەڵبژاردووە[٢٣٧]. ئەم وڵاتە کە بە رواڵەت پێی دەگوترێت کۆنفیدراسیۆنی سویس، کۆمارێکی فیدراڵە (بریتی لە ٢٦ کانتۆن و شێوە کانتۆن) و نزیکەی هەشت میلیۆن کەس حەشیمەتی هەیە. لەم وڵاتەدا وێرای ئەوەی کە ئاڵمانی زمانەکان زۆرینەن تێیدا، بەڵام هەوڵ نەدراوە وڵاتێک بەپێی ئەم شوناسە پێکبێت. ئەم وڵاتە، وڵاتێکی فرەنەتەوەییە کە بە پێی پێشینەی مێژوویی و بایەخە هاوبەشەکانی فیدرالیزم و دیمۆکراسی راستەوخۆ دامەزراوە. ئەم وڵاتە لە چوار ناوچەی کەلەپووریی-زمانیی پێوەندیدار بە گروپی نەتەوەیی ئاڵمانی (٦٣.٧%ی حەشیمەتی وڵات لە باکوور، رۆژهەڵات و ناوەند)، فەرەنسەیی (٢٠-٢١% لە رۆژئاوای وڵات)، ئیتالیایی (نزیکەی ٥-٦% لە باشوور) و رۆمانیی (٥./ – ٦./% بە شێوەی خۆجێیی لە رۆژهەڵاتی باشووری کانتۆنی 'گرۆبوندێن' پێکهاتووە[٢٣٨]. ١٧ کانتۆن یەک زمانەی ئاڵمانین، ٤ یەک زمانەی فەرەنسە و یەکیان ئیتالی و ٣ دانە دوو زمانەی ئاڵمانی و فەرەنسەیی و یەکیان سێ زمانە (کانتۆنی گرۆبوندێن) بریتی لە ئاڵمانی، ئیتالی و

---

[237] Watts, **op.cit**, 1999, p.22.

[238] http://en.wikipedia.org/wiki/Switzerland - Graubunden

بگەڕێوە بۆ پێڕست

رۆمانی. بەپێی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیە ماددەی ٤ و ٧٠ی یاسای بنچینەیی چوار زمانی فەرمی و نەتەوەیی دیاری کردووە. لەم وڵاتەدا ویرای ئەوەی کە هەر گروپێک بە گوێرەی کۆی گروپەکان کەمینەیە، بەڵام لە کانتۆن یان ناوچەی خۆیدا زۆرینەیە و جاری واش بووە کە زۆرینە هاتووەتە هانای کەمینەوە و پشتگیری کردووە، وەکو سەردەمێک کە بە یارمەتی زۆرینە، زمانی رۆمانی کە زمانی کەمینەیەکی هەرە بچووکە، وەکو زمانی فەرمی وڵات ناسرا. لەم وڵاتەدا وەک کەنەدا، پاراستنی تایبەتی هەموو کانتۆنێک لە باری زمانی و جوگرافیاییەوە گەرەنتی کراوە و لەسەری رێکەوتوون، تاکو هەرکام بتوانن لە بڕیارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی فیدراڵدا، بەشدار بن.

یاسای بنچینەیی فیدراڵی ئەم وڵاتە لە ١٨٤٨ دا زۆرتر لاسایی کردنەوەیەک بوو لە نموونەی یەکەم و پێشتری فیدرالیزم، واتە ئەمریکا. ئەم یاسایە حکوومەتێکی ناوەندیی لەبەرچاو گرت لە کاتێکدا کە مافی خۆحکوومەتی لە بابەتە خۆجێیەکاندا بە کانتۆنەکان سپارد. لە ١٩٩٩ دا یاسای بنچینەیی نوێ پەسەند کرا، بەڵام گۆڕانکاریی بەرچاوی بە سەردا نەهات. ئەم یاسایە مافە سیاسی و سەرەتاییەکانی تاکەکان و بەشداریی هاووڵاتیان لە کاروباری گشتیدا دەهێنێتە ئاراوە. دەسەڵاتەکان لە نێوان کۆنفیدراسیۆن و کانتۆنەکان دابەش دەکات و هەرێم و دەسەڵاتی رەوای فیدراڵ پێناسە دەکات. سێ جەستەی حکوومەتی سەرەکی

بگەڕێوە بۆ پێرست

لە ئاستی فیدراڵدا هەیە: پارلەمانی دوو ئەنجومەنە (یاسادانان)، ئەنجومەنی فیدراڵ (جێبەجێکاریی) و دادگای فیدراڵی (دادوەریی)[٢٣٩]. بەپێی ئەم یاسایە، حیزبە سیاسییە جیاوازەکان، ئایینەکان، زمانەکان و کەلەپوورەکان بە چاکی لە هەموو جەستەکانی کۆنفیدراسیۆنی سویسدا نوێنەرایەتی دەکرێن[٢٤٠]. ئەم یاسا بنچینەییە بەپێی ماددەی ١٩٢ی خۆی دەکرێ لە هەر کاتێکدا پێداچوونەوەی بەسەردا بکرێ (بەشێکی یان گشتی). بۆ هەر چاکسازیەک لە یاسای بنچینەیی ریفراندۆم پێویستە.

لە پێشەکی یاسای بنچینەیی فیدراڵی کۆنفیدراسیۆنی سویس، پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٩، ئاماژە بە ئازادی، دیمۆکراسی، سەربەخۆیی، ئاشتی و جۆراوجۆریی دەکرێت. لە ژێر سەردێڕی ماددە گشتییەکاندا کۆنفیدراسیۆن و ئامانجەکانی پێناسە دەکات (م. ١ و ٢) کە لە ئامانجە گرنگەکان دەکرێ ئاماژە بە پاراستنی ئازادی و مافەکانی خەڵک، جۆراوجۆریی کەلەپووریی و یەکسانی دەرفەتەکان بکرێت. لە ژێر سەردێڕی مافە بنەڕەتیەکان، هاووڵاتی بوون و ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان لە چەند برگەدا، کە هەرکامیان چەندین ماددە لەبەر دەگرن، ئەم بابەتانە روون

[239] Federal Constitution of the Swiss Confederation, of 18 April 1999 (Status as of 11 March 2012)
[240] Verma, **op.cit**, p. 108

گەڕانەوە بۆ پێڕست

دەکرێنەوە. بەتایبەت ئازادیە جۆراوجۆرەکان و مافە سیاسیەکان. لە سویسدا سێ ئاستی حکوومەتی؛ یەکیەتی (ئاستی وڵات)، کانتۆن و کامیون[٢٤١] هەیە. لە ژێر سەردێڕی سێهەمی یاسادا واتە "کۆنفیدراسیۆن، کانتۆنەکان و کامیونەکان (کۆمەڵگا خۆجێیەکان)" لە چەند بەش و بڕگەیەکدا پێوەندی و ئەرکەکانی ئەم لایەنانە دیاری کراون. بەپێی ماددەی ١٤٣ هەموو کەسێک مافی دەنگدانی هەیە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی فیدراڵ یان دادگای باڵای فیدراڵ. هەروەها، بە پێی ماددەی ٩٤ ئازادی ئابووری هەیە و کۆنفیدراسیۆن و کانتۆنەکان و کەرتی تایبەتی، بە لەبەرچاوگرتنی ئابووریی سویس، دەبێت هەوڵ بدەن بۆ ئاسوودەیی و ئاسایشی ئابووریی خەڵک.

تایبەتمەندی پرۆسەی سیاسی سویس، داهێنان و ریفراندومە. لە ریگای ریفراندومی فیدڕاڵەوە بەپێی ماددەکانی ١٣٨ و ١٤٠ لە یاسای بنچینەیی لە ژێر پاژی پێوەندیدار بە داهێنان و ریفراندوم، ئەگەر گروپێک لە هاووڵاتییان ٥٠ هەزار واژۆ لە ١٠٠ رۆژدا کۆ بکەنەوە، دەتوانن کێشە ساز بکەن بۆ یاسایەکی پەسەندکراو لەلایەن پاڕلەمانی فیدراڵەوە. هەشت کانتۆن پێکەوە دەتوانن بانگەواز بکەن بۆ رفراندومێک لەسەر یاسایەکی فیدراڵ. هەروەها بە واژۆی سەد هەزار کەس لە هەژدە مانگدا دەکرێ پێشنیاری

---

241 commune

چاکسازیی یاسای بنچینەیی بکرێت کە دەبێت پاش باس کردن لەلایەن زۆرینەی هەردوو ئەنجومەنی فێدراڵ و زۆرینەی دەنگی گشتی کانتۆنەکان، پەسەند بکرێت.

سویس لە نێوان دوو سیستەمی پریزدێنتاڵ (سەرۆکایەتی) و پارلەمانتاریدا جێی گرتووە و تێکەڵێکە لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی هەردووکیان و سیستەمێکی جێبەجیکاریی فرەیی (پلوراڵ) داهێناوە، کە لەسەر بنەماکانی فێدراڵ کار دەکات[٢٤٢]. بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەنجومەنی فێدراڵ لەلایەن پارڵەمانی فێدراڵەوە دیاری دەکرێت، بۆیە سیستەمی نزیک بە پارڵەمانتاری هەیە. سیستەمی فێدراڵی سویس دامەزراوەیەکی تایبەتە، کە ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی یان ئەنجومەنی فێدراڵ (بریتی لە حەوت کەس) دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکاریی و بەڕێوەبەرایەتی کۆنفێدراسیۆنە و لەلایەن پارڵەمانی فێدراڵەوە (بە کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەنەکە) بۆ چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن و هەرکامیان سەرۆکی وەزارەتخانەیەکن. یەکێک لە مانە وەکو سەرۆکی ئەنجومەن (وەک سەرۆک کۆمار) و یەکێکی تریشیان وەکو جێگری، لەلایەن پارڵەمانی فێدراڵەوە بۆ ماوەی ساڵێک هەڵدەبژێردرێن. ئەم پلەیە تەشریفاتییە، واتە سەرۆک کۆمار دەسەڵاتێکی زێدەی نییە و وەک وەزیری وەزارەتخانە دەمێنیتەوە.

---

242 Ibid, p. 88

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئەم کەسانە سەر بە حیزبە سەرەکیەکانی ئەو ولاتەن. گریدراوی بە کانتۆنەکان و ریز لە نەتەوە و زمانە جیاوازەکان کاریگەری هەیە لەسەر ئەم هەلبژاردنە و دەبیت بە شیوەیەکی ریژەیی نوینەرایەتی ناوچە زمانی و جوگرافیاییە جۆراوجۆرەکان بکەن. بۆیە ئەم ئەندامانە لە حەوت کانتۆنی جیاواز دەبن و کانتۆنە گەورەکان وەک بیرن و زوریخ بەردەوام لە دەولەتی فیدرالدا بەشداری دەکەن و هەروەها دوو کەس لە ئەندامانی دەولەت، فەرەنسەیی زمانن. بەمجۆرە بواریک بۆ بەشداریی کانتۆنەکان و گروپە کۆمەلایەتیە جیاوازەکان دابین دەکریت. ئەم ئەندامانە دەسەلاتی یەکسانیان دەبیت و بە شیوەی بەکۆمەل و هاوبەش کار دەکەن. ئەنجومەنی فیدرال، حکوومەتی فیدرال پیکدەهینیت و ئیدارەی فیدرال بەریوەبەرایەتی دەکات و وەکو سەرۆکی بەکۆمەلی دەولەت خزمەت دەکات و لە راستیدا هەرکامەیان وەزیریکن. چۆن لە ئاستی فیدرالدا وەزارەتخانەی زۆر بە پیویست نەزانراوە و کاروبار زۆرتر لە کانتۆنەکان دایە. نووسینگەی بەریوەبەری ئیدارەی گشتی ئەنجومەنی فیدرال سەرۆکایەتی فیدرالە، کە لەلایەن سەدر ئەعزەمی فیدرالەوە هەلدەسووریت (م. ٩-١٧٤ ی. ب). لە راستیدا سەدری ئەعزەم بەریوەبەری گشتی ئیدارە و دەزگای بورۆکراتیکی فیدرالە و ریکخەری کاروباری ئیدارییە. ئەنجومەنی فیدرال بریار لەسەر سیاسەتەکانی فیدرال

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دەدات و چالاکیەکانی دەوڵەت گەڵاڵە و هاوئاهەنگ دەکات و چاوەدێریی ئیدارەی فیدراڵ دەکات (م. ١٨٠ و ١٨٧ ی. ب).

بەپێی ماددەی ١٤٨ ی. ب، دەسەڵاتی یاسادانان دوو ئەنجومەنەیە. پارڵەمانی فیدراڵ (بریتی لە دوو ئەنجومەنی خوارەوە یان نیشتمانی و ئەنجومەنی سەرەوە یان ویلایەتەکان) دەسەڵاتی رەوای باڵای کۆنفیدراسیۆنە. ئەنجومەنی نیشتمانی کە بریتییە لە ٢٠٠ کەس لەلایەن خەڵکەوە بەگوێرەیی حەشیمەتی هەر کانتۆن راستەوخۆ هەڵدەبژێدرێن و هەر کانتۆنێک لانیکەم دەبێت کورسییەکی هەبێت. ئەنجومەنی ویلایەتەکان بریتییە لە ٤٦ نوێنەری کانتۆنەکان. هەر کانتۆن دوو نوێنەر و هەر نیوەکانتۆن یەک دانەی لە ئەنجومەنی سەرەوە هەیە. کانتۆنەکان بۆخۆیان رێسای هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لە ئەنجومەنی ویلایەتەکان دیاری دەکەن (م. ١٥٠ ی. ب). بڕیارەکانی پارڵەمانی فیدراڵ پێویستی بە رێکەوتنی هەردوو ئەنجومەنەکە هەیە (م. ١٥٦ ی. ب). پێش پەسەند کردنی یاسا، کۆمیسیۆنی دەرەوەی پارڵەمانی فیدراڵ پێکدێت، کە بریتی دەبێت لە کانتۆنەکان، نوێنەرانی حیزب و گروپە کۆمەڵایەتیەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە. لە سویسدا جۆراوجۆریی حیزبەکان هەیە و تایبەتمەندی سویس لە جۆراوجۆریی و خۆجێی بوونی حیزبەکان دایە. چۆنیەتی رێکخستنی خۆجێیی حیزبەکان پیشاندەری فرەلایەنی کۆمەڵگای سویسە، بە جۆرێک کە ناوی حیزبێک رەنگە بەپێی کانتۆن لە باری

بگەڕێوە بۆ پێڕست

جوگرافیایی و یان زمانیەوە بگۆڕدرێت. نوێنەرانی حیزبە خۆجێییەکان لە حکوومەت و یان لە پارلەمانی کانتۆندا، بەشداری دەکەن.

بە پێی ماددەی ١٩١ ی. ب دەسەڵاتی دادوەریی دەبێت سەربەخۆ بێت. دادگای باڵای فێدراڵ دەسەڵاتی باڵای دادوەریی کۆنفێدراسیۆنە. کاری ئەم دادگایە بیستنی سکاڵاکان لە دژی بڕیارەکانی دادگاکانی فێدراڵ یان کانتۆناڵە و پێوەندی هەیە بە ناکۆکیەکە پێوەندیدارەکان بە یاسای فێدراڵ، یاسای نێونەتەوەیی، یاسای نێوان کانتۆنەکان، ناکۆکی نێوان کۆنفێدراسیۆن و کانتۆنەکان یان نێوان کانتۆنەکان پێکەوە و هتد. دادوەرەکان لەلایەن پارڵەمانی فێدراڵەوە، بۆ شەش ساڵ هەڵدەبژێردرێن. کانتۆنەکانیش دەسەڵاتەکانی دادوەریی خۆیان بۆ دادوەریی لەسەر ناکۆکیەکانی یاسا گشتی و مەدەنییەکان و بابەتەکانی یاسای کەتن و تاوان، دیاری دەکەن (م. ١٨٨، ١٨٩ و ١٩١ ی. ب).

لە سویسدا کانتۆن یەکەی پێکهێنەری سەرەکییە. لە کاتێکدا کە یاسا ڕێژەیەکی دیار لە دەسەڵاتی بە حکوومەتی فێدراڵ داوە و پاشماوەی بە کانتۆنەکان، بۆیە بە کردەوە پلەیەکی زۆر لە دیسەنتەڕاڵی کردن دەبینرێت[٢٤٣]. ماددەی ٣ ی. ب بەمجۆرە پێناسەی کانتۆن دەکات: "کانتۆنەکان بەشگەلێکی خاوەن

---

[243] watts, op.cit, 1999, 22.

سەرووەرین جگە لەو بوارانەی کە سەرووەریان لەلایەن یاسای بنچینەیی فێدراڵەوە سنووردار دەکرێتەوە. ئەوان دەبێت هەموو ئەو مافانە جێبەجێ بکەن کە بە کۆنفیدراسیۆن ناسپێردرێن." هەر کانتۆنێک، کە لە راستیدا وەک ویلایەتە (ستەیت) لە وڵاتانی تردا، پێتەختێکی هەیە[244]. کانتۆنەکان بارودۆخی یاسایی هەمیشەیی و بەپێی یاسای بنچینەیی فێدراڵ پێگەیەکی یەکسانیان هەیە و خاوەن پلەیەکی بەرزی سەربەخۆیین. هەر کانتۆنێک یاسای بنچینەیی، پارلەمان، حکوومەت و دادگای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەندامەتی دووانە قبووڵ کراوە و هەر کەسێک دەتوانێ هاوکات هەم ئەندامی یاسادانانی فێدراڵ بێت و هەم کانتۆنیش[245]. و هەروەها کانتۆنەکان دەسەڵاتی پێشنیار و گەڵاڵەکردنی یاساشیان هەیە و لەو بابەتانەشدا کە پێوەندییان بە ماف و بەڵێنیەکانی ئەوانەوە هەیە و یان بۆ ئەوان گرنگایەتی سیاسی، کەلەپووری (چاندی) یان ئابووریی هەبێت، مافی رادەربڕینیان هەیە. بەپێی ماددەی ٤٣، کۆنفیدراسیۆن دەبێت تەنیا ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە کانتۆنەکان بۆیان جێبەجێ

---

[244] لە دەقی ئینگلیزی یاسای سویسرادا هەندێ جار وشەی ویلایەت (state) بەکار هێنراوە وەک ماددەی ١٤٨. یان لە ماددەی ١٥٠ لە باتی ئەنجومەنی کانتۆنەکان، ئەنجومەنی ستەیتەکان بەکار هێنراوە. بڕواننە یاسای بنچینەیی سویس: Constitution, op.cit.:

[245] Watts, op.cit, 1999, 23, & Wikipedia, op.cit.

گەڕانەوە بۆ پێڕست

نابێت، یان پێویستیان بە ڕێکخستنی یەک شێوە (یونیفۆرم) هەیە. لە ژێر ئەم سەردێڕەدا ئاماژە بە فێدرالیزمی هەرەوەزی دەکرێت. بەم پێیە لە نێوان کۆنفێدراسیۆن و کانتۆنەکاندا دەبێت هاوکاری هەبێت و ئەگەر کێشەشیان لە نێواندا هەبێت، لە ڕێگای وتووێژ و نێوبژیوانییەوە چارەسەر بکرێت. یاسا گەرەنتی بەشداری کانتۆنەکان لە بڕیاردانەکانی فێدراڵ و ئاگادارکردنەوەیان بە تەواوی لەو شتانەیدا کە پێوەندی بەوانەوە هەیە، دەکات. یاسا هەروەها خودموختاری کانتۆنەکان و پشتگیریی لە باری داراییەوە مسۆگەر دەکات. هەروەها گرێبەست و پەیمانی نێوان کانتۆنەکان و پێکهێنانی ئەنجومەن و ڕێکخراوی هاوبەش گەرەنتی کراوە (م. ٨-٤٤ ی. ب). هەر کانتۆنێک بۆ خۆی یاسایەکی بنچینەیی دیمۆکراتیکی دەبێت (م. ٥١ ی. ب). بەپێی یاسا، پێوەندیەکانی دەرەوە لە ئەستۆی کۆنفێدراسیۆنە، بەڵام لەو سیاسەتانەیدا کە پێوەندییان بە کانتۆنەکانەوە هەیە دەبێت لەگەڵیان ڕاوێژ بکات (م. ٥٤-٥٥ ی. ب). بەپێی ماددەی ٥٦ هەر کانتۆنێک لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا دەتوانێ لەگەڵ دەوڵەتانی بیانی پەیمان ببەستێت، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە دژایەتی نەبێت لەگەڵ یاسا و بەرژەوەندیەکانی کۆنفێدراسیۆن و کانتۆنەکانی تر و پێشتر کۆنفێدراسیۆن ئاگادار بکاتەوەوە. هەروەها هەر کانتۆنێک ڕاستەوخۆ سەروکاری هەیە لەگەڵ دەسەڵاتە بیانییەکان لە ئاستی نزمتردا. بابەتەکانی پێوەندیدار بە کەلەپوور، بە لەبەرچاوگرتنی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

جۆراجۆریی کەلەپووریی لە ئەستۆی کانتۆنەکانە (م. ٦٩ ی. ب).
بەپێی ماددەی ٧٠ چوار زمانی فەرمی هەیە لە ئاستی کۆنفیدراسیۆندا و هەر کانتۆنێک خۆی لەسەر زمانی فەرمی خۆی، کە چ بێت، بڕیار دەدات و لەو کانتۆنانەدا کە کەمینەی پێوەندیدار بە زمان هەیە، دەبێت مافیان بپارێزرێت.

ئاستی سێهەمی حکوومەتی لەم وڵاتەدا کامیونەکانن. یاسای بنچینەیی جگە لە کانتۆن، لە ئاستێکی خوارتردا بۆ ئەم کۆمەڵگا خۆجێیانە (کامیون) بە پێی یاسای کانتۆنەکان، خودموختاریی دابین کردووە (م. ٥٠ ی. ب). لەم وڵاتەدا نزیکەی ٢٥٩٦ (لە ٢٠١٠دا) کامیون هەیە. دەسەڵاتی هەندێ بابەتی وەکو قازانجە گشتییەکان، جادەکان و...هتدیان پێ سپێردراوە. کامیونەکان هاووڵات بوونی سەرەتایی[٢٤٦] مسۆگەر دەکەن و دەبنە بنەمای هاووڵاتی بوون لە ئاستی کانتۆن و حکوومەتی ناوەندیدا. بڕیارەکان لەلایەن ئەنجومەنی کامیوناڵەوە دەدرێن. بچووکترین کامیون لە سویسدا کەمتر لە ١٠٠ دانیشتووی هەیە، لە کاتێکدا کە گەورەترین کامیون وەکو زوریخ، رەنگە ٣٠٠٠٠٠ دانیشتووی هەبێت[٢٤٧].

246 primary citizenship

247 Verma, **op.cit**., 93 and, Wikipedia, **op.cit**.

بگەڕێوە بۆ پێرست

**کەنەدا**

کەنەدا دووەمین ولاتی گەورەی جیهانە لە باری پانتاییەوە و لە سەرژمێری ساڵی ٢٠١١ دا حەشیمەتی ٣٣/٤ میلیۆن بووە[٢٤٨]. ئەم ولاتە، فیدراڵە و بە شێوەی دیمۆکراسی پارلەمانتاری و مۆنارشی لەسەر بنەمای یاسای بنچینەیی هەڵدەسووڕێت و مەلەکە ئیلیزابێتی دووەم سەرۆکی دەولەتە، کە هاوکات سەرۆک دەولەتی ١٥ ولاتی هاوبەرژەوەندی ترە. دەسەلاتداری گشتی کەنەدا نوێنەری مەلەکەیە و ئەرکەکانی پاشایەتی لە کەنەدا، جێبەجێ دەکات (م. ١٠ ی. ب). ئەم ولاتە کەمینەیەکی فەرەنسەیی زمانی هەیە (نزیکەی ٢٣ لەسەد) و لە ئاستی فیدرالدا دوو زمانەیە. ٨٠% فەرەنسەوی زمانەکان لە کێبێکن. یاسای ١٨٦٧ هەندێ خاڵی تایبەتی بۆ کێبیک بەتایبەت لە باری زمان، پەروەردە و یاسای مەدەنیەوە لەبەر چاو گرتووە[٢٤٩]. هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسەیی فەرمین و لە دادگاکانی فیدراڵ، پارلەمان و هەموو دامەزراوە فیدراڵەکاندا پێگەی یەکسانیان هەیە و یاساش دەبێت بە هەر دوو زمانەکە بێت (م. ١٢٣ ی. ب). تۆمار و چاپەمەنیەکانی پارلەمانیش دەبێ بە هەردوو زمانەکە بن (م. ١٨ ی. ب). ئەم ولاتە خاوەن سیستەمی فرەحیزبییە وهیچ

[248] http://en.wikipedia.org/wiki/Canada

[249] Watts, **op.cit** , 1999, 24

بگەڕێوە بۆ پێڕست

سنووردارىيەک بۆ حیزبە سیاسیەکان و رکابەرایەتیان لە هەڵبژاردنەکاندا نییە. جگە لە حیزبە سەرانسەرییەکان، حیزبی جۆراوجۆری ویلایەتی و ئیتنیکیش دەبینرێن.

ئەم فێدراسیۆنە پارلەمانتارییە لە سەرەتاوە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە سیاسییەکان لە نێوان پارێزگا یەکگرتووەکانی کەنەدادا پێکهات، لە ئانتاریۆ لە بەر زۆرینەی ئینگلیزی زمان و لە کێبێک بە هۆی زۆرینەی فەرنسەوی زمان و پارێزگاگەلێک وەک نۆڤاسکۆتیا و نیوبرونسویک بە مەبەستی بازرگانی و بەرگری[٢٥٠].

بە وتەی پرۆفیسۆر ئێدینگەر: "کۆنفێدراسیۆن وەکو چارەسەرییەک بۆ رێژەیەک لە کێشە سیاسی و ئابوورییەکان وێنا کرا، کەواتە، هەر دوولایەنی ئامانجی سیاسی و ئابووریی هەبوو. یەکیەتی فێدراڵ پلانێک بوو کە لەو رێگایەوە، لە رێگای بەخشینی قان (ئیمتیازی) دوولایەنە، ئەمەگدارییە چاندی و خۆجێیییەکان دەکرا بپارێزرێت و راهاتوو بن لەگەڵ هێزی سیاسی و پێکەوەبوون بە گشتی." لە راستای بنەمای فێدرالیزمدا، واتە جۆراوجۆریی بەشە پێکهێنەرەکان و خودموختاریی، پێکهاتەی فێدراڵی کەنەدا بەشداریی دیمۆکراتیکی هاسان کردووەتەوە، لە رێگای دابەشکردنی دەسەڵات کە راهاتووە لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئامانجە کۆمەڵایەتیە تایبەتەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم

[250] Ibid, p. 18 & 23.

جۆراوجۆریەدا. بنەمای فیدرالیزم بە دوای ئامانجە بەکۆمەڵەکانەوەیە بۆ کەمینەکان کە نموونەی لە کەنەدا، کێبێک بووە وەکو یەکەیەکی سیاسی و یەکێک لە هۆیەکانی سەقامگیربوونی پێکهاتەی فیدراڵ بۆ یەکیەتی کەنەدا لە ١٨٦٧دا بابەتی راستەقینەی دیمۆگرافیک و کۆمەڵایەتی کێبێک بووە[٢٥١].

یاسای بنچینەیی بانترین یاسایە لەم وڵاتەدا و بریتییە لە دەقێکی نووسراوە و کۆنڤانسیۆنە نەنووسراوەکان. یاسای بنچینەیی بە روونی تایبەتمەندیەکانی حکوومەتی فیدراڵ بۆ ئەم وڵاتە پێشکەش دەکات؛ یەکەم، دەسەڵات لە نێوان ناوەند و حکوومەتەکانی پارێزگا دابەش دەکات کە لە زۆر بابەتدا دەسەڵات بە پارێزگاکان دراوە. دووەم، حکوومەتەکانی ناوەند و پارێزگاکان لە باری ئیداری و کارگێڕانەوە لە یەک جیان و هیچ کامیان بە تەنیا ناتوانن یاسای بنچینەیی بگۆڕن و یاسای بنچینەیی پێشتریێتی هەیە[٢٥٢]. یاسا پاشماوەی دەسەڵاتەکانی، واتە ئەوانەی لە یاسادا روون نەکراونەتەوە کە بۆ چ ئاستێک بن، بۆ حکوومەتی فیدراڵ تەرخان کردووە. یاسای بنچینەیی کەنەداش هەموو ئازادی و مافە بنەڕەتیەکانی تاک و کۆمەڵی (کۆمەڵایەتی، ئایینی،

---

251 Edinger, **op.cit**, pp. 16-17 & p. 73.

252 R. C. Agrawal, **Indian Political system** (Indian Government and politics), fith edition, S. Chand & company LTD, New Delhi, 2003, p. 51.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

میدیا، کۆبوونەوە و...) لەبەرچاو گرتووە و هەموو تاکەکانیش بێ هیچ هەڵاواردنێک لە بەردەم یاسادا بەرابەرن. بەپێی ماددەی ٣٥ خەڵکانی خۆماڵی کەنەدا مافیان پارێزراوە و یاسا بە روونی ئەو قانەی ناسیوە.

یەکێک لە بنەما بەرچاوەکانی یاسای بنچینەیی کەنەدا پاڵپشتی لە کەمایەتیەکانە. ڕێژەیەک خاڵ و ماددەی تایبەتی پشتگیری لە مافی پێوەندیدار بە زمان، ئایین و پەروەردە، تێدایە. بنەمای فێدرِالیزم جۆراوجۆری بەشە پێکهێنەرەکانی کۆنفێدراسیۆن و دەسەڵاتی رەوای حکوومەتی پارێزگاکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگاکەیان، لە ناو هەرێمی دەسەڵاتیاندا دەناسێت. هەروەها بنەمای فێدرالیزم هاسانکاری دەکات بۆ بەدواداچوونی ئامانجە گشتییەکان لەلایەن کەمینە زمانی و کەلەپووریەکانەوە، کە کەمینەیەک پێکدەهێنن لە پارێزگایەکی تایبەتدا. یاسای بنچینەیی سەبارەت بە جیابوونەوەی پارێزگاکان لە کەنەدا شتێک ناڵێت و بێدەنگە، بەڵام باوەڕ بە دێمۆکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەنگی خەڵکی و بەڕێوەبردنی رفراندوم لە کێبێک وەکو شێوازی دێمۆکراتیک بۆ دیاریکردنی روانگەی خەڵکی هەرێمی دەنگدان (وێرای ئەوەی کە یاسای بنچینەیی راستەوخۆ و بە روونی ئاماژە بە ریفراندوم ناکات) وای کردووە کە لە راستیدا وەکو نۆرمێک مافی جیابوونەوە (ئەگەر خەڵکی هەر پارێزگایەک بیانەوێت) قبووڵ کراوە و بە ویستێکی دێمۆکراتیک دەزانرێت،

گەڕانەوە بۆ پێڕست

کە دەبێت ڕێگا و ئامرازی یاسایی بۆ ببینرێتەوە. چونکە مادام کە خەڵک دەنگیان پێدا ڕەوایی پەیدا دەکات. بۆیە حکوومەتی کێبێک و حێزبی سەربەخۆیی خواز لە ڕێگای وتووێژەوە، وە دوای دەکەوێت[٢٥٣].

لە کەنەداشدا دەسەڵاتە ڕەواکانی فێدراڵ (مەلەکە، دەسەڵاتداریی گشتی و پارڵەمان)، حکوومەتی ناوەندیی (سەرۆک وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران)، حکوومەتی پارێزگاکان دەبینرێت. هەروەها، بەپێی یاسای بنچینەیی ١٨٦٧ حکوومەت بە شێوەی ئاسۆییش دابەشکراوە بۆ سێ لقی جێبەجێکاریی، یاسادانان و دادوەریی[٢٥٤]. بەشداری ڕاستەوخۆی کەسانی سەر بە پاشایەتی لە بواری بەڕێوەبەرایەتیدا سنووردارە. لە کردەوەدا، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لە دەست کابینەی وەزیرانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی گشتی (نیشتمانی) دەبێت، کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە بەڕێوە دەبرێت (م. ١١ ی. ب). لەساڵی ١٨٦٧ بەملاوە نوێنەرانی پارێزگاکان ڕێکەوتن، کە نوێنەرایەتی ئەوان لە دەوڵەتی فێدراڵدا بە پێی ڕێژەی حەشیمەتی هەر پارێزگایەک بێت و هەر پارێزگایەک لانیکەم نوێنەرێکی لە کابینەدا هەبێت. بوونی ئەم نوێنەرانە لە کابینەی فێدراڵدا دەبێت بەپێی حەشیمەتی

---

[253] Edinger, **op.cit**, pp. 79-88

[254]Ibid, p. 91

بگەڕێوە بۆ پێرست

هەر پارێزگایەک بێت و کابینە دەبێت سەرنجی بەرژەوەندیەکانی هەر پارێزگایەک بدات. بۆیە زۆر جار وەزارەتی داد بە نوێنەری پارێزگای کێبێک دەسپێردرێت تاکو تایبەتمەندی پارێزگای فەرەنسەیی زمان سەبارەت بە مافە شارستانیەکان بپارێزرێت. بەمجۆرە لەوەها پێکهاتەیەکی فیدراڵیدا، هەر وەزیرێک هەم پارێزەری بەرژەوەندی پارێزگای پێوەندیدارە و هەم پارێزەری وەزارەتخانەی خۆیەتی. کەواتە هەر ویلایەتێک لانیکەم وەزیرێکی لە کابینەدا هەیە.

سێ فۆرمی دەسەڵاتی یاسادانان هەیە؛ تایبەتی فیدراڵ، تایبەتی پارێزگاکان و هاوبەش. بەپێی یاسای بنچینەیی (م. ١٧) دەبێت پارلەمانێک بۆ کەنەدا هەبێت کە بریتییە لە مەلەکە، ئەنجومەنی سەرەوە و ئەنجومەنی خواروو. ئەندامەتی لە ئەنجومەنی سەرەوە بەپێی نوێنەرایەتی ناوچەییە و رێژەی ئەم نوێنەرانە ١٠٥ کەسە کە لە نێوان ویلایەتەکاندا دابەش کراون: ٦ کەس لە نیوفانلەند، ویلایەتەکانی ماری تایم ٢٤ کەس (١٠ کەس لە لوڤاسکوشیا و ١٠ کەس لە دوورگەی پرینس ئیدوارد)، کێبێک ٢٤ کەس، ئانتاریو ٢٤ کەس، ویلایەتەکانی رۆژئاوا ٢٤ کەس (٦ لە مانیتوبا، ٦ لە ساسکاچوان (٩، ٦ لە ئالبێرتا و ٦ کەس لە دوورگەی بریتیش کولومبیا) و لە هەرێمەکانی یوکون و باکووری رۆژئاواش

هەرکامیان کەسێک[٢٥٥]. ڕێژەی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانی ٣٠٨ ئەندامە کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی پارێزگاکان هەڵدەبژێردرێن (م. ٢١ ی. ب). گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لەم ئەنجومەنەدا بەشدارن، جگە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان. بۆ وێنە حیزبی بلاک کێبێکواز[٢٥٦] لە ساڵ ١٩٩٩ دا، ٢٤ کورسی بۆخۆی تەرخان کرد و لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ دا یەکێک لە پێنج حیزبی سەرەکی ئەو وڵاتە بوو.

لە باری دەسەڵاتی دادوەرییەوە، دادگای باڵای کەنەدا بانترین دادگایە کە ٩ ئەندامی هەیە و لەلایەن دەسەڵاتداری گشتی بە راوێژکاریی لەگەڵ سەرۆک وەزیران و وەزیری دادەوە دیاری دەکرێن. کابینەی فیدراڵ هەروەها دادوەرەکانی دادگاکانی بەرز لە ئاستی پارێزگا و هەرێمەکان دیاری دەکەن. یاسا و مافی گشتی لە هەموو شوێنێ، پێشتریێتی هەیە. جگە لە کێبێک کە یاسا و مافی شارستانی ئەو ویلایەتە لە سەرەوەیە. یاسای تاوان بەرپرساریێتی فیدراڵە و لە سەرانسەری کەنەدادا یەکسانە[٢٥٧].

هەم لە باری یاسادانان و هەم لە باری ئیدارییەوە، ئەم فیدراسیۆنە، دیسەنتەراڵ کراوە. پێکهاتەی فیدراڵی کەنەدا

---

255 Newfandland, Novascotia, Prince Edward Island, Quebec, Ontario, Alberta, British Columbia, Yukon

256 Bloc Quebecois

257 wikipedia /Canada, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بەرپرسایەتیە حکوومەتیەکان دابەش دەکات لە نێوان حکوومەتی فێدراڵ و پارێزگاکاندا. کەنەدا بریتییە لە ١٠ پارێزگا و ٣ ناوچە لە باکوور. پارێزگاکان هاوشێوەی ویلایەتن لە وڵاتەکانی دیکە. حکوومەتە خودموختارەکانی پارێزگا شێوازی پارلەمانتاری بەکار دەهێنن بەڵام یەک ئەنجومەنین و سەرۆک وەزیران بە شێوەی ئاسایی سەرکردەی حێزبی زۆرینە یان هاوپەیمانی زۆرینەیە لە پارڵەماندا. سێ ناوچەکە دەسەڵاتی یاسادانانیان هەیە هەرچەند بە شێوەی جیاواز، بەڵام سەروەریان نییە و لە باری یاساییەوە بەرپرسایەتییان کەمترە لە چاو پارێزگاکان. خودموختاری پارێزگاکان لە ناوچەکان زۆرترە. پارێزگا و ناوچەکان بەرپرسن لە بواری خوێندن و پەروەردەوە[٢٥٨]. لە کێبێک زمانی فەرەنسەیی فەرمییە و لە پەناشیدا ئینگلیزی فێر دەکرێن. لە پارێزگاکانی دیکەدا، فەرەنسەیی بەمجۆرە فەرمیی نییە بەڵام فێر دەکرێت و لە دادگا و خزمەتگوزاریی و...هتددا، لە پەنای ئینگلیزی بەکار دەهێنریت. هەندێ گروپی زمانی خۆماڵیش هەن کە ڕێژەیان زۆر کەمە، بەڵام لەو هەرێمانەدا کە هەن، جێگە و پێگەی فەرمییان هەیە.

بەپێی ماددەی ٥٨ ی. ب، هەر پارێزگایەک دەبێت فەرماندەرێکی هەبێت کە پێی دەگوترێت جێگری دەسەڵاتدار و

[258] wikipedia /Canada, op.cit

بگەڕێوە بۆ پێڕست

لەلایەن دەسەڵاتداری گشتییەوە لە ئەنجومەندا دیاری دەکرێت. لە باری دەسەڵاتی دادوەریەوە، دەسەڵاتداری گشتی، دادوەرەکانی دادگاکانی بەرز، مەڵبەند، شارستان دیاری دەکات، جگە لە هەندێ رەوشی دەگمەن وەک دادگاکانی پێوەندیدار بە میرات لە نۆڤاسکۆشیا و نیوبرونسویک[٢٥٩] (م. ٩٦ ی. ب).

دیمۆکراسی لەم وڵاتەدا تارادەیەک لە پێشەوەیە، کە حیزبە سەربەخۆیی خوازەکانیش چالاکن و ریفراندوم بۆ جیابوونەوە بەرێوە دەچێت. ویرای خودموختاری زۆری کێبێک، حیزبی سەربەخۆیی خوازی ئەوێ واتە PQ[٢٦٠] لە ٢٠ مەی ١٩٨٠دا ریفراندومی بەرێوە برد کە بە دەرەنجامی ٥٩/٥% - ٤٠/٥% سەر نەکەوت. لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ دا ریفراندومێکی تری سەرانسەری لە کێبێک بەرێوەچوو کە زۆرینەی خەڵک رەتیان کردەوە (بە دەرەنجامی: لە کەنەدا ٥٤/٤% بۆ ٥٥/٦% و لە کێبێک ٥٥% بۆ ٤٢%). لە ١٢ ئۆکتۆبەری ١٩٩٥ دا جارێکی تر سەرۆک وەزیرانی کێبێک بە پارلەمانی پاریزگای راگەیاند کە لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٥ دا ریفراندوم بەرێوە دەبات کە جارێکی تر خەڵکی کێبێک وەڵامی "نا"یان دایەوە، بەڵام بە جیاوازیەکی زۆر کەمەوە (٥٠/٥ % نا بۆ جیایی و ٤٩/٥٠ %

---

[259] New Brunswick

[260] Parti Quebecois

بگەرێوە بۆ پێرست

"ئەرێ" بۆ جیابوونەوە)[٢٦١]. ئەمە هۆی شانازی ئەم وڵاتە بووە کە هەمیشە باوەڕیان بە ڕێگای دیمۆکراتیک هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. ئەم وڵاتە یەکێک لە دیمۆکراسییە بەردەوامەکانی جیهان بووە و لە باری نیشاندەری پەرەسەندنی مرۆییەوە لە پلەیەکی بەرزدا بووە. لە ١٩٨٨ دا دادگای باڵای کەنەدا بڕیاری دا ئەگەر زۆرینەی کێبێک دەنگ بدەن بە جیایی پاش ئەوە دەکرێ پاشماوەی ڕەوتی یاسایی و وتوویژ دەست پێ بکرێت، واتە لە کۆتاییدا دەکرێ جیا ببێتەوە بەڵام نەک یەک لایەنە بەڵکو دەبێت ڕەوتی یاسایی تێپەڕێنێت[٢٦٢].

داهاتی پارێزگاکان پێکەوە لە حکوومەتی فیدراڵ زۆرترە و ئەمە بووەتە هۆی پێکهێنانی پێکهاتەیەکی بێ وێنە لە ناو فیدراسیۆنەکانی جیهاندا. حکوومەتی فیدراڵ هەوڵ دەدات بۆ دڵنیا بوونەوە لە یەکسان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و یەکسان کردنی پارێزگا هەژار و دەوڵەمەندەکان[٢٦٣]. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا سیاسەتی دیسان بڵاوکردنەوە بەکارهێنراوە (بڕواننە پاژی یەک، بەشی فیدرالیزمی دارایی). بە پێی ماددەی ١٠٢ ی. ب، هەموو کار و خزمەتگوزاریی و داهاتەکانی زیاتر لە دەسەڵاتەکانی

---

[261] Azam, op.cit, pp. 27-30.

[262] watts, 1999, p.108

[263] wikipedia /Canada, op.cit

گەڕانەوە بۆ پێڕست

یاسادانانی کەنەدا کە دەسەڵاتی بووجە تەرخان کردن و لەبەرچاوگرتنیان هەیە جگە لە بەشگەلێک کە بەپێی ئەم یاسایە بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی پارێزگاکان رزێرڤ کراوە یان لەلایەن ئەوانەوە بەرهەم هاتووە، بەپێی دەسەڵاتە تایبەتیەکان کە لەم یاسایەدا پێیان دراوە، دەبێت پارەیەکی داهات پێکبهێنێت بۆ خزمەتگوزاریی گشتی کەنەدا.

**رووسیا** (Russia):

ناوی ئەم وڵاتە لە پاش تێکچوونی سۆڤییەتەوە 'فیدراسیۆنی رووسیا'یە[٢٦٤] و لە باری جوگرافیاییەوە گەورەترین وڵاتی جیهانە کە لە ٢٠١٠دا نزیکەی ١٤٣ میلیۆن حەشیمەتی هەبووە. نەتەوە، زمان، کەلەپوور و ئایینی جیاوازیی زۆری لەخۆگرتووە. کەمینەگەلێکی نەتەوەیی گەورە لەم وڵاتەدا هەن. بە گشتی، ١٦٠ گروپی نەتەوەیی و ئێتنیکی هەیە. نەتەوەی روس نزیکەی ٨١% حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێکدەهێنن. و نزیکەی ١٩% لە نەتەوەکانی تر: ٣/٧% تاتارەکان، ١/٤% ئوکراینیەکان، ١/١% باشکرەکان، ١% چاڤەشەکان[٢٦٥] و ١/٨% ئێتنیکەکانی تر[٢٦٦]. هەروەها لەم

[264] **The constitution of the Russian Federation** (with the Amendments and Additions of December 30, 2008), article 1.

[265] Tatars, Ukrainians, Bashkirs, Chuvashes

گەڕانەوە بۆ پێرست

وڵاتەدا نزیکەی سەد زمان و زاراوە هەیە کە زۆرترینیان زمانی رووسییە. دوای رووسی تاتاری و ئوکراینی زۆرترن. رووسی زمانی فەرمی دەوڵەتی فیدراسیۆنە، بەڵام یاسای بنچینەیی مافی ئەوەی بە کۆمارەکان داوە کە زمانی نەتەوەیی خۆیان لە پەنای رووسیدا بەکار بهێنن (م. ٦٨). بەپێی ماددەی ٢٦ی ئەم یاسایە هەموو کەسێک مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی بۆ پێوەندی، بەخێوکردن، خوێندن و کار هەیە. بەپێی ماددەی ٦٨ خاڵی ٣، فیدراسیۆنی رووسیا دەبێت بۆ هەموو خەڵکەکەی مافی پاراستنی زمانی خۆیان گەرەنتی بکات و هەلومەرجی خوێندن و پەرەپێدانی ئەو زمانانە برەخسێنێت.

لە سەردەمی سۆڤیەتدا بەپێی یاسای بنچینەیی، ئەو وڵاتە ئەنجومەنێک بوو لە پانزە تا شانزە کۆماری سوسیالیستی کە مافی بەرابەریان هەبوو و هەرکامەیان یاسای بنچینەیی هەبوو، هەرکامیشیان بۆخۆیان چەندین کۆماری خودموختار، پارێزگا، ناوچە و ناوچەی خودموختاریان لەبەر دەگرت. واتە کۆمارەکان خۆیان فیدراسیۆنگەلێک بوون لە ناو فیدراسیۆندا. بەڵام لە راستیدا بە هۆی نەبوونی ئازادی و حکوومەتی تاقە حیزب (حیزبی کمونیست)، فیدرالیزمی راستەقینە نەبوو و بەس

---

[266] Azam, **op**. **cit**, p. 89. And, http://en.wikipedia.org/wiki/Russia

بگەڕێوە بۆ پێڕست

فیدراسیۆنێکی سەنتەرال کراو بوو[٢٦٧] و ببووە بەندیخانەی نەتەوەکان، بۆیە بە شلبوونەوەی هێزی ئایدیالۆژیا کە ببووە هۆی پێکەوە بوون، تێکچوو و روخا. بەڵام هەندێک لە وڵاتانی پێکهاتوو هەروەکو چۆن پێشتر فیدراسیۆن بوون بۆخۆیان، پاش سۆڤییەتیش بە فیدراسیۆنی مانەوە کە سەرەکیترینیان خودی رووسیایە. لە کاتی پێشنیاری پەیمانی فیدراڵ لە ١٩٩٢دا، دوو کۆماری تاتارستان و چیچن[٢٦٨] بە مەبەستی تایبەت واژۆیان نەکرد، تا پاش پێکهاتن کە لە کۆتاییدا لە ١٥ی فیبریوەری ١٩٩٤ دا واژۆیان کرد. پەیمانەکە لە بواری گرێبەستە نێو نەتەوەییەکانەوە لەگەڵ وڵاتانی بیانی، ئازادی بە تاتارستان دا و کێشەکانی پێوەندیدار بە هاووڵاتی بوون پێوەندیدار بە کۆماری، چارەسەر کرد. سەبارەت بە چیچن (چیچان) و کاری دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان رووسیا و چیچن، پەیمانەکە پێگەیەکی تایبەتی بۆ کۆماری چیچن لەبەرچاو گرت: "وەکو دەوڵەتێکی سەرەوەر، دیمۆکراتیک، خاوەن حکوومەتی یاسا، سوسیال" لە ناو فیدراسیۆنی رووسیا. بەپێی ئەم پەیمانە دەسەڵاتەکانی ناوەند بە شێوەی بەرچاو سنووردار کرانەوە و شوێنی تەواوی هێشتەوە بۆ ئەو

---

[267] Verma, **op.cit**, pp. 92-3 & p. 108. And, Zhuravskaya, **op.cit**, 2010.

[268] Tatarstan & Chechnya

بگەڕێوە بۆ پێرست

هێڵانەی کە لەسەری پێکنەهاتبوون لە ئاستی پێوەندیەکانی ناوەند-پەڕاوێز، لە نێوان مۆسکۆ و ئیداراتی سەرۆکایەتیەکان لە ساڵانی داهاتوودا[٢٦٩].

پێشەکی یاسای بنچینەیی فرەنەتەوەیی بوونی وڵات بە فەرمی دەناسێت، وەک لە دەستپێکەکەیدا دەڵی "ئێمە، خەڵکی فرەنەتەوەیی فیدراسیۆنی رووسیا..."[٢٧٠]. هەر بۆیە ئاماژە دەکات بە بەرابەری و مافی دیاری کردنی چارەنووس لەلایەن خەڵکەوە، باوەڕ بە دادپەروەریی، وڵاتێک لەسەر بنەمای دیمۆکراتیک و خاوەن حکوومەتی فیدراڵی دیمۆکراتیک و.... بەشی یەکەمی یاسا بۆ بناخەکانی سیستەمی یاسایی تەرخان کراوە. بەپێی ماددەی ٢، مرۆڤ، ماف و ئازادیەکانی بانترین بایەخیان هەیە لەم وڵاتەدا. بەپێی ماددەی ٣ تەنیا سەرچاوەی دەسەڵات، خەڵکی فرەنەتەوەیی وڵاتە و ریفراندوم و هەڵبژاردنە ئازادەکان بانترین رێگای راستەوخۆ رادەربڕینی خەڵکن. بەپێی ماددەی ٧ فیدراسیۆنی رووسیا دەوڵەتێکی سوسیالە و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دەبێت مسۆگەر بکرێت. بەپێی ماددەی ١٣ جۆراوجۆری ئایدیالۆژیکی، سیاسی، سیستەمی فرەحیزبی و یەکسانی ئەنجومەنە گشتییەکان لە بەرانبەر یاسادا بە فەرمی ناسراون. هەروەها بەپێی ماددەی

---

269 Azam, **op.cit**, pp. 97-8 & p 101.

270 “We, the multinational people of Russian Federation…”

١٤، ئەم وڵاتە خاوەن دەوڵەتێکی سێکیولارە و هیچ ئایینێک دەوڵەتی و زۆری نییە و هەموو ئەنجومەنە ئایینیەکان لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن. بەپێی ماددەی ١٥، یاسای بنچینەیی دەبێت هێزی باڵای دادوەریی وڵات بێت و یاسایەکی بانتر لەوە نییە.

فێدراسیۆنی رووسیا لە بنەڕەتدا لە دیمۆکراسی نوێنەرایەتی فرەحیزبی پێکهاتووە کە حکوومەتی فیدراڵ سێ لقی دەسەڵاتەکانی؛ یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەریی هەیە (م. ١٠ ی. ب). بەپێی یاسای بنچینەیی، ئەم وڵاتە فێدراسیۆن و کۆمارێکی نیوە پریزدنتاڵە کە تێیدا سەرۆک کۆمار، سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆک وەزیران سەرۆکی حکوومەتە. سەرۆک کۆمار پارێزەری یاسای بنچینەیی و ماف و ئازادیەکانی هاووڵاتییانە. سەرۆک کۆمار لەلایەن خەڵکەوە بۆ خولێکی شەش ساڵە هەڵدەبژێردرێت و دەتوانێ تا دوو خول هەڵبژێردرێت (م. ٨٠ و ٨١ ی. ب). سەرۆک کۆمار فەرماندەری گشتی هێزە چەکدارەکانە و دەتوانێت پێشنیارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان ڤیتۆ بکات پێش ئەوەی ببن بە یاسا. هەروەها کابینە و بەڕێوەبەرانی دیکەی سیاسەت و یاساکانی فێدراڵیش دیاری دەکات. دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لەلایەن حکوومەتی فیدراسیۆنەوە جێبەجێ دەکرێت. حکوومەتی فێدراسیۆن بریتییە لە سەرۆک وەزیران و وەزیرانی فیدراڵ. سەرۆک وەزیر لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە بە راوێژ لەگەڵ دومای دەوڵەتی (ئەنجومەنی نوێنەران) دیاری دەکرێت (م.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

١١٠ و ١١١ ی. ب). لەسەر راسپاردەی سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان دیاری دەکات. دەسەڵاتی یاسادانان واتە ئەنجومەنی فێدراڵی لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە؛ دومای دەوڵەتی بە ٤٥٠ ئەندامەوە کە بۆ پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن و ئەنجومەنی فێدراسیۆن (م. ١١، ٩٥ و ٩٦ ی. ب). بەپێی ماددەی ٩٥ لە هەرکام لە پێکهێنەرەکانی فێدراسیۆنی رووسیادا، ٢ کەس دەرۆنە ئەنجومەنی فێدراسیۆن: یەکیان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان و ئەوی تریان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکاریی یەکەی پێکهێنەرەوە.

دەسەڵاتی دادوەریی فێدراڵ بریتییە لە دادگای یاسای بنچینەیی، دادگای باڵا، دادگای بەرزی نێوبژیوانی و دادگا فێدراڵیەکانی خوارتر کە دادوەرەکان لەسەر راسپاردەی سەرۆک کۆمار لەلایەن ئەنجومەنی فێدراسیۆنەوە دیاری دەکرێن. بەپێی ماددەی (٣)١٢٥ ی. ب، دادگای یاسای بنچینەیی دەبێت ناکۆکی نێوان هەرێمەکان چارەسەر بکات لە: نێوان دامەزراوەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی فێدراڵ، نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەتی فێدرڵ و دامەزراوەکانی یەکە پێکهێنەرەکانی فێدراسیۆن، نێوان دامەزراوە باڵاکانی دەسەڵاتی یەکە پێکهێنەرەکان. هەروەها دادگای باڵا بانترین دامەزراوەی دادوەرییە بۆ دۆسیەکانی: مەدەنی، کەتن، ئیداری و...هتد. دادگای بەرزی دادوەریی بانترین دامەزراوەی دادوەرییە بۆ ناکۆکییە ئابووریەکان و دۆسیە پێوەندیدارەکان لەلایەن دادگاکانی نێوبژیوانیەوە. دادوەرەکانی ئەم سێ دادگایە

بگەڕێوە بۆ پێڕست

لەسەر پێشنیاری سەرۆک کۆمار لەلایەن ئەنجومەنی فێدراسیۆنەوە دیاری دەکرێن (م. ١٢٦، ١٢٧ و ١٢٨ ی. ب).

بەشی سێی یاسای بنچینەیی بۆ پێکهاتەی فێدراڵ تەرخان کراوە. بەپێی ماددەی ٦٦ خاڵی ٥، پێگە و بارودۆخی پێکهێنەرەکانی فێدراسیۆن لەسەر ڕێکەوتنی دوو لایەنەی نێوان فێدراسیۆنی رووسیا و یەکە پێکهێنەرەکانی و بەپێی مافە یاساییەکانی فێدراڵ، رەنگە بگۆڕدرێت. فیدراسیۆنی رووسیا بریتییە لە ٨٩ پێکهێنەر کە هەموویان وەکیەک نوێنەریان لە ئەنجومەنی فێدراسیۆندا (هەرکام دوو نوێنەر) هەیە، هەرچەند لە باری پلەی خودموختاریەوە جیاوازن: ٢١ کۆمار (م. (١)٦٥ ی. ب) کە حکوومەتی خودموختار و یاسای بنچینەیی، سەرۆک کۆمار (یان پۆستێکی لەو چەشنە) و پارڵەمانی خۆیانیان هەیە. کۆمارەکان ڕێگەپێدراون کە لە پەنای رووسیدا زمانی فەرمی خۆیان هەبێت، بەڵام لە کاروباری نێودەوڵەتیدا حکوومەتی فێدراڵ نوێنەرایەتیان دەکات. کۆمارەکان دەبێت وەک خاک وماڵی کەمایەتیە نەتەوەییەکانی تایبەت بن؛ ٥٥ ویلایەت (ئۆبلەست) کە لەلایەن حکوومەتی فێدراڵەوە دەسەڵاتدارێکیان هەیە و بە شێوەی خۆجێیی یاسادانان هەڵدەبژێرن؛ ١٠ ناوچەی خودموختار (کرەیز) وەکو هەرێمگەلێکی خودموختارن؛ ١ پارێزگای خودموختار، ناوچەی خودموختاری جوولەکەکان؛ ٢ شاری فێدراڵی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

مۆسکۆ و سێنت پیتەرزبورگ کە وەکو ناوچەگەلێکی جیا کار دەکەن (م. ٥٠ و ٦٥ ی. ب)[٢٧١].

دەسەڵات لە نێوان ناوەند و کۆمارەکاندا دابەش کراوە. زۆربەی دابەشکاریەکان و پێکهاتنی یەکە پێکهێنەرەکان بەپێی نەتەوە و ئێتنیکەکان بووە و سنوورەکان لە راستای هێڵە جوگرافیایی-نەتەوەییەکاندا بووە و مافەکانیان تیایاندا دابین کراوە. لە هەندێ لە کۆمارە گەورەکاندا پرسی سەرەکی بۆیان بڵاوکردنەوەی سامانەکانە. ئەم کۆمارانە گرێبەستیان لەگەڵ رووسیا واژۆ کردووە کە نەتەنیا سەربەخۆیی سیاسییان بەڵکو کۆنترۆڵ لەسەر سامانەکانیشیان گەرەنتی بکەن[٢٧٢]. جگە لە کۆمارەکان، یەکە پێکهێنەرەکانی دیکەش یاسای خۆیانیان هەیە (م. ٥ ی. ب). بەپێی ماددەی ١٢ ی. ب حکوومەتە خۆجێییەکان ناسراون و دامەزراوەگەلێکی جیان لە سیستەمی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت. بەشی ٨ی یاسای بنچینەیی تەرخان کراوە بۆ خۆحکوومەتە خۆجێیەکان کە سەربەخۆیی شارەوانیەکان لە بابەتە گرنگە خۆجێییەکان، گەرەنتی دەکات. ئەم حکوومەتانە لەلایەن هاووڵاتییانەوە لە رێگای رێفراندوم، هەڵبژاردن و فۆرمەکانی ترەوە جێبەجێ دەکرێن و کاروباری شار و گوندەکان هەڵدەسوورێنن و

[271] Watts, **op.cit**, 1999, p. 19. And, wikipedia/Russia, **op.cit**.
[272] Azam, **op.cit**, p. 89 & pp. 95-96

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بە شێوەی سەربەخۆ دارایيەکانی شار لە گرتن و جێبەجێ کردنی بووجەی خۆجێیی، باجە خۆجێییەکان، قەرزەکان و...هتد، بەڕێوە دەبەن (م. ١٣١ و ١٣٢ ی. ب).

لە نەوەدەکاندا، دیسەنتەراڵ بوونی زیاتر بوو، چۆنکو هێشتا بە چاکی فێدراسیۆن سەقامگیر نەبوو و هەندێ کێشە هەبوو و هەندێ لە دەسەڵاتە ناوچەییەکان لە دانی باجەکانی فێدراڵ خۆپاریزیان دەکرد. بەڵام پاش ١٩٩٩ بە دواوە دەسەڵاتی فێدراڵ بەهێزتر بوو و بەرەو سەنتەڕاڵی زیاتر چوو. هەندێ گۆڕانکاریی لە فێدراسیۆندا جێبەجێ کرا و تەشەنەی حکوومەتی فێدراڵ زۆرتر بوو. بۆ نموونە لە ئەنجومەنی فێدراسیۆندا دەسەڵاتداران و سەرۆک ئەنجومەنەکانی یەکە پێکهێنەرەکان گۆڕدران بە نوێنەرایەتی پیشەیی دیاریکراو و بەمجۆرە لە کاریگەری و تەشەنەیان لەسەر یاسادانانی فێدراڵ کەم کرایەوە. دووەم، کۆنترۆڵی فێدراڵ لەسەر جێبەجێ کردنی یاسای فێدراڵ، کە پێشتر نەبوو. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٤ بەملاوە هەڵبژاردنی دەسەڵاتدارانی ناوچەیی هەڵوەشایەوە و لەو کاتەوە سەرۆک کۆمار بۆخۆی دەسەڵاتدار دیاری دەکات. هەڵبژاردنی زۆرینەیی ڕاستەوخۆ، لە کەرتە یەک ئەندامیەکان کە پێشتر بۆ نیوەی کورسیەکان لە ئەنجومەنی خواروودا (دوما) هەبوو، گۆڕدرا بە نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە لیستە حیزبیەکان لەگەڵ زێدەکردنی هاوکات لە ئاستی پێویست بۆ حیزبەکان بۆ شیاویەتی لە

بگەڕێوە بۆ پێرست

هەڵبژاردنەکاندا. هەروەها لە ١٩٩٩ دا هەندێ چاکسازیی لە پێوەندییەکانی نێوان حکوومەتی پێوەندیدار بە دارایی پێکهات هەم لە بواری یارمەتی بۆ یەکەکان و هەم راگواستنەوەی دارایی لە نێوانیان و شێوازی خەرجی یارمەتییەکانی فێدراڵ[٢٧٣].

لە راستای زیاتر سەنتەرال کردندا لەم وڵاتە، جگە لە دابەشکاریی ئەستوونی نێوان حکوومەتی فێدراڵ و پێکهێنەرەکان، جۆرێکی تری دابەشکاریی ئیداری لە ئاستی فێدراڵدا دەبینرێت. لەم دابەشکاریەدا پێکهێنەرەکانی فێدراڵ لە هەشت هەرێمی فێدراڵدا پۆلێنبەندی دەکرێن، کە هەرکامەیان لەلایەن نوێنەرێکی سیاسی دیاریکراوی سەرۆک کۆماری رووسیەوە بەرێوە دەبرێت. بەپێچەوانەی پێکهێنەرەکانی فێدراڵ، هەرێمە فێدراڵیەکان ئاستێکی حکوومەتی بن- دەوڵەتی نین، بەڵام ئاستێکی ئیداری حکوومەتی فێدراڵن. سەرپەرشتیاری هەرێمە فێدراڵیەکان وەکو پێوەندیدەری نێوان پێکهێنەرەکانی فێدراڵ و حکوومەتی فێدراڵ خزمەت دەکەن و بەرپرسیارن بۆ چاوەدێریی بەسەر راهاتوویی بابەتەکانی فێدراڵ لەگەڵ یاساکانی فێدراڵدا[٢٧٤].

---

273 Zhuravskaya, **op.cit**, 2010.
274 wikipedia/Russia, **op.cit**.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

## هیندووستان

هیند ولاتیکی فرەنەتەوەیە، بە پتر لە ۱/۲ ملیارد کەس حەشیمەتەوە (بەپیی سەرژمیری ۲۰۱۱) کە بریتییە لە نەتەوە، ئیتنیک و زمانە جۆراوجۆرەکان[۲۷۵]. ئەم ولاتە لە ۱۹۴۷ دا سەربەخۆیی وەرگرت لە بەریتانیا. لە ۲۶ی جانیوەری ۱۹۵۰ دا یاسای بنچینەیی ۱۹۴۹ کەوتە قۆناخی جێ بە جێکردنەوە کە هیند بە ولاتیکی خاوەن سەروەریی، کۆماری دیمۆکراتیک، سوسیالیست، سیکولار دەناسینیت.

لە هیندا ۱۹۷ زمان و ۵۴۴ زاراوە هەیە[۲۷۶]. یاسای بنچینەیی مافی هەموو زمانیکی بە فەرمی ناسیوە و بە تایبەتیش ئاماژە بە ۲۲ زمان دەکات[۲۷۷]. کەمتر لە ۴۰%ی خەلکی هیند (زۆربەیان لە باکوور) بە هیندی قسە دەکەن. لەم ولاتەدا وەکو زۆریک لە ولاتانی تری فیدرالی فرەنەتەوە، شتیک بە ناو زمانی نیشتمانی نییە کە وەکو تاقە زمانی ولات بناسریت. سانسکریت بە دایکی زمانە هیندیەکان دەزانریت و زمانی هیندی و ئینگلیزیش وەکو

275 http://en.wikipedia.org/wiki/India
276 Verma, op.cit, p. 155
277 THE CONSTITUTION OF INDIA, 26 November, 1949, (Consolidated with amendments), eight schedule.

بگەڕێوە بۆ پێرست

دوو زمانی پێوەندیدەری فەرمین لەم وڵاتەدا[٢٧٨]. هەموو ئەو بابەتە گشتییانەی کە پێوەندیان بە کۆی وڵاتەوە هەیە وەک؛ پەسەندکردن، فەرمانە گشتییەکان، ڕێساکان، ئاگادارکردنەوەکان، ڕاپۆرتە ئیدارییەکان و...هتد، بە هەر دوو زمانەکە دەردەچن[٢٧٩]. لەسەر هەندێ شتی گشتی و نیشتمانی بە هەموو زمانە فەرمییەکان دەنووسرێت بۆ نموونە لەسەر پارەی ئەم وڵاتە هێڵی ١٥ زمان دەبینرێت.

ئیندیرا گاندی لە ١٩٨٠ و ڕاجیڤ گاندی لە کاتی سەرۆک وەزیریدا (١٩٨٦) لە زمانی جەواهەر لەعل نێهرۆوە خەڵکی باشووری هێندیان دڵنیا کردەوە کە زمانی هێندیان بە سەردا ناسەپێت. پاش ئەویش زۆربەی سەرۆک وەزیرەکان گەرەنتییان کردووە و ئەو دڵنیاییەیان بە خەڵک داوە کە تا هەر کات بیانەوێت، ئینگلیزی بەکار بهێنن. ویلایەتەکان سەربەستن لە بەکارهێنانی زمانی خۆیاندا لە هەموو بوارێکدا، بەڵام وەکو زمانی

---

278 زمانی نیشتمانی (national language)، لە ڕاستیدا زمانی نەتەوەییە کە دەبێت بۆ زمانی نەتەوەکان بەکار بهێنریت بەڵام چۆن سەرەتا گریمانە ئەوە بوو کە هەر دەوڵەتێک نەتەوەیەکی تێدایە بۆیە ئەمە بەکار هێنرا و کەوتە سەرزمان. ئێستا زۆرتر "زمانی فەرمی" (Official L.) دوترێت و ئاماژە بە زمانە فەرمییە گرنگەکانی وڵات دەکرێت لە یاسادا و لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا زمانی پێوەندیدەر (medium) هەیە.

279 Agrawal, **op.cit**, p.281

دووەم دەبێت هێندیّ یان ئینگلیزی وەکو زمانی پێوەندیدەر بخوێندرێت. لە 'تامیل نادو' تەنیا زمانی تامیلی و ئینگلیزی فێر دەکرێن و حکوومەت زمانی هێندی لە خوێندنگەکاندا لابرد، کاتیّ کە خەڵک نەیانویست. زمانی ئینگلیزی وەکو پێوەندیدەرە لە نێوان ئەم ویلایەتە و ناوەند و ویلایەتەکانی دیکەدا[٢٨٠]. لە بەنگالی رۆژئاواش، زمانی بەنگالی و ئینگلیزی هەیە. کەواتە لە هێنددا بە گشتی سیاسەتی سیّ زمانە هەیە واتە زمانی هێندی و ئینگلیزی و زمانی ناوچەکان[٢٨١]. لەم وڵاتەدا زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی نێونەتەوەیی و دەروازەیەک بۆ زانستی بیانی رەچاو دەکرێت و بۆیان گرینگە. بۆیە پاش بە فەرمی کردنی زمانی هێندی ئەم زمانە لە پەنایدا هەر مایەوە. بۆ ئەو ویلایەتانەش کە زمانی هێندییان قبووڵ نەکردووە، لە ئینگلیزی، هەم بۆ مەبەستی پێوەندی ناوخۆیی لەگەڵ ناوەند و ویلایەتەکانی دیکە و هەم پێوەندی دەرەکی کەڵک وەردەگرن و بە پێویستیان نەزانیوە کە زمانی زیاتر قبووڵ بکەن. زمانی دادگای باڵا ئینگلیزییە و بڕیارەکان دەبێت وەرگێڕدرێنەوە سەر هەموو زمانە سەرەکیە ناسراوەکان لە یاسای بنچینەییدا[٢٨٢].

---

280 bid, p. 63, pp.69-70 & p. 281

281 Dua, **op.cit**, p. 62

282 Agrawal, **op.cit**, p.70

بگەڕێوە بۆ پێرست

ئەم وڵاتە کە بە گەورەترین دیمۆکراسی جیهان ناوی دەبردریت، وڵاتێکی فرەحیزبیە کە جگە لە حیزبە سەرانسەریەکان زۆر حیزبی ئیتنیکی و ویلایەتیش (پتر لە ٤٠ حیزب) هەن. گرنگترینی ئەو حیزبانە بریتین لە: حیزبی خاکی دراڤیدا لە تامیل نادو[٢٨٣]، حیزبی پایەبەرزی سیکەکان (حیزبی شیرومانی ئاکالی دال) کە گروپێکی سیکن لە ویلایەتی پەنجاب، حیزبی کۆنفرانسی نەتەوەیی لە جامو و کەشمیر، حیزبی دیمۆکراتی نەتەوەیی لە ناگادر ناگالەند، حیزبی بلۆکی هێند لە بەنگالی رۆژئاوا، حیزبی ئەنجومەنی خەڵکی ئەسەم (ئەسەم کاناڵ پریشاد) لە ویلایەتی ئەسەم، حیزبی خاکی تیلگو (تیلگو دیسام پارتی)، تیلەنگانا راشترا سامیتی و...هتد.[٢٨٤] حیزبەکان بە دەستەبەرکردنی چوار لەسەدی کۆی دەنگەکان لە ویلایەتەکان یان ناوەندا بە فەرمی دەناسرین. لەم وڵاتەدا، ویرای هەبوونی نەتەوە و زمانی جۆراوجۆر هەلی بەشداریی هەموویان لە دەسەڵاتە هەریمی و خۆجێییەکاندا، رەخساوە.

لە یاسای بنچینەییدا کەڵک لە وشەی "یەکیەتی" لە جیاتی وشەی فیدراڵ یان فیدراسیۆن و فیدرالیزم وەرگیراوە. بەپێی

---

[283] Dravida Munnetra Kazhagam (DMK) -Tamil Nadu
[284] wikipedia/India, op.cit.

ماددەی ١ی ئەم یاسایە هێند 'بهارات'ە[٢٨٥] واتە یەکیەتیەکە لە ویلایەتەکان. هەندێ نووسەر سروشتی دەوڵەتی هێند و تایبەتمەندیەکانی بەمجۆرە وەسف دەکەن: ١- دەوڵەتێکی دیمۆکراتیکی لیبراڵ، ٢- دەوڵەتی فێدراڵ، ٣- دەوڵەتی سوسیالیست لیبراڵ، ٤-دەوڵەتی سێکیولار، ٥- دەوڵەتی ئاسوودەیی (تەناهی)، ٦- دەوڵەتی نەرم، ٧- دەوڵەتی نیوەکۆلۆنیال-نیوە فێئودال، ٨- دەوڵەتی سەنتەڕاڵ کراو- سەرکوتکەر، ٩- دەوڵەتی مەعنەوی. لە خولێکی کورتدا ١٩٧٥-١٩٧٧ دەوڵەتی هێند کەڵکی لە بەکارهێنانی هێز وەرگرت و بەرەو دەوڵەتی سەرکوتکەر رۆشت، بۆیە ئەم تایبەتمەندییەیان بۆی لەبەرچاو گرتووە. بەڵام بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە، هێند هەم کۆمەڵگای فیدراڵی هەیە و هەم دەوڵەتێکی فێدراڵ. هەڵبژاردنەکانی پاش ١٩٧٧ کە زۆربەی حێزبە ناوچەییەکان سەرکەوتن، ئەمە دەسەلمێنێت[٢٨٦]. پاش سەردەمی زاڵیەتی حێزبی کۆنگرە (٦٧-١٩٥١) گۆڕانکاریی ئەرێنی زۆر لە پێوەندیەکانی نێوان ناوەند- ویلایەت بینران. چاکسازیی لە یاسای بنچینەیی دا دیسەنتەڕاڵ کردن و دابەشکردنی دەسەڵاتی، چاکتر کرد. لە زۆربەی ویلایەتەکاندا حێزبە سیاسییە

---

[285] Bharat

[286] See: Dua, **op.cit**, p. 67 & p. 72. And, constitution of India, **opcit**.

ناوچەییەکان سەرکەوتن و حکوومەتیان پێکهێنا[٢٨٧]. لە باری ئایدیالۆژیاوە هیند دەوڵەتێکی لیبراڵ سوسیالیستە و لە باری پێکهاتەوە دەوڵەتێکی دیمۆکراتیکی لیبراڵە. پێشەکی یاسای بنچینەیی ئامانجی دەوڵەت بە دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سیاسی بۆ خەڵک دەزانێت.

یاسای بنچینەیی هیند پاش پێشەکی و دیاری کردنی خاکی وڵات و ویلایەت و ناوچەکانی سەر بە ناوەند، بە گشتی باس لە یاسا بنەڕەتیەکان (یەکسانی و نەبوونی هەڵاواردن، هەموو ئازادیەکان، مافی چاندی و پەروەردەیی کەمینەکان و...) دەکات (م. ١۴ تا ٣٠ ی. ب). لە بەشەکانی تردا بە وردی باس لە سێ دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و یاسادانان و دادوەریی دەکات (م. ۵۴-١٢۴ ی. ب). بەشی شەشەمی ئەم یاسایە پێوەندی بە ویلایەتەکانەوە هەیە، کە لە باری دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و یاسادانان و دادوەرییەوە بە وردی ئاماژەیان پێکراوە (م. ١۵۴ تا ٢١٧ ی. ب). بەشی هەشتەمی یاسای بنچینەیی تەرخان کراوە بۆ ناوچەکانی سەر بە ناوەند کە هەڵسووڕێنەرانی دیاریکراو لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە بەڕێوەیان دەبەن و بۆیان هەیە ئەنجومەنی یاسادانانی خۆجێیی یان ئەنجومەنی وەزیران یان هەردووکی

---

287 Azam, op.cit, P 264

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئەوانەیان هەبێت. هەرێمی پێتەختی نیشتمانی دێلهی یەک لەوانەیە (م. ٢٣٩-٢٤١ ی. ب).

یاسای بنچینەیی هێند وەکو فێدراسیۆنێکی دیمۆکراتیکی فرەنەتەوەیی و پلوراڵ، وەک وڵاتانی کەنەدا و بەلژیک، نەتەنیا مافی تاک بەڵکو مافی گروپەکانیشی ناسیوە. ماددەکانی ٢٩ و ٣٠ی یاسا، مافە چاندی و پەروەردەییەکانی کەمینە ئایینی و زمانیەکانی ناسیوە[٢٨٨]. فەلسەفەی یاسای بنچینەیی هێند لە پێشەکیەکەی دایە کە: 'ئێمە خەڵکی هێند، دەنگمان داوە بە کۆمارێکی دیمۆکراتیکی سێکیولاری سوسیالیستی خاوەن سەروەریی، کە بۆ هەموو هاووڵاتییان ئەمانە دابین بکات: دادپەروەریی؛ کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سیاسی، ئازای؛ بیر، رادەربڕین، باوەڕ، ئیمان و پەرستن، بەرابەریی؛ پێگە و دەرفەت و بەهێزترکردن لە نێوان هەمواندا؛ برایەتی؛ مسۆگەرکردنی پێگەی تاک و یەکگرتوویی وڵات'[٢٨٩]. تایبەتمەندیە گرنگەکانی یاسای بنچینەیی هێند بریتین لە: یاسایەکی نووسراو و پەسەندکراوە، درێژترین یاسای بنچینەیی جیهانە کە (وەک بەڵگەنامەیەکی تەواو) وردەکاریەکانی تێدایە، دەوڵەتی سێکیولار و حکوومەتێکی فێدراڵی و فۆرمی پاڕلەمانتاری حکوومەتی دیاری کردووە، لە

288 Dua, **op.cit**, p. 52

289 Agrawal, **op.cit**, p. 7-8 & Constitution of India, **opcit**.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

سەرچاوەی زۆرەوە هاتووەتە دەرێ، تەواوکراوە بە چاکسازیی زۆرەوە، مافە سەرەتاییەکان دیاری دەکات، ئەرکە سەرەکیەکان دیاری دەکات، ئاماژە بە بنەما ڕێنوێنەکانی سیاسەتی دەوڵەت دەکات، یەکگرتوویی بەهێز دەکات، مافی دەنگدانی گەورەساڵان بە بێ نوێنەرایەتی هاوبەش، سیستەمی سەربەخۆی دادوەریی، ماددەکانی فریاکەوتنی، ماددەی ئاژانسە سەربەخۆکان، ماددەی زمانە فەرمییەکانی وڵات و زمانی پێوەندیدەر دیاری دەکات، تێکەڵێکی بێ وێنەیە لە پتەویی و نەرمونیانی[٢٩٠].

هەندێ نووسەر لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەرچەند هێند وەکو فیدرالیزمی هەرەوەزیی وەسف کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا هێند فیدراسیۆنێکە لەگەڵ ناوەندێکی بەهێز و لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندی یونیتەری دیار. بۆیە هەندێ جار بۆ سیستەمی سیاسی ئەم وڵاتە ناوگەلێکی وەکو شێوە فیدراڵ، یونیتەری و ناوەندخواز و...هتد بە کار هێنراوە. هەندێکی تر دەڵێن کە لە کردەوەدا، هیندووستانی سەربەخۆ هەموو کاتێک فیدراسیۆنێک بووە لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتی دابەش کردووە لە نێوان حکوومەتی ناوەندیی و ویلایەتە جۆراوجۆرەکاندا. ڕاستە کە هێند لەچاو فیدراسیۆنەکانی دیکە زیاتر سەنتەڕاڵ کراو بووە، بەڵام هیچ

290 Agrawal, **op.cit**, p.35

گەڕانەوە بۆ پێڕست

کات دەوڵەتێکی یونیتەری وەکو فەڕەنسە یان ئینگلیز نەبووە[٢٩١].
تاقمی یەکەم زۆرتر سەرنجی ئەو بنەمایانەی یاسایان داوە کە پێوەندییان بە ناوەندخوازییەوە هەیە، وەک دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار لە کاتی فریاکەوتنیدا یان دەسەڵاتی پاڕلەمان بۆ چاکسازیی یاسای بنچینەیی (م. ٣٦٨ ی. ب) و سەرنجی بنەماکانی تریان نەداوە کە پێوەندییان بە دابەشکردنی دەسەڵات و پێکهاتەی سیستەمی سیاسیەوە هەیە. کەسانی وەک خودی جەواهەر لەعل نێهرو یەکەم سەرۆک وەزیرانی هێند، دکتۆر ئەمبێدکار لە دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی هێند، نۆرمەن دی پالمەر و...هتد، هێندیان بە فیدراسیۆن زانیوە. بەمبری هێند وەکو فیدراسیۆنێکی ئەستوونی دەزانێت کە لەسەر دەوڵەتێکی سەنتەراڵ کراو راوەستاوە[٢٩٢].

ئەگرەواڵ (٢٠٠٣) ئاماژە بە هەردوو لایەنی فیدراڵ و یونیتەری سیستەمی سیاسی هێند دەکات. بە وتەی ناوبراو یاسای بنچینەیی هێند خاوەن هەموو ئێلێمێنتەکانی حکوومەتی فیدراڵە لەبەر ئەوەی کە یاسای بنچینەیی نوێ خاوەن تایبەتمەندیە گرنگەکانی سیستەمێکی فیدراڵە. بە رای ئەگرەواڵ لایەنە فیدراڵەکانی یاسای

---

[291] Dua & Singh, **op.cit** , p. 27 & p. 73

[292] Verma, **op.cit**, p. 120 - B. R. Ambedkar, Norman D Palmer, C. P. Bhambhri - vertical federation

بگەڕێوە بۆ پێرست

بنچینەیی هێند بریتین لە: یەکەم، حکوومەتی دووانە (دوئال) واتە حکوومەتی فێدراڵ و حکوومەتی ویلایەتەکان، دووەم و گرنگترینیان دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان ناوەند و یەکە فێدراڵەکان، سێهەم، لە پێشتر بوونی یاسای بنچینەیی کە هەم پتەوە و هەم نووسراوەیە؛ چوارەم؛ پێگەی تایبەتی دادوەریی و بوونی دادگای باڵا، کە پارێزەری یاسای بنچینەییە و راڤەی ئەو مادانە دەکات کە جێگەی باسن دەکات و بڕیار لەسەر ناکۆکی نێوان حکوومەتی ناوەندیی و ویلایەتەکان دەدات. هەروەها لایەنەکانی یونیتەری یاسای بنچینەیی هێند بریتین لە: لەم یاسایەدا هاووڵاتی بوون یەکە و مافی جیابوونەوەی ویلایەتەکان لەبەرچاو نەگیراوە، نوێنەری ویلایەتەکان لە ئەنجومەنی ویلایەتەکاندا نایەکسانە بەپێچەوانەی زۆربەی فێدراڵەکان، دەسەڵاتدارانی ویلایەت لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دیاری دەکرێن، مافی ناوەند بۆ هەڵوەشاندنەوەی ویلایەت لەو بابەتانەیدا کە رێناکەون، رەوشی راگەیاندنی فریاکەوتنی، دەسەڵاتی دەسەڵاتداری ویلایەت بۆ راگرتنی پێشنیارنامە پەسەندکراوەکان لەلایەن یاسادانانی ویلایەت، تاکو سەرۆک کۆمار لەگەڵیان رێکەوێت، مافی پاڕلەمان بۆ جێبەجێ کردنی پەیمان، رێکەوتن یان کۆنڤانسیۆن، دەسەڵاتی پاڕلەمان بۆ یاسادانان بۆ دوو ویلایەت یان زیاتر لە رێگای رێکەوتن و قبووڵی وەها یاسادانانێک لەلایەن هەرکام لە ویلایەتەکانی ترەوە، یاسای بنچینەیی لە بابەتە

بگەڕێوە بۆ پێرست

بنەڕەتیەکاندا یەکدەستی مسۆگەر دەکات[٢٩٣]. لەم پێوەندییەدا پێویست بە وتنە کە یاسای بنچینەیی هێند سێ جۆر رەوشی فریاکەوتنی لەبەرچاو گرتووە: دەسدرێژی دەرەکی و سەرپێچی یان شۆڕشی چەکدارانە، شکستی پێوەندیدار بە یاسای بنچینەیی، قەیرانی ئابووریی (پێوەندیدار بە بووجە)[٢٩٤]. واتە لایەنی سەنتراڵی زۆرتر پێوەندی بەمانەوە هەیە، نەک داخوازی ئاشتی خوازانەی خەڵک. سەرەڕای ئەوەی لایەنە یونیتەریەکان لە یاسادا هەن، بەڵام یاسا شیاوی چاکسازیی بووە و زۆر چاکسازیی کراوە.

هەرچۆنێک بێت، بە هۆی سەردەمێک دەسەڵاتی حێزبی زاڵی کۆنگرەی نیشتمانی تا نزکەی ١٩٨٠ و هەروەها بە هۆی بەهێزبوونی ناوەند، بەتایبەت لە کاتی فریاکەوتنی لە ویلایەتەکاندا کە کۆنترۆڵ و ئیدارەیان بە دەستەوە دەگرێت و هەروەها بە هۆی پێبەستەبوونی ویلایەتەکان بە ناوەند لە باری بووجەوە (فاینانس)، ناوەند بە هێزە و لایەنی یونیتەری بەهێزتر بووە لە چاو لایەنی فێدراڵی. بەڵام لە نەوەدەکانەوە لایەنی فێدراڵی بە هۆی گۆڕانکاریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی زۆرتر بووە. کەواتە وەک جەنینگز[٢٩٥] دەڵێت: "هێند فێدراسیۆنێکە لەگەڵ رەوتی

---

293 Agrawal, **op.cit**, pp.38-40 & p.182

294 Verma, **op.cit** , p. 126

295 Jennings

سەنتەراڵ کردنی بەهێز." و لە راستیدا ئەو باسانە پێوەندییان بە سەنترال و دیسەنتەراڵ بوونەوە هەیە کە لە چەند دەیەی رابردوودا دیسەنتەراڵی زۆرتر بووە.

لایەنە تایبەتیەکانی فیدراسیۆنی هیند بریتین لە: فیدراسیۆنی هیند حکوومەتی دووانەی هەیە بەڵام یەک هاووڵاتیەتی؛ دەرەتانێک بۆ نوێنەرایەتی دوو لایەنەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکاریی هەیە؛ یاسایەک هەیە بۆ رێکخستنی دەسەڵاتەکانی پێوەندیدار بە دارایی لە نێوان یەکیەتی و ویلایەتەکان لەسەر بنەمای هاوکاریی دوولایەنە؛ یاسای بنچینەیی هیند سیستەمی دووانە بۆ خزمەتگوزاریە گشتییەکان لەبەرچاو ناگرێت؛ سیستەمی دادوەریی لە ژێر تیشکی یاسای بنچینەیی هینددا یەکگرتووە؛ یاسای بنچینەیی هیند دەسەڵاتی داوە بە سەرۆک کۆماری هیند بۆ رێکخستنی ئەنجومەنی نێوان ویلایەتەکان لە راستای رێکەوتن لەسەر ئەو ناکۆکیانەی کە نێوەڕۆکی نایاساییان هەیە و بۆ سەقامگیرکردنی پێوەندییە هەرەوەزی و هاوئاهەنگەکان لە نێوان ویلایەتەکاندا؛ ئەو لایەنە تایبەتیانەی سەرووەری یاسای بنچینەیی هیند، رۆحی هەرەوەزیی لە نێوان ناوەند و ویلایەتەکان لەخۆ دەگرێت. کە نموونەیەک لە چەمکی مۆدێڕنی فیدرالیزمی هەرەوەزیی دەردەخات.

بە وتەی کۆسار ئەعزەم، "دەکرێ بگوترێ کە پێکهاتەی فیدراڵی هێندی لە ئاکارێکی رکابەرایەتیانەی کراوەدا کاری کردووە" کە



بگەڕێوە بۆ پێڕست

جۆراوجۆریی راستی مێژوویی-کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەی پیشان داوە. فێدراسیۆنی کەنەدا مۆدێل بوو بۆ هێند[296]. سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کردەوەخواز لەگەڵ دژایەتی و ناکۆکی لەسەر داواکاریگەلێکی پێوەندیدار بە شوناس ئێلیتە هێندییەکانی هاندا بۆ خۆ خەریککردن لەگەڵ فێدرالیزمی هەرەوەزیی لە باری کارکردییەوە، وەکو ئامرازێک بۆ یەکگرتوویی لە ئاستی وڵاتدا و ئەمە لە رێگای رێکەوتن و وتووێژ لە نێوان شوناسە جۆراوجۆرەکانەوە پێکهاتووە[297].

لەم وڵاتەدا دوو ئاستی حکوومەتی لەگەڵ ٤ ئاستی دەسەڵاتی رەوا هەیە: دەسەڵاتی رەوای فێدراڵ، حکوومەتی ناوەندیی، حکوومەتی ویلایەت، حکوومەتی خۆجێیی. ئەنجومەنی دامەزرێنەران دەسەڵاتی رەوای فێدراڵی بە شێوەی بڵاوکراو سپارد بە: ١) سەرۆک کۆمار، ٢) دادگای باڵا، ٣- ویلایەتەکان (بەشێک نزیکەی یەک لەسەر سێی دەسەڵات) لەگەڵ هەندێک هاوبەشی لە پرۆسەی چاکسازیی[298]. لە راستیدا هێند بەرەو وڵاتێکی فێدراڵی فرەئاستە رۆشتووە. یاسای بنچینەیی هێند ئاماژە بەوە ناکات کە پانچایاتەکان و شارەوانیەکان ریزی سێهەمی حکوومەت

---

296 Azam, **op.cit**, p. 221 & watts, **op.cit**, 1999, 27

297 Azam, **op.cit**, p. 255 & Dua, **op.cit**, P. 52

298 Verma, **op.cit**, p. 14 & p. 173

و بەڕێوەبەرایەتین و تەنیا دوو ئاستی یەکیەتی و ویلایەتەکان دەناسێت. بەڵام بە شیوەی دوفاکتۆ جەستە خۆجێیەکان لە بەشەکان و ئاستە نزمترەکاندا بوونەتە ریزی سێهەمی حکوومەت و بەڕێوەبەرایەتی و لە واتادا دامەزراوەگەلێکی خۆحکوومەتین[٢٩٩]. حکوومەت لە ریگای هاوسەنگی و پشکنینەکانەوە سەقامگیر بووە. هەر چوار ئاستی دەسەڵاتی فیدراڵ، ناوەندیی، ویلایەت و خۆجێیی سەروکاریان هەیە لەگەڵ تیۆری باڵانس. ئاستی فیدراڵ لە نێوان ناوەند، حکوومەتی ویلایەت و یەکە خۆجێیەکاندا باڵانس دەپاریزێت. ناوەند لە نێوان ویلایەت و دەسەڵاتی فیدراڵدا باڵانس دەپاریزێت. ویلایەت هاوسەنگی نێوان ناوەند و یەکە خۆجێییەکان رادەگرێت[٣٠٠].

بە گشتی ئەو ئاژانس و کۆڕانەی کە لە راستیدا فیدراسیۆنی هێند پێکدەهێنن، دەکرێ بکرێنە سێ دەستە: ١- ئاژانسە نێوان حکوومەتیەکان وەکو دانیشتنی سەرۆک وەزیرەکان و سکرتاریاکان و... ٢- ئاژانسەکانی فیدراڵ وەکو کۆمیسیۆنی فاینانس، کۆمیسیۆنی پلان دانان و... ٣- کۆنفرانسە نێوان ویلایەتییەکان[٣٠١].

---

[299] Dua, op.cit, p. 269 & 283 - Panchayats

[300] Verma, op.cit, p. 169

[301] Dua, op.cit, p. 221

بگەڕێوە بۆ پێڕست

فێدرالیزم لە هێنددا دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی ناوەندیی و ویلایەتەکاندا، بە پێی یاسای بنچینەیی نووسراو پێناسە دەکات. دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی هێند بابەتەکانی یاسادانانیان دابەش کردووە بە سەر سێ ریزبەنددا واتە؛ ریزبەندی یەکیەتی یان حکوومەتی ناوەندیی، ریزبەندی ویلایەت و ریزبەندی هاوبەش (م. ٢٤٥-٢٥٥ ی. ب). کەواتە یاسا بە جیاواز دەسەڵاتی ناوەند و ویلایەتەکان دیاری دەکات. بەپێچەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە دەسەڵاتی ناوەند دیاری دەکرێت و پاشماوەی دەسەڵاتەکان بە ویلایەتەکان دەسپێردرێت. هەروەها کەنەدا کە پاشماوەی دەسەڵاتەکان بە یاسادانانی فێدراڵ دەدرێت تاکو ویلایەت. ریزبەندی یەکیەتی (بریتی لە نزیکەی ٩٧ سەردێڕ، بەتایبەت بەرگری، کاروباری دەرەوە، پارەی باو، پۆست و تێلگەراف، پێوەندییەکان، رێگای ئاسن، دڵنیاییدەر یان ئینشورانس...)، ریزبەندی هاوبەش (بریتی لە نزیکەی ٤٧ بابەتی دەسەڵات، شێوازی مەدەنی، یاساکانی کەتن و تاوان، گەلاڵەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، رۆژنامەکان و...)، ریزبەندی ویلایەت (بریتی لە نزیکەی ٦٦ بابەت کە گرنگیی ناوچەیی یان هەرێمییان هەیە وەک؛ پۆلیس، خۆحکوومەتی خۆجێیی، کشتوکاڵ، بەندیخانە، داهات و هتد)[٣٠٢].

[302] Agrawal, **op.cit**, p. 47 & p. 182-3

بگەڕێوە بۆ پێرست

کۆماری فیدراڵی هیند سیستەمی پارڵەمانتاری هەیە. حکوومەتی فیدراڵ لە سێ لقی جێبەجیکاریی، یاسادانان و دادوەریی پێکهاتووە. سەرۆک کۆمار سەرۆکی دەوڵەتە، کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن کۆلێژی هەڵبژاردنەوە (بریتی لە ئەندامانی هەڵبژاردەی هەر دوو ئەنجومەنی پارڵەمان و ئەندامانی هەڵبژاردەی ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکان) بۆ پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێت. لە پەنای سەرۆک کۆماردا، جێگری سەرۆک کۆمار هەیە کە لەلایەن کۆلێژی هەڵبژاردنەوە (بریتی لە ئەندمانی هەردوو ماڵی پارڵەمان) هەڵدەبژێردێت (م. ٦٦ ی. ب). سەرۆک وەزیران سەرۆکی حکوومەتی ناوەندییە و دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بەڕێوە دەبات، کە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دیاری دەکرێت و لەلایەن حێزبی سەرکەوتوو یان حێزبە هاوپەیمانەکانەوە کە زۆرینەی کورسییان لە ئەنجومەنی نیشتمانی هەیە، هەڵدەبژێردرێت. بۆیە لقی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بریتییە لە سەرۆک کۆمار، جێگری سەرۆک کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران (کابینە) بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران. هەر وەزیرێک دەبێت ئەندامی یەکێک لە دوو ئەنجومەنەکانی پارڵەمان بێت. لە سیستەمی پارڵەمانتاری هێندا دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بن دەستی دەسەڵاتی یاسادانانە؛ سەرۆک وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە بەرانبەر ئەنجومەنی خوارووی پارڵەماندا. سیستەمی سیاسی هێند تێکەڵێکە

بگەڕێوە بۆ پێڕست

لە سیستەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا. وێرای بوونی سەرۆک کۆمار، سیستەم پریزدێنتاڵ نییە[٣٠٣].

لە باری دەسەڵاتی یاسادانانەوە دوو ئەنجومەن لە ئاستی فیدراڵدا هەیە؛ ئەنجومەنی گشتی و ئەنجومەنی ویلایەتەکان. ئەنجومەنی گشتی نزیکەی ٥٥٠ کورسیە کە ٥٣٠ ئەندام بە شێوەی راستەوخۆ لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە لەلایەن خەڵکەوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ هەڵدەبژێردرێن، جگە لە دووانیان کە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دیاری دەکرێن و ٢٠ کورسی بۆ ناوچەکانی سەر بە ناوەندە، کە بە شێوازێکی یاسایی پارڵەمان دیاری بکات، هەڵدەبژێردرێن (م. ٨١ ی. ب). ئەنجومەنی ویلایەتەکان کە ٢٥٠ ئەندامی هەیە و بە شێوەی رێژەیی بە پێی حەشیمەتی ویلایەت زۆربەیان لە رێگای ئەنجومەنی ویلایەتەکان و هەرێمەکانی سەر بە ناوەندەوە بۆ ماوەی ٦ ساڵ هەڵدەبژێردرێن و ١٢ کەس لە پێوەندی لەگەڵ وێژە و چاپەمەنیەکان، زانست، هونەر و خزمەتگوزاریی گشتی بۆ نوێنەرایەتی ئەم چین و توێژانە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دیاری دەکرێن (م. ٨٠ ی. ب)[٣٠٤].
بەپێی سیستەمی پارڵەمانتاری، لە هێندا ئەو حیزبە سیاسیانەی

---

[303] Ibid, p. 92 and, constitution of India, **op.cit**, article 54 and 56 & wikipedia/India, **op.cit**.

[304] Agrawal, **op.cit**, p. 131-132. And constitution of India, **op.cit**, articles 79-81

بگەڕێوە بۆ پێرست

کە زۆرینەی کورسیەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا دەستەبەر دەکەن، حکوومەت پێکدەهێنن. نوێنەرانی حیزبەکانی تر کەمینەی ئەنجومەن پێکدەهێنن. کاتێک کە هیچ حیزبێک زۆرینە نەبێت چەند حیزب دەبنە هاوپەیمان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمان. لە هێنددا وەکو بەریتانیا کە مەلەکە بەشێک لە پاڕلەمانە، سەرۆک کۆمار هەرچەند ئەندامی پاڕلەمان نییە بەڵام وەکو بەشێک لە دەسەڵاتی یاسادانان لەبەرچاو دەگیردرێت، چونکو هیچ یاسایەکی یەکیەتی بێ واژۆی ئەو بڕوادار نابێت[٣٠٥]. پاڕلەمان لەم وڵاتەدا لە پێشترە. لە ماددەی ٢٤٥ دا هاتووە کە پاڕلەمان ڕەنگە یاسا دانێت بۆ گشت یان هەر بەشێک لە خاکی هێند و یاسادانانی ویلایەتیش دەتوانێ یاسا دانێت بۆ تەواوی ویلایەت یان هەر بەشێکی[٣٠٦].

دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەریی ئەم وڵاتە پێکهاتووە لە: دادگای باڵا یان هەرە بەرز کە بەپێی ماددەی ١٢٤ی یاسای بنچینەیی چاکسازیکراوی ١٩٨٦، بریتیە لە ٢٦ دادوەر کە یەکیان سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییە، ٢١ دادگای بەرز لە ئاستی ویلایەتدا و ڕێژەیەک دادگای دۆزگەریی یان دادگای کەرت. لە بواری مافە بنەڕەتیەکان و کێشە و ناکۆکی نێوان ویلایەتەکان

305 Agrawal, **op.cit**, p.131 & p. 155

306 Azam, **op.cit**, P 264

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دادگای باڵا دەسەڵاتی سەرەکی هەیە[٣٠٧]. بەپێ ماددەی ٧٦ ی. ب سەرۆک کۆمار کەسێک کە مەرجەکانی دادوەری دادگای باڵای هەیە وەکو پارێزەری گشتی وڵات بۆ راوێژکاریی یاسایی حکوومەت و ئەرکە یاساییەکانی دیکە دیاری دەکات.

لە سەردەمی بن دەستیی بەریتانیادا، هێند زۆرتر ئیدارەیەکی یونیتەری بوو، کە کەم کەم بەرەو فێدراڵی رۆشت. حکوومەتی هێند لە یاسای ١٩٣٥ دا حکوومەتێکی فێدراڵی پێکهێنا لە رێگای دانی خودموختاری زۆرتر بە ویلایەتەکان و هەروەها بە هۆی جۆراوجۆریی زۆر بەپێی نەتەوە، ئێتنیک و زمان، هەندێ ویلایەتی نوێ پێکهات[٣٠٨]. لە ساڵی ١٩٥٣ دا پاش سەرهەڵدان و داواکاریی بۆ پێکهێنانی ویلایەتی تایبەت بۆ تێلگو زمانەکان، ویلایەتی ئاندرا پرادش بە جیابوونەوەی بەشی تێلگو زمانی ویلایەتی مەدرەس و تێکەڵ بوونی لەگەڵ ویلایەتی حەیدەرئاباد پێکهات[٣٠٩]. و لە ساڵەکانی تریشدا هەندێ ویلایەتی نوێ بەپێی زمان پێکهاتن[٣١٠]. لە ١٩٥٦ تا ١٩٦٦ بە هۆی هەندێ ناکۆکی ویلایەتەکان بەپێی ئێتنیک-زمان و لە بابەتێکدا (پەنجاب) بەپێی زمان و ئایین

---

307 Agrawal, **op.cit.** ،p. 206-2012 & wikipedia/India, **op.cit.**
308 Azam, P 166-167
309 Agrawal, **op.cit**, p.63, & Dua, p. 74 – Telugu - Andhra Pradesh - Madras
310 Dua, **op.cit.**, p. 75

دیسان ڕێکخرانەوە[٣١١]. ئێستا ئەم وڵاتە بریتییە لە ٢٨ ویلایەت (ستەیت) و ٧ ناوچەی سەر بە ناوەند. پێتەخت (دێلهی) هەرێمێکە بۆ خۆی. ئەم هەرێمانە ڕاستەوخۆ لەلایەن ناوەندەوە و بە دیاری کردنی هەڵسووڕێنەر بۆیان، بەڕێوە دەبرێن. هەر ویلایەتێک بە چەند مەڵبەند و هەر مەڵبەندێکیش بە چەند کەرت دابەش دەکرێت و ئەوانەش بریتی دەبن لە گوندەکان[٣١٢].

بە وتەی کۆسار ئەعزەم، دەوڵەتی فیدراڵی هیند زۆرتر لەسەر هێڵە زمانیەکان ڕێکخراوە کە زنجیرەیەک لە "ویلایەتە زمانیەکانی" لێکەوتووەتەوە[٣١٣]. کە دیارە بە هۆی زمانی زیاتر بەپێی زمانە سەرەکیەکان ویلایەتەکان پێکهاتوون. هەر ویلایەتێک یەک یان زیاتر زمانی فەرمیی، هەیە. بە وتەی واتس وێرای ئەوەی کە دامەزرێنەرانی یاسایی بنچیەنی فیدراسیۆنی سەنتەڕاڵ کراویان لەبەرچاو گرت، بە هۆی ئەوەی کە ویلایەتەکان لەسەر بنەمای ئێتنیک-زمانن، بە کردەوە تەنیا هەندێ دەسەڵات بەهێز کراوە و ویلایەتگەلێکی بەهێزی هەیە. بەڵام بەجۆرێ ناهاوسەنگی هەیە لە بەخشینی دەسەڵاتی ویلایەتەکان بۆ نموونە جامو و کەشمیر دەسەڵاتیان زۆرترە لە چاو ویلایەتەکانی دیکە، کەچی

---

311 Agrawal, **op.cit.**, p. 64

312 Dua, **op.cit.**, p. 44 & wikipedia/India, **op.cit.**

313 Azam, **op.cit.**, p. 224

گەڕانەوە بۆ پێڕست

هەندێ ویلایەتی بچووک لە ناوچەی هۆزەکاندا دەسەڵاتیان کەمترە[٣١٤]. لە هێندا بەپێچەوانەی ئەمریکا و زۆر وڵاتی تری فێدراڵ جگە لە جامو و کەشمیر (بە پێی م. ٣٦٠ی ی. ب) ویلایەتەکان ڕێگەپێدراو نین بۆ هەبوونی یاسای بنچینەیی خۆیان. و بەپێچەوانەی ئەمریکا کە ویلایەتەکان تێکنادرێن، لە هێنددا پارڕلەمان دەسەڵاتی هەیە بۆ ناسینی ویلایەتی نوێ یان گۆڕینی سنوورەکان لە ڕێگای ڕەوتی ئاسایی یاسادانانەوە، بە زۆرینەیەکی سادە (م. ٢ ی. ب). هەروەها بەپێچەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ویلایەتەکان یەکسانن و چ بچووک و چ گەورە وەکیەک دوو نوێنەر دەنێرن بۆ سێنا، لە هێندا ئەو یەکسانیە نییە[٣١٥].

ویلایەتەکان لە باری سیستەمی حکوومەتیەوە لێکچوونی نزیکیان هەیە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی دا. دەسەڵاتداری گشتی ویلایەت بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دیاری دەکرێت و هێنان و بردنی لە هەر کاتێکدا بە مەیلی سەرۆک کۆمارە[٣١٦]. ئەو ئەنجومەنی وەزیرانی ویلایەت دیاری دەکات، کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و یارمەتی و

---

[314] watts, **op.cit.**, 1999, 27

[315] Agrawal, **op.cit.**, p.47-49

[316] Ibid, p.155 & 171. And, constitution of India, **op.cit.**, article 154, 155.

راوێژکاریی دەسەڵاتدار دەدەن (م. ١٦٣ ی. ب). ئەنجومەنی وەزیران بە کۆمەڵ لە بەرانبەر ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتدا بەرپرسیارە. دەسەڵاتداری ویلایەت لە گەڵ ئەوەدا پارێزەری گشتی ویلایەت (م. ١٦٥ ی. ب)، هەڵسووڕێنەر و ئەندامانی کۆمیسیۆنی خزمەتگوزاریی گشتی، نوێنەرانی کۆمەڵەی ئانگلۆ-ئیندیەن لە ئەنجومەنی ویلایەتدا دیاری دەکات. بڕیاری کۆتایی دەدات و لەلایەن دادگای مافەوە پرسیاری لێ ناکرێت. دەسەڵاتداری ویلایەت وەک سەرۆک کۆمار بەشێکە لە دەسەڵاتی یاسادانانی ویلایەت و هەندێ دەسەڵاتی یاسایی و دادوەریی، هەیە (م. ١٦٨ ی. ب). مافی بانگهێشتی یاسایی و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی یاسادانانی هەیە. هەروەها دەسەڵاتی دیاری کردن و بەرزکردنەوەی دادوەرەکانی کەرتی هەیە و بۆ دیاریکردنی دادوەری دادگای بەرزی ویلایەت سەرۆک کۆمار راوێژ لەگەڵی دەکات. دەسەڵاتی لێبوردن و داشکاندنی حوکمی هەر کەسێکی هەیە، کە لەلایەن دادگای ویلایەتەوە بڕیاری لەسەر دراوە[٣١٧].

لە هێندا هەندێ لە ویلایەتەکان دوو ئەنجومەنی یاسادانانیان هەیە و هەندێکی تر یەک. بەپێی ماددەی ١٦٩ پاڕلەمان دەتوانێ ئەنجومەنی ویلایەتەکان هەڵوەشێنێتەوە یان پێکیان بهێنێت. بەپێی

---

317 Agrawal, **op.cit**, pp.155-6 & p.173



بگەڕێوە بۆ پێڕست

ماددەی ١٧٠ ڕێژەی ئەندامانی ئەنجومەنی ویلایەت نابێت زۆرتر لە ٥٠٠ ئەندام و کەمتر لە ٦٠ ئەندام بن. ڕێژەی ئەنجومەنی سەرەوەی ویلایەت ئەگەر هەبێت نابێ لە یەک لەسەر چواری ئەنجومەنی خوارەوە تێپەڕێت و نابێت کەمتر لە ٤٠ کورسی هەبێت (م. ١٧١ ی. ب). ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەت ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە بەپێی سیستەمی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێن. ئەنجومەنی سەرەوەی ویلایەت بەپێی چین و توێژ و کۆمەڵانی خەڵک هەڵدەبژێردرێن و نوێنەری ئەوانە بەشدارە تێیدا؛ نوێنەری دەرچووانی زانکۆ (١/١٢)، مامۆستایان (١/١٢)، دامەزراوە خۆجێییەکان و شارەوانیەکان (١/٣)، نوێنەرانی هەڵبژاردەی ئەنجومەنی خوارەوە (١/٣)، هەندێ نوێنەر (پاشماوەی) لە بوارەکانی وێژە و چاپەمەنی، زانست، هونەر، بزاڤی هەرەوەزیی و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، کە دەسەڵاتداری ویلایەت دیارییان دەکات (١/٩)[٣١٨].

[318] Ibid, p.173 & p.177. and, constitution of India, **op.cit**, article 171

بگەڕێوە بۆ پێرست

## پاکستان

ناوی فەرمی ئەم وڵاتە کۆماری ئیسلامی پاکستانە، کە حکوومەتێکی فیدراڵی پارڵەمانتاری دیمۆکراتیکە و ئیسلام، ئایینی دەوڵەتەکەیەتی. لەساڵی ٢٠١١ دا نزیکەی ١٧٧/١ میلیۆن حەشیمەتی هەبووە. لە پاکستاندا کە هەر لە کاتی سەربەخۆییەوە لە ١٩٤٧ فیدراسیۆن بووە، چەند نەتەوەی گەورە هەن. گروپی نەتەوەیی پەنجابی زۆرترین حەشیمەتیان هەیە بە ٧٨/٧ میلیۆن (%٤٤/١٥)، دوای ئەوان پەشتوونەکان بە ٢٧/٢ میلیۆن (%١٥/٤٢)، سندیەکان ٢٤/٨ میلیۆن (%١٤/١)، سەرایکیەکان ١٤/٨ میلیۆن (%١٠/٥٣)، موهاجرەکان ١٣/٣ میلیۆن (%٦/٥٧) و بەلووچەکان ٦/٣ میلیۆن (%٣/٥٧). پاشماوەی ١١/١ میلیۆن (%٤/٦٦) لە کەمینە ئێتنیکیەکانی دیکەن. بە هۆی جۆراوجۆریی نەتەوەیی، ئێتنیکی و چاندی بەرچاو، لێکۆڵەران ئەم دەوڵەتە بە دەوڵەتێکی ئایدیالۆژیک دەزانن لەبەر ئەوەی کە ئایدیالۆژیای ئایینی هۆی پێکهاتن و یەکێتیەکەی بووە. بە وتەیەک پاکستان نزیکەی ٦٠ زمان و زاراوەی تێدایە. ئوردو و ئینگلیزی زمانی فەرمین. ئوردو سەمبولی موسوڵمانەکانە هەرچەند زمانی کەمینەیە و ئینگلیزیش وەکو زمانی زانستی و زمانی هەندێ لە رۆژنامە گرنگەکان باوە و لە کاروباری بازرگانی فەرمی، حکوومەتی و گرێبەستە یاساییەکاندا بەکار دەهێنرێت. چاپەمەنیەکان بە زمانە جۆراوجۆرەکان دەردەچن. پارێزگاکان

بگەڕێوە بۆ پێڕست

زمانی تایبەتی خۆیان هەیە. پەنجابی زمانی زۆرینەی پەنجابە. "سەرایکی"[319] لە باشووری پەنجاب قسەی پێدەکرێت. پەشتۆ زمانی پارێزگای خەیبەر پەختون خوایە. سندی زمانی پارێزگای سندە و بەلووچی زمانی زاڵە لە بەلوچستان[320].

پاکستان لە ١٩٤٧ دا وەکو وڵاتێک بۆ موسوڵمانەکان لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی هیندووستان پێکهات و بە هۆی پێکنەهاتنی حیزبی موسلیم لیگ، لە هیند جیابووەوە و تا ١٩٥٦ کە یاسای بنچینەیی نوێی بۆ دانرا و بوو بە کۆماری ئیسلامی، وەکو یەکێک لە وڵاتانی هاوبەرژەوەند لە ژێر سەرپەرشتی مۆنارشی (پاشا) بەریتانیادا مایەوە. پاشا جۆرجی شەشەم[321] تا کاتی تیاچوونی لە ١٩٥٢ دا پاشای پاکستانیش بوو و پاش ئەو مەلەکە ئێلیزابێتی دووەم، مەلەکەی پاکستان بوو تا ١٩٥٦ کە لەو کاتەدا پاکستان بوو بە کۆمارێکی ئیسلامی و وەکو سیستمێکی پارڵەمانتاری مایەوە. لەم ساڵەدا یاسای بنچینەیی نوێ، فیدراسیۆنی سەقامگیر کرد. لە ١٩٧١ و پاش شەڕی ناوخۆیی، پاکستانی رۆژهەڵات (بەنگلادش) کە جیا بووەوە، ئیدی لە ١٩٧٣ بەملاوە پاکستان بۆخۆی بوو بە فیدراسیۆنێک بریتی لە ٤ پارێزگا. یەکەم هەڵبژاردنی

---

[319] Seraikis – Saraiki language

[320] Azam, op.cit, p. 157. & http://en.wikipedia.org/wiki/Pakistan

[321] King George VI

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دیمۆکراتیک لە ١٩٧٥ بەڕێوەچوو، بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتی چەکدارەکان بۆ دیمۆکراسی. لەم وڵاتەدا حیزبی جیاواز و جۆراوجۆر لە نیشتمانی، ئایینی و نەتەوەیی هەیە. لە حیزبەکانی سەر بە نەتەوە و ئیتنیکەکان دەکرێ ئاماژە بە حیزبی نەتەوەیی بەلوچستان، حیزبی نەتەوەی بەلووچ (BNP)، بزووتنەوەی نەتەوەی موهاجر (MQM)، حیزبی گشتی نەتەوەیی پەختون خوا (PKMAP) و... هتد، بکرێت کە لە ئەنجومەنی نوێنەران، سینا و ویلایەتەکاندا چالاکانە بەشدارن[٣٢٢].

پاکستان هەموو پێویستیە یاساییەکانی دەوڵەتێکی فیدراڵی هەیە واتە؛ باڵادەستی یاسای بنچینەیی، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان ناوەند و پارێزگاکان، دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ، جیایی دەسەڵاتەکان و یاسادانانی دوو ئەنجومەنە، ئەنجومەنی سەرەوە کە بە شێوەی یەکسان نوێنەرایەتی یەکە فیدراڵەکان دەکات و ئەنجومەنی خواروو و بنەما دیمۆکراتیکەکان[٣٢٣]. فیدرالیزم وەک سەمبولی دابەشکردنی سەروەریی بووە لە پاکستاندا و بەرە بەرە تاڕادەیەک بەرەو لیبرالی کردنی بنەماکانی هاریکاری و هەرەوەزیی لە نێوان پارێزگاکان و ناوەند و پارێزگاکان لەگەڵیەک

---

[322] watts, **op.cit**,1999, p. 32. & wikipedia/Pakistan, **op.cit**.
[323] Azam, **op.cit** , p. 157

رۆشتووە[٣٢٤]. بەپێی چاکسازیەکانی یاسای بنچینەیی لە ٢٠١٠ دا دوو ریزبەندی (لیستی) فێدراڵ و ریزبەندی پارێزگا لە بابەتەکان، سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەیە. ئەم چاکسازییە دەسەڵاتی دا بە پارێزگاکان بۆ وەرگرتنی قەرزەکان لە ناوخۆ و دەرەوە و هەروەها یارمەتی بۆ پارێزگاکانی گەڕەنتی کرد. ئەمە هەروەها خاوەندارێتی بەرابەر یان هاوبەشی سامانی کانزایی دۆزراو لە پارێزگایەک یان ئاوە نزیکەکانی لەلایەن فێدراسیۆن و پارێزگاکانەوە، دابین کرد.

لەم وڵاتەدا، سەرۆک کۆمار سەرۆکی دەوڵەت و فەرماندەری هێزە چەکدارەکانە و لەلایەن لیژنەی هەڵبژاردنەوە هەڵدەبژێردرێت. سەرۆک وەزیر سەرکردەی حیزبی زۆرینەیە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا. دەسەڵاتی یاسادانان دوو ئەنجومەنییە (بریتی لە ئەنجومەنی نیشتمانی و سێنا). لە ٣٤٢ ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی، ٢٧٢ ئەندام راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن و ٦٠ کورسی بۆ ژنان تەرخان کراوە و ١٠ کورسیش بۆ کەمینەکان. بەپێی چاکسازیی یاسای بنچینەیی ١٩٧٣ لە ٢٠٠٣ دا، لە ئەنجومەنی سێنادا، هەرکام لە چوار ئەنجومەنە

---

[324] Mohammad Waseem, ‘Federalism in Pakistan’, The Forum of Federations project in Pakistan is funded by the German Ministry of Foreign Affairs, august 2010. Waseem, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

ویلایەتیەکان ٢٢ کورسی و ناوچەی هۆزەکان ٨ کورسی، لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە هەڵدەبژێرن و ٤ کورسی تر لە ناوچەکانی پێتەختی فێدراڵ لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێردرێن کە کۆی گشتییان ١٠٠ کەسن[٣٢٥].

سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەریی، سیستەمی دادگای پاکستان بە شێوەی هێرارشی ڕێکخراوە، کە دادگای باڵا لە لووتکەوەیە و لە خوارترەوە دادگای بەرزو دواتر دادگاکانی شەریعەت (دانێ لە هەر پارێزگا و دانێ لە پێتەختی فێدراڵ) و پاشان دادگاکانی مەڵبەند (دانێ لە هەر بەشدا) و ئینجا دادگا ئاساییەکان لە هەر شارێکدا و دادگاکانی دۆزگەریی جێبەجێکاریی و دادگا شارستانیەکان. دادگای یاسای بنچینەیی فێدرالیش هەیە کە لە نوێنەرایەتی بەرابەری هەموو یەکە فێدراڵەکان پێکهاتووە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی پێوەندیدار بە یاسای بنچینەیی. ئەم دادگایە لە هەژدەهەمین چاکسازیی یاسای بنچینەیی لە ٢٠١٠ دا دامەزرا. هەروەها بەپێی یاسای بنچینەیی کۆمیسیۆنی دادوەریی هەیە، کە بریتییە لە ٧ ئەندام؛ ٤ دادوەر، وەزیری ماف (داد)، پارێزەی گشتی و نوێنەری دادگای باڵا[٣٢٦].

---

[325] Ibid.

[326] Ibid. and wikipedia/Pakistan, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

پاکستان دابەش کراوە بە سەر ٤ ویلایەتدا (پارێزگا)، ناوچەیەکی ناوەندیی (ئیسلام ئاوا) و ناوچەیەکی خودموختاری هۆزایەتی کە لە ژێر چاوەدێریی حکوومەتی فیدراڵ دا بەڕێوەدەبرێن، هەروەها کەشمیری بن دەستی پاکستان و ناوچەکانی باکوور (گیلگت – باڵستان). چوار ویلایەتی پاکستان بریتین لە: پەنجاب، سند، خەیبەر پەختونخوا و بەلووچستان[٣٢٧]. ئەم ویلایەتانە لە باری هەڵسووڕانی کاروباری ناوخۆییەوە سەربەخۆن. لەمانەشدا سیستەمی حکوومەتی هاوشێوەی حکوومەتی فیدراڵ هەیە. ئەنجومەنی ویلایەت لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت و سەرکردەی گەورەترین حیزب یان هاوپەیمانەکان دەبێتە سەرۆک وەزیر. دەسەڵاتدارانی گشتی ویلایەت لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دیاری دەکرێن. هەر ویلایەتێک ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەیە کە ئەندامەکانی راستەوخۆ لەلایەن دانیشتووانی ئەو ویلایەتەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەنجومەنی هەرکام لە ویلایەتەکانی بەلوچستان، سەرحەد، پەنجاب، سند بە ریزەوە خاوەن ٤٣، ٧٣، ٢٤٠ و ١٠٩ کەس ئەندامن. وێرای ئەوە هەندێ کورسیش بۆ کەمینەکان وەک هێندوسیک، بوودایی، پارسی (زەردەشتی) لەبەرچاوگیراون. دەسەڵاتداری ویلایەت دەبێت بە پێی فەرمان و رێنوینی سەرۆک

[327] Punjab, Sindh, Khyber Pakhtunkhwa, Balochestan

بگەڕێوە بۆ پێرست

وەزیری ویلایەت، کار بکات. سەرۆک وەزیری پارێزگا لەلایەن ئەنجومەنی ویلایەتی هەر ئەو ویلایەتەوە، هەڵدەبژێردرێت. دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لەلایەن حکوومەتی ویلایەت و وەزیرەکانی کابینەی ویلایەتەوە جێبەجێ دەکرێت. وەزیرەکانی ویلایەت لەلایەن ئەنجومەنی ویلایەت و حیزبەکانی ئەم ئەنجومەنانەوە دیاری دەکرێن، کە حیزبەکانی کەمینەکان تایبەتمەندی نەتەوەخوازانەی خۆیانیان هەیە. ئەنجومەنی ویلایەت پاش هەڵبژاردنی سەرۆک و جێگری سەرۆکی خۆی، دەبێت دەسبەجێ یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی ویلایەتی، وەک سەرۆک وەزیر هەڵبژێرێت. هەندێ لە ویلایەتەکان وەک بەلووچستان و خەیبەر پەختونخوا، بۆخۆیان هەندێ ناوچەی هۆزایەتی خودموختار لەخۆ دەگرن. لە پاکستاندا بەپێچەوانەی هێند بەپێی زمان پارێزگاکان دیسان رێکنەخرانەوە. بۆیە لەم ویلایەتانەدا کەمایەتیگەلێکی گەورە هەن کە بە هیوای پارێزگان. بۆ نموونە پەختوونەکان لە بەلووچستان، مۆهاجرەکان لە سند کە بە ئوردو قسە دەکەن و لە هێندەوە هاتوون، سەرایکی لە باشووری پەنجاب و...هتد. بەم بۆنەوە فیدرالیزمی پاکستان هێشتا هەندێ کێشەی هەیە. زمانی فەرمی پارێزگاکان بە فەرمی

ناسراوه و هەر پارێزگایەک دەتوانێ زمانی فەرمی خۆی هەبێت. بۆ نموونه له سندا، سندی فەرمییه و ئوردو قبووڵ نەکرا[٣٢٨].

هەرێمی پێتەخت، ئیسلام ئاباد و ناوچەی هۆزایەتی لەلایەن فیدراڵەوه بەڕێوەدەبردرێن. ناوچەکانی سەر به حکوومەتی فیدراڵ له ژێر چاوەدێریی کارگێڕێکی سیاسیدا بەڕێوەدەبردرێن. ناوچه هۆزنشینەکان بەتایبەت له بواری هەڵسووڕانی کاروباری دادوەریی خۆیاندا، هەندێ زنجیرەپلەی جیاوازی سەربەخۆیی ناوخۆییان هەیه.

کەشمیری بن دەستی پاکستان سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی تایبەتی و یاسای بنەڕەتی و ئەنجومەنی یاسادانانی خۆی هەیه. پێوەندی کەشمیر لەگەڵ پاکستان له ڕێگای "ئەنجومەنی جامو و کەشمیری ئازاد" ڕێکدەخرێت که ئەندامەکانی بریتین له: سەرۆک کۆماری پاکستان (سەرۆکی ئەنجومەن)، سەرۆک کۆماری کەشمیری ئازاد (جێگری سەرۆک)، ٥ ئەندامی دامەزراوەیی لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانی کەشمیری ئازاد و هەروەها وەزیری کەشمیر و ناوچەکانی باکوور له کابینەی پاکستان. هەروەها گیلگت-باڵستان (ناوچەکانی باکووری پێشوو) حکوومەتی خودمۆختاری هەیه.

---

328 Waseem, **op.cit.**



گەڕانەوە بۆ پێڕست

لەم وڵاتەدا، حکوومەتە خۆجێییەکان سیستەمی سێ ئاستەی کەرت، مەڵبەند، و ئەنجومەنەکانی یەکیەتی پێڕەو دەکەن و لە هەر ئاستێکدا هەڵدەبژێردرێن. لە پاکستاندا تەنانەت بۆ دامەزراندنی کارمەندانی وڵات لە دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و دامەزراوە حکوومەتیەکاندا پشکی ویلایەت و ناوچەکان دیاری دەکرێن. بۆ نموونە ناوچە هۆزنشینەکانی بن دەستی دەوڵەت ٤%، بەلوچستان ٣/٥%، خەیبەر پەختونخوا ١١/٥%، پەنجاب ٥٠%، سندی شارنشین ١١/٤%، سندی گوندنشین ٧/٦%، کەشمیر ٢% و...هتد.[٣٢٩]

لە باری فێدرالیزمی داراییەوە یاسای بنچینەیی "ئەنجومەنی بەرژەوەندیە گشتییەکانی" لەبەرچاو گرتووە کە چاوەدێریی دەکات بە سەر کێشەی نێوان ناوەند و ویلایەتەکان یان نێوان ویلایەتەکان لەگەڵ یەک. ئەم ئەنجومەنە بریتییە لە سەرۆک وەزیر، سەرۆک وەزیرانی پارێزگاکان و نوێنەرانیان و سێ ئەندامی کابینەی فێدراڵ، کە سکرتاریێتیەکی دایمیشی هەیە. هەروەها بەپێی ماددەی (١)١٦٠ ی. ب کۆمیسیۆنی بووجەی نیشتمانی هەیە. بەپێی مێتۆدەکانی ئەم کۆمیسیۆنە نزیکەی ٩٣%ی داهاتی باجی فێدراڵ لە دەست حکوومەتی فێدراڵە، کە نزیکەی ٧٢%ی بۆ خۆیەتی و نزیکەی ٧%ی لە دەست پارێزگاکان دایە، کە

[329] Ibid. and wikipedia/Pakistan, **op.cit.**

نزیکەی ٥٧%ی بۆیان تەرخان دەکرێت وهەر پارێزگا بەپێی پێوەری حەشیمەت، هەژاری، بەرهەمهێنانی داهات، چڕیی دانیشتوان، ڕێژەیەکی هەیە بۆ نموونە: پەنجاب ٥١/٧%، سند ٢٤/٥٥%، خەیبەر پەختون خوا ١٤/٦٤% و بەلووچستان ٩.٦/٠٩%.[٣٣٠]

## مالیزیا

مالیزیا وڵاتێکی فرەنەتەوەیی و فرەچاندییە کە لە ساڵی ٢٠١٠ دا نزیکەی ٢٨ ملیۆن حەشیمەتی هەبووە. ئەم وڵاتە نەتەوەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت کە هەرکامیان بە زمانێک دەدوێن؛ نەتەوەی مالایی، چینی، هیندی، تامیلی، بەنگالی، پەشتو، سینهالی و... هتد، کە گەورەترینی ئەمانە سێ نەتەوەن: مالایی (٥٩%)، چینی (٣٢%)، هیندی (٩%). گروپەکانی تر جگە لە مالاییەکان زۆرتر لە نیوەی حەشیمەتی ساراواک و نزیکەی ٦٦% حەشیمەتی ویلایەتی سەباح و هەروەها حەشیمەتگەلێکی بچووکتر لە پنینسولار پێکدەهێنن[٣٣١]. 'ئیبان' زمانی سەرەکی خەڵکی خۆماڵی ساراواکە و زمانەکانی 'دوسونیک' لەلایەن خەڵکی سەباحەوە

---

330 Ibid.

331 Azam, **op.cit**, p. 184.



بگەڕێوە بۆ پێرست

بەکار دەهێنرێن. مالایی یان بەهاسا مالیزیا[٣٣٢] (جۆری ستانداردکراوی زمانی مالایی) زمانی فەرمی ئەم وڵاتەیە و زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەم (زمانی پێوەندیدەری زانستی لە خوێندنگە گشتییەکان و هەروەها لە بازرگانیدا) بەکار دەهێنرێت[٣٣٣].

لە باری مێژووییەوە، سەرەتا لە ساڵی ١٩٤٦ دا و لە سەردەمی کۆلۆنیاڵی بریتانیادا، هەرێمەکانی مالیزیای پێنینسولار[٣٣٤] یەکیان گرت. لە ١٩٤٨ دا وەکو فێدراسیۆنی مالایا بنیات نرایەوە و لە ١٩٥٧ دا سەربەخۆییان دەستەبەر کرد و فێدراسیۆنی مالایا پێکهات و لە ١٩٦٣ دا بە زێدەبوونی ویلایەتەکانی سەباح و ساراواک و سەنگاپوور، فێدراسیۆنی مالیزیا پێهکات، کە دوو ساڵ دواتر لە ١٩٦٥ دا سەنگاپوور لە فێدراسیۆن چووە دەرەوە[٣٣٥].

لەم وڵاتەدا نەتەوەکان زۆرتر تێکەڵن و ناوچەی دیاری تاڕادەیەک بەرین بۆ هەر نەتەوەیەک (جگە لە مالاییەکان) نابینرێت بەڵام وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، لە هەندێک

---

[332] Iban (Sarawak), Dusunic Languages, Bahasa Malaysia

[333] watts, op.cit, 1999, 28 & http://en.wikipedia.org/wiki/Malaysia

[334] Peninsular Malaysia

[335] watts, op.cit, 1999, 28.

گەڕانەوە بۆ پێرست

ویلایەتی وەک سەباح و سارواک، کەمینەکان پێکەوە لە بەرانبەر مالاییەکاندا زۆرینەن هەرچەند هیچکامیان بەتەنیا زۆرینە نین[٣٣٦]. ویلایەتێکی وەکو کێبێکی کەنەدا لە مالیزیادا نابینرێت[٣٣٧]. هیزە سیاسیەکان لە سەرانسەری وڵاتدا ویستی ئێتنیکی پێڕەو دەکەن، لەبەر ئەوەی کە ویلایەت یان ناوچەی تایبەتیان نییە. نەتەوە جیاوازەکان حێزبی تایبەتی خۆیان هەیە و حێزبە خۆجێیەکانیش دەبینرێن. لەم حێزبانە، دەکرێ ئاماژە بە رێکخراوی نیشتمانی مالاییە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی چینیەکانی مالیزیا، کۆنگرەی هێندیەکانی مالیزیا، حێزبی یەکیەتی خەڵکی سەباح، حێزبی نەتەوەیی ساراواک و...هتد، بکرێ، کە بەشداری چالاکانەی ئەم حێزبە نەتەوەیی و ویلایەتیانە لە پارلەماندا دەبینرێت و زۆربەیان نوێنەریان هەیە. وێرای زاڵ بوونی نەتەوەی مالایی لەسەر دەسەڵات، مافەکانی کەمینە نەتەوەییەکان لەبەرچاو گیراون.

یاسای بنچینەیی لە ١٥ بەش پێکهاتووە کە بە وردی هەموو یاسا، ماف و بەرپرسایەتی و پێکهاتە و پەیوەندیەکانی فیدراسیۆنی لەخۆگرتووە[٣٣٨]. بەپێی ماددەی (١)٤ یاسای بنچینەیی بانترین یاسای فیدراسیۆنە. هەندێ لە بەشە جیاوازەکانی ئەم یاسایە

---

[336] جیاوازیی سیستەمی فیدراڵی ئەم وڵاتە، هۆکاری باسکردنیەتی لێرەدا.

[337] Ibid, p. 184 & pp. 210-11

[338] **Laws of Malaysia, federal constitution**, Incorporating all amendments up to P.U.(A) 164/2009.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بریتین لە: بەشی یەکەمی ئەم یاسایە تەرخان کراوە بۆ ویلایەتەکان، ئایین و مافەکانی فیدراسیۆن. بەشی دووەم سەرنجی خستووەتە سەر ئازادییە بنەڕەتیەکان. بەپێی ماددەی ٨، هەمووان لە بەرانبەر یاسادا بەرابەرن و نابێت هیچ هەڵاواردنێک بەپێی ئایین و رەگەز و...هتد، هەبێت. هەموو هاووڵاتییان ئازادی رادەربڕین و کۆبوونەوە، قسەکردن، پێکهێنانی ئەنجومەن و رێکخراویان هەیە (م. ١٠ ی. ب). بەشی سێیەم ئاوڕی داوەتەوە سەر هاووڵاتی بوون لەم وڵاتەدا. بەشی چوارەم لە چەند بڕگەدا، فیدراسیۆنی بە گشتی شرۆڤە کردووە، کە بریتییە لە سەرۆکی باڵا، کۆنفرانسی دەسەڵاتداران، دەسەڵاتی جێبەجیکاریی و پارلەمان. بڕگەی دووی ئەم بەشە ئەرکەکانی ئەنجومەنی (کۆنفرانسی) پاشاکانی بە وردی شیکردووەتەوە. بەشی پێنجەمی یاسا کە تەرخان کراوە بۆ ویلایەتەکان و ئەرکی پاشا یان دەسەڵاتدارانی ئەوانە. بەشی شەشەم سەرنجی داوەتە پێوەندیەکانی نێوان فیدراسیۆن و ویلایەتەکان. بەشی هەشتەمی یاسا، هەڵبژاردنەکانی شرۆڤە کردووە. بەپێی ماددەی ١١٣، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەیە بۆ جێبەجێ کردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ویلایەتەکان و کاروبارە پێوەندیدارەکان. بەشی نۆیەمی یاساکە بۆ دەسەڵاتی دادوەریی، تەرخان کراوە. وێرای ئەوەی کە لەم وڵاتەدا پلەی سەنتەڕاڵی زۆر دەبینرێت، بەڵام لە بواری بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی و هەروەها

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بووجە بە پێی یاسای بنچینەیی لەم وڵاتەشدا سێ لیست لە بابەتەکان هەن؛ لیستی فیدراڵ، لیستی ویلایەت و لیستی هاوبەش[٣٣٩]. یاسای بنچینەیی، ئیسلام بە ئایینی دەوڵەت رادەگەینێت و هەر لەو کاتەشدا پاڵپشتی لە ئازادی ئایینی دەکات (م. ٣٥).

حکوومەتی فیدراسیۆنی مالیزیا، پاشایەتی مەرجداری (لەسەر بنەمای یاسای بنچینەیی) هەڵبژێردراوە. پاشای مالیزیا (پاشای پاشاکان) کە سەرۆکی باڵایە، لەلایەن ئەنجومەنی پاشا میراتدارەکانەوە (دەسەڵاتدارانی ویلایەتەکان) پێکهاتوو لە پاشای ٩ ویلایەتی مالیزیا و هەر پێنج ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێت (م. ٣٢ ی. ب). دەسەڵاتدارنی دیکەی ویلایەتەکان کە دەسەڵاتداری شانازیانەن، لە هەڵبژاردنی پاشادا بەشداری ناکەن. بە شێوەی رێکەوتنێکی نافەرمی، پاشایەتی لە نێوان ٩ دەسەڵاتداری ویلایەتەکاندا، دەسوورێت. رۆڵی پاشای وڵات زۆرتر تەشریفاتییە. پاشا سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکارییە و سەرۆکی حکوومەت (سەرۆک وەزیران) دیاری دەکات. بەپێی ماددەی ٣٣ی یاسا، پاشا جێگرێکی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کاروبار لە کاتی نەبوونی خۆیدا کە ئەمەش هەر لەلایەن ئەنجومەنی دەسەڵاتدارانەوە هەڵدەبژێردرێت. لەم وڵاتەدا سەرۆکی پارلەمان دەبێت بەپێی

339 Azam, **op.cit**, p. 186.

بگەڕێوە بۆ پێرست

یاسا بێلایەن بێت و پاڵپشتی لە مافی کەمینەکان بکات. سیستەمی حکوومەتی، پارڕلەمانتاری وێست مینستەریە. پاشا سەرۆکی دەوڵەتە. دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بەخشراوە بە کابینە، بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران، کە سەرۆکی حکوومەتە. سەرۆک وەزیران دەبێت ئەندامێکی ماڵی نوێنەران بێت، کە سرکردەی حیزبی زۆرینەیە و لەلایەن پاشاوە دیاری دەکرێت. کابینە لە ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی پارڕلەمان هەڵدەبژێردرێن. پاشا بە راوێژ لەگەڵ سەرۆک وەزیر، وەزیرەکان دیاری دەکات (م. ٣٩-٤٣ ی. ب).

دەسەڵاتی یاسادانان دابەشکراوە لە نێوان یاسادانانی فیدراڵ و یاسادانانی ویلایەتدا. پارڕلەمانی فیدراڵی دوو ئەنجومەنە، بریتییە لە ئەنجومەنی خواروو (نوێنەران) و ئەنجومەنی سەرەوە (سێنا). پاشاش بەشێکە لە دەسەڵاتی یاسادانان (م. ٤٤ ی. ب). بەپێی ماددەی ٤٦ ی. ب ئەنجومەنی نوێنەران بریتیە لە ١٨٠ ئەندام کە ١٧٢ لەوان لەلایەن ویلایەتەکانەوە و بە شێوەی رێژەیی حەوت کەس لە هەرێمی کوالالامپوور و یەک کەس لە هەرێمی لابوئان بۆ ماوەی ٥ساڵ هەڵدەبژێردرێن. ئەنجومەنی سێنا بریتییە لە ٧٠ سێناتۆر کە بۆ ماوەی سێ ساڵ دیاری دەکرێن. بەپێی ماددەی ٤٥ ی. ب، ٢ ئەندام لەلایەن ئەنجومەنی هەر ویلایەتێکەوە هەڵدەبژێردرێن واتە ٢٦ سێناتۆر، و ٤٤ی پاشماوە لەلایەن پاشاوە لەسەر راسپاردەی سەرۆک وەزیران دیاری

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دەکرێن، کە ٢ ئەندام لەوانە بۆ هەرێمی فێدراڵی کوالالامپوور و یەک ئەندام بۆ هەرێمی فێدراڵی لابوئان دەبێت. پارڵەمان سیستەمی فرەحیزبی هەیە و حکوومەت لە ناخیەوە دێتە دەرێ، کە لە کاتی سەربەخۆییەوە هاوپەیمانی فرەحیزبی حکوومەتی کردووە[٣٤٠]. بەپێی ماددەی ٧٣ ی. ب پارڵەمان دەتوانێ بۆ هەموو و هەر بەشێکی فێدراسیۆن یاسا دانێت و ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتیش بۆ هەموو یان هەر بەشێکی ویلایەت.

دەسەڵاتی دادوەریی بە دادگاکان سپێردراوە. بەرزترین دادگا لە سیستەمی دادوەریدا دادگای فێدراڵە. هەروەها لە ئاستی فێدراڵدا دادگای باڵا و تێهەڵچوونەوە هەیە. لە ئاستی خوارتردا بە پێی یاسا دوو هەرێمی دادوەریی دیاری کراون کە هەرکامیان دادگایەکی بەرزیان هەیە، کە یەکیان بۆ مالیزیای پێنینسولارە بە یازدە ویلایەتەوە و ئەوی تریان بۆ ڕۆژهەڵاتی مالیزیایە واتە ویلایەتەکانی سەباح و ساراواک (م. ١٢١ ی. ب). هەروەها دادگایەکی تایبەتیش بۆ بیستنی دۆسیەکانی پێوەندیدار بە بنەماڵەی پاشایەتی هەیە. جیا لە دادگا شارستانییەکان، بۆ موسوڵمانانی مالیزیا، دادگای شەریعەتیش هەیە.

ئەم وڵاتە بریتییە لە ١٣ ویلایەت (م. ١ خاڵی ٢ ی. ب) و سێ هەرێمی فێدراڵ. لێرەشدا ناهاوسەنگی لە پێدانی خودموختاری لە

340 wikipedia/Malaysia, op.cit. - Kuala Lumpur - Labuan

بگەڕێوە بۆ پێرست

باری دارایی و یاسادانان و جێبەجێکاریی دەبینرێت، بە جۆرێک کە دوو ویلایەتی سەباح و ساراواک بە هۆی جیاوازیی و لە پێناو پاراستنی تایبەتمەندیەکانیان خودموختاریان زۆرترە. هەر ویلایەتێک یەک ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتی هەیە کە ئەندامەکانی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. هەڵبژاردنی، ویلایەتەکان جگە لە ساراواک، هاوکاتە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی فیدراڵ و هەر پێنج ساڵ جارێ بەڕێوە دەچێت. دەنگدان بە زۆرەملێ نییە. حکوومەتەکانی ویلایەتەکان لەلایەن سەرۆک وەزیرانیانەوە هەڵدەسوورێن، کە ئەندامانی حیزبی زۆرینەی ئەنجومەنن[٣٤١].

هەروەها سەبارەت بە پێوەندییەکانی فیدراسیۆن و ویلایەتەکان بەپێی یاسای بنچینەیی، ئەنجومەنێکی نیشتمانی بۆ حکوومەتە خۆجێییەکان هەیە، کە بریتییە لە وەزیرێک وەکو سەرۆک یان بەڕێوەبەر، نوێنەرێک لە هەر ویلایەتێکەوە کە لەلایەن پاشای ئەو ویلایەتەوە هەڵدەبژێردرێت و هەندێ نوێنەر لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە، کە نابێت لە دە کەس تێپەڕن (م. (1) 95 a ی. ب)

[341] wikipedia/Malaysia, op.cit.

## نیجێریا (Nigeria)

کۆماری فیدراڵی نیجێریا کە لە ٢٠٠٩ دا حەشیمەتێکی نزیک بە ١٥٥ میلیون کەسی هەبووە، پتر لە ٢٥٠ گرووپی نەتەوەیی و ئێتنیکی تێدایە، کە ڕێژەیان لە چەند سەد کەسەوە تا گرووپگەلی ٩ میلیۆن کەسی دەبن. گرنگترین نەتەوەکان بریتین لە: هائوسا، ئیبۆ، یۆروبا[٣٤٢] کە نزیکەی ٦٢%ی حەشیمەتی نیجێریا پێکدێنن. ١٣ گرووپی تر نزیکەی ٣٣% و پاشماوەی گرووپەکان ٥%ی حەشیمەتن. زۆربەی نەتەوەکان شوێنی جوگرافیایی دیاری خۆیان هەیە. نزیکەی ٥٢١ زمان و زاراوە لەم وڵاتەدا هەیە. هەرچەند زمانی ئینگلیزی فەرمییە و بۆ کاروباری پەروەردە، بازرگانی و فەرمانگەیی بەکار دەهێنرێت و زۆربەی ڕۆژنامەکان بەو زمانە دەردەچن، بەڵام زمانەکانی تریش بەتایبەت "ئیبۆ" و "یۆروبا" بەکار دەهینرێن و چاپەمەنی سەر بە نەتەوە و ئێتنیکەکانیش هەیە کە تیایاندا ویستی خەڵکی ویلایەت و نەتەوە و ئێتنێسیتیەکان بە زمانی خۆیان دەردەبڕدرێن[٣٤٣].

---

[342] Hausa, Igbo, Yoruba

[343] Ignatius Akaayar Ayua & Dakas C. J. dakas, 'Federal Republic of Nigeria', forum of federations, **international association of ceters for federal studes**, p.1 & http://en.wikipedia.org/wiki/Nigeria

بگەڕێوە بۆ پێرست

ئەم وڵاتە بە هۆی فرەنەتەوەیی و فرەئایینی بوونیەوە لە کاتی وەرگرتنی سەربەخۆیی لە ١٩٦٠ەوە سیستەمی فێدراڵی هەبووە. بەڵام هەندێ کات بە هۆی دەست بە سەرداگرتنی حکوومەت لەلایەن هێزە چەکدارەکانی سوپای ئەو وڵاتە، بەپێچەوانەی دیمۆکراسی و فێدرالیزم هێزی ناوەندخوازیی و نادیمۆکراتیک بە سەر حکوومەتدا زاڵ بووە و حکوومەتی شارستانی (مەدەنی) لاواز بووە لەو سەردەمانەدا و بە کردەوەش کەلێن هەبووە لە نێوان یاسای بنچینەیی فێدراڵ و ئەوەی لە کردەوەدا هەبووە. بە گشتی چوار قۆناخ لە مێژووی مۆدێرنی نیجێریا دەبینرێت: سەردەمی کۆلۆنیال، دیمۆکراسی سەرەتایی، سەردەمی حکوومەتی چەکداران (میلیتاری)، و دیمۆکراسی هاوچەرخ. قۆناخی دیمۆکراسی سەرەتای ساڵانی پاش سەربەخۆیی لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٠ەوە تا فێبریوەری ١٩٦٦ لەخۆ دەگرێت. لە ١٥ی جانیوەری ١٩٦٦ەوە تا ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩، خولی یەکەمی دەسەڵاتی چەکدارانەیە، کە یاسای بنچینەیی گۆڕانکاریی بە سەردا دێت. خولی دووەمی حکوومەتی چەکدارەکان لە ٣١ی دیسامبەری ١٩٨٣ەوە دەست پێدەکات و تا ٢٩ی مەی ١٩٩٩ درێژەی دەبێت. بە هۆی حکوومەتی چەکداران لە نیجێریا ساڵانێکی زۆر فێدرالیزم راستەقینە نەبوو و حکوومەتی ناوەندی زاڵ بوو بە سەر ویلایەتەکاندا و سیستەمێکی زنجیرەپلەیی لەگەڵ ناوەندخوازیی پێکهاتبوو. لە قۆناخی یەکەمدا (دیمۆکراسی سەرەتایی) و دوایین

قۆناخ، حکوومەتی دیمۆکراتیکی فیدراڵ زاڵە، بەڵام لە قۆناخی چەکداریدا پێکهاتەیەکی زنجیرەپلەیی و چەکدارانە زاڵە و ناوەندخوازیی دەبینرێت و دەسەڵاتی ویلایەتەکان لەبەرچاو ناگیردرێت[344].

هەروەها، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و جیایی خوازیی چ پێش لە سەر بەخۆیی و چ پاش سەربەخۆیی لەلایەن نەتەوەکانەوە زۆر بووە وەک 'مەسۆب'، کۆنگرەی خەڵکی ئۆجوا[345] و...هتد. بە هۆی نەبوونی بنەمای جیابوونەوە لە وڵاتی نیجێریا لە یاسای بنچینەییدا، بەپێچەوانەی وڵاتی ئێتیۆپیا، جاروبار شەڕی ناوخۆیی قورس هەبووە، وەکو شەڕی بیافرا کە لە ٣٠ی مەی ١٩٦٧دا وڵاتی سەربەخۆی "کۆماری بیافرا" پێکهێنرا و بە هۆی شەڕ و پێکدادانەوە، دیسان لە ١٢ی جانیوەری ١٩٧٠ بە خۆبەدەستەوەدانی بیافرا، هاتەوە سەر فیدراسیۆن[346]. وێڕای ئەمانە، کێشەی سەرەکی ئەم وڵاتە لە راستیدا ئایینی بووە، بەتایبەت لەلایەن موسوڵمانەکانەوە کە چەکدارە دەمارگرژەکانیان لەگەڵ حکوومەت بە شەڕ هاتوون، بۆ دامەزراندنی یاسای شەریعەت.

---

[344] Ayua & Dakas, op.cit, pp.1-9

[345] MASSOB - Odua People Congress

[346] Ibid, p.11 - Biafran war - Republic of Biafra

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بەپێچەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆرێک لە حکوومەتە فیدراڵەکانی تر، بەڵام وەک هیندووستان لە نیجیریادا تەنیا یەک یاسای بنچینەیی هەیە. حکوومەتە پێکهێنەرەکان یاسای بنچینەیی خۆیان نییە. یاسای بنچینەیی فیدراڵی ١٩٩٩، کە بەپێی ماددەی ١ خاڵی ١ی خۆی باڵادەستی هەیە لە سەرانسەری کۆماری فیدراڵی نیجیریادا، لە بەشگەلێکی جیاواز لە پاژەکاندا مادە و خاڵە پێوەندیدارەکان بە حکوومەتی فیدراڵ و ویلایەتەکان رێکدەخات. لە یاسای بنچینەییدا راستەوخۆ ئاماژە بە فیدراڵ بوون دەکرێت، وەک لە پێشەکی یاسای بنچینەییدا هاتووە: "ئێمە خەڵکی کۆماری فیدراڵی نیجیریا..." هەروەها ئەم یاسایە ئاماژە بە یەکگرتوویی و سەرووەریی ئەو وڵاتە لە ژێر دەسەڵاتی "خوا"، و هەوڵدان بە مەبەستی حکوومەتی چاک و تەناهی (ئاسوودەیی) هەموو خەڵکی وڵات و بنەماکانی سەربەستی، بەرابەری و دادپەروەریی و هەروەها ئاشتی جیهانی و هەرەوەزیی نێونەتەوەیی دەکات. بەشی ٢ی ئەم یاسایەش بۆ مافە بنەڕەتیەکان تەرخان کراوە و بەپێی ماددەی (١)١۴ و (٢)١۵ ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای دیمۆکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و هیچ جۆرە هەڵاواردنێک پەسەند ناکات. لەم راستایەدا، زۆربەی بەرپرسیارێتیەکان وەک سەرۆک کۆمار، ئەنجومەنی گشتی و سێنا، فەرماندارەکان و پارێزگارەکانی ویلایەتەکانیش لە رێگای هەڵبژاردنەوە دیاری دەکرێن. لەم وڵاتەدا سیستەمی فرەحیزبی

بگەڕێوە بۆ پێرست

هەیە و حیزبی جۆراوجۆر دەبینرێن کە هەندێکیان سەر بە نەتەوە و ئیتنیکەکانن. لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، ٣٠ حیزبی سیاسی تۆمار کرابوون[٣٤٧].

لەم یاسایەدا ریزبەندیکی تایبەتی تەرخانکردنی دەسەڵات بۆ حکوومەتی فێدراڵ و ریزبەندیکی هاوبەش بۆ هەردووکی فێدراڵ و ویلایەت دیاری کراوە و پاشماوەی دەسەڵاتەکان (بە تایبەتی) بۆ ویلایەتەکانە. ئەم وڵاتە مۆدێلی ئەمریکایی کردووە بە نموونە. یاسای بنچینەیی ١٩٩٩ وەکو یاسای بنچینەیی ١٩٧٩ سیستەمێکی سەرۆکایەتی (پریزدێنتاڵ) وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای هەڵبژاردووە. جیایی سێ دەسەڵاتی ئاسۆیی؛ یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەریی لەم یاسایەدا (بەشەکانی ٤، ٥، ٦) زەق کراوەتەوە، بەڵام سیستەمی چێک و باڵانس هەیە و جیاییەکی تەواو پەتی نییە و هەندێک کاریگەریان لەسەریەک هەیە[٣٤٨].

دەسەڵاتی جێبەجێکاریی فێدراڵ سپێردراوە بە سەرۆک کۆمار، کە هەرجۆر بە چاکی بزانێت چ راستەوخۆ و چ لە ریگای جێگرەکەی یان وەزیرەکانی حکوومەتی فیدراڵ یان بەرپرسانی خزمەتگوزاریی گشتییەوە، فێدراسیۆن هەڵسوورێنێت. هەروەها

[347] Ibid, p.6, p.11, p.21
[348] Ibid, pp. 12-14

بگەڕێوە بۆ پێڕست

سەرۆک کۆمار لە هەندێ لایەنی دیاری یاسادانان‌دا بەشداری دەکات. بەپێی ماددەی ١٣٠ ی. ب، سەرۆک کۆمار سەرۆکی هەردوو لایەنی دەوڵەت و حکوومەت و فەرماندەری هێزە چەکدارەکانی فیدراسیۆنە و لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ چوار ساڵ و تەنیا ٢ خول دەتوانێت سەرۆک کۆمار بێت. دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە (بریتی لە سێنا و نوێنەران) چاوەدێری دەکرێت. دەسەڵاتی پێوەندیدار بە کاروباری دەرەوەی وڵات و بەرگری، تایبەتن بە حکوومەتی فیدراڵ[٣٤٩].

یاسای بنچینەیی، دەسەڵاتی یاسادانانی دووانەی داناوە کە پێی دەگوترێت ئەنجومەنی نیشتمانی، کە بریتییە لە ئەنجومەنی خواروو (نوێنەران) و ئەنجومەنی سەرەوە (سێنا). هەر ویلایەتێک دابەش دەکرێت بە سێ بەشی سێناتۆری کە هەرکامەیان سێناتۆرێک هەڵدەبژێرن، واتە بەپێی بنەمای ٤٨ ی. ب، لە هەر ویلایەتێک ٣ سێناتۆر دەچنە سێنا. پێتەختی فیدراڵ سێناتۆرێکی هەیە (بەپێچەوانەی واشنگتۆن دی سی کە سێناتۆری نییە). کەواتە سێنا، ١٠٩ سێناتۆری هەیە. وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر ویلایەتێک بە شێوەی بەرابەر لە سێنای نیجێریادا نوێنەریان هەیە. بەڵام بەپێچەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی

---

349 Ibid, p. 15 & 20

بگەڕێوە بۆ پێرست

ئەمریکا کە هەر سێناتۆرێک لەلایەن تەواوی ویلایەتەوە هەڵدەبژێردرێت، سێناتۆرەکانی نیجێریا لە بەشەکانی ناو ویلایەتەکاندا هەڵدەبژێردرێن. بۆ ئەنجومەنی نوێنەران کە ٣٦٠ ئەندامی هەیە، یاسا ٣٦٠ هەرێمی دەنگدانی فێدراڵ بە نزیکەی حەشیمەتی بەرابەرەوە تا ئەو شوێنەی کە بکرێت، وەسف دەکات کە خەڵکی هەر هەرێمێک راستەوخۆ یەک نوێنەر هەڵدەبژێرن. کەواتە وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ویلایەتەکان بە شێوەی بەرابەر لە ئەنجومەنی نوێنەراندا نوێنەریان نییە و جیاوازیی هەیە بە پێی حەشیمەت. لەم وڵاتەدا، چاکسازیی و پێداچوونەوەی یاسای بنچینەیی لە پلەی یەکەمدا ئەرکێکی پێوەندیدار بە یاسادانانە. یاسای بنچینەیی پرۆسەیەکی دوو هەنگاوەی دیاری کردووە بۆ ئەم کارە کە هەردووکی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکان لە خۆ دەگرێت. بۆ پێداچوونەوە و چاکسازیی، ریفراندوم بەڕێوە ناچێت[٣٥٠].

سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەریی، یاسای بنچینەیی ٣ ریزی زنجیرەپلەیی لە دادگاکانی فێدراڵ دیاری کردووە: خوارترین ریز بریتییە لە دادگای بەرزی هەرێمی پێتەختی فێدراڵ و دادگای

[350] Ibid, p. 14 & 22. And, **Constitution of the Federal Republic of Nigeria 1999**, Third Schedule, article 4(1), 47, 48, 49.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بەرزی فیدراڵ (م.٤٩ و ٥٥ ی. ب). ریزی نیوەنجی دادگای تێهەڵچوونەوەیە کە بریتییە لە ٤٩ ئەندام و سەرۆکێک کە لانیکەم سێ کەسیان لە یاسای ئیسلامی تاکەکەسی و سێ کەسیش لە یاسای نەریتی بزانن (م. ٢٣٧ و ٢٣٨ ی. ب). دادگای باڵا بەرزترین ریزە. دادگای باڵاش بە شێوەی سەرەتایی دادگایەکی تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوەیە. ئەم دادگایە دەسەڵاتی سەرەکی دادوەرییە بەتایبەت بۆ کێشەکانی نێوان ویلایەت و حکوومەتی فیدراڵ یان لە نێوان ویلایەتەکاندا. بە پێی ماددەی ٢٣٠ی ی. ب، دادگای باڵا بریتییە لە سەرۆکی داد و ریژەیەک دادوەر کە نابێت لە ٢١ کەس تێپەڕن. هەروەها لەم وڵاتەدا چوار سیستەمی جیاوازی یاساش هەیە: یاسای ئینگلیزی، یاسای گشتی، یاسای نەریتی (عورفی)، یاسای شەریعەت (لە ناوچە موسوڵمانەکاندا)[٣٥١]. لە هەرێمی پێتەختی فیدراڵ، ئەبوجا، دادگایەکی شەریعەتی تێهەڵچوونەوە (م. ٢٦٠ ی. ب) و هەروەها دادگایەکی نەریتی تێهەڵچوونەوە هەیە (م. ٢٦٥ ی. ب).

کۆماری فیدراڵی نیجیریا بریتییە لە ویلایەتگەلێک بە حەشیمەت و قەوارەی جیاوازەوە. یاسای بنچینەیی فیدرالیزمی گونجاو لەگەڵ ئەم بارودۆخەی، لەبەرچاو گرتووە. گروپە نەتەوەیی و ئێتنیکیە کەمینەکان لە ستەمگەری گروپە زۆرینەکان دەترسان،

---

[351] Ibid, p.115 & wikipedia /Nigeria, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بۆیە ئۆگری خۆیان بۆ حکوومەتی خۆیان لە ویلایەتەکانی پێوەندیدار بە جوگرافیای خۆیان، دەربڕی. بەپێی ماددەی ٢ی خاڵی ٢ ی. ب نیجێریا فێدراسیۆنێکە بریتییە لە ویلایەتەکان و هەرێمێکی پێتەختی فیدراڵ. ئەم وڵاتە ٣٦ ویلایەتی (ستەیت) هەیە. و بەپێی ماددەی ٢٩٧ی یاسا هەرێمی پێتەختی فێدراڵ، ئەبوجا، جیایە و لە ژێر دەستی حکوومەتی فێدراڵە. بەڕێوەبردنی هەر ویلایەتێک بە حکوومەتەکانیان سپێردراوە. خوێن یان لە راستیدا نەتەوایەتی و ئێتنێسیتی بنەمایەکە بۆ گرێدراوی تاکەکان بە حکوومەتی ویلایەتەکان. بنکەی حکوومەتی ویلایەت لە ناوەندی ویلایەت دایە. حکوومەتەکانی ویلایەت لە کاروباری ناوخۆییدا سەربەخۆ کار دەکەن. دامەزراوەکانی ویلایەتەکان بە گشتی وەکو حکوومەتی فێدراڵن. یاسای بنچینەیی دەسەڵاتەکانی بە دەسەڵاتداری ویلایەتەکان سپاردووە. دەسەڵاتدار سەرۆکی حکوومەتی ویلایەتە و دەبێت جێگرێکی هەبێت (م. ١٧٦ و ١٨٦ ی. ب). یاسای بنچینەیی ویلایەت یان حکوومەتی خۆجێیی ئەرکدار دەکات بەوەی کە کاروباری بە جۆرێک جێبەجێ بکات کە جۆراوجۆریی خەڵک بە فەرمی بناسرێت و سەرنج بدرێت. بەپێچەوانەی دەسەڵاتی یاسادانانی فێدراڵ، یاسای بنچینەیی سیستەمی یەک ئەنجومەنی بۆ هەر ویلایەتێک لەبەرچاوگرتووە (م. ٩٠). وەکو ئەنجومەنی نیشتمانی کە بەرپرسایەتیە دیاریکراوەکان لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە پەسەند دەکات.

ئەنجومەنی ویلایەتیش لەگەڵ دەسەڵاتدار هاوکاریی دەکەن بۆ دیاری کردنی بەرپرسانی پۆستە جێبەجێکاریی و دادوەرییەکان[٣٥٢].
بەپێی ماددەی ٩١ ی. ب ئەندامانی ئەنجومەنی ویلایەت نابێت لە ٢٤ ئەندام کەمتر و لە ٤٠ زیاتر بن. بەپێی ماددەی ٩٧ کاروباری ئەنجومەنی ویلایەت بە زمانی ئینگلیزی و ئەو زمانانە جێبەجێ دەکرێت، کە لە ویلایەتەکەدا هەن. لە باری دادوەریشەوە سیستەمی ویلایەت زنجیرەپلەییە. واتە، دادگاکانی ویلایەت، جگە لە دادگای بەرز کە لەلایەن یاسای بنچینەییەوە دانراوە (م. ٢٧٠)، لەلایەن یاسای ویلایەتەوە دادەنرێن. کە ئەمانە بریتین لە دادگاکانی شەریعەت و ئاسایی ویلایەت (ئەگەر ویلایەت پێکهێنانی ئەوانەی هەڵبژاردبێت) (م. ٢٧٥ و ٢٨٠ ی. ب)، دادگاکانی کەرت و دادگا ناوچەیی و نەریتییەکان. دادگا بەرزەکانی ویلایەت دەسەڵاتی دادوەریی سەرەکیی و تێهەڵچوونەوەیان هەیە. کاتێک ناکۆکی لە نێوان یاسای فێدراڵ و یاسای ویلایەت هەبێت، باڵادەستی بە یاسای فێدراڵە[٣٥٣].

بەشی (١)٧ لە یاسای بنچینەیی ئێستا وەکو هی ١٩٧٩ سیستەمێکی حکوومەتی خۆجێیی گەرەنتی دەکات کە

---

[352] Ibid, p. 9, 11 & 16-17 and, constitution of Nigeria, **op.cit**, article 4 (6). And, wikipedia /Nigeria, **op.cit**.

[353] Ayua & Dakas, **op.cit**, p.15

گەڕانەوە بۆ پێڕست

ئەنجومەنەکانیان بە شێوەی دیمۆکراتیک هەڵبژێردرێن و سەقامگیری، پێکهاتە، بووجە و کاریشیان بەپێی یاسای ویلایەتە. پێکهاتەی حکوومەتی خۆجێیی لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی تر جیاوازە و هەروەها حکوومەتی خۆجێیی لقی دەسەڵاتی دادوەریی نییە[354].

یاسای بنچینەیی هەندێ دامەزراوەی جێبەجێکاریی (فێدراڵ) وەک؛ ئەنجومەنی دەوڵەت، کۆمیسیۆنی تایبەتمەندیەکانی فیدراڵ، کۆمیسیۆنی خزمەتگوزاریی مەدەنی (شارستانی) فێدراڵ، کۆمیسیۆنی خزمەتگوزاریی دادوەریی فێدراڵ، ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانی، ئەنجومەنی ئابووریی نیشتمانی و...هتد و هەروەها هەندێ دامەزراوەی جێبەجێکاریی ویلایەت وەک: کۆمیسیۆنی خزمەتگوزاریی مەدەنی ویلایەت، کۆمیسیۆنی خزمەتگوزاریی دادوەریی ویلایەت و...هتد، دیاری کردووە. بەپێی یاسای بنچینەیی، کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنە نیشتمانیەکان هەیە، کە هەڵبژاردنەکانی فێدراڵ و ویلایەت لە نیجێریا جێبەجێ دەکات. هەڵبژاردنەکانی حکوومەتی خۆجێیی لەلایەن کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ویلایەتەوە بەڕێوە دەچن. لە باری باج وەرگرتنەوە، حکوومەتەکانی فێدراڵ و ویلایەت هەرکامەیان

---

[354] Ibid, p.11 & 17 and constitution of Nigeria, **op.cit**, article 7(1)

دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان لە هەرێمی پێوەندیدار بە خۆیان هەیە. یاسای بنچینەیی لە پێوەندی لەگەڵ داهاتەکان ئەژمێریکی بۆ فیدراسیۆن لەبەرچاوگرتووە کە هەموو داهاتە کۆکراوەکانی فیدراسیۆن دەڕژێنە ئەوێ (م. ١٦٢). هەروەها کۆمیسیۆنێکی لەم پێوەندیەدا وەکو کۆمیسیۆنی یەکسانی دارایی، واتە کۆمیسیۆنی دابەشکردنی دارایی و داهاتی دیاری کردووە و هەندێ ڕێگای دیاری کردووە بۆ پێداچوونەوە بە سەر دابەشکردنی داهاتەکان و دڵنیابوونەوە لە ڕاهاتوویی لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان. بەپێی دەسەڵاتانی، ئەم کۆمیسیۆنە لەسەر پێشنیارەکان بۆ دابەشکردنی داهات ڕاوێژ پێشکەشی سەرۆک کۆمار، دەکات[٣٥٥].

## بلژیک (Belgium)

ئەم وڵاتە کە بە فەرمی پاشایەتی بەلژیکی پێ دەوترێت، دەوڵەتێکی فیدراڵە کە نزیکەی ١١ ملیۆن حەشیمەتی هەیە و لە سێ نەتەوە یان کۆمەڵگای کەلەپووریی-زمانی پێکهاتووە، کە بە پێی ماددەی دوو و سێی یاسای بنچینەیی، ناسراون؛ فلامان (هۆڵەندی زمان و نزیکەی ٥٨%ی حەشیمەت)، والۆن[٣٥٦]

---

[355] Ayua & Dakas, **op.cit**, pp. 17-18 & 21 and, constitution of Nigeria, **op.cit**, 1999.

[356] Flemish & Walloon

بگەڕێوە بۆ پێرست

(فەڕەنسەیی زمان و نزیکەی ٤١%ی حەشیمەت) و ئاڵمانی زمانەکان (کەمتر لە ١%، گروپێکی چکۆلەی نزیک ١٠٠ هەزار کەس) کە هەرکام ناوچەی تایبەتی خۆیان هەیە، هۆڵەندی زمانەکان لە ناوچەی فلاندرز لە باکوور و فەڕەنسەیی زمانەکان لە ناوچەی باشووریی والۆنیا هەڵکەوتوون. پێتەختی، بڕۆکسێلە کە زۆربەی فەڕەنسەیی زمانن و لە ناو ناوچەی فلامانەکاندا هەڵکەوتووە. ئاڵمانی زمانەکان لە ڕۆژهەڵاتی والۆنیا دان[٣٥٧]. ناکۆکی لەم وڵاتەدا بووە هۆی ئەوەی کە بە شێوەی ئاشتیوخوازانە پێکهاتەی حکوومەتی یونیتەری بگۆڕن بە فیدراڵ. پێداچوونەوە یەک بە دوای یەکەکانی یاسای بنچینەیی وڵات لە ١٩٧٠، ١٩٨٠، ١٩٨٨ و ١٩٩٣ دا دەوڵەتێکی فیدراڵی بێ وێنەی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی جیاواز لە سێ ئاستدا پێکهینا: ١- حکوومەتی فیدراڵ (هەڵکەوتوو لە بڕۆکسێلدا) ٢- سێ کۆمەڵگای زمانی (هۆڵەندی، فەرەنسەیی و ئاڵمانی)، ٣- سێ هەرێمی جوگرافیایی: هەرێمی فلامان کە بریتییە لە پێنج پارێزگا، هەرێمی والۆن کە بریتییە لە پێنج پارێزگا، هەرێمی پێتەخت-بڕۆکسێل. گروپی ئاڵمانی زمانەکان بە هۆی چکۆلەیی هەرێمێکی جیاوازیان بۆ دیاری نەکراوە، بەڵام لە چوار چێوەی ئەو هەرێمەی کە تێیدان مافەکانیان پارێزراوە و ئەنجومەن و حکوومەتیان هەیەو لە

[357] http://en.wikipedia.org/wiki/Belgium

ناوەندیشدا نوێنەریان هەیە. سەبارەت بە شیاویەتیەکانی هەر گروپێکی نەتەوەیی، ماددەی چوارەمی یاسای بنچینەیی، چوار هەرێمی زمانی دیاری کردووە، کە سێ هەرێم یەک زمانین (فەڕەنسەیی، هۆڵەندی و ئاڵمانی) و ناوچەیەکی تر (برۆکسێل) دوو زمانەیە. سنووری ئەم هەرێمانە تەنیا لە ڕێگای یاسای پەسەندکراو لەلایەن زۆرینەی دەنگی نوێنەرانی ئەم گروپە زمانیانە لە هەر ئەنجومەنێکی پارلەماندا دەکرێ بگۆڕدرێت یان چاکسازیی بکرێت[٣٥٨]. هەرچۆنێک بێت، لە ئاکامی پێکهاتنی فیدرالیزمدا، دامەزراوەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی گۆڕدران و پلەیەکی بەرز لە دیسەنتەڕاڵی کردن روویدا. بەم شێوەیە خودموختاری بۆ گروپە نەتەوەییەکان بە کەمکردنەوەی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، پێکهات. پاشماوەی دەسەڵاتەکان بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵ سەبارەت بە بابەتەکانی پێوەندیدار بە پەروەردە، چاندی و زمان زۆر کەم بوو و بەشی زۆری ئەم دەسەڵاتانە سپێردرا بە ئەنجومەنەکانی گروپە کۆمەڵایەتیەکان. هەر سێ زمانی هۆڵەندی، فەڕەنسەیی و ئاڵمانی زمانی فەرمین لەم وڵاتەدا[٣٥٩].

---

[358] **The Belgian Constitution**, 17 February 1994, including the further revisions, April 2012 Belgian house of representatives, article 4. & wikipedia /Belgium, **op.cit**.
[359] Watts, **op.cit.**, 1999, 29.

گەڕانەوە بۆ پێڕست

یاسای بنچینەیی ئەم وڵاتە لە ٩ سەردێڕ پێکهاتووە: ١- بەلژیکی فیدراڵ و پێکهاتەکانی و هەرێمەکەی، ٢- بەلژیکیەکان و مافەکانیان، ٣- سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ئەستوونی و ئاسۆیی (یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەریی)، ٤- پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، ٥- دارایی و بووجە، ٦- هێزە چەکدارەکان و خزمەتگوزاریی پۆلیس، ٧- ماددە گشتییەکان، ٨- سەبارەت بە پێداچوونەوە بەسەر یاسای بنچینەیی، ٩- چوونەناو ڕێسا و مەرجەکانی پێوەندیدار بە قۆناخی گواستنەوە وهێز. ماددەی ١، ئەم وڵاتە بە دەوڵەتێکی فیدراڵ دەناسێنێت کە پێکهاتووە لە کۆمەڵگاکان و هەرێمە جوگرافیاییەکان. لە ژێر سەردێڕی مادەی ٢ دا هەموو مافە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتییانی بەلژیکی ئاماژەیان پێکراوە (ئازادیەکان، بەرابەری و...).

سەبارەت بە دەسەڵاتەکان، بەپێی ماددەی ٣٣ ی. ب هەموو دەسەڵاتەکان لە خەڵکی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرن. هەروەها بەپێی ماددەی ٣٦ دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵ پێکهاتووە لە پاشا، پاڕلەمانی فیدراڵی دووانە (ئەنجومەنی نوێنەران و پیران (سێنا) پێکەوە). بەلژیک مۆنارشی یاسایی سنووردارە و دیمۆکراسی پاڕلەمانتاری هەیە. ئەنجومەنی نوێنەران بریتییە لە ١٥٠ ئەندام (م. ٦٣ ی. ب). ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە لە ڕێگای سیستەمی ڕێژەیی بە بەپێی حەشیمەت بۆ ماوەی ٤ ساڵ لە ١١ هەرێمی هەڵبژاردنەوە،

بگەڕێوە بۆ پێڕست

هەڵدەبژێردرێن (م. ٦١ و ٦٢). سێنا لە ٧١ کەس پێکهاتووە (م. ٦٧ ی. ب) کە ٤٠ ئەندام لەلایەن کۆلێژی هەڵبژاردنەکانەوە، واتە ٢٥ کەس لەلایەن کۆلێژی هەڵبژاردنی هۆڵەندی زمانەکانەوە و ١٥ کەس لەلایەن کۆلێژی هەڵبژاردنەکانی فەڕەنسەیی زمانەکانەوە و ٢١ سێناتۆر لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنەکانی هەر کۆمەڵگایەک هەڵدەبژێردرێن کە ١٠ سێناتۆر لە نێوان ئەنجومەنەکانی هۆڵەندی زمان و ١٠ سێناتۆر لە نێوان ئەنجومەنەکانی فەڕەنسەیی زمان و سێناتۆرێک لە نێوان ئەنجومەنی ئاڵمانی زمانەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، و لەلایەن خۆیانەوە ٦ سێناتۆر لەلایەن سێناتۆرە هۆڵەندی زمانەکان و ٤ لەلایەن سێناتۆرە فەڕەنسەیی زمانەکانەوە هەڵدەبژیردرێن (م. ٦٧ ی. ب). جگە لەمانە مندالانی پاشاش وەکو سێناتۆر مافیان هەیە، کە لە کردەوەدا ئەوەندە کاریگەرییان نییە. وەک دەبینرێت یاسا بە سیستەمی ڕێژەیی ئەم سێناتۆرانەشی دابەش کردووە. دەنگدان لە بەلژیکدا بە زۆرەملێیە[360]. نوێنەرانی هەر دوو ئەنجومەنەکە، نوێنەرایەتی هەمووی خەڵک دەکەن نەک تەنیا ئەوانەی کە هەڵیانبژاردوون. بۆ ئەو بابەتانەی کە دیاری کراون لەلایەن یاسای بنچینەییەوە، ئەندامانی هەڵبژێردراوی هەر ئەنجومەنێک لە

[360] wikipedia /Belgium, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

نێوان گرووپی هۆڵەندی و گرووپی فەڕەنسەیی زمانەکاندا دابەش دەکرێن (م. ٤٢ و ٤٣ ی. ب).

لەم وڵاتەدا حیزبەکان لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەیەک یان زمانێک ناسراون، وەکو حیزبی سوسیال مەسیحی فلامان زمان، حیزبی سوسیال مەسیحی فەڕەنسەیی زمان، حیزبی ئاڵمانی زمانەکانی بەلژیک، حیزبی سوسیالیستی فلامان زمان، حیزبی لیبراڵی فلامان زمان، حیزبی لیبراڵی فەڕەنسەیی زمان و...هتد. ئەم حیزبانە وێرای هەندێ تۆخی و توندڕەوی، لە گۆڕەپانی سیاسیدا بە شێوەیەکی سەربەستانە و یاسایی، چالاکی دەنوێنن و بەشداری دەسەڵاتی سیاسین.

دامەزراوە سیاسیەکانی بەلژیک ئاڵۆزن؛ زۆربەی دەسەڵاتی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ پێویستی بە نوێنەرایەتی و پیشاندانی نەتەوە سەرەکیەکان ڕێکدەخرێن. دەسەڵاتی جێبەجێکاریی هی پاشایە (م. ٣٧ ی. ب) پاشا سەرۆکی دەوڵەتە، ئەگەرچی دەسەڵاتەکانی سنووردار کراونەتەوە و بە میرات پاشایەتی پێ دەگات (م. ٨٥ ی. ب). پاشا پێوەندییە نێونەتەوەیەکان لەو بابەتانەدا کە کەوتوونەتە نێو دەسەڵاتەکانی بەپێی یاسا بەڕێوە دەبات، هەرچەند کۆمەڵگا و ناوچەکان شیاویەتی ڕێکخستنی هاوکاری نێونەتەوەییان هەیە (بریتی لە پەیمانەکان) (م. ١٦٧ ی. ب). پاشا وەزیرەکان و سکرتاریاکانی دەوڵەتی فیدراڵ دیاری دەکات و لایان دەبات (م. ٩٦ و ١٠٤ ی. ب). هیچ ئەندامێکی

بگەڕێوە بۆ پێرست

بنەماڵەی پاشا ناتوانێ ببێتە وەزیر (م. ٩٨ ی. ب). وەزیران و سەرۆک وەزیران لە پێشدا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە متمانە دەستەبەر دەکەن. بەشداریی لە کابینەدا زۆرتر لەسەر بنەمای دابەشکاریی پێوەندیدار بە زمان فەرمییە. ریژەی وەزیرەکان نابێت لە ١٥ ئەندام زیاتر بێت و جگە لە سەرۆک وەزیران، ریژەی وەزیرانی فلامان (هۆڵەندی زمان) لەگەڵ وەزیرانی فەرەنسەیی زمان بەرابەرن (م. ٩٩ ی. ب). دەسەڵاتی دەوڵەتی فێدراڵ بریتییە لە دادپەروەریی، بەرگری، پۆلیسی فێدراڵ، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، وزەی ناووکی، سیاسەتی پارە و قەرز و لایەنەکانی دیکەی بووجە گشتییەکان. کۆمپانیاکانی دەوڵەت بۆخۆی بریتین لە گروپی پۆستی بەلژیک و ریگا ئاسنییەکانی بەلژیک. ئەم دەسەڵاتە هەروەها بەشە بنەڕەتیەکانی تەندروستی گشتی، کاروباری ناخۆ و کاروباری دەرەوە کۆنترۆڵ دەکات. خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و بەشێک لە باج وەرگرتن، بە حکوومەتی فێدراڵە[٣٦١].

دەسەڵاتی دادوەریی لەلایەن دادگاکانەوە جێبەجێ دەکرێت (م. ٤٠ ی. ب). دەسەڵاتی دادوەریی لەسەر بنەمای ماف و یاسای مەدەنییە. بۆ هەمووی بەلژیک یەک دادگای یاسای بنچینەیی هەیە کە پێکهاتە، شیاویەتی و کارەکانی لەلایەن یاساوە دیاری

[361] watts, op.cit.,1999, 29 & wikipedia /Belgium, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

کراون (م. ١٤٢ ی. ب). ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و پێکهاتەکان و یاساکان لەلایەن دادگای یاسای بنچینەیی فیدراڵەوە چارەسەر دەکرێن (م. ١٤١ ی. ب). جگە لە دادگای یاسای بنچینەیی، ئەنجومەنێکی باڵای دادپەروەریی بۆ هەموو بەلژیک، دادگایەکی باڵا بۆ هەموو بەلژیک و هەروەها دادگا ئاساییەکانی پێوەندیدار بە مافە مەدەنییەکان هەن (م. ١٤٤، ١٤٧ و ١٥١ ی. ب). ئەنجومەنی باڵای دادپەروەریی پێکهاتووە لە لیژنەیەکی هۆڵەندی زمان و لیژنەیەکی فەڕەنسەیی زمان کە ڕێژەی ئەندامانی هەردوو لیژنەکە بەرابەرن. ئەم ئەنجومەنە دادوەرەکان دیاری دەکات و فێری کاریان دەکات (م. ١٥١ ی. ب). دادگای باڵا بڕیار لەسەر ناکۆکی نێوان دەسەڵاتەکان دەدات بەو شێوەیەی کە لە یاسادا دیاری کراوە. دادگا ئاساییەکان ڕێکخستن و بڕیاری گشتی جێبەجێ دەکەن کە ئەوانە بەپێی یاسا دەبن. هەروەها، بەپێی ماددەی ١٦٠ ی. ب 'ئەنجومەنێکی دەوڵەت'[٣٦٢] بۆ هەمووی بەلژیک هەیە کە پێکهاتە، شیاویەتی و کارەکەی لەلایەن یاساوە دیاری کراوە. ئەنجومەنی دەوڵەت لە ڕێگای ئامرازەکانی دادوەریی وەکو دادگای ئیداریی، بڕیار دەدات و لەسەر ئەو بابەتانەی لەلایەن یاساوە دیاری کراون، بیروڕای دەردەبڕێت.

---

[362] council of state

وەک ئاماژە کرا، دوو جۆرە دابەشکاریی بە پێی زمان و بە پێی ناوچەی جوگرافیایی هەیە کە شەش یەکەی پێکهێنەری لێکەوتووەتەوە. لە ئاستی هەرێمی و ناوچەییدا هەر سێ نەتەوەکە هەموو دەسەڵاتێکیان بۆ پاراستنی دامەزراوەکانی خۆیان لە ناوچەی خۆیاندا هەیە و دەتوانن لە هەرێمی برۆکسێلیشدا کەڵک لەم دەسەڵاتانە وەرگرن. کەواتە لەم وڵاتەدا جگە لە حکوومەتی ناوەندی، بەپێی ماددەی ١٢١ و ١٢٢ ی. ب، هەرکام لە کۆمەڵگا فلامان و فەڕەنسەیی و ئاڵمانییەکان حکوومەتێکیان بۆخۆیان هەیە. هەرکام لە ناوچە جوگرافیاییەکانیش هەروەها. ئەندامانی هەرکام لەم حکوومەتە کۆمەڵگا یان ناوچەییانە لەلایەن پارڵەمانەکانیانەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەگەرچی یاسا رێگە دەدات بە هەبوونی دوو پارڵەمان و دوو حکوومەت بۆ هەرکام لە نەتەوەکان، بەڵام کاتێک کۆمەڵگاکان و هەرێمەکان لە ١٩٨٠ پێکهاتن، سیاسەتوانانی فلامان بڕیاریان دا بە تێکەڵکردنی هەردووکیان. کەواتە فلامانەکان تەنیا پێکهاتەیەکی دامەزراوەیی پارڵەمان و حکوومەتێکیان هەیە، واتە بە جێی دوو پارڵەمان (یەکیان هی کۆمەڵگای زمانی و یەکیان هەرێمی جوگرافیایی) و دوو حکوومەت (یەک هی کۆمەڵگای زمانی و یەک هەرێم)، یەک پارڵەمان و یەک حکوومەتیان هەیە کە هەموو دەسەڵاتێکیان پێ سپێردراوە، جگە لەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە حکوومەتی فیدراڵ و شارەوانیەکانەوە هەیە. هەر کۆمەڵگایەک ئەو

بگەڕێوە بۆ پێرست.

دەسەڵاتانەی هەیە کە لەلایەن یاسای بنچینەیی یان یاسای هەرێمەکانەوە بە لەبەرچاوگرتنی یاسای بنچینەیی پەسەند کراون (م. ٣٨ ی. ب). کەواتە هەرێمەکان و حکوومەتە ناوچەییەکان دەسەڵاتی بەربڵاویان هەیە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، وەک کەلەپوور (چاند)، خوێندن و پەروەردە، بەرنامەداڕشتن و ژێرخانەکان، ئابووریی، دامەزراندن، کشتوکاڵ، سیاسەتی ئاو، وزە، هاتوچۆ، ژینگە، بازرگانی دەرەکی و... هتد. هەر ئاستێکی حکوومەت دەتوانێ سەروکاری هەبێت لەگەڵ لێکۆڵینەوەی تایبەت و پێوەندیە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە دەسەڵاتی خۆی. سەبارەت بە پەیمانە نێونەتەوەییەکان، دەسەڵاتی ئەم حکوومەتانە لە چاو دەسەڵاتی حکوومەتی یەکە پێکهێنەرەکانی وڵاتانی دیکەی فیدراڵ، زیاترە[٣٦٣].

بەپێی ماددەی ١١٥، هەرکام لە سێ نەتەوەکە بە جیاواز پارڵەمانێک و هەر هەرێمێکی جوگرافیاییش پارڵەمانێکی هەیە. بەپێی ماددەکانی ١٢٧ و ١٣٠ پارڵەمانەکانی دەستەی یەکەم تا شوێنێ کە پێوەندی بە خۆیانەوە هەبێت لە ڕێگای یاسای خۆیانەوە کاروبار ڕێکدەخەن وەکو بابەتە کەلەپووریەکان، خوێندن و پەروەردە و هەرەوەزیی نێوان کۆمەڵگاکان هەر بە رادەی هەرەوەزیی نێونەتەوەیی. پارڵەمانەکانی دەستەی دووەم زۆرتر

---

363 wikipedia/Belgium, op.cit.

پێوەندییان بە بابەتە ئابووریەکانەوە هەیە[364]. بەپێی ماددەی ١١٦ و ١١٧ هەردوو پارڵەمانی نەتەوە و هەرێمەکان بریتین لە نوێنەرانی راستەوخۆ هەڵبژێردراو بۆ خولێکی پێنج ساڵە. ئەم نوێنەرانە هاوکات ناتوانن ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئاستی فیدراڵدا بن (م. ١١٩ ی. ب). بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنانە وەکو یاساکانی پەسەندکراوی ئەنجومەنی گشتی بایەخی دادوەریی و یاساییان هەیە.

هەروەها بەپێی ماددەی ١٦٢، دامەزراوەکانی شار و پارێزگاکان بەپێی یاسا دادەمەزرێن و ئەندامانی ئەنجومەنەکانیان راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن. هەر شارەوانیەک بەشێک لە هەرێمە زمانیەکان پێکدەهێنێت. ئەو بەرژەوەندیانەی کە بەتایبەتی هی پارێزگا یان شارێکن، لەلایەن ئەنجومەنی شار یان پارێزگاوە بەپێی بنەماکانی یاسای بنچینەیی، بەڕێوە دەبرێن (م. ٤١).

بەپێی ماددەی ١٦٠ ی. ب، لە ژێر سەردێڕیی پێنج (V) دا ئەو باجانەی کە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتن، تەنیا دەکرێ لەلایەن یاسای فیدراڵەوە بهێنرێنە ئاراوە. ئەو باجانەی بە قازانجی هەرێم و کۆمەڵگاکانن تەنیا لەلایەن یاسای خۆیانەوە دەهێنرێنە ئاراوە. باج و شارژ لە پارێزگاکاندا تەنیا لەسەر بڕیاری ئەنجومەنەکانیان دەکرێ بهێنرێنە ئاراوە.

364 Watts, **op.cit**, 1999, 29.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

## ئێسپانیا (Spain)

ناوی فەرمی ئەم وڵاتە "پاشایەتی ئێسپانیا"یە کە پاشایەتی مەرجدار یان مۆنارشی لەسەر بنەمای یاسای بنچینەیی[٣٦٥] هەیە و خاوەن سیستەمی سیاسی دیمۆکراتیک لەگەڵ حکوومەتی پارڵەمانتارییە (م. ٣ ی. ب). حەشیمەتی ئەم وڵاتە لە ٢٠٠٨ دا نزیکەی ٤٦ میلیۆن کەس بووە. ئێسپانیولیەکان[٣٦٦] زۆرینەی حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێکدەهێنن. یاسای بنچینەیی مافی مرۆڤی هەموو خەڵکی؛ نەتەوەکان، کەلەپوورەکان و زمانەکان و دامەزراوەکانی لەبەرچاو گرتووە[٣٦٧]. ئێسپانیا وڵاتێکی فرەزمانییە. ئێسپانیولی زمانی فەرمی وڵاتە بە گشتی و هەروەها یاسای بنچینەیی زمانەکانی تریش بۆ کامیونیتیە خودموختارەکانی خۆیان بە فەرمی دەناسێت (م. ٣). زمانە فەرمییەکانی دیکەی ئێسپانیا بریتین لە: باسکی لە وڵاتی باسک و ناڤەرە کە ٢%ی حەشیمەتی ئەم وڵاتەن؛ کاتالانی لە کاتالۆنیا، دوورگەکانی بالیریک و لە کامیونیتی ڤالێنسیا کە زاراوەیەکی تایبەتی ڤالێنسیاییان هەیە و بە گشتی ١٧%ی حەشیمەتی گشتی وڵات پێکدەهێنن؛ و گالیسی لە گالیسیا[٣٦٨] کە ٧% ی خەڵکی ئێسپانیا پێکدەهێنن. کەمینە

---

[365] پاشایەتی مەشرووتە (constitutional monarchy)

[366] Spaniards

[367] Spanish Constitution, Modified in 1992.

[368] Balearic Islands, Valencia, Galician, Galicia

بگەڕێوە بۆ پێرست

زمانیەکانی دیکەش لە کامیونیتیەکان و ئاستە جیاوازەکانی نزمتردا بە فەرمی ناسراون و لەلایەن خۆیانەوە بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە ئارانیز زاراوەیەکی زمانی 'ئۆکسیتان'ە[369] کە کەمینەیەکی نزیک بە ٦٧٠٠ کەسی لە کامیونیتی کاتالۆنیا قسەی پێدەکەن و تەنیا لە کەرتێک یان کۆماکرایەک دان کەچی لە کاتالۆنیا ئەم زمانە لەگەڵ خودی کاتالانی و ئێسپانیولی دا، فەرمییە[370].

لە ساڵی ١٩٧٨ دا پاش سەنتەڕاڵی تۆتالیتەریی لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ژەنراڵ فرانکۆ، یاسای بنچینەیی نوێ نووسرا کە ٨٨%ی خەڵک دەنگیان پێدا. یاسای نوێ دیمۆکراسی پارلەمانتاری هەڵبژارد و دیسەنتەڕاڵی و ناوچەیی کردنی دەسپێکرد بەتایبەت بە هۆی گەشەی ناسیۆنالیزم لە کاتالان و باسک. زۆربەی گروپە کۆمەڵایەتیەکان ئۆگری پاراستنی شوناس و ژیانی جیاوازی خۆیانن. ئەمە ئێسپانیای بەرەو لەخۆگرتنی حکوومەتێکی ناوەندیی و بەڕێوەبردنی ناوچەیی برد[371]. ئەم ولاتە لە راستیدا فرەنەتەوەیە و لەو ولاتە دەگمەنانەیە کە هەندێ گروپی کۆمەڵایەتی (کامیونیتی) خۆیان بە نەتەوەی جیاواز دەزانن

---

369 Aranese - Occitan language

370 http://en.wikipedia.org/wiki/Spain

371 watts, op.cit, 1999, 30

گەڕێوە بۆ پێڕست

و یاساش لە هەندێ شوێندا دانی پێدا دەنێت. لە ماددەی ٥٦ی یاسای بنچینەییدا لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی پاشادا، وەکو سەرۆکی دەوڵەت، سەبارەت بە رۆڵی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و پێوەندی لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکان، بۆ ئەم کۆمەڵە خەڵکانە، وشەی "نەتەوە"[٣٧٢] بەکار دەهێنرێت. وڵاتانی کاتالۆنیا، گالیسیا و باسک، کە خۆیان بە "نەتەوایەتیەکان"[٣٧٣] دەناسێنن لە پرۆسەیەکی خێرادا خۆحکوومەتییان بۆ مسۆگەر کرا. پاش ئەوانیش هەندێکی تر لە گروپە کۆمەڵایەتیەکان ئەو هەوڵەیان هەبووە بۆ دەستەبەرکردنی پلەی خودموختاری زۆرتر و بەکارهێنانی نەتەوایەتی.

هەندێ خاڵی یاسای بنچینەیی نوێ بریتین لە: ماددەی ١ی خاڵی ١، دەوڵەت بە دەوڵەتێکی دیمۆکراتیک و سوسیال دەناسێنێت کە بەرگری لە ئازادی، دادپەروەریی، بەرابەری و پلورالیزمی سیاسی دەکات. ماددەی ٢ وێرای ئاماژە بە یەکێتی وڵات کە لێ جیابوونەوەی نابێت، ئاماژە بە مافی خۆحکوومەتی نەتەوایەتیەکان و ناوچەکان دەکات. بەپێی ماددەی ٤، وڵات بە گشتی ئاڵایەکی هەیە، بەڵام هەر کۆمەڵە خەڵکێکی خودموختار، دەتوانێ ئاڵا و هێمای تایبەت بە خۆی هەبێت. دەبێت لەسەر بینا گشتییەکان و

[372] Nation
[373] Nationalities

بگەڕێوە بۆ پێرست

لە جێژنە فەرمییەکاندا هەر دوو ئاڵا هەڵکرێن. بەپێی ماددەی ٦، فرەحیزبی هەیە و حیزبە سیاسیەکان دەبێت ویستی خەڵکی پیشان بدەن و ئامرازی سەرەکی بەشداریی سیاسین. یاسای بنچینەیی ئەوە دیاری دەکات کە ئەم وڵاتە ئایینی دەوڵەتیی نییە و هەمووان ئازادن لە باری باوەڕ و پەرستنەوە.

لە یاسای بنچینەیی ئیسپانیادا راستەوخۆ ئاماژە بە فیدراڵی یان نافیدراڵی بوون نەکراوە، بەڵام لێکۆڵەران بە فیدراڵی ناوی دەبەن[٣٧٤]. چونکە زۆر بەڵگە، بەتایبەت دابەشکاریی دەسەڵات و حکوومەت لە یاسادا، فیدراڵی بوون پیشان دەدەن. بەشێکی جیاوازی یاسا بۆ حکوومەتی هەرێمەکان دانراوە و کامیونیتی لە هەرێمی جوگرافیایی خۆیدا خودموختاری هەیە. لە یاسای بنچینەییدا ریزبەندی دەسەڵاتەکانی حکوومەتی گشتی و کامیونیتیەکانی خاوەن خۆحکوومەتی خۆ، دیاری کراون و پاشماوەی دەسەڵاتەکانیش بە حکوومەتی ناوەندییە (م. ١٤٨ و ١٤٩ ی. ب). کەواتە ئیسپانیا بە گشتی فیدراسیۆنە و ئێستا یەکێک لە وڵاتانی زۆر دیسەنتەڕاڵی ئەوروپایە.

لەم وڵاتەدا مۆنارش (پاشا) میراتییە و سەرۆکی دەوڵەتە (م. ٥٦ ی. ب). لقی جێبەجێکاریی بریتییە لە ئەنجومەنی وەزیران

---

[374] بۆ نموونە بڕواننە: Malat, op.cit, 2003 و watts, op.cit, 1999, 30.

(کابینە) کە لەلایەن سەرۆک وەزیرەوە (واتە سەرۆکی حکوومەت) بەڕێوە دەبرێت. سەرۆک وەزیر لەلایەن پاشاوە دیاری دەکرێت و لەلایەن نوێنەرانی پاڕلەمانەوە پەسەند دەکرێت (م. ٩٨ ی. ب). دەسەڵاتی یاسادانان دوو ئەنجومەنییە کە شیاویەتیەکانی لە یاسادا دیاری کراون، بەتایبەت بووجە و کۆنترۆڵی حکوومەت (م. ٦٦ ی. ب). ئەنجومەنی نوێنەران بریتییە لە لانیکەم ٣٠٠ و لانی زۆر ٤٠٠ کەس کە لەلایەن خەڵکەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ و لە ڕێگای نوێنەرایەتی ڕێژەیی، واتە بە گوێرەی حەشیمەت هەڵدەبژێردرێن و هەرێمی هەڵبژاردن پارێزگاکانن (م. ٦٨ ی. ب). بەپێی ماددەی ٦٩ ی. ب، سێنا ئەنجومەنی نوێنەرایەتی پێوەندیدار بە جوگرافیایە. ئەنجومەنی سێنا بریتییە لە ٢٥٩ کورسی کە بۆ ماوەی ٤ ساڵ دیاری دەکرێن. لەمانە ٢٠٨ کورسی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە، واتە لە هەر پارێزگایەک ٤ سێناتۆر دەبێت هەڵبژێردرێن. ٥١ کورسیش لەلایەن دەسەڵاتەکانی یاسادانانی ناوچە خودموختارەکانەوە دیاری دەکرێن، واتە هەر کامیونیتەیەکی خاوەن حکومەت دەبێت سێناتۆرێک و یەک سێناتۆر زۆرتر بۆ هەر یەک میلیۆن دانیشتوو.

سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەریی، دادگای باڵا کە هەرێمی دادوەریەکەی، ئێسپانیایە بە گشتیی، بەرزترین دامەزراوەی دادوەرییە لە هەموو لقەکانی پێوەندیدار بە داد. لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی گشتی دەسەڵاتی دادوەریی لە ڕێگایەکەوە کە یاسا

بگەڕێوە بۆ پێرست

دیاری کردووە، سەرۆکی دادگای باڵا لەلایەن پاشاوە دیاری دەکرێت (م. ١٢٣ ی. ب). هەروەها بەپێی یاسای بنچینەیی، دادگای یاسای بنچینەیی هەیە، بۆ ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە ماددەکانی یاسای بنچینەیی و کێشەی کامیونیتیە خۆحکومەکانەوە هەیە و ئەم دادگایە لە ١٢ ئەندام پێکدێت (م. ١٥٣، ١٥٩ و ١٦٠).

بە ئیسپانیا دەوترێت "یەکیەتیەک لە کامیونیتیە خودموختارەکان" یان "دەوڵەتی خودموختاریەکان" کە یەکێک لە وڵاتانی خاوەن زۆرترین دیسەنتەڕاڵی لە ئەوروپایە. لە باری دابەشکاریی جوگرافیاییەوە (ئاستە حکوومەتیەکان) ئەم وڵاتە پێکهاتووە لە ١٧ کۆمەڵگا یان کامیونیتی خودموختار و دوو شاری خودموختار کە بەپێی یاسای بنچینەیی رادەی خودموختاریەکان جیاوازن. خودی کامیونیتیەکان (کۆمەڵگا) بریتین لە کۆمەڵێک پارێزگا کە کۆی پارێزگاکان بە گشتی ٥٠ پارێزگایە. هەر پارێزگایەکیش بریتییە لە شارەوانیەکان، کە هەمووی ئەم ئاستانە لە کاری خۆیاندا خودموختارن (م. ١٣٧ ی. ب). لە کاتالۆنیا دوو دابەشکاری زێدە هەیە؛ کۆمارکاکان کە بریتین لە شارەوانیەکان و ڤێگوریاکان کە بریتین لە کۆمارکاکان[٣٧٥]. کامیونیتی یەکەم ئاستی دابەشکاریی ئیداریی وڵاتە، کە پاش ١٩٧٩ بەپێی یاسای

---

[375] Comarques or Comarca & Vegueries or Vegueria

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بنچینەیی، کە مافی خۆحکوومەتی بۆ نەتەوایەتیەکان و ناوچەکانی ئێسپانیا بە فەرمی ناسیوە، پێکهاتن. هەر کامیونیتییەک بریتییە لە چەند پارێزگا و پێکدێت لەو پارێزگا نزیک و دراوسێیانەی کە تایبەتمەندیی ئابووریی، کەلەپووریی و مێژوویی هاوبەشیان پێکەوە هەیە (م. ١٤٣ ی. ب).

بەپێی یاسای بنچینەیی ولات، هەر کامیونیتییەکی خودموختار یاسای خودموختاری هەیە کە دەوڵەت بە فەرمی دەیناسێ و وەکو بەشێک لە سیستەمی یاسایی پشتگیریی لێدەکات. ئەم یاسای خودموختاریە دەبێت بریتی بێت لە: ١- ناوی کامیونیتی کە شوناسە مێژووییەکەی پیشان بدات، ٢- سنوورە جوگرافیاییەکانی، ٣- ناو، رێکخراو و پێگەی دامەزراوە خودموختارەکانی، ٤- دەسەڵاتە گریمانەکراوەکانی لە ناو یاسای بنچینەیی و دەوری سەرەکی بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاریە پێوەندیدارەکان (م. ١٤٧ ی. ب).

دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی ناوەندیی و کامیونیتیەکاندا دابەش کراوە و بە پێی یاسا دەسەڵاتیان پێ سپێردراوە. هەموو کۆمەڵگا خودموختارەکان پارڵەمانی هەڵبژاردەی خۆیان، حکوومەت، ئیدارەی گشتی، بووجە و سامانی خۆیان هەیە. سیستەمی خوێندن و تەندروستی بە شێوەی ناوچەیی بەڕێوە دەبردرێت. وەکو حکوومەتی ناوەندیی، هەر حکوومەتێکی کامیونیتی خودموختار سێ دەسەڵاتی جێبەجێکاریی، یاسادانان و

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دادوەریی هەیە. سەبارەت بە جێبەجێکاریی، ئەنجومەنی حکوومەتی ناوچەیی کە کاروباری جێبەجێکاریی و ئیداریی بە ئەستۆیە سەرۆکێکی هەیە کە لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە هەڵدەبژێردرێت و لەلایەن پاشای وڵاتەوە دیاری دەکرێت. دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لە بەرانبەر ئەنجومەندا بەرپرسیارە. ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی کامیونیتی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بەپێی سیستەمی ڕێژەیی بۆ ناوچەکان، لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. هەروەها دادگای بەرزی دادپەروەریی بۆ کامیونیتی هەیە، کە ڕێکخراوێکی دادوەریی کامیونیتی خودموختار بەڕێوە دەبات (م. ١٥٠- ١٥٢ ی. ب).

بەپێی ماددەی ١٤٥ ی. ب پێکهێنانی فیدراسیۆنێک لە کامیونیتیە خودموختارەکان لە نێوان خۆیاندا ڕێگەپێدراو نییە. واتە چەند کامیونیتی لەم وڵاتەدا ناتوانن دیسان یەک بگرن و ئاستێکی تری حکوومەتی پێکبهێنن. هەڵبەت لە بەر ئەوەی هەر کامیونیتییەک تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لەوانی تر مەگەر بە مەبەستی سیاسی یان ئابووریی، ئەگینە پێویستییەک بەوە نەبینراوە. بەڵام بەپێی ئەم ماددەیە دەتوانن ڕێکەوتن و گرێبەستیان لەگەڵیەک هەبێت.

ڕادەی سپاردنی دەسەڵاتەکان ڕەنگە جیاواز بێت بۆ هەر کامیونیتیەک بە پێی بنەماکانی خودموختاری ئەوانە(م. ١٣٨ ی. ب). بۆ نموونە تەنیا دوو کامیونیتی —باسک و ناڤەرە –

بگەڕێوە بۆ پێڕست

خودموختاری تەواویان لە باری دارایی و ئابووریەوە هەیە و بووجەی گشتی خۆیان هەڵدەسوورێنن. جیا لە دەسەڵاتی ئابووریی، نەتەوایەتیە مێژووییەکان بریتی لە ئاندەلوس، وڵاتی باسک، کاتالۆنیا و گالیسیا دەسەڵاتیان زۆرترە لە کامیونیتیەکانی دیکە. وڵاتانی باسک، کاتالۆنیا و ناڤەرە هێزی پۆلیس و ئاسایشی تەواو گەشەسەندووی تایبەتی خۆیان هەیە.

بەپێی یاسا کامیونیتیە خۆحکومیەکان خودموختاریان هەیە لە باری داراییەوە بۆ پەرەپێدان و بەکارهێنانی دەسەڵاتیان. ئەم کامیونیتیانە دەتوانن وەکو کارگێڕی دەوڵەت بۆ کۆکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی و هەڵسەنگاندنی باج کار بکەن (م. ١٥٦ ی. ب). ماددەکانی ١٥٧ و ١٥٨ ی. ب، سەرچاوەکانی داهاتی کامیونیتیە خۆحکومیەکانی دیاری کردووە وەکو: ئەو باجانەی لەلایەن حکوومەتەوە پێیان سپێردراوە، بە شێوەی تەواو یان ڕێژەیی؛ باجەکانی خۆیان، نرخەکان و کۆکردنەوەیماڵیاتی تایبەت؛ تەرخانی بووجەی دەوڵەتی بۆیان؛ هاتوچۆی نێوان هەرێمەکان و...هتد.

جێی ئاماژەیە کە هەرچەند یاسای بنچینەیی ئێستاکە ڕێگەی بە جیابوونەوە نەداوە و ئەمە وەکو تایبەتمەندیەکی هێشتا یونیتەری ئەم وڵاتە باس دەکرێت، بەڵام لە بەر هەبوونی ئازادی و دیمۆکراسی، حێزبە سەربەخۆیی خوازەکان چالاک بوون و لە هەندێ ناوچەی وەک کاتالان و باسک دا هەوڵ دەدەن بۆ



بگەڕێوە بۆ پێرست

جیابوونەوەی ئاشتیخوازانە. لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی خۆجێیی کاتالان لە کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠١٢ دا، ئەم حیزبانە سەرکەوتن، کە بەدواداچوون بکەن بۆ بەڕێوەچوونی ریفراندوم لە پێناو سەربەخۆیی و گۆڕینی یاسای بنچینەیی بۆ زێدەکردنی رێگای جیابوونەوەی یاسایی.

وەکو ئاستە حکوومەتییەکانی خوارتر، پارێزگاکان هەرێمێکی خۆجێیین کە جوگرافیای دیاریان هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی دەوڵەت کە پێش یاسای نوێش هەبوون و لە مێژینەن. هەندێ کامیونیتی تەنیا یەک پارێزگایەک لەبەر دەگرن. حکوومەت و هەڵسووڕانی پارێزگا لە دەست ئەنجومەنی پارێزگایە. هەر پارێزگا بریتییە لە چەند شارەوانییەک (م. ١٤١ ی. ب). شارەوانیەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارییاندا خودموختارن و حکوومەت و هەڵسووڕانیان بە دەستی ئەنجومەنی شارە (م. ١٤٠ ی. ب).

**ئافریقای باشوور**

کۆماری ئافریقای باشوور حەشیمەتێکی ٥٠ میلیۆنی لە خەڵکی جیاواز لە باری رەگەز، ئایین، زمان و چاندەوە، هەیە. ناوچەی جوگرافیایی زۆرێک لە نەتەوەو زمانەکان دیارە. یازدە نەتەوەی گرنگی ئەم وڵاتە بریتین لە: زولو، ئێگزۆسا، باسۆتۆ، باپێدی، ڤەندا، تسوانا، تسۆنگا، سوازی و ندێبێل[٣٧٦]. هەموو نەتەوە و گروپە کۆمەڵایەتیەکان نوێنەرایەتیان هەیە. یاسای بنەڕەتی هەیە و کۆمارێکی پارلمانتارییە. یازدە زمانی فەرمی لە یاسای بنچینەییدا ناسراون کە وێرای جیاوازیی لە باری حەشیمەتەوە بە فەرمی پێگەی یەکسانیان هەیە. جگە لە زمانە فەرمییەکان چەندین زمانی نافەرمیش لەم وڵاتەدا ناسراون و لە ناوچە پێوەندیدارەکاندا بەکار دەهێنرێن. زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی زانستی و بازرگانی بەکار دەهێنرێت. حکوومەتی نیشتمانی و حکوومەتی پارێزگاکان رەنگە بۆ مەبەستی کاروباری حکوومەتی بەپێی هەلومەرجی تایبەت و بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی جۆراوجۆر بەتایبەت حەشیمەتی خەڵک بە گشتی و هەروەها پارێزگاکان لە هەر زمانێکی فەرمی تایبەت کەڵک وەرگرن. بەڵام حکوومەتی نیشتمانی و هەرکام لە حکوومەتی پارێزگاکان دەبێت لانیکەم لە

---

376 Zulu, Xhosa, Basotho, Bapedi, Venda, Tswana, Tsonga, Swazi and Ndebele

دوو زمانی فەرمی کەڵک وەرگرن. شارەوانیەکان دەبێت لەو زمانەی کە لەلایەن دانیشتووانەوە بە کار دێ، کەڵک وەرگرن[٣٧٧].

لەم وڵاتەشدا زۆربەی حیزبەکان سەر بە نەتەوە جیاوازەکانی رەش و سپین و رکابەرایەتی حیزبی دەبینریت. حیزبی نیشتمانی، حیزبی کۆنگرەی نیشتمانی ئافریقا، کۆنگرەی پان ئافریقایی و حیزبی ئازادی ئینکاتا[٣٧٨] (حیزبی نەتەوەی زولو) پێوەندییان بە نەتەوە رەشەکانەوە هەیە. و حیزبی پاریزکار، حیزبی AVF و AWB لە حیزبە سپی پێستە تۆخەکانن. تا پێش پێکهاتنی دەوڵەتی فیدراڵ حیزبەکانی سەر بە نەتەوە رەشپێستەکان، لە دەسەڵاتدا بەشدار نەبوون. لە ٣٠ی ئاگوستی ١٩٩٠ بەملاوە حیزبی نیشتمانی دیکلیرک[٣٧٩] رایگەیاند، کە دەستەبەرکردنی بەرپرسایەتی باڵا بۆ هەموو رەگەزەکان ئازادە. لە ١٩٩٣دا، دی کلریک بۆ گواستنەوەی حکوومەت و سیاسەتەکان لەگەڵ نیلسۆن ماندیلا، وتوویژی کرد[٣٨٠].

---

377 **Constitution of Republic of South Africa**, No. 108 of 1996, article 6. And, http://en.wikipedia.org/wiki/South_Sfrica

378 Inkatha

379 F.D. Deklerk

380 wikipedia /South_Sfrica, **op.cit**.

گەڕانەوە بۆ پێرست

ئەم وڵاتە سێ شاری پێتەختی هەیە؛ شارێک جێگای پاڕلەمانە، واتە پێتەختی دەسەڵاتی یاسادانان، شارێک جێگای سەرۆک کۆمار و کابینەیە، واتە پێتەختی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و ئیداریی، شارێک جێگای دادگای باڵای تێهەڵچوونەوە، واتە پێتەختی دەسەڵاتی دادوەریی.

یاسای بنچینەیی ئافریقای باشوور "مافە کۆمەڵایەتیەکان، ئەرکەکانی دەوڵەتێکی چاک، بەڕێوەبەرایەتی بەشدارانە و ئاسۆیی، فرەچاندی خوازی و خۆئاگایی مێژوویی، زەق دەکاتەوە."[٣٨١] لە پێشەکی یاسای بنچینەییدا ئاماژە بەوە کراوە کە: "ئێمە، خەڵکی ئافریقای باشوور، نادادپەروەریی رابردووی خۆمان بە فەرمی دەناسین؛ ریز دەگرین لەوانەی کە بۆ دادپەروەریی و سەربەستی لە خاکەکەماندا رەنج و زەجریان کێشا، ریز دەگرین لەوانەی کە بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی وڵات کاریان کردووە؛ و لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئافریقای باشوور هی هەمووی ئەوانەیە کە تێیدا دەژین، بە شێوەی یەکگرتوو، وێرای جیاوازیەکانمان." ئەم یاسا بنچینەییە یاسای باڵادەستە لە کۆمارەکەدا، کە ئامانجەکەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکە لەسەر بنەمای بایەخە دیمۆکراتیکەکان،

---

381 Adrien Katherine Wing, ‘The south African constitution as a role model for the united states’, **Harvard Blackletter Law Journal**,VOL. 24, 2008, pp 73-80.

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ. کۆمەڵگایەکی کراوە و دیمۆکراتیک کە حکوومەت لەسەر ویستی خەڵکی دەبێت و هەموو هاووڵاتییان بە شێوەی بەرابەر لەلایەن یاساوە پشتگیری دەکرێن[٣٨٢].

لە بەشی ٢ی یاسای بنچینەیی لە ژێر سەردێڕی مافە بنەڕەتیەکاندا ئاماژە بە هەموو ئازادیەکان کراوە و جەخت کراوە لەسەر بایەخە دیمۆکراتیکەکانی پێگەی مرۆڤ، بەرابەری و سەربەستی و هەمووان لە بەرانبەر یاسادا وەک یەک دانراون. ماددەی ٣١ی یاسای بنچینەیی جەخت لەسەر مافی کۆمەڵگا جیاوازەکان لە باری زمان، ئایین و چاندەوە دەکات. بەپێی ماددەی ٢٣٥ی ئەم یاسایە هەر کۆمەڵگایەکی خاوەن میراتی زمانی و چاندی هاوبەش، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە، لە نێو هەرێمێکی جوگرافیایی لە ناو کۆماردا یان بە ڕێگاکانی تر کە یاسای نیشتمانی دیاری کردووە.

یاسای بنچینەیی حکوومەتێکی دیمۆکراتیک لەگەڵ سیستەمی فرەحیزبی دیاری دەکات کە کراوەیی، وەڵامدەریی و بەرپرسیار بوون مسۆگەر بکات. لە یاسای بنچینەییدا راستەوخۆ ئاماژە بە وشەی فیدراڵ نەکراوە، بەڵام ئاماژە بە یەکگرتوویی هاوکات لەگەڵ جیاوازیی و حکوومەتی هەروەزەیی و پێوەندیەکانی نێوان

[382]Constitution of Republic of South Africa, op.cit.



بگەڕێوە بۆ پێڕست

حکوومەتی، کراوە. بۆیە حکوومەتی فیدراڵی هەرەوەزییە و بەشی سێی ئەم یاسایە، حکوومەت بە حکوومەتی هەرەوەزیی دەناسێنێت. بەپێی ماددەی ٤١، لە کۆماردا، سێ ئاستی حکوومەت کە پێکەوە لە پێوەندیدان دەبینرێن: ئاستی نیشتمانی، پارێزگایی و خۆجێیی. لە ماددەی ٤١ یشدا، بنەماکانی حکوومەتی هەرەوەزیی (کۆپرەیتیڤ) و پێوەندییە نێوان حکوومەتیەکان دیاری کراون، کە جەختی کردووە لەسەر یەکگرتوویی و پێوەندی متمانەپێکراوی دوو لایەنە و یارمەتی و پشتگیریی یەکتر و هەروەها هەندێ چارەسەریشی دیاری کردوون بۆ ناکۆکیە نێوان حکوومەتیەکان.

لەم وڵاتەدا، سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بە دەستەوەیە و لەگەڵ کابینەدا پێکەوە کاروبار بەڕێوە دەبەن (م. ٨٣ و ٨٥ ی. ب). بەپێچەوانەی زۆربەی کۆمارە پارڵەمانتاریەکان، پێگەکانی سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکوومەت بوونەتە یەکێک لە سەرۆک کۆمارێکی پێبەستەی پارڵەمان. واتە سەرۆک کۆمار هەم سەرۆکی دەوڵەت و هەم سەرۆکی حکوومەتە، بەڵام دەبێت پارڵەمان متمانەی پێ بدات. کەواتە دەسەڵاتی جێبەجێکاریی تارادەیەکی زۆر لە ناو پارڵەمانەوە دیتە دەرێ. پاش هەر هەڵبژاردنێکی پارڵەمانتاری، ئەنجومەنی نیشتمانی یەکێک لە ئەندامەکانی وەکو سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت (م. ٨٦ ی. ب). کەواتە سەرۆک کۆماری ماوەکەی لەگەڵ خولی ئەنجومەندا یەکێکە، واتە پێنج ساڵ. هیچ سەرۆک کۆمارێک لە دوو خول

بگەڕێوە بۆ پێڕست

زیاتر ناتوانێ سەرۆک بێت. سەرۆک کۆمار، جێگرەکەی (لە نێو یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی) و وەزیرەکان (رەنگە ئەندامانی ئەنجومەن بن یان نا) دیاری دەکات کە کابینە پێکدەهێنن (م. ٩١ ی. ب). سەرۆک کۆمار و کابینە لەلایەن ئەنجومەنەوە رەنگە لاببردرێن و متمانەیان لێوەرگیردرێتەوە[٣٨٣].

هەندێ دامەزراوە و ئۆرگانی سەر بە دەوڵەت بۆ دابینکردنی دیموکراسی لەسەر بنەمای یاسای بنچینەیی دامەزراون وەک: پارێزەری گشتی، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئافریقای باشوور، کۆمیسیۆنی پشتگیریی لە مافەکانی کۆمەڵگا زمانی، ئایینی، چاندیەکان، کۆمیسیۆنی نابەرابەری جینسی، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان و پشکنەری گشتی (م. ١٨١ ی. ب).

لە دەوڵەتی فیدراڵدا، پارڵەمان پێکهاتووە لە ٢ ئەنجومەنی نیشتمانی و پیران (سێنا). ئەنجومەنی نیشتمانی یان ئەنجومەنی خوارووی پارڵەمان، لانیکەم لە ٣٥٠ و لانی زۆر لە ٤٠٠ ئەندام و هەر پێنج ساڵ جارێک لە رێگای سیستەمی نوینەرایەتی بە شێوەیەکی رێژەیی بە پێی لیستی حیزبی، لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. لە یەکەم دانیشتنی پاش هەڵبژاردندا ئەنجومەنی نیشتمانی وتەبێژ و جێگرێکی بۆهەڵدەبژێرن (م. ٤٦، ٤٩ و ٥٢ ی. ب). ئەنجومەنی پارێزگاکان یان ئەنجومەنی سەرەوە کە

383 wikipedia /South_Sfrica, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بەرژەوەندی پارێزگاکان دەپاریزێت بریتییە لە ٩٠ ئەندام کە حکومەت و ئەنجومەنی یاسادانانی هەر پارێزگایەک دە ئەندام، بە شێوازێ کە لە ماددەی ٦٠ و ٦١ی یاسای بنچینەییدا دیاری کراوە، هەڵدەبژێرن (م. ٤٢ و ٦٠ ی. ب).

سیستەمی دادوەریی، دادگا سەربەخۆکان لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە: دادگای یاسای بنچینەیی کە تەنیا پێوەندی بە بابەتەکانی پێوەندیدار بە یاسای بنچینەییەوە هەیە؛ دادگای باڵای تێهەڵچوونەوە بەرزترین دادگایە لە هەموو بوارێکدا، جگە لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە یاسای بنچینەیی؛ دادگا بەرزەکان کە دادگای هەرێمگەلێکی گشتین بۆ ناوچە و ویلایەتی تایبەت؛ و دادگاکانی کەرت، کە پێوەندییان بە بابەتە بچووکترە پێوەندیدارەکان بە کەتن و تاوانەوە هەیە. (م. ١٦٥ و ١٦٦ تا ١٧٠ ی. ب). دادگای پێوەندیدار بە یاسای بنچینەیی بریتییە لە دادوەری باڵا (دادوەری دادوەران) و جێگرەکەی و ٩ دادوەری دیکە. ئەم دادگایە لە پێوەندی لەگەڵ بابەتەکانی دادگای بنچینەیی، بەرزترین دادگایە (م. ١٦٧ ی. ب). یاسای بنچینەیی باڵادەست ترە و دادگاکانی باڵا، دەسەڵاتیان هەیە بۆ راگرتنی کاری جێبەجێکاریی و کارەکانی پارڵەمان، ئەگەر لەگەڵ یاسای بنچینەیی نەگونجێن.

ئەم وڵاتە لە ٩ پارێزگا (ویلایەت) پێکهاتووە کە هەرکامیان ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەیە و لە رێگای نوێنەرایەتی رێژەییەوە

بگەڕێوە بۆ پێڕست

و لە نێوان حێزبە سیاسیەکان و لیستی حێزبی هەر ویلایەتێکدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن (م. ١٠٤ ی. ب). بەپێی یاسای بنچینەیی وڵات هەر پارێزگایەک دەتوانێ یاسای بنچینەیی خۆی هەبێت، کە دەبێت دەسەڵاتی یاسادانانی پارێزگا بە ٢ لەسەر ٣ی دەنگی ئەندامان پەسەندی بکات. ئەنجومەنی یاسادانانی پارێزگا لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەندا سەرۆک وەزیران، وەکو سەرۆکی حکوومەت دیاری دەکات و ئەویش ئەنجومەنی جێبەجێکاریی وەکو کابینەی وەزیرانی پارێزگا (بریتی لە ٥-١٠ ئەندام) دیاری دەکات (م. ١٢٨، ١٣٢ و ١٤٢ ی. ب). بەپێی ماددەی ١٢٥ ی. ب دەسەڵاتی جێبەجێکاریی پارێزگا، بە سەرۆک وەزیران سپێردراوە. دەسەڵاتەکانی حکوومەتی پارێزگاکان سنووردار دەکرێنەوە بەو سەردێڕانەی کە لە یاسای بنچینەیی وڵاتدا ریز کراون. ئەم سەردێڕانە هەندێ بوار وەکو تەندروستی، پەروەردە، نیشتەجێ بوونی گشتی و هاتوچۆ و... لەبەر دەگرن. ئەم پارێزگایانە بۆخۆیان دابەش کراون بە چەند بەش و هەر بەشیش دابەشکراوە بۆ چەند شارەوانی خۆجێیی[٣٨٤]. بەشی ٧ لە یاسای بنچینەیی ئەم وڵاتە، تەرخان کراوە بۆ حکوومەتە خۆجێییەکان، کە بریتی دەبێت لە شارەوانیەکان. بەپێی ماددەی ١٥١ی یاسای

[384] Ibid.

بنەڕەتی، دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی شار، بەخشراوە بە ئەنجومەنی شار، کە کار و ئەرکەکانی دیاری کراون.

## ئێتیۆپیا (Ethiopia)

ناوی فەرمی ئەم وڵاتە "کۆماری دیمۆکراتیکی فیدراڵی ئێتیۆپیا"یە[٣٨٥]. دووەمین وڵاتی پڕحەشیمەتی ئافریقایە، بە پتر لە ٨٤ میلیۆن دانیشتووەوە. ئەم وڵاتە کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەیی، فرەئێتنیکی، فرەزمانی و فرەچاندییە، کە نزیکەی ٨٠ گروپی کۆمەڵایەتی تێدایە. لەم وڵاتەدا نزیکەی ٩٠ زمان و زاراوە هەیە. یاسای بنچینەیی (م. ٥) یەکسانی هەموو زمانەکانی ئەم وڵاتە مسۆگەر دەکات، ئەگەرچی زمانی ئەمهەریک[٣٨٦] وەکو زمانی کارکردن و کاروباری حکوومەتی فیدراڵە. زمانی ئینگلیزی و ئەمهەریک لە خوێندنگەدا بەکار دەهێنرێن. هەر ئەندامێکی فیدراسیۆن دەبێت زمانی کاریی خۆی دیاری بکات. هەندێ لە

385 **Constitution of the Federal Democratic Republic of Ethiopia**, Constitution of Ethiopia, 1994, 8 December 1994, article 1.
386 Amheric

بگەڕێوە بۆ پێرست

ناوچەکان وەک ویلایەتی سۆمالی، ئۆرۆمیفا و تیگرینیا[٣٨٧] زمانی خۆیان بە جێی ئەمهەریک بەکار دەهێنن[٣٨٨].

بە وتەی بێرتوس دو ڤیلیەر ڕێبەرانی ئەم وڵاتە کە لەلایەن کۆڕی فیدراسیۆنەکانەوە پاڵپشت کراون، بڕیاریان داوە بۆ کەڵک وەرگرتن لە پسپۆڕانی بواری فیدرالیزمی بەراوردیی بۆ یارمەتیدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە فیدراسیۆنە لاوەکان تووشیاریان دەبن. سەرەڕای ئەوەی کە ئێتیۆپیاییەکان قبووڵیان کردووە، کە دەبێت هەر وڵاتێک بە شێواز و ڕێگای خۆی بەپێی تایبەتمەندیەکانی کار بکات، بۆ چارەسەری کردنی کێشەکانی دیمۆکراتیزەکردن، لەوەش تێگەیشتوون کە دەکرێ هەندێک وانەی بەکەڵک لە ئەزموونی ئەوانی تر فێر بن[٣٨٩].

ئەم وڵاتە یەکێک لە یاسا بنچینەییە پێشکەوتووەکانی جیهانی هەیە، کە یاسای باڵای وڵاتە و لە ١٩٩٤ دا لەلایەن ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەییەوە ئامادە و پەسەند کراوە. یاسای بنچینەیی بریتییە لە ١٠٦ مادده لە ١١ بەشدا. ئەم یاسایە بۆ دابینکردنی زنجیرەیەک لە مافەکانی مرۆڤ بەپێی

---

387 Somali, Oromifa, Tigrinya

388 Villiers, op.cit, 2010 & http://en.wikipedia.org/wiki/1995_Constitution_of_Ethiopia

389 Ibid, Villiers, 2010.

ڕاگەیندراوی جیهانی مافی مرۆڤ، کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافە سیاسی و مەدەنیەکان و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی دیکە ئامادە کراوە. لە یاسای بنچینەییدا لە چەندین جێگەدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بە فرەنەتەوەیی بوونی وڵات دەکرێت. بۆ نموونە لە پێشەکی یاسای بنچینەییدا ئاماژە کراوە بە نەتەوەکان، نەتەوایەتیەکان و خەڵکانی ئێتیۆپیا کە بەپێی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بە ئازادی تەواو کۆمەڵگای سیاسی ئەو وڵاتەیان لەسەر بنەمای حکوومەتی یاسا و مسۆگەرکردنی ئاشتی، دیمۆکراسی و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوریی، پێکهێناوە[٣٩٠]. هەروەها لە ماددەکانی ٣، ٨، ٣٩، ٤٣، ٤٧، ٨٧، ٨٨ و...هتددا، ئەم وشە و دەستەواژانە دووپات دەکرێنەوە. بەپێی ماددەی ٣، ئاڵای ئەم وڵاتە دەبێت حەز و ئۆگری نەتەوەکان، نەتەوایەتیەکان و خەڵکانی ئێتیۆپیا و هەروەها کۆمەڵە ئایینیەکان پیشان بدات بۆ پێکەوە ژیان لە چوارچێوەیەکدا بە شێوەی بەرابەر. هەروەها ئەندامانی فیدراسیۆن دەتوانن ئاڵا و هێمای تایبەتی خۆیان هەبێت. بە پێی ماددەی ٥، سروودی نیشتمانیش دەبێت دەربڕی ئامانجەکانی یاسای بنچینەیی لە ڕاستای پێکەوە ژیان و کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیکدا بێت. بە پێی ماددەی ٨ سەروەریی

---

390 “we, the nations, nationalities and peoples of Ethiopia…”, see: Constitution of Ethiopia, op.cit.

بگەڕێوە بۆ پێرست

هی نەتەوەکان، نەتەوایەتیەکان، و خەڵکانی ئێتیۆپیایە و بە نوێنەرایەتی هەڵبژێردراو و لە ڕێگای بەشداریی دیمۆکراتیکی ڕاستەوخۆوە جێبەجێ دەکرێت. بە پێی ماددەی ١١ ئایین و دەوڵەت لە یەک جیان و هیچ کام نابێت لە کاری یەکتردا دەستێوەردانیان هەبێت. بەپێی ماددەی ٢٥ هەمووان لە بەرانبەر یاسادا بەرابەرن و هیچ هەڵاواردنێک قبووڵ ناکرێت. بەپێی ماددەی ٢٧ مافی ئازادی باوەڕ، ئایین و بیرۆکە بۆ هەمووان هەیە. لە پاژی ٢ی یاسادا هەموو مافە دیمۆکراتیکەکان بە فەرمی ناسراون (بریتی لە کۆبوونەوە، ڕادەربڕین، ڕێپێوان، دەنگدان و بەربژێر بوون و...) (م. ٢٩-٣٨ ی. ب). بەپێی ماددەی ٨٨ حکوومەت دەبێت لە هەموو ئاستەکاندا خۆحکوومەتی خەڵک بەرز بکاتەوە و هەروەها ڕێز بگرێت لە شوناس و یەکسانی نەتەوەکان، نەتەوایەتیەکان و خەڵکەکان. هەروەها بەپێی ماددەی ٨٩ لە باری ئابووریشەوە، دەبێت یەکسانی و دەرفەتی بەرابەر بۆ چاکترکردنی هەلومەرجی هەمووان بە بێ هەڵاواردن مسۆگەر بکات. هەروەها بەپێی ماددەی ١٠٢، لە ئاستی فیدراڵدا بۆردیکی هەڵبژاردنی نیشتمانی هەیە کە ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دیاری دەکرێن. ئەم بۆردە دەبێت بێ لایەن و ئاژانسێکی سەربەخۆ بێت و دەبێت بەرپرس بێت بۆ مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنەکانی فیدراڵ و ویلایەت بە شێوەی ئازاد و شیاو. بە پێی ماددەی ٨٧، پێکهاتەی هێزەکانی بەرگری

نیشتمانی دەبێت نوێنەرایەتی بەرابەری نەتەوەکان، نەتەوایەتیەکان و خەڵکەکانی ئەم وڵاتە پیشان بدات. وەزیری بەرگری دەبێت سڤیل بێت. ئەم هێزانە دەبێت ئەرکەکانیان بە بێ هیچ لایەنگریەکی سیاسی بۆ هیچ پارتێکی سیاسی یان رێکخراوێکی سیاسی، جێبەجێ بکەن.

ئەم وڵاتە لەو وڵاتە دەگمەنانەیە کە یاسای بنچینەیی مافی جیابوونەوەی بە فەرمی ناسیوە[٣٩١]. لە ژێر بەشی ٢ واتە "مافە دیمۆکراتیکەکان" لە ماددەی ٣٩ دا بە وردی مافی نەتەوە، نەتەوایەتی و خەڵک باس کراوە: ١- هەر نەتەوە نەتەوایەتی و خەڵکێک لە ئێتیۆپیا مافی بێ مەرجی دیاریکردنی چارەنووس (بریتی لە مافی جیابوونەوە)ی هەیە؛ ٢-هەر نەتەوە و نەتەوایەتی و خەڵکێک لە ئێتیۆپیا مافی قسەکردن، نووسین و پەرەپێدانی زمانی خۆی، دەربڕین و بەرزکردنەوەی کەلەپوور و پاراستنی مێژووی خۆی هەیە؛ ٣- هەر نەتەوە نەتەوایەتی و خەڵکێک لە ئێتیۆپیا مافی تەواوی خۆحکوومەتی (بریتی لە مافی دامەزرانی رێکخراوەکانی حکوومەتی لە هەرێمی خۆیان کە دانیشتووی ئەوێن و نوێنەرایەتی بەرابەری حکوومەتە نیشتمانی و ناوچەییەکانیان) هەیە؛ ٤- جێبەجێ کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بریتی لە جیابوونەوەی هەر نەتەوە، نەتەوایەتی و خەڵکێک لە ئێتیۆپیا

[391] Ayua & Dakas, **op.cit**, p. 11.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بریتییە لەم قۆناخانە: ئەلف) داواکاریەک بۆ جیابوونەوە لەلایەن زۆرینەیەکی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی هەر نەتەوە، نەتەوایەتی و خەڵکێک، ب) حکوومەتی فیدراڵ ریفراندومێکی رێکخستووە کە دەبێت لە سێ ساڵدا جێبەجێ بکرێت لە کاتێکەوە کە بڕیاری ئەنجومەنی پێوەندیداری بۆ جیابوونەوەی پێگەیشتووە، ج) داواکاریی بۆ جیایی، لەلایەن دەنگی زۆرینەوە لە ریفراندومدا، پشتگیری بکرێت، د) حکوومەتی فیدراڵ دەسەڵاتی خۆی دەدات بە خەڵک یان ئەنجومەنەکەیان، و ز) داراییە دابەشکراوەکان بەپێی یاسای پەسەندکراو بۆ ئەو مەبەستە بە کردەوە جێبەجێ دەکرێن؛ ٥- یەک نەتەوە، نەتەوایەتی و خەڵکێک لە پێناسەی ئەم یاسا بنچینەییەدا، گروپێکی خەڵکن کە رادەیەکی گەورە لە چاندی هاوبەش، یان نەریتی وەکیەک، تێگەیشتوویی دوولایەنەی زمان، باوەڕ بە شوناسی هاوبەش و پێوەندیداریان هەیەو ئەوانەی کە بە شێوەی زاڵ دانیشتووی هەرێمێکی دیار و لە پەنای یەکن.

بەپێی ماددەی ٥٠ی یاسای بنەڕەتی، دەوڵەتی فیدراڵ و ویلایەتەکان دەبێت سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەرییان هەبێت. لە ماددەی ٥١ و ٥٢ دا دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵ و ویلایەتەکان لەلایەن یاسای بنچینەییەوە دیاری کراون. ماددەی ٤٥ لە یاسای بنچینەییدا سیستەمی سیاسی پارلەمانتاریی دیاری دەکات. بەپێی ماددەی ٦٩ سەرۆک کۆمار،

بگەڕێوە بۆ پێڕست.

سەرۆکی دەوڵەتە و لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دیاری دەکرێت و دەبێت دوو لەسەر سێی هەر دوو ئەنجومەن پەسەندی بکەن (م. ٧٠ ی. ب). و سەرۆک وەزیران، سەرۆکی حکوومەتە و بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکارییش بە سەرۆک وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران سپێردراوە کە لە بەرانبەر ئەنجومەنی نوێنەراندا بەرپرسیارە (م. ٧٢ ی. ب). بەپێی ماددەی ٥٦، حێزب یان هاوپەیمانییەک لە حێزبەکان کە زۆرینەن، لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دەسەڵاتی جێبەجێکاریی پێکدەهێنن. بە پێی ماددەی ٧٣ سەرۆک وەزیران لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە و لە نێو یەکێک لە ئەندامانیەوە هەڵدەبژێردرێت. یاسای بنچینەیی لە ماددەی ٧٤ دا دەسەڵات و کارەکانی سەرۆک وەزیرانی دیاری کردووە.

دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵ بریتییە لە دوو ئەنجومەنی پاڕلەمان. ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵک و ئەنجومەنی فیدراسیۆن (ماددەی ٥٣). ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵک بانترین دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵە. بەپێی ماددەی ٥٤، ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵک لەلایەن خەڵکەوە بە شێوەی راستەوخۆ و ئازادانە بۆ ماوەی ٥ ساڵ هەڵدەبژێردرێن. هەڵبژاردن بەپێی حەشیمەت و نوێنەرایەتی تایبەتی نەتەوایەتیە کەمینەکان، دەبێت. ڕێژەی ئەندامان نابێت لە ٥٥٠ تێپەڕێت و نەتەوایەتیە کەمینەکان لانیکەم دەبێت ٢٠ کورسییان هەبێت. بەپێی ماددەی

بگەڕێوە بۆ پێرست

٥٥، ئەنجومەنی نوێنەران لەو بابەتانەدا کە یاسای بنچینەیی بۆ هەریمی فێراڵی بە گشتی دیاری کردوون، دەسەڵاتیان هەیە. بە پێی ماددەی ٦١ ئەنجومەنی فێدراڵ لە نوێنەرانی نەتەوەکان، نەتەوایەتیەکان و خەڵکەکان پێکدێت. هەر نەتەوە، نەتەوایەتی و خەڵکێک لانیکەم دەبێت نوێنەرێکی لە ئەنجومەندا هەبێت و هەروەها بۆ هەر یەک میلیۆن کەس لە حەشیمەتی زێدە، دەبێت نوێنەرێک هەبێت. ئەندامانی ئەنجومەنی فێدراڵ دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی ویلایەتەکانەوە هەڵبژێردرێن. بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی ویلایەتەکان یان خۆیان ئەوانە هەڵدەبژێرین یان هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەن. ماددەی ٦٢ی یاسای بنچینەیی کار و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی فێدراڵی دیاری کردووە.

بەپێی ماددەی ٧٨ ی. ب، دەسەڵاتی دادوەریی بە تەواوەتی لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکاریی و یاسادانان سەربەخۆیە و دەسەڵاتی باڵای دادوەریی فێدراڵ بە دادگای باڵای فیدراڵ سپێردراوە. ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵک رەنگە لە ئاستی وڵات یان هەندێ ناوچەدا بە دەنگی زۆرینەی دوو لە سەر سێی دادگا بەرز و سەرەتاییەکان دامەزرێنن، ئەگەر بە پێویست بزانن. تا کاتی دامەزرانی ئەمانە دەسەڵاتەکانی دادگای بەرز و سەرەتایی فێدراڵ، بە دادگاکانی ویلایەت دەسپێردرێت. ویلایەتەکان دەبێت دادگای باڵا، بەرز و سەرەتاییان هەبێت. هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ویلایەت دەکرێ هەندێ دادگای ئایینی یان ئاسایی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دامەزرێنن یان ئەگەر پێشتر هەبوون بەپێی یاسای بنچینەیی ڕێکخرێن. جێی ئاماژەیە کە بەپێی ماددەی ٨٠ دادگای باڵای فیدراڵ و دادگای باڵای ویلایەت هەرکامیان لەو بابەتانەدا کە پێوەندییان بە هەرێمی دەسەڵاتی خۆیان هەیە بانترن و دەسەڵاتی کۆتاییان هەیە. بەپێی ماددەی ٨١، سەرۆک وەزیران، سەرۆکی داد و جێگرەکەی لە دادگای باڵای فیدراڵدا دیاری دەکات. دادوەرەکانی فیدراڵ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دیاری دەکرێن. هەروەها ئەنجومەنی ویلایەتەکان سەرۆکی داد و جێگرەکەی لە دادگای باڵای ویلایەتدا و هەروەها دادوەرەکان لە هەردووکی دادگای باڵا و بەرزدا دیاری دەکەن. هەروەها بە پێی ماددەی ٨٢ ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوەی یاسای بنچینەیی (بریتی لە یازدە ئەندام) لەم وڵاتەدا هەیە.

لە ئاڕاستەی سیاسەتی فیدرالیزمی نەتەوەیی و ئێتنیکی کە لە پاش ١٩٩٤ بەملاوە بەرز کراوەتەوە، دەسەڵاتگەلی گرنگ سپێردراوە بەو حکوومەتە ناوچەییانەی کە لەسەر بنەمای نەتەوە و ئێتنیک پێکهاتوون. بەپێی ماددەی ٤٦ی یاسا، کۆماری دیمۆکراتیکی فیدراڵ لە ٩ ویلایەتی خودموختار کە دەسەڵاتی بەرهەمهێنان و خەرج کردنی داهاتەکانی خۆیانیان هەیە، پێکهاتووە. هەر ویلایەتێک (ستەیت یا کیلیکلۆچ) لە چەندین ناوچە و هەر ناوچەش لە چەندین مەڵبەند و کەرت پێکدێن. بەپێی ماددەی ٤٧، هەر نەتەوە نەتەوایەتی و خەڵکێک دەتوانن

بگەڕێوە بۆ پێرست

ویلایەتی خۆیان هەبێت و داوای ویلایەتی نوێ بکەن کە شێوازەکەی لەم ماددەیەدا دیاری کراوە و وەکو شێوازی داواکاریی بۆ جیابوونەوەیە (پەسەندی داواکاریی لە ئەنجومەنی ویلایەت، بەڕێوەبردنی ڕیفراندوم، سپاردنی دەسەڵات). ویلایەتەکان دەبێت بەپێی تایبەتمەندی دانیشتووان، شوناس، زمان و ڕێکەوتنی خەڵکی پێوەندیدار، دیاری بکرێن.

یاسای بنچینەیی، دەسەڵاتی بەربڵاوی بە ویلایەتەکان داوە، کە دەتوانن بەپێی یاسای بنچینەیی فیدراڵ حکوومەتی خۆیان و دیمۆکراسی دامەزرێنن. هەر ویلایەتێک لە سەرەوەیدا ئەنجومەنێک هەیە کە بانترین دەسەڵاتی ویلایەتە و ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن. ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی پێکەوە هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی ویلایەت. بەپێی ماددەی ٣٩ ی. ب، هەر ویلایەتێک مافی جیابوونەوەی لە ئێتیۆپییا هەیە. ئەنجومەنەکانی ویلایەت لە ڕێگای کۆمیتەی جێبەجێکاریی و نووسینگەی کەرت و بەشەکانەوە، دەسەڵاتەکانیان جێبەجێ دەکەن.

بەپێی یاسای بنچینەیی، داهاتەکان لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و ویلایەتەکاندا، دابەش دەکرێن. بۆ نموونە حکوومەتی فیدراڵ لە گومرک و هەناردە و هاوردەکان و...هتد، باج وەردەگرێت و ویلایەتەکانیش لەسەر داهاتەکانی ویلایەت و کارگێڕانی دامەزراوە ئابووریەکانی کەرتی تایبەتی و...هتد، باج کۆ دەکەنەوە

بگەڕێوە بۆ پێڕست

و هەروەها هەندێ دەسەڵاتی هاوبەشیان هەیە لە بواری باج دانان و...هتددا (م. ٩٦، ٩٧ و ٩٨ ی. ب).

## بۆسنیا و هێرتسەگۆڤینا (Bosnia and Herzegovina)

ئەم وڵاتە حەشیمەتێکی نزیکەی ٤ میلیۆن کەسی هەیە[٣٩٢] کە بریتییە لە سێ نەتەوەی گرنگی بۆسنیایی نزیکەی ٤٨%ی حەشیمەت، سێربەکان نزیکەی ٣٧/١% و کرۆئاتەکان نزیکەی ١٤/٣%. و نزیکەی ٦/.% بریتین لە جوولەکە و رۆمی و ئاڵبانیایی[٣٩٣]. بە پێی ماددەی ١ خاڵی ٢ی یاسای بنچینەیی، ئەم وڵاتە دەوڵەتێکی دیمۆکراتیکەو یاسای بنچینەیی مافی هەموو گروپە کۆمەڵایەتیەکانی گەرەنتی کردووە[٣٩٤]. لە بۆسنیا زۆربەی حێزبەکان سەر بە سێ نەتەوەی دانیشتووی ئەم وڵاتەن. لە حێزبەکانی سەر بە نەتەوەکان کە گرنترین حێزبەکانن، دەکرێ ئاماژە بە حێزبی کاری دیمۆکراتیک (بۆسنیایی)، کۆمەڵەی دیمۆکراتیکی کرۆئاتەکانی بۆسنیا و هێرتسە گۆڤینا (HOZ)،

---

[392] Bosnia and Herzegovina, Religious Demography, at: http://www.state.gov/documents/organization/171686.pdf

[393] http://en.wikipedia.org/wiki/Bosnia_and_Herzegovina

[394] **Constitution of Bosnia and Herzegovina**, at: http://www.ccbh.ba/public/down/USTAV_BOSNE_I_HERCEGOVINE_engl.pdf.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

حیزبی دیمۆکراتیکی سێرب، حیزبی بۆسنیایی، یەکیەتی دیمۆکراتیکی مەسیحیەکانی کرۆئاتی بۆسنیا و هێرتسە گۆڤینا، حیزبی مافەکانی کرۆئات، حیزبی جووتیارانی کرۆئات و...هتد، بکرێت.

بۆسنیا لەو وڵاتانەیە کە پێکهاتەی فیدراڵی، پێکهاتەی راستەقینەیە و بە جوانترین شێواز سەروەریی و دەسەڵات دابەش کراوە. هەروەها دەسەڵاتی باڵای سیاسی لەم وڵاتەدا نوێنەرایەتی بەرزی چاوەدێریی نێونەتەوەییە و لە ١٩٩٥ بەملاوە دانراوە و تا کاتێک کە دڵنیایی لە باری سەقامگیریی دیمۆکراسی و سیاسییەوە دەستەبەر دەکرێت، درێژەی هەیە[٣٩٥]. یاسای بنچینەیی ئەم وڵاتە لەسەر رێکەوتنەکانی گرێبەستی ئاشتی پاریس/دەیتۆن لە ١٩٩٥ دا، دامەزراوە[٣٩٦]. پێشەکی یاسای بنچینەیی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم یاسایە لەسەر بنەمای رێزگرتن لە پێگەی مرۆڤ، ئازادی و

---

[395] wikipedia /Bosnia_and_Herzegovina, **op.cit**.

[396] Sienho Yee, ‘The New Constitution of Bosnia and Herzegovina’, *7EJIL (1996) 176-192*. And, European Commission, Commission staff working paper, Bosnia and Herzegovina 2011 Progress Report, Brussels, 12.10.2011, SEC(2011) 1206 final, at:

http://ec.europa.eu/enlargement/pdf/key_documents/2011/package/ba_rapport_2011_en.pdf.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بەرابەری، ئاشتی، دادپەروەریی، پێکەوە راهاتن و رێکەوتن پێکهاتووە و خەڵکەکانی پێکهێنەری بریتین لە بۆسنیاییەکان، کرۆواتەکان و سێربەکان. هەروەها بەپێی ماددەی ٢، لەم وڵاتەدا دەبێت مافەکانی مرۆڤ بەپێی بنەما جیهانیەکانی مسۆگەر بکرێن و لەم راستایەشدا کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ هەیە و نابێت هیچ جۆرە هەڵاواردنێک هەبێت. سەروەریی نەتەوەکان بە جۆرێکە کە لە بواری یاسادانان و جێبەجێکاریدا (راپەڕاندن) هەر گروپێک مافی ڤیتۆی کاریگەری هەیە. هەر هەرێمێک خودموختاری تەواوی هەیە و هاووڵاتییەتی خۆی رێکدەخات[397].

پێکهاتەی ئەم وڵاتە بە جۆرێک دارێژراوە کە بەرابەری تێدا مسۆگەر بکرێت. وەک ئاماژەی پێ کرا دەسەڵاتەکانی حکوومەتی ناوەندیی، دیاریکراو و زۆر سنووردارە. ئەم دەسەڵاتانە بە کورتی پێوەندییان هەیە بە: ئەلف) پێوەندییەکانی دەرەوە، ب) پێوەندییەکانی نێوان هەرێمەکان، ج) ئابووریی وڵات. دەسەڵاتەکانی دیکە هەموویان بە هەرێمەکان سپێردراون، کە بەرپرسایەتیەکانیان دیاری کراوە. تەنانەت یاسای بنچینەیی ئاماژە بە یاسای نێونەتەوەیی دەکات بۆ پێوەندیی هەرێمەکان: "بنەما گشتییەکانی یاسای نێونەتەوەیی دەبێت بەشێک بن لە یاسای بۆسنیا و هێرزە گۆڤینا و هەرێمەکان." (م. ٣ خاڵی ٣) دامەزراوە

[397] Yee. Op.cit. and constitution of Bosnia, op.cit, article III.



بگەڕێوە بۆ پێرست

نیشتمانیەکان بریتین لە: پارڵەمان، سەرۆک کۆماریی، بانکی ناوەندیی و دادگای یاسای بنچینەیی. لە دامەزراوە نیشتمانیەکاندا، هەر سێ گروپی نەتەوەیی دەسەڵاتی یەکسانیان هەیە. لە بانکی ناوەندیی و دادگای یاسای بنچینەییدا هەر کامیان دەسەڵاتی ڤیتۆی هەیە. ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی بانکی ناوەندیی لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆک کۆمارییەوە دیاری دەکرێن. ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی بانک لەلایەن پارڵەمانەوە دیاری دەکرێن[٣٩٨].

لەم وڵاتەدا لە نێوان نەتەوەکاندا، دەسەڵات بە تەواوی دابەش کراوە. ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی هەیە کە لە سێ ئەندام: (بۆسنیاک، کرۆئات و سێرب) پێکهاتووە، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکی هەرێمی فیدراسیۆن و هەرێمی کۆماری سرپسکاوە هەڵدەبژێردرێن. بڕیارەکان بە ڕێکەوتنی هەر سێ دەدرێن. سەرۆکایەتی ئەنجومەن لە نێوان نەتەوەکاندا دەسووڕێت. لە خولی ٤ ساڵەی ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریدا هەر ٨ مانگ جارێک یەکێک لە سێ کەسەکە دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی. سەرۆک وەزیران لەلایەن سەرۆک کۆماریەوە دیاری دەکرێت و ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندی دەکەن. سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان دیاری دەکات (م. ٥ خاڵی ٤ ی. ب). لە

---

398 Yee. **Op.cit**. And constitution of Bosnia, **Op.cit**, article VII.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئەنجومەنی وەزیرانیشدا، وەزارەتەکان دابەش دەکرێن و دوو لەسەر سێی وەزیرەکان لە فیدراسیۆن و یەک لەسەر سێیان لە کۆماری سرپسکان. هەر وەزیرێک جێگرێکی دەبێت و هەر وەزارەتێکیش سکرتێرێکی دەبێت کە لە نەتەوەی سێهەم دەبێت. بەمجۆرە هەر سێ نەتەوە لە رێگای دەستەبەرکردنی بەرپرسایەتی وەزارەت، جێگری وەزیر و سکرتێری گشتی لە هەموو وەزارەتخانەکاندا بوونیان دەبێت. سیستەمی بڕیاردان لە ئەنجومەنی وەزیراندا کاتێ کە لانیکەم ٢ کەس لە هەر یەک لە سێ نەتەوەکە هەبن، فەرمی دەبێت و پەسەندکراوەکانی ئەم دانیشتنانە یاسایی دەبن[٣٩٩].

سەبارەت بە دەسەڵاتی یاسادانان لە ئاستی وڵاتدا پارڵەمانی بۆسنیا بریتییە لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی نەتەوەکان. لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پارڵەماندا، پارێزگاریی لە بەرژەوەندیەکانی هەر سێ نەتەوەکە دەکرێت. لەم ئەنجومەنەدا کە ٤٢ نوێنەرن بە شێوەیەکی بەرابەر هەر نەتەوەیەک ١٤ نوێنەری هەیە و راستەوخۆ لەلایەن خەڵکی نەتەوەکانەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەنجومەنی نەتەوەکانیش ١٥ نوێنەرن کە هەر نەتەوەیەک بە شێوەی بەرابەر نوێنەریان هەیە واتە ٥ کرۆئات، ٥

---

399 Yee, **Op.cit**. *And,* constitution of Bosnia, **op.cit**, article *V.*

گەڕانەوە بۆ پێڕست

بۆسنیاک و ٥ سێرب. نوێنه‌رانی بۆسنیاک و کرۆئات له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی فێدراسیۆن و نوێنه‌رانی سێرب له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی کۆماری سرپسکاوه‌ هه‌ڵده‌بژێردرێن. هه‌موو یاساکان پێویستیان به‌ په‌سه‌ندی هه‌ر دوو ئه‌نجومه‌نی پارڵه‌مان هه‌یه‌[٤٠٠].
به‌پێی مادده‌ی هه‌شته‌می یاسای بنچینه‌یی وڵات سه‌باره‌ت به‌ بووجه‌، له‌سه‌ر پێشنیاری ئه‌نجومه‌نی سه‌رۆک کۆماریی، پارڵه‌مان بووجه‌ی پێویستی دامه‌زراوه‌کانی وڵاتی بۆسنیا و هێرتسه‌ گۆڤینا دیاری ده‌کات. دوو له‌سه‌ر سێی ئه‌م بووجه‌یه‌ له‌لایه‌ن فێدراسیۆن و یه‌ک سێیه‌می له‌لایه‌ن کۆماری سێرپسکاوه‌، دابین ده‌کرێت (م ٨).

له‌ باری ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌رییه‌وه‌، دادگای یاسای بنچینه‌یی بۆسنیا و هێرتسه‌ گۆڤینا بانترینه‌ و ده‌سه‌ڵاتی له‌سه‌ر بابه‌ته‌کانی پێوه‌ندیدار به‌ ناکۆکی نێوان هه‌رێمه‌کان و هه‌رێمه‌کان له‌گه‌ڵ ناوه‌ند، هه‌یه‌. هه‌روه‌ها دادوه‌ریی کۆتایی، بابه‌ته‌ یاساییه‌کانه‌. ئه‌م دادگایه‌ پێکهاتووه‌ له‌ ٩ ئه‌ندام: چواریان له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی فێدراسیۆن و دووانیان له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی کۆماری سرپسکا و سێ ئه‌ندامی له‌لایه‌ن دادگای مافی مرۆڤی ئه‌ورووپاوه‌

400 *Constitution* of Bosnia, **op.cit**, *article IV. And* wikipedia /Bosnia_and_Herzegovina, **op.cit**

بگه‌رێوه‌ بۆ پێرست

پاش راویژ لەگەڵ سەرۆک کۆماریی، هەڵدەبژێردرێن[٤٠١]. جگە لەم دادگایە، لە دەسەڵاتی دادوەریدا دادگای دەوڵەتی و ئەنجومەنی باڵای تێهەڵچوونەوە و دادوەریی هەن[٤٠٢].

ئەم وڵاتە زۆر دیسەنتەڕاڵ کراوە و پێکهاتووە لە دوو هەرێمی زۆر خودموختار و ناوچەیەک: فیدراسیۆنی بۆسنیا و هێرتسە گۆڤینا (نزیکەی ٥١% خاکی ئەم وڵاتە) و کۆماری سرپسکا (نزیکەی ٤٩% خاکی ئەم وڵاتە)، لەگەڵ ناوچەیەکی سێهەم، برچکۆ[٤٠٣] کە حکوومەتی خۆجێیی هەیە[404]. فیدراسیۆنی بۆسنیا و هێرتسە گۆڤینا وەکو یەکێک لە دوو هەرێمەکانی وڵات، بۆخۆی خاوەن ئەنجومەنی نەتەوەکان و ئەنجومەنی نوێنەرانە و کۆماری سێرپسکا هەرێمەکەی تریش ئەنجومەنێکی نیشتمانی هەیە. هەرێمەکان زمانی فەرمی خۆیان هەیە. هەر هەرێمێک ئاڵا، سروود، هێمای تایبەتی و هێزی چەکداریی خۆی هەیە. هەرکام لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی، فەرماندەریی سڤیلی

---

401 Yee, **op.cit**, constitution, article VI. *And* wikipedia /Bosnia_and_Herzegovina, **op.cit**.

402 European Commission, **op.cit**.

403 Federation of Bosnia and Herzegovina, Srpska and Brcko

404 Yee, **Op.cit**. & constitution of Bosnia, **Op.cit**., article I(3). And, European Commission, **op.cit**.

بگەڕێوە بۆ پێرست

هێزە چەکدارەکانی گروپە نەتەوەییە پێوەندیدارەکەی خۆی دەبێت. هیچ هەرێمێک نابێت هەڕەشە لەوی تر بکات و لە دژی هێز بەکار بهێنێت. ئەندامانی سەرۆک کۆماریی دەبێت کۆمیتەیەکی دایمی لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە هێزی چەکداریی هەڵبژێرن بۆ هاوئاهەنگی چالاکیە پێوەندیدارەکان بە هێزی چەکداریی لە بۆسنیا و هێرتسە گۆڤینا و ئەندامانی ئەم کۆمیتە بن[٤٠٥]. هەروەها بە گوێرەی زۆرێک لە وڵاتانی فیدراڵ ئەم هەرێمانە دەسەڵاتی زیاتری پێوەندی دەرەوەیان هەیە. بە جۆرێک کە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، خۆیان پێوەندییان هەبێت و لەگەڵ رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و دەوڵەتەکانیش، لەسەر رەزامەندی پاڕلەمان دەتوانن گرێبەستیان هەبێت (م. ٣، خاڵی ٢ ی. ب).

لە ئاستی چوارەمی دابەشکاریی سیاسیدا (واتە پاش وڵات، هەرێم، کانتۆن)، شارەوانیەکان هەن کە هەر کانتۆنێک لە چەند شارەوانییەک پێکهاتووە. کۆماری سێرپسکا کە کانتۆنی نییە بریتییە لە شارەوانیەکان. شارەوانیەکان حکوومەتی خۆجێییان هەیە. هەروەها لە فیدراسیۆنی بۆسنیا و هێرتسە گۆڤینادا، چوار شاری گرنگی خاوەن حکوومەت هەن، کە خۆیان لە چەند

405 Yee. **Op.cit**. And constitution of Bosnia, **Op.cit**., article V(5).

بگەڕێوە بۆ پێرست

شارەوانییەک پێکهاتوون. له باری ئاستی حکوومەتیەوە ئەم شارانه له نێوان کانتۆن و شارەوانیەکان دان.

**فیدراسیۆنی بۆسنیا و هێرتسەگۆڤینا:** ئەم فیدراسیۆنه وەک ئاماژە کرا، خۆی بەشێکه له وڵاتی بۆسنیا و هێرتسه گۆڤینا (یەکێک له دوو هەرێم) که خۆیشی فیدراسیۆنه. یاسای بنچینەیی ئەم فیدراسیۆنه له بەشی یەکەم، ماددەی ٥ دا ئاڵا، سروود و هێما تایبەتیەکانی خۆی دیاری کردووە. بەشی یەکەم، ماددەی ٦ی یاسای بنچینەیی فیدراسیۆن، زمانی کرۆئاتی و بۆسنیایی وەکو زمانی فەرمی رادەگەینێت و زمانەکانی تریش ئازادییان هەیە[٤٠٦]. له فیدراسیۆنی بۆسنیا و هێرتسەگۆڤینادا وەکو ئاستێکی وڵات، دەسەڵاتەکان له نێوان دوو نەتەوەی بۆسنیایی و کرۆئات دا، دابەش کراوە.

یاسای بنچینەیی فیدراسیۆن له بەشی ٣ دا دابەشکاریی دەسەڵات له نێوان حکوومەتی فیدراسیۆن و کانتۆنەکان و شیاویەتیەکانیان دیاری کردووە. به پێی پاژی ٤ی یاسا، فیدراسیۆن سەرۆکایەتی هەیە که نوێنەرایەتی فیدراسیۆنەکه

406 Constitution of the Bosnia and Herzegovina, Consolidated translation, with amendments indicated, 18 March 1994, section 1, article 6.

بگەڕێوە بۆ پێرست

دەکات و سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی فێدراڵە. سەرۆک، جێگرێکی هەیە. سەرۆک و جێگرەکەی لەلایەن کۆمیتەی نوێنەرانی پاڕلەمانەوە دیاری دەکرێن، کە کرۆئات کەسێک و بۆسنیاییەکانیش کەسێک هەڵدەبژێرن و بۆ ماوەی ۴ ساڵ، ساڵ نە ساڵێک یەکیان سەرۆک دەبێت و یەکیان جێگر. هەروەها کابینەی وەزیران و سەرۆک وەزیران هەیە. هەر وەزیرێک جێگرێکی دەبێت. وەزیر و جێگر نابێت لە یەک نەتەوە بن. پاڕلەمانی فێدراسیۆن بریتییە لە دوو ئەنجومەن؛ ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی نەتەوەکان. ئەنجومەنی نوێنەران ۱۴۰ ئەندامی هەیە و لە ڕێگای هەڵبژاردنی دیمۆکراتیکەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەنجومەنی نەتەوەکانیش بریتیە لە ٦٠ کەس (٣٠ بۆسنیایی و ٣٠ کرۆئات).

لە باری دەسەڵاتی دادوەرییەوە، بە پێی بەشی ۴ی یاسای فێدراسیۆن، هەر ئاستێکی حکوومەتی فێدراسیۆن دادگای خۆی هەیە؛ دادگاکانی فێدراسیۆن (دادگای یاسای بنچینەیی، دادگای باڵا، دادگای مافەکانی مرۆڤ)، دادگاکانی کانتۆنەکان و دادگاکانی شارەوانیەکان. سەبارەت بە دیاریکردنی دادوەرەکان دەبێت بەرابەری نێوان دوو نەتەوەکە ڕەچاو بکرێت. بە پێی بەشی ۲ی یاسای بنچینەیی، فێدراسیۆن لێژنەی لێکدانەوەی سکاڵاکانی هەیە و چاوەدێری چالاکی دامەزراوەکانی فێدراسیۆن، کانتۆن یان شارەوانیەکان و بارودۆخی ماف و ئازادیەکان، دەکات.

بگەڕێوە بۆ پێرست

بەپێی بەشی ١ ماددەی ٢ و بەشی ٥ی یاسای بنچینەیی، ئەم فیدراسیۆنە پێکهاتووە لە دە کانتۆنی خاوەن حکوومەت، ئەنجومەنی یاسادانان و یاسای بنەڕەتی. سەرۆکی حکوومەتی کانتۆن هەڵبژێردراوی ئەنجومەنە. هەروەها بە پێی بەشی ٦ی یاسای فیدراسیۆن، شارەوانیەکان حکوومەتی خۆیان هەیە. هەروەها حکوومەت و دەسەڵاتداریتی لە ئاستی شاردا هەیە، کە هەر شارێک لە چەند شارەوانیەک پێکدێت و ئەنجومەنی شار و حکوومەتی خۆجێیان هەیە. سارایێڤۆ وەکو پێتەخت، کانتۆنێکە کە خۆحکوومەتی خۆجێیی هەیە.

وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا لەم وڵاتەدا هەرێمەکان دەسەڵاتی پێوەندی نێونەتەوەییان هەیە، بۆیە بەشی حەوتی یاسای بنچینەیی ئەم فیدراسیۆنە تەرخان کراوە بۆ پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی فیدراسیۆن.

بگەڕێوە بۆ پێرست

**عێراق**

ئەم وڵاتە لە چەندین گروپی نەتەوەیی و ئێتنیکی وەکو عەرەب، کورد، تورکمان، ئاشووریی، رۆمی و...هتد، پێکهاتووە. عەرەب و کورد دوو گروپی گەورەی نەتەوەیی ئەم وڵاتەن. لە ٢٠١٢ دا حەشیمەتی عێراق نزیکەی ٣٢/٧ میلیۆن کەس بووە کە نزیکەی ٧٥% عەرەب، ٢٠% کورد، ٥%یشی سەر بە گرووپەکانی دیکە بوون[٤٠٧].

پاش روخانی حکوومەتی بەعس ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و لایەنە سیاسییەکان هەندێ گەڵاڵەیان بۆ سەقامگیر کردنی حکوومەتێکی دیمۆکراتیک و یاسای بنچینەیی نوێ و بەدیهاتنی مافی نەتەوەکانی عێراقی، بەتایبەت کورد، هەم لە چوارچێوەی یونیتەری هەم فێدرالیزمدا، پێشکەش کرد[٤٠٨]. لە ئاکامدا یاسای بنچینەیی عێراق کە لە ٢٠٠٥ دا پەسەند کرا، بۆ یەکەم جار

[407] Dawn Brancati, ‘Can Federalism Stabilize Iraq?’, **The Washington Quarterly** _ Spring 2004, pp 7-21. And, Mallat, **op.cit**, 2003. And, http://en.wikipedia.org/wiki/Iraq

[408] بۆ نموونە بڕوانە: **Esrablishing a Stable Democratic Constitutional Structure in Iraq: Some Basic Considerations**, prepared by the Public International Law & Policy Group and The Century Foundation, may 2003 at: www.pilpg.org

گەڕانەوە بۆ پێڕست

عێراقی وەکو وڵاتێکی فیدراڵ پێناسە کرد[٤٠٩]. لە یاسای بنچینەیی ئێستاکەدا عێراق وەکو کۆمارێکی پارڵەمانتاری فیدراڵی دیموکراتیکی ئیسلامی، پێناسە دەکرێت. لە پێشەکی یاساکەدا ئاماژە بە ڕێژیمی کۆماری فیدراڵی و دیموکراسی فرەیی کراوە. لە ماددەی یەکیشدا ئاماژە بە سیستەمی نوێنەرایەتی پارڵەمانتاری دەکرێت. لە ماددەی ٢ دا وێرای ئاماژە بە پاراستنی مافی ئایینی سەرجەم تاکەکان لە رووی ئازادی بیروباوەڕ و ئایینیەوە، ئیسلام بە ئایینی فەرمی دەوڵەت و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان دەناسێنێت. ماددەی ٣ ی یاساکە، جۆراوجۆریی خەڵکی ئەم وڵاتە بە فەرمی دەناسێنێت و دەڵێت: "عێراق وڵاتێکە لە نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاجیا پێکهاتووە..."

بەپێی ماددەی ٤ ی. ب زمانەکانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە ئاستی وڵاتدا. هەندێ زمانی تریش وەک تورکمانی و سریانی لە ئاستی ناوچەییدا بەکار دەهێنرێن و مافیان بۆ فێرکردنی زمانی زکماکی پارێزراوە. قسەکردن و ئاخافتن لە بوارە فەرمییەکاندا بە هەر دوو زمانەکەیە، وەک ئەنجومەنی وەزیران و... بەڵگەنامەکان و ڕۆژنامە فەرمییەکان دەبێت بە هەر

---

409 "دەستوری عێراقی"، وێنە کوردییەکەی، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشی ڕاگەیاندنەکان لە:
http://parliament.iq/kurdish/Iraqi_Council_of_Representatives

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دوو زمانەکە بن. هەروەها هەر بواریکی تر کە بنەمای یەکسانی بیگریتەوە وەک پارە، پاسپۆرت و پوول دەبێت بە هەر دوو زمانەکە بن. دامودەزگا فیدراڵییە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەر دوو زمانەکە بەکار دەهێنن. زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیدارییانەدا کە تیایاندا زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن. هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە کە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکات بە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتووانی لە راپرسی گشتیدا بڕیاریان لەسەری دا.

بەپێی یاسای بنچینەیی (م. ١٤) عێراقیەکان لەبەردەم یاسادا بە بێ جیاوازیی و هەڵاواردن لە سەر رەگەز، نەتەوە و...هتد، بەرابەرن. بەپێی ماددەی ١٢، ئاڵا و دروشم و سروودی نیشتمانی، دەبێت ئاماژە بە پێکهێنەرەکانی گەلی عێراق بکەن. بەپێی ماددەی ٩ی خاڵی یەکەم لە یاسای بنچینەیی "هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێن بە رەچاوکردنی هاوسەنگی رێژەیی نوێنەرایەتیکردنیان، بە بێ جیاوازیی یان دوورخستنەوەی هیچ لایەک و لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت و بەرگری لە عێراق دەکات..."

لە یاسای بنچینەیی عێراقیشدا ریزبەندی دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدرال و دەسەڵاتە هاوبەشەکان لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان، دیاری کراوە (م. ١١٤).کە لەم نێوەدا

پاشماوەی دەسەڵاتەکان بە پێی ماددەی ١١٥ بە هەرێمەکان سپێردراون. بۆ نموونە یەکێک لە دەسەڵاتە هاوبەشەکان بریتییە لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرک بە هاوئاهەنگی حکوومەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە (م. ١١٤). لەبەشی چوارەمی یاسای بنچینەییدا (دەستوور) دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فێدراڵی دیاری کراون، وەک سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، سیاسەتی دارایی و گومریک و دەرکردنی دراو و...هتد (م. ١١٠). بەپێی ماددەکانی ١١١ و ١١٢، نەوت و گاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن، لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا. حکوومەتی فێدراڵ لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکاندا نەوت و گازی بەرهەمهێنراو بەڕێوە دەبەن، بە مەرجێک داهاتەکەیان دادپەروەرانە و بە گوێرەی حەشیمەتی دانیشتووانی سەرجەم پارچەکانی وڵات، دابەش بکرێت.

بەپێی ماددەی ٤٧ حکوومەتی فێدراڵی سێ لقی یاسادانان، جێبەجێکاریی (ڕاپەڕاندن) و دادوەریی و هەروەها هەندێ کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەیە. ئەم سێ دەسەڵاتە ئەرکی خۆیان لەسەر بنەمای جیایی دەسەڵاتەکان جێبەجێ دەکەن. دەسەڵاتی یاسادانان لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵ پێکدێت. بەپێی ماددەی ٤٩ی خاڵی یەکەم، لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ هەر سەد هەزار کەس لە دانیشتووانی عێراق، کورسییەک

بگەڕێوە بۆ پێڕست

تەرخان کراوە. بەپێی خاڵی چوارەمی ئەم ماددەیە پشکی نوێنەرانی ژن دیاری کراوە و نابێت لە چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر بێت. ئەنجومەنی نوێنەران دانانی یاسا فیدراڵیەکان، چاوەدێریکردنی دەسەڵاتی راپەڕاندن، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و...هتد، لە ئەستۆیە (م. ٦١ ی. ب). بەپێی ماددەی ٦٥ ئەنجومەنی فیدراڵی، نوێنەرانی هەرێم و ئەو پارێزگایانە لەبەردەگرێت کە ناکەونە نێو سنووری هیچ هەرێمێکەوە.

ماددەی ٦٦ی یاسا ئەوە دیاری دەکات کە دەسەڵاتی راپەڕاندن لە سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران پێکدیت. دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار کە بەپێی ماددەی ٦٧ی یاسای بنچینەیی نیشانەی یەکپارچەیی نیشتمان و سەروەریی... وڵاتە، لە ماددەی ٧٣ یاسادا دیاری کراوە. بەپێی ماددەی ٧٦ سەرۆک کۆمار، کاندیدای ئەو فراکسیۆنەی پاڕلەمان کە زۆرترین ئەندامی هەیە وەکو سەرۆک وەزیران دیاری دەکات و رایدەسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران. ماددەی ٨٣ی یاسا، دیاری دەکات کە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان پێکەوە و بە شیوەی تاکەکەسی لێپرسراون لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا.

بەپێی ماددەکانی ١٩ و ٨٧ ی. ب، دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆیە و دادگا هیچ دەسەڵاتێکی بە سەرەوە نییە، جگە لە یاسا. دەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵی پێکدێت لە ئەنجومەنی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دادوەریی باڵا، دادگای فیدراڵی باڵا، دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی و دەزگای داواکاریی گشتی، دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەریی و دادگا فیدراڵیەکانی تر کە بەپێی یاسا ڕێکدەخرێن (م. ٨٩ ی. ب).

جگە لە حکوومەتی فیدراڵ، ئاستی هەرێمی، پارێزگا و کەرت لە ناو عێراقدا دەبینرێن کە بازنەی دەسەڵاتی خۆیان هەیە لەسەر ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی، کە یاسا دیاری کردوون (م. ١١٦ ی. ب). ئەم وڵاتە لە ١٨ پارێزگا پێکهاتووە و هەر پارێزگایەک چەندین کەرت لەخۆ دەگرێت. کوردستانی باشوور (کوردستان — عێراق) ئێستاکە تەنیا هەرێمی پێناسەکراوی عێراقە، و ئێستا سێ پارێزگا لە ١٨ پارێزگای عێراق کەوتوونەتە ناو ئەم هەرێمەوە. ئەم هەرێمە حکوومەت و هێزی چەکداری فەرمی خۆی هەیە. ماددەی ١١٧ ی. ب عێراق دان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکەیدا دەنێت و ڕێگاش دەدات بە دامەزراندنی هەرێمەکانی تر بە پێی یاسا. بە پێی ماددەی ١٢١ هەرێمەکانیش وەک حکوومەتی ناوەندیی سێ دەسەڵاتی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەریان هەیە و دەبێت لەو داهاتانەی لە حکوومەتی فیدراڵدا بە دەست دەهێنرێن، پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێت... هەروەها لە باڵوێزخانەکاندا نووسینگەی تایبەت بۆ هەرێم و پارێزگاکان دەکرێنەوە بە مەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕووناکبیریی و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان. وێرای ئەمانە

بگەڕێوە بۆ پێرست

بەپێی خاڵی پێنجەمی ئەم ماددەیە، هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێم دایە بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم، وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.

هەروەها یاسای بنچینەیی بەپێی ماددەی ١٢٢، مافی دیسەنتەڕاڵی ئیداری بۆ ئەو پارێزگایانە لەبەرچاو دەگرێت کە ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە. لەم پارێزگایانەدا ئەنجومەنی پارێزگا هەیە کە پارێزگار وەکو سەرۆکی راپەڕاندنی باڵای پارێزگا هەڵدەبژێرن بۆ دابەزاندنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێی بەخشراوە. بەپێی ماددەی ١٢٤ پێتەخت واتە بەغدا بۆی نییە لە سنووری هیچ هەرێمێکدا بێت.

هەروەها یاسا بەپێی ماددەی ١٢٥ مافی حکوومەتی خۆجێیی لە باری ئیداری، سیاسی و رووناکبیرییەوە بۆ نەتەوە جیاوازەکان، وەک تورکمان و کلدانی و ئاشووری و پێکهاتەکانی تر لە شوێنی نیشتەجێ بوونیاندا، دەپارێزێت.



بگەڕێوە بۆ پێڕست

**هەرێمی کوردستان:** هەرێمی کوردستان کە بەشی باشووری کوردستانی گەورە لەبەر دەگرێت تا ئێستا (ساڵی ٢٠١٢) تەنیا هەرێمی پێکهاتووە لە عێراقدا. ماددەی ١ی یاسای بنچینەیی هەرێمی کوردستان[٤١٠] بەم جۆرە هەرێمی کوردستان پێناسە دەکات: "کوردستان-عێراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عێراقدا، سیستەمی سیاسیەکەی پارڵەمانی، کۆماری و دیمۆکراتیە و پشت بە فرەلایەنی سیاسی و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەست کردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنی گشتی راستەوخۆی نهێنی و دەورییەوە دەبەستێ." بۆیە دەکرێ کوردستان بۆخۆی وەکو کۆمارێکی دیمۆکراتیک وەک کۆماری سرپسکا لە بۆسنیا و کۆمارەکانی رووسیا چاوی لێکرێت. بەپێی ماددەی ٢ی کوردستان قەوارەیەکی جوگرافیایی مێژوویيە کە پێکدێت لە پارێزگای دهۆک، کەرکووک، سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجار و...هتد. بەپێی ماددەی ١٠٢ی یاسای هەرێم، دابەشبوونی کارگێڕیی (ئیداری) لە کوردستان بە ریزەوە لە سەرەوە بۆ خوارێ بریتییە لە: پارێزگا، قەزا، ناحیە، دێ. زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمی هەرێمن. هەروەها دوو زمانی تورکمانی و سریانیش لەو

---

410 "پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان"، ٢٠٠٩، لە: www. Perleman.org

کارگێڕییانەدا کە زۆرینەی دانیشتووانیان بەو زمانانە دەدوێن لە پەنای کوردی و عەرەبیدا، فەرمین.

بەپێی ماددەی ٣ی یاسای بنچینەیی کوردستان، دەستوور و یاساکانی هەرێمی کوردستان سەروەریی و باندەستییان بە سەر هەموو ئەو یاسایانەوە هەیە کە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دەردەچن. کوردستان لە کاتی دانپێدانانیەوە وەکو هەرێم، هەوڵی داوە نموونەیەکی چاکی دێمۆکراسی پێکبهێنیت. ماددەی ٥ی یاسای ئەم هەرێمە مافی کەمینە ئێتنیکیەکانی دیکەی خاکی کوردستانی پاراستووە. ماددەی ٦ وێرای ناسینی ئیسلام وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان، مافی ئایین و ئایینزاکانی دیکەش دەپارێزێت و ڕێگە بە دانانی یاسای دژ بە دێمۆکراسی و ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان، نادات. ماددەی ٧ی ئەم یاسایە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بۆ گەلی کوردستان لەبەرچاو گرتووە.

بەپێی ماددەی ٩، هەرێم مافی بەشداریکردنی دادپەروەرانەی هەیە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی فێدراڵ و نێردە و کورسیەکانی خوێندن و شاندەکان و کۆنفرانسە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بە شێوەیەکی گونجاو و هاوشان و سپاردنی پلەکانی فەرمانبەریی لە فەرمانگە فێدراڵیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بە هاووڵاتییانی خۆی. بەپێی دەروازەی شەشەمی یاسای بنەڕەتی کوردستان، هەندێ کۆمیسیۆن و دەستەی



بگەڕێوە بۆ پێڕست.

سەربەخۆیش وەکو دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان و... هتد، هەن.

بەپێی ماددەی ١١، هەرێمی کوردستان ئاڵایەکی تایبەتی خۆی هەیە کە لەتەک ئاڵای فێدراڵیدا هەڵدەکرێ، هەروەها دروشم و سروودی نیشتمانی و جەژنی نەتەوایەتی خۆی هەیە. ئەم هەرێمە بە پێی ماددەی ١٢١ی دەستوری عێراق کە ئاماژەی پێ کرا و ماددەی ١٢ی یاسای بنچینەیی هەرێمی کوردستان، وەکو پاسەوانی هەرێم هێزی پێشمەرگەی بەرگریکاری هەیە. هەروەها سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی کە ناکەونە ناو دەسەڵاتی حکوومەتی فێدراڵەوە، مافی رێکەوتننامەی لەگەڵ دەوڵەتە بیانیەکان یان هەرێمەکانی ناویانی بۆ هەرێم، لەبەرچاو گرتووە. لەباری ئابووریەوە ئەم هەرێمە پشتی بە سیستەمی ئابووریی و بازاڕی کێبەرکێی رەوا بەستووە لەگەڵ هاندان و گرتنەبەری پەرەپێدانی ئابووری لەسەر بنەمای نوێی وەبەرهێنان (م. ١٥ ی. ب).

بەپێی ماددەی ٤٠ یاسای هەرێم، پاڕلەمانی کوردستان دەسەڵاتی یاسادانان و سەرچاوەی بڕیاردانە لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی کوردستان. ئەندامەکانی ئەم پاڕلەمانە لە دەنگدانێکی گشتی ئازاد و راستەوخۆی نهێنیدا هەڵدەبژێردرێن. دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بە پێی ماددەی ٥٩ی یاسای هەرێم لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت. سەرۆکی هەرێم کە لە رێگای دەنگدانی گشتی، نهێنی و راستەوخۆوە لەلایەن هاووڵاتییانی کوردستانی هەڵدەبژێردرێت، سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی

بگەڕێوە بۆ پێرست

جیبەجێکارییە و فەرماندەری گشتی هێزەکانی پێشمەرگەیە و لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات و هاوئاهەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات (م. ٦٠ و ٦١ ی. ب). ئەنجومەنی وەزیران لە سەرۆک وەزیران و وەزیر و جێگرەکانیان پێکدێت، کە بەشی کارگێڕیی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی بە ئەستۆیەتی (م. ٦٩-٧٠ ی. ب).

بەپێی ماددەی ٧٢ دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیە و لە ئەنجومەنی دادوەریی، دادگای یاسای بنچینەیی، دادگای پێداچوونەوە، دەستەی سەرپەرشتی دادوەریی، دەستەی داواکاریی گشتیی و دادگاکان بە گشت پلەو جۆر و دەستەکانیانەوە پێکدێت.

بگەڕێوە بۆ پێرست

## کورتەی پاژی دووەم

لەم پاژەدا بە کورتی ئاور درایەوە سەر سیستەمی حکوومەتی فیدراڵ لە هەندێ وڵاتی فرەنەتەوە و فرەچەشنی، لە باری پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە. لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا دابینکردنی مافی گروپە کۆمەڵایەتیەکان و کەمایەتیەکان هۆی سەرەکی پێکهاتنی سیستەمی فیدراڵ بووە، لەبەر ئەوەی کە لە کۆمەڵگا پلوراڵەکاندا دەوڵەتی دیمۆکراتیک نە تەنیا بەرگری لە مافەکانی تاک بەڵکو بەرگری لە مافە بەکۆمەڵەکانی گروپەکانیش، چ لە باری سیاسی و چ لە باری کەلەپوورییەوە، دەکات[411].

وەک بینرا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا وێڕای هەبوونی سیستەمی فیدراڵ و هاوشێوەیی زۆر، جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە و سیستەمەکان بە کردەوە دەکەونە ناو بازنەی شەبەنگێک لەم جووت چەمکانە؛ فیدرالیزمی راستەقینە و فیدراسیۆنی پەتی، فیدرالیزمی دووانە یان هاریکارانە، سیستەمی تەواو دیمۆکراتیک و نیوە دیمۆکراتیک، سیستەمی پاڕلەمانتاری و پریزدێنتاڵ، دوو یان چەند ئاستەی دەسەڵات و حکوومەت، نوێنەرایەتی ڕێژەیی و نوێنەرایەتی یەکسانی ئەنجومەنی فیدراڵ و...هتد. بەڵام وێڕای

[411] Dua, **op.cit**, p. 52

بگەڕێوە بۆ پێرست

هەبوونی دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ زۆربەیان لە ئاستی فیدراڵدا سیستەمی پارلەمانتاری دوو ئەنجومەنەیان هەیە، ئەگەرچی بە شیوەی جیاواز بۆ وینە رەنگە لەگەڵ یەک سەرۆک یان دوو سەرۆکی جیا (سەرۆکی دەولەت و حکوومەت) یان سەرۆکایەتی بە کۆمەڵ و...هتد، رووبەروو بینەوە. زۆربەی وڵاتەکان بەرەو فیدرالیزمی هەرەوەزیی و هاریکارانە رۆشتوون هەرچەند جیاییخوازیی و پۆتانسیەلی جیابوونەوەی هەندێ هەرێم لە هەندێک وڵاتدا بە شیوازی ئاشتیخوازانەو چارەسەریی دێمۆکراتیک دەبینریت. لەو وڵاتانەیدا کە دێمۆکراسی بە چاکی پێشکەوتووە بە فەرمی یان نافەرمی مافی دیاریکردنی چارەنووس (بریتی لە جیابوونەوە) ناسراوە، هەرچەند جیابوونەوەیەک نەبینراوە، کەچی لەوانەیدا کە دێمۆکراسی لاوازترە یان کێشەی ئایدیالۆژی و ئایینی هەبووە بابەتگەلێکی دەگمەن لە مێژوودا بینراون.

هەرچۆنێک بێت ئەم پاژە وینەیەک لە فیدرالیزم لە وڵاتانی فرەنەتەوە پێشکەش دەکات، تاکو بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوانە و دیتنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان بکرێ مۆدێلێکی شیاو و گونجاو لەگەڵ وڵاتانی هاوشێوەی دیکەدا، پێشنیار بکرێت. یەکێک لەو وڵاتە هاوشێوانە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێرانە کە لە پاژی دواتردا هەوڵ دەدرێت هەندێ سێناریۆ و شێوازی فیدراڵی لە چوارچێوەی مۆدێلی نەتەوەیی-جوگرافیایی و پێشنیاری شیاوترینی ئەوانە بۆ ئەم وڵاتە، پێشکەش بکرێت.

بگەڕێوە بۆ پێرست

# پارژی سێهەم:

# گەڵاڵەی فیدرالیزمی نەتەوەیی - جوگرافیایی بۆ ئێران

بگەڕێوە بۆ پێڕست

لە دوو پاژی پێشوودا هەوڵ درا، کە هەم لە باری تیۆریکەوە و هەم لە باری کردەییەوە وێنایەک لە فێدرالیزم، مۆدێل و جۆرە جیاوازەکانی پیشان بدرێت، تاکو بە یارمەتی و پشت بەستن بە تیۆریەکان و ڕەچاوکردنی ئەزموونی وڵاتانی دیکە، بکرێ گەڵاڵەیەک یان هەندێک سناریۆ بۆ گەڵاڵەی فێدرالیزم لە ئێراندا داڕێژرێت. وەک پێشتر ئاماژە کرا وڵاتەکان لە باری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازن، بۆیە لێرەدا بە هۆی سنووردارێتی لە هێنان و لێکدانەوەی هەموو وڵاتانی فێدراڵ، هەوڵ درا ئاماژە بەو وڵاتانەی بکرێت، کە لە باری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە تارڕادەیەک هاوشێوەی ئێرانن. دیارە لە بەشی تیۆریکدا باسەکە گشتی تر بوو. فێدرالیزم بە گشتی باس کرا و زۆربەی باسە تیۆریکەکانیش، لەسەر یان لە پێوەندی لەگەڵ فێدرالیزمی ئەمەریکادا، وەکو فێدرالیزمی دایک هاتوونەتە ئاراوە، کە ئەم مۆدێلە وێرای کاریگەریی و سەرچاوەبوونی لە وڵاتانی تردا، بەپێی بارودۆخی هەر وڵاتێک گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە. لە وڵاتانی فرەنەتەوەیی ناتێکەڵدا بۆ بەرگیری لە کێشە و ناکۆکی و دابینکردنی مافی بەرابەری هەموو نەتەوەکان، فێدرالیزم هەندێ تایبەتمەندی جیاوازیی لەخۆ گرتووە و زۆر جاریش بە چاکی لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا لە گۆڕەپانی کردەوەدا، دابەزێندراوە. لەم وڵاتانەدا وەک لە تایبەتمەندیەکانی فێدرالیزمەکەیاندا لە پاژی ٢ دا



گەڕانەوە بۆ پێڕست

ئاماژەی پێ کرا، وێرای هاوشێوەیی زۆر، بەڵام دیسانیش هەندێک جیاوازییان لە نێواندا دەبینرێت و هەندێ لەوانە لە فیدرالیزمی راستەقینە نزیکتر بوون و هەندێکی کەمیان هێشتا لە شەبەنگێکی نێوان فیدراسیۆنی پەتی و فیدرالیزمدا ماونەتەوە. لەم پێوەندییەدا، لێرەدا ئێران بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وەکو وڵاتێکی فرەنەتەوەیی (زۆرتر ناتێکەڵ) رەچاو کراوە و دەکەوێتە ناو ئەم تاقمە لە وڵاتان. لەم پاژەدا هەوڵ دەدرێت ئاورێک بدرێتەوە سەر شێوازی فیدرالیزم لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا، ئەگەر حکوومەتێکی دیمۆکراتیک سەقامگیر بکرێت.

لە باری مێژووییەوە، ئێران بۆخۆی وەکو یەکێک لە نموونە کۆنەکانی فیدراڵی رەچاو کراوە، بە جۆرێک کە تا سەردەمی پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ بە هۆی لەخۆگرتنی نەتەوەی جۆراوجۆر، تاقە حکوومەتێکی ناوەندیی بە شێوەی ئەمڕۆکەی نەبووە. ئەوە لە سەردەمی نوێدا بوو کە بە هۆی لاسایی کردنەوەی پەتی لە هەندێ وڵات و زۆرتریش تێنەگەیشتن لە شێوازی حکوومەت کردنی نوێ و هەندێ جاریش بە ئەنقەست لە بەرچاونەگرتنی لایەنی مرۆیی و چاندی مۆدێرنیتە، هەموو هەوڵەکان خرانە سەر تێکدانی حکوومەتە ناوچەییەکان و بەهێزکردنی حکوومەتی ناوەندیی و یەکدەست کردنی وڵات. کارێک کە کارەساتی لێکەوتەوە و هەوڵی دژەمرۆیی تواندنەوە و لەنێوبردنی نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی وڵاتی ئێرانی، بە دواوە هەبوو. واتە لە

بگەڕێوە بۆ پێرست

سەردەمێکدا کە بەرە بەرە لە وڵاتانی تردا هەوڵ دەدرا بۆ پاراستنی دەسکەوتە شارستانی و چاندیەکانی مرۆڤ و جۆراوجۆریی وڵاتەکان، لە ئێراندا تازە رەوتێک کە لە مێژ بوو ئەوروپا لێی پاشگەز ببووەوە، دەستی پێکردبوو و بە سەدان زمان و زاراوە و کەلەپوور لە نێو چوون و کارگێڕانی ئەم کارەساتانەش لەلایەن شۆڤینیزمی فارسەوە بە ئاڵاهەڵگران و سەرکردەی پێشخستنی وڵات دەناسران. لەم نێوانەدا تەنانەت هەوڵگەلێکی بچووکیش، کە لەلایەن هەندێک کەس و لایەنەوە بۆ بەدیهێنانی جۆرێک دیسەنتەڕاڵی کردن دەدرا، وەکو هەوڵ بۆ دابەزاندنی ئەنجومەنی "ئەیالەتی و ویلایەتی" کە لە یاسای مەشروتەدا هەبووە سەرنج نەدران و لە سۆنگەی هەوڵ بۆ تێکدانی وڵات چاویان لێکرا و پشت گوێ خران. ئاکامی ئەم هەوڵە شۆڤێنیانە پێکهاتنی حکوومەتگەلێک بوو، کە لە راستیدا هیچ کات خەڵکیان بە سەرچاوەی دەسەڵات و رەوایی نەزانیوە (زۆرتر رەوابوونی نەریتی و ئیلاهی یان کاریزمایی بینراوە) و نەیانویستووە کە خەڵک بۆخۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.

ئێرانی ئەوڕۆکەش هەروا وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، کە نزیکەی ٧٩ میلیۆن حەشیمەتی هەیە[٤١٢]. ئەم وڵاتە شەش نەتەوەی گەورە و هەندێ کەمینەی تر لەخۆدەگرێت. نەتەوەکان خاک و نیشتمانی

412 http://en.wikipedia.org/wiki/Iran

تایبەتی خۆیان هەیە، وێڕای ئەوەی کە هەندێک خەڵک لە ناوچەکانی تری ئێران بە هۆی جۆراوجۆر (زووتر دوورخرانەوە و ئێستاش گەڕان بەدوای کار) بڵاوەیان کردووە. تاکو ئێستا ئەم وڵاتە ڕەنگی دیمۆکراسی بەخۆوە نەبینیوە، جگە لە هەندێ بڕگەی زۆر کورتی کاتیی کە نیوەدیمۆکراسییەک ویستوویە پێ بگرێت، بەڵام درێژەی نەخایاندووە. لە باری سیاسییەوە حکوومەتێکی دیمۆکراتیک کە تاڕادەیەک هەوڵی دابێت بۆ دابینکردنی سێ لایەنی سەرەکی دیمۆکراسی؛ ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری نەبینراوە. لە باری مافی نەتەوەکانەوە، هیچ مافێکیان بۆ لەبەرچاو نەگیراوە و بە درێژایی مێژوو سیاسەتی تواندنەوە و لەنێوبردنیان لە پێش گیراوە و زمان و چاندی فارسی وەکو تەنیا زمانی فەرمی بە سەریاندا سەپێندراوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە وڵاتانی دیمۆکراتیکی فیدراڵدا، هەروەک لە پاژی دوودا ئاماژە کرا، جگە لە مافی تاک، گروپە بچووکەکان (تەنانەت چەند سەد کەسی) مافی بە کۆمەڵی خۆیان هەیە کەچی لە ئێراندا گروپە میلیۆنیەکان هیچ مافێکیان نەبووە. کەمکردنەوە و پێوەند دان بە نەتەوەیەک (فارس) لە هەموو بوارێکدا چ پێش و چ پاش شۆڕشی ١٣٥٧ بینراوە و هەموو شتێک بە ناوی فارسەوە پیشان دراوە و بانگەشەی بۆ کراوە. لە هەموو هێما، سروود، ئاڵا و...هتد دا جگە لە نیشانەی فارسی و زمانی فارسی شتێکی تر، نەبینراوە. زمانی فارسی بە زۆری بە سەر نەتەوە نافارسەکاندا سەپاوە و هتد. لە

بگەڕێوە بۆ پێرست

باری باوەڕ و ئایینیشەوە، ئازادی و سێکیولاریزم بە واتای یەکسانی ئایین و کەلەپوورەکان نەبینراوە و دەوڵەت بە جێی بێلایەنی، لە خزمەتی برەودانی ئایینێکدا (ئیسلامی شێعە) بووە و بە گشتی نادادپەروەریی و نابەرابەری چ لە بەردەم و چ لە دەرەوەی یاسا و نەبوونی ئازادی و دیمۆکراسی لەم وڵاتەدا شەپۆلانی کردووە. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٣٥٧ی هەتاویدا، لەبەر بزووتنەوەی هەندێ لایەن، بەتایبەت بزووتنەوەی نەتەوەکان، لەوانەش نەتەوەی کورد، لە یاسای بنچینەیی ئەم وڵاتەدا ئاماژەیەکی زۆر بێ هێز بە زمانی نەتەوەکان کرا کە پاش سەقامگیر بوونی حکوومەتی نوێ و لەنێوبردنی هێزە دیمۆکراتیکەکان ئەوەش پشت گوێ خرا و پتر لە سەردەمی پێشوو لە ژێر ناوی ئاییندا هەوڵێکی بەرفراوان بۆ سەرکوت کردنی دەنگی مافخوازیی نەتەوەکان درا. لەم رەژیمەشدا بە گشتی هەڵاواردن و جیاوازیدانان لە نێوان هاووڵاتییان رێخەی لە خودی یاسای بنچینەییدا هەیە. بەڵام ئەم هەوڵانەی حکوومەتی ناوەندیی و شۆڤێنیزمی فارس سەرنەکەوتوون و نەتەوەکانی ئێران پتر لە رابردوو داواکاریەکانی خۆیان لە سەر مافە رەواکانیان هێناوەتە ئاراوە و لە پێناوی بایەخدان بە مرۆڤ و مافەکانی و سەقامگیرکردنی دیمۆکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، رۆژ بە رۆژ دەنگیان زۆرتر هەڵێناوەتەوە. لەم راستایەدا و لە پێناو دابینکردنی مافی مرۆڤ بە هەموو لایەنێکیەوە بەتایبەت مافی بە

بگەڕێوە بۆ پێرست

کۆمەڵی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران، زۆرینەی دژبەرانی ئێرانی (ئۆپۆزیسیۆن) بەتایبەت حیزب و ڕێکخراو و لایەنەکانی سەر بە نەتەوەکان، باسی فێدرالیزمیان هێناوەتە ئاراوە وەکو یەکێک لە پێویستیەکانی دامەزراندنی دیمۆکراسی لە ئێراندا.

لە سەردەمی مۆدێرندا تا پێش پێکهاتنی حکوومەتی فێدراڵی عێراق ئەزموونی فێدرالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبووە و وڵاتانی ئەم ناوچەیە زۆرتر لە ژێر ڕکێف و لاسایی کردنەوەی سیستەمی سیاسی مۆدێلی ئینگلیز و فەڕەنسەدا بوون، کە سیستەمی یونیتەری بوون[٤١٣]. باسی سیستەمی فێدراڵی لە ئێرانی سەردەمی هاوچەرخدا، بە جۆرێک ڕێخەی لە باسی "ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی" لە یاسای سەردەمی مەشروتەی ئێران و دانانی هەندێ ئەنجومەن لەو سەردەمەدا و پاشان پێکهاتنی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان دایە. بەڵام بە شێوەی بەرچاو بیرۆکەی فێدرالیزم بۆ ئێران سەرەتا لەلایەن عەبدوڕڕەحمان قاسملوو ڕێبەری پێشووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، هاتە ئاراوە. قاسملۆ بە بوون لە ڕۆژئاوا و ناسینی ئەم سیستەمە، کە لە زۆر وڵاتدا بەڕێوە چووبوو هەوڵیدا بۆ هێنانە ئارای وەها سیستەمێک لە ئێراندا. بەڵام بە هۆی نەبوونی بارودۆخی شیاو، بەتایبەت یەک ویست نەبوون و

413 Mallat, op.cit.

ئاگانەبوونی نەتەوەکانی دیکە و ئەوەی کە ئەوان وەکو کورد و مرۆڤێکی دیمۆکرات ناتوانن و ڕێگە بە خۆیان نادەن لە جێی نەتەوەکانی دیکە بڕیار بدەن، بە کردەوە تەنیا باسی خودموختاری بۆ کوردستانی دەکرد و لە بەرنامەی حیزبەکەشی لە بەر ئەوەی حیزبێکی کوردستانی بوو، تەنیا باسی خودموختاری هێنایە گۆڕێ. هەر لەو کاتەشدا رایگەیاند کە داواکاریی وەچەی داهاتوو جیاوازە لە هی ئەوان و ڕەنگە لە داهاتوودا نەتەوەکانی تریش بە ئاگایی سیاسی بگەن و ئەوانیش داوای خودموختاری بکەن و لێرەدایە کە باسی فیدرالیزم بۆ ئێران بە گشتی دەبێتە ویستی خەڵکی. هەنووکە ئەو پێشبینییەی قاسملۆ هاتووەتە دی و زۆرینەی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و نەتەوەکانی تریش داوای فیدرالیزم دەکەن. بۆیە حیزبی دێمۆکراتیش پلان و بەرنامەی فیدرالیزمی لەم راستایەدا لە بەرنامەکانی خۆیدا داناوە و بەدواداچوونی بۆ دەکات و بە یەکێک لە پێش مەرجەکانی دێمۆکراسی دەزانێت لە ئێراندا.

ئەوڕۆکە، سەردەمی دەوڵەتی شارستانییەتە کە لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، پێویستی بە فیدرالیزم هەیە. بۆ دامرکاندنی وەها دەوڵەتێکی دێمۆکراتیک کە تێیدا هەموو بنەماکانی دێمۆکراسی کەم تا کورت بەڕێوە ببردرێن، لە ئێراندا دەبێت هەوڵ بدرێت کە فیدرالیزمی راستەقینەو تەواو، واتە لە هەموو بوارەکانەوە دیسەنتەڕاڵ کراو نەک تەنیا فیدراسیۆن، دامەزرێت. بەتایبەت لە

باری سیاسییەوە سیستەمی فرەحیزبی هەبێت، کە حیزبێکی سیاسی دەسەڵات قۆرخ نەکات و دواتر حکوومەتی سەنتراڵ پێکبێت. هەر وەها دەبێ نەتەوەکان ئەوەندە هەستی خاوەن ماف بوون و دەسەڵات و سەروەریی بکەن، کە بوون لەو چوارچێوەیەدا بە قازانجتر بزانن تا لێ جیابوونەوەی، کە ئەمەش دابەشکاریەکی شارەزایانە و دادپەروەرانەی دەوێت.

بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێران، هەربەو جۆرەی کە چیبلی مەللاتیش لە ٢٠٠٣ دا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشنیاری کرد، فێدرالیزمی نەتەوەیی-جوگرافیایی ، واتە تێکەڵێک لە مۆدێلی جوگرافیایی و کامیونیتاریەن، پێویستە. بە وتەی ناوبراو، فێدرالیزمی جوگرافیایی یان پێوەندیدار بە خاک (تێریتۆریاڵ) پێویستە، چونکو تەنیا ڕێگایە کە گونجاوە لەگەڵ خودموختاری و دیاری کردنی مافی چارەنووسی کەمینە دیار و جیاوازەکان. هەر بەو جۆرە فێدرالیزمی کامیونیتاریەن ئامرازێک دەبێت بۆ مسۆگەرکردنی بەرابەری. بۆیە پێشنیاری مۆدێلێک بۆ ئەم جۆرە وڵاتانە دەکرێت، کە هەردووکی فێدرالیزمی کامیونیتاریەن و جوگرافیایی لەبەر بگرێت[٤١٤]. لە ئێراندا لە زۆر شوێندا ئەم دووانە دەکەون بە سەریەکدا، واتە هەرێمی نەتەوەکان کە هەر هەرێمێک تایبەتی نەتەوەیەکە و جوگرافیای خۆیان هەیە. لە

414 Mallat, op.cit.

هەندێ شوێنیشدا رەنگە کەمینەیەکی تر لە جوگرافیایەکی بچووکدا یان کەمینەگەلێکی تێکەڵ هەبن کە لەو شوێنانەدا کە دەکەونە ناو هەرێمەکان هەم دەکرێ لە ئاستی خۆجێیدا دەسەڵاتی کارگێڕییان هەبێت و هەم فیدرالیزمی کامیونیتاریەن یان دیمۆکراسی فرەنەتەوەیی و فرەئێتنیکی رەچاو بکرێت.

دیارە باس کردن لەسەر پێکهاتەی سیاسی وڵاتی ئێران بابەتێکە پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە و ئەوە خەڵک و نوێنەرانی کۆمەڵانی خەڵکن کە دەبێت لەسەری رێکەون. بۆیە لێرەدا بەس وەکو پێشنیار، بەپێی باسە تیۆریکەکان و ئەزموونی وڵاتانی فیدراڵی فرەنەتەوە و بارودۆخی ئێران بۆخۆی، هەندێ گەڵاڵە لەسەر شێوازی سیستەمی فیدراڵی دەهێنرێتە ئاراوە. بەپێی جۆراوجۆریی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێران، دەبێت پێش هەر شتێک هەوڵ بدرێت بۆ قبووڵ کردنی "دیمۆکراسی" بە تەواوی واتا و حکوومەتی خەڵک بە هەموو لایەکەوە، نەک گروپێکی تایبەت. واتە ئێلیتەکان هەوڵ بدەن بۆ دانان و قبووڵ کردنی دیمۆکراسی بە هەموو لایەنەکانیەوە. لەم راستایەدا ئەو جۆرە دیمۆکراسیەی کە ئەم دۆخە دابین بکات و لە زاڵیەتی گروپێک بەرگیری بکات، دیمۆکراسی رێکەوتنی‌یە (تەوافوقی). پێویستی ئەم چەشنە دیمۆکراسییەش پێش هەر شتێک هەبوونی زەینییەتی دیمۆکراتیکە کە ئێلیتی ئێرانی و بەتایبەت ئێلیتی نەتەوەی فارس هەیانبێت. دیارە یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی ئێران بۆ

بگەڕێوە بۆ پێڕست

مسۆگەرکردنی دیمۆکراسی تاکو ئێستا نەبوونی وەها ئێلیتگەلێک بووە. بە جۆرێک کە ئەگەر لە وڵاتانی تر هەندێک لە بلیمەتەکانی نەتەوەکانی تر وەک سمایل بشێکچی لە تورکیا و...هتد، دانیان بە مافی ڕەوای نەتەوە بن دەستەکان ناوە، لە ئێراندا و لەلایەن نەتەوەی فارسەوە وەها شتێک تا ئەم دواییانە نەبینراوە[415]. بیری شۆڤێنیزمی و فاشیستی وەهای کردووە کە کاتێک باسی مافی نەتەوەکان دێتە ئاراوە، هەموویان بە هەر ئایدیالۆژیا و بیرۆکەیەکەوە، دەبنە یەک و ئامادە دەبن کە مافی مرۆڤ و هەموو بایەخە مرۆییەکان پێشێل بکەن، تا وەک خۆیان دەڵێن پارێزگاری لە چوارچێوە و ناوێکی بێ ناوەرۆک بکەن. لەم پێناوەدا پێش مەرجی دانیشتن و وتووێژ و پێکهێنانی حکوومەتی دیمۆکراتیکی فێدراڵ لە داهاتووی ئێراندا، قبووڵی دیمۆکراسی و باوەڕی قووڵ بە دیموکراسییە لەلایەن سەرکردە و بلیمەتەکانی ئەم وڵاتەوە. لەم ڕەوشەدایە کە هیچ کام لە ئێلیتەکان بەتایبەت فارسەکان، ڕێگە نادەن بە خۆیان، کە لە جێی خەڵک و بەتایبەت نەتەوەکانی تر بڕیار بدەن و بوار بۆ وتووێژ کە بنەمای دیمۆکراسی تەوافوقییە دەڕەخسێت و لە ئاکامدا سیستەمێکی

---

415 لەم دواییانەدا هەندێ چالاک و ڕۆژنامەنووس دەبیندرێن بەڵام لە ئاستی بلیمەتە بەرچاوەکاندا هێشتا ئەو لاوازیە هەیە.

بگەڕێوە بۆ پێرست

فیدراڵی راستەقینە پێکدێت و هەر لەو کاتەدا بەرگیری لە توندوتیژیش دەکرێت.

پاش قبووڵ کردنی دیمۆکراسی و پێکهاتنی هەلی گونجاو بۆ دەست پێکردنی وتوویژ لەلایەن نوێنەرانی گروپە نەتەوەییەکان، باس لەسەر شێوازی سیستەمی فیدراڵی و دابەشکاریی سەروەریی و دەسەڵات، دێتە ئاراوە. دیارە پاش رێکەوتنە سەرەتاییەکان، ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی وڵات دەبێت دامەزرێت و بۆ ئەو مەبەستەش بە شێوەیەک کە لە سەری رێدەکەون، ئێستا هەڵبژاردنی ئازادی گشتی یان نوێنەرانی رێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانی نەتەوەکان و... نوێنەرانی خەڵک و گروپە نەتەوەییەکان، رەوانەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەی دەکرێن و دانانی یاسایەکی بنچینەیی فیدراڵ و شیاو دەکەوێتە ئەستۆیان. لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەک دەکرێت بە چۆنیەتی یاسای بنچینەیی گریمانەکراو بۆ ئێرانی داهاتوو و ئەو بابەتانەی کە دەکرێت لەبەری بگرێت.

### ١-یاسای بنچینەیی فیدراڵ

پاش پێکهاتنی دەرفەت و تێکچوونی رەژیمی کۆن، حکوومەتی کاتیی بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بە بەشداری سەرکردە و نوێنەرانی هەموو نەتەوەکان پێکدێت، کە دەبێت لە یەکەم دەرفەتی رەخساودا هەوڵ بدەن بۆ بەڕیوەبردنی هەڵبژاردن و

بگەڕێوە بۆ پێرست

دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی فیدراڵ. ئەنجومەنی دامەزرێنەران لە نوێنەرانی خەڵک بە گشتی، واتە نوێنەرانی نەتەوەکان (لە هەر ئایین، چین یان توێژێک) پێکدێت کە لەلایەن خەڵکی هەر نەتەوەیەکەوە بە گوێرەی جەماوەری هەڵدەبژێردرێن. دیارە بۆ ئەم مەبەستە حیزب و رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی هەموو ناوچەکان دەبێت ئازادانە چالاکیان هەبێت و لە پەناشیدا ئازادی رادەربڕین، چاپەمەنی و کۆبوونەوە و...هتد، بۆ هەمووان برەخسێت کە بە شێوەیەکی سەربەستانە نوێنەرانی راستەقینەی خەڵک رەوانەی ئەنجومەن بکرێن. هەڵبژاردنی راستەوخۆی نوێنەران چاکترین و دیمۆکراتیکترین رێگایە، هەرچەندە بە پێی رێکەوتنی لایەنەکان دەتوانن رێگای تریش بۆ هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆی نوێنەران دیاری بکرێت. ئەنجومەنی دامەزرێنەران بڕیار لەسەر بڕگەکانی یاسای بنچینەیی (بریتی لە ناوی فەرمی وڵات، بیچمی حکوومەت و...) دەدات.

دیارە حکوومەتی فیدراڵ وەک لە بەشی تیۆریکدا گوترا، پێویستی بە یاسای بنچینەیی نووسراو دەبێت. ئەم یاسایە بانترین یاسای وڵات دەبێت و شێوازەکانی چاکسازیی دەبێت لە یاسای بنچینەییدا دیاری بکرێن. پتەو یان نەرمونیان بوونی یاسای بنچینەیی لە داهاتوودا و بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی دامەزرێنەران و شێوازی گۆڕینی یاساکان دیاری دەکرێت، کە بە ئەگەرەوە

تارادەیەک پتەو دەبێت، بۆ ئەوەی یاسادانەران نەتوانن بە مەیلی خۆیان و بە ساکاری بیگۆڕن. یاسای بنچینەیی ئەم وڵاتە وەکو وڵاتێکی فرەنەتەوە دەبێت هەندێ تایبەتمەندی جیاوازیی هەبێت و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ماف و ئازادییەکانی تێدا دەستەبەر بکرێن. دەبێت سەرنجی دادپەروەریی (کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سیاسی)، ئازادی، بەرابەری و برایەتی بدرێت. لە پێشەکی یاسای بنچینەییدا وێرای ئاماژە بە دانانی یاسا لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و راگەیندراوە جیهانیە پێوەندیدارەکان، بۆ دووپات نەبوونەوەی کارەساتە نامرۆییەکانی رابردوو لە دژی نەتەوەکان دان بنرێت بە بوونی نادادپەروەریی و هەڵاواردن لە دژی نەتەوەکانی ئەم وڵاتە لە رابردوودا و ئەوە بە فەرمی بناسرێت (بەوجۆرەی کە لە یاسای ئافریقای باشووردا دەبینرێت) و بە شێوەی فەرمیش ئاماژە بە وشەی فرەنەتەوەیی بوون و نەتەوەکانی ئێران بکرێت (وەک ئێتیۆپیا و هەندێ وڵاتی تر). و وەکو وڵاتانێ وەک ئێتیۆپیا و ئافریقای باشوور و...هتد، مافی دیاریکردنی چارەنووسیشیان لەبەرچاو بگیردرێت. ئامرازی ئەم کارەش وەکو کەنەدا، دەکرێ ڕیفراندوم یان راپرسی بێت، کە نەتەوەکان خۆیان بڕیار بدەن لەسەر چارەنووسی خۆیان.

هەروەک دیارە ئەم یاسایە دەبێت لە هەندێ بەش و هەر بەشێکیش لە چەندین برگە، مادده و خاڵ پێکبێت. هەربەشێک بۆ بابەتێکی سەرەکی تەرخان دەکرێت. وەک پێشنیار لە سەرەتاوە

بگەڕێوە بۆ پێرست.

وڵات و پێکهێنەرەکانی، شرۆڤەی ئاڵا، سروود و هێماکانی (کە دەبێت پیشاندەری فرەنەتەوەیی و هەموو نەتەوەکان بەتایبەت شەش نەتەوەی گەورەی وڵات بن) بە فەرمی دەناسرێن و سیستەمی سیاسی دیاری دەکرێت. بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ویستی نەتەوەکان شیاوترین ناوی فەرمی ئەم وڵات یان دەوڵەتە "کۆماری دێمۆکراتیکی فێدراڵی ئێران" دەبێت: وشەی "کۆمار" ئاماژەیە بەوەی کە لەم وڵاتەدا مۆنارشی و پاشایەتی میراتی نابێت و خەڵک سەرۆک یان سەرۆکەکانی دەوڵەت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەڵدەبژێرن. ئەزموونی خەڵک و ئاستی ئاگایی خەڵک ئەمە پیشان دەدات، دیسان لە کۆتاییدا خەڵکن بڕیار دەدەن رەنگە بەپێچەوانەوە مۆنارشییان بوێت. وشەی "دێمۆکراتیک" ئاماژەیە بۆ حکوومەتی خەڵک و هەبوونی هەر سێ لایەنی ئازادی، بەرابەری و برایەتی لە هەموو بوارێکەوە. وشەی "فێدراڵی" ئاماژەیە بە دابەشکاریی سەروەریی و دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی فێدراڵ و حکوومەتی هەرێمەکان و هەروەها بەشداریی گروپەکان لە دەسەڵاتدا لەسەر بنەمای دێمۆکراسی فرەنەتەوەیی فێدراڵ. وشەی "ئێران"یش ناوێکە بۆ دیاریکردنی ئەم چوارچێوە سیاسییە. هەروەها لە بەشی دووەمدا چاک وایە کە بە وردی ئاور بدرێتەوە سەر ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان، بە شێوەیەکی گشتی. ئەم بەشە لە یاسا بەپێی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و راگەیندراوە جیهانیەکانی پێوەندیدار، ئامادە دەکرێ و وێدەچێت



گەڕێوە بۆ پێڕست

لە هەموو یاسا بنچینەییەکانی وڵاتانی دیمۆکراتیکدا، وەکیەک بێت. بەشەکانی تر تەرخان دەکرێن بۆ دابەشکاریی دەسەڵاتەکان چ بە شێوەی ئاسۆیی و چ بە شێوەی ئەستوونی. لە باری ئاسۆییەوە بنەمای جیابوونی سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکاریی (راپەڕاندن) و دادوەریی وەک لە زۆربەی وڵاتاندا پەسەند کراوە، لێرەشدا بە فەرمی دەناسرێت. جێی ئاماژەیە کە جیایی ئەم دەسەڵاتانە بە واتای جیایی رەها بە بێ هیچ پێوەندییەک نییە و بە پێی سیستەمی حکوومەتی پارڵەمانی یان پرێزدێنتاڵ یان رەوشێکی نێوەنجی هەندێ پێوەندی دەبینرێن، وەک سیستەمی چێک و باڵانس لە پرزدنتاڵ یان دەرکەوتنی ئەنجومەنی وەزیران لە ناو پارڵەمان لە سیستەمی پارڵەمانیدا (بڕواننە پاژی یەکەم). لە باری ئەستوونیشەوە دەبێت ئاستە جیاوازە حکوومەتیەکان، دەسەڵات و پێوەندی و پێکهاتەکانیشیان بە وردی دیاری بکرێن.

لە پێوەندی لەگەڵ دیاریکردنی پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فێدراڵ، یاسای بنچینەیی بە ئاماژە کردن بە سنوور و پێکهاتە و شێوازی هەرێمەکان ئەوە دیاری دەکات کە چ جۆرە سیستەمێکی فێدراڵی پەسەند کراوە. وەک پێشنیار، دیارە بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە کە شەش نەتەوەی گەورە هەیە و هەرکام لە خاکی خۆی دایە و زۆرتر ناتێکەڵن و خوازیاری خۆحکوومەتین و لە پەناشیدا وردە گرووپی تر هەیە، دەبێت هەروەک باس کرا،

بگەڕێوە بۆ پێرست

تێکەڵێک لە فیدرالیزمی نەتەوەیی -جوگرافیایی و کامیونیتاریەن ڕەچاو بکرێت. واتە هەر نەتەوەیەک لەسەر خاکی خۆی حکوومەتی تایبەتی خۆی دەبێت و هەر کەمینەیەکی بچووکتریش لە ناو هەرێمەکاندا ئەگەر کۆ بن لە شوێنێک لە ئاستی نزمتردا وەک شارەوانی یان کەرت و شار مافی خۆبەڕێوەبەرییان دەبێت و ئەگەر بڵاو بن بەپێی حەشیمەت بەشداری دەسەڵات دەبن و بەمجۆرە مافی ئەو کەمینە بچووکانەش دەپارێزرێت. کەواتە سنووری هەرێمەکان هەروەک داون برانکەیشیا لە ٢٠٠٤ دا بۆ عێراق پێشنیاری کردبوو بۆ مانەوەو سەقامگیریی، دەبێت لە ڕاستای هێڵە نەتەوەییەکاندا بێت و دابەشکاریی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی بە چاکی دیاری بکرێت و لەم بوارانەدا مافی تەواوی هەرێمەکان مسۆگەر بکرێت. بەم شێوەیە بەرگیری لە پێکهاتنی کەمینەی نوێ لە هەرێمەکانی تردا دەکرێت کە لە دەرەنجامی دابڕانیان لە پاشماوەی نەتەوەکەیانەوە پێکدێن.[٤١٦].

پاش دیاریکردنی جۆری فیدرالیزم، دەبێت بەپێی بارودۆخی وڵات و ئەوەی کە چ سیستەمێکی سیاسی شیاوترە، سیستەمی سیاسی دیاری بکرێت. وەک لە زۆربەی وڵاتانی هاوشێوەدا هەیە، شیاوترین سیستەم، سیستەمی پارڵەمانتاری دەبێت یان وردبینانەتر بڵێین سیستەمێک لە نێوان پارڵەمانی و پرزدنتاڵ،

[416] Brancati, **op,cit**, 2004.

چونکو سەرۆک یان ئەنجومەنی سەرۆک کۆماری هەیە. هەرچەند جیاوازیی نێوان دوو سیستەمی پاڕلەمانتاری و پریزدێنتاڵ لە بەر بوون و نەبوونی سەرۆک کۆمار نییە، بەڵکو لە بەر پێوەندی نێوان دوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاریی و رادەی دەسەڵاتیانە، بۆیە زۆرتر وێرای هەبوونی سەرۆک کۆماریش لەوەها سیستەمێکدا، هەر دەگوترێت سیستەمی پاڕلەمانتاری (بڕواننە پاژی یەکەم). لە سیستەمی پریزدێنتاڵدا، حیزبە ناوچەییەکان و سەر بە نەتەوەکان ناتوانن چەندان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا دەوریان هەبێت و پاڕلەمانیش بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران کاریگەریەکی لەسەر هەڵبژاردنی نابێت و هەروەها لەسەر هەڵبژاردنی وەزیرەکانیش چەندان کاریگەر نابێت. سەرۆک کۆمار راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت و رەنگە هەموو کاتێک لەلایەن حیزبێکی سەرانسەری و نەتەوەی زاڵەوە هەڵبژێردرێت. بۆیە لە وڵاتانی فرەنەتەوەیی دا، وێرای دابەشکردنی بەرپرسایەتیەکان بە گوێرەی حەشیمەت بۆ نەتەوەکان (دێمۆکراسی فرەنەتەوەیی و رێکەوتنانە)، سیستەمی پاڕلەمانتاری لەسەر بنەمای فرەحیزبی دیاری دەکرێت.

سەبارەت بە ئایین و ئایینزاکان، لە راستای ئەم بڕوایەدا کە باوەڕەکان بۆ ئەوە نابن کە مرۆڤ بکرێتە قوربانیان و ئایینیش وەکو باوەڕێک بۆ خزمەت بە مرۆڤ و پەروەردەی چاکی مرۆڤە نە مرۆڤ بۆ ئایین، چاکتر وایە کە وەکو زۆربەی وڵاتانی

دیمۆکراتیک ئاماژە بە سیکولار بوونی دەوڵەت بکرێت بە واتای بەرابەری هەموو ئایینەکان و بێلایەنی دەوڵەت لە بواری ئایینیدا. ڕێز لە هەموو باوەڕێکی ئایینی بگیردرێت و لە یاسادا ئاماژە بە هیچ ئایینێک نەکرێت. لە زۆربەی وڵاتانی فیدراڵ دیمۆکراتیکدا کە تەنانەت زۆرینەشیان لە ئایینێکن، بەتایبەت وڵاتە مەسیحیەکان، یان وڵاتێک وەک هیندوستان بە زۆرینەی هیندو، ئاماژە بە ئایینی تایبەتی دەوڵەت نەکراوە. چونکە لە ڕاستیدا دەوڵەت دەبێت دامەزراوەیەکی بێلایەن بێت بۆ دابینکردنی دادپەروەریی لە نێوان گروپ و ئایینە جۆراوجۆرەکان. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا هێشتا کۆمەڵگایەکی نەریتییە و ڕەنگە دیسان هەندێ لایەن لە ئایین لە دژی حکوومەت کەڵکی نالەبار وەرگرن و کێشە سازکەن، دەکرێ بە ئیسلام وەکو ئایینی زۆرینەی خەڵک ئاماژە بکرێت و ڕەچاو بکرێت، چونکە زۆرینەی خەڵکی ئێران موسوڵمانن، بەڵام ئەمە بە واتای حکوومەتی ئایینی نەبێت و یاسای بنچینەییش لەسەر بنەمای تەنیا ئایین دانەمەزرێت. هەرچەند ڕەنگە وەکو سەرچاوەیەکی یاسا وەک هەندێک وڵاتی ئیسلامی بۆ وێنە عێراق، مالیزیا و پاکستان ڕەچاو بکرێت. هەر وەها دەبێت هەموو ئایینەکانی تریش ماف و ئازادییەکانیان ناسێندرابن. یاسا مافی بەرابەری هەمووان مسۆگەر دەکات و پشتگیری لە کەمینەکان دەکات.

بگەڕێوە بۆ پێرست

هەروەها، لە یاسای بنچینەییدا ئاماژە بە پێوەندی نێوان ویلایەت و کۆمارەکان لەگەڵ ناوەند، دەکرێت. پێوەندی نێوان هەرێمەکانیش لە راستیدا پێوەندییەکی نێونەتەوەییە و وەک لە هەندێ وڵاتدا ئاماژەی پێ کراوە (وەک بەلژیک و بۆسنیا) لە هەندێ بواردا پێڕەوی لە یاسای نێونەتەوەیی دەکات. وێڕای ئەوە دەتوانن یارمەتیدەری یەکتر بن بە پێی رێکەوتنەکان و فێدرالیزمی هەرەوەزیی و هاریکارانە پێک بهێنن. واتە هەرچەند سروشتی پێوەندیەکانی دواتر ئەمە روون دەکاتەوە، بەڵام لە راستیدا چاکترە بەپێی بواری پێوەندی، تێکەڵێک لە فێدرالیزمی دووانە و رکابەرایەتی لەگەڵ هەرەوەزیی و هاریکارانە رەچاو بکرێت.

هەرچۆنێک بێت، وەک ئاماژەی پێ کرا لە یاسای بنچینەییدا دەبێت لە بەشە جیاوازەکاندا بە وردی ئاماژە بە هەندێ بابەت بکرێت، لێرەدا سەرەتا ئاورێک دەدەینەوە سەر هەندێ لەو بابەتە گرنگانەی وەک ئایدیالۆژی حکوومەت، زمانە فەرمییەکان و زمانە پێوەندیدەرەکان، ئاڵا و هێما و سروودی نیشتمانی، پێتەختی فێدراڵ و پاشان لە بڕگەکانی تردا پێکهێنەرەکانی وڵات، سێ دەسەڵاتی ئاسۆیی حکوومەتی فێدراڵ و هەرێمەکان شرۆڤە دەکەین.

**ئەلف) ئایدیالۆژی حکوومەت:** حکوومەتی داهاتووی ئێران دەبێت لە باری ئایدیالۆژییەوە یەک رەهەندی نەبێت و لە یەک

سۆنگەوە جیهان نەبینێت. بۆیە پێویستی بە تێکەڵێک لە ئایدیالۆژیاکان یان بە واتایەکی تر وەرگرتنی چاکەی ئەو ئایدیالۆژیانەیە کە وڵاتەکانی تر ئەزموونیان کردووە. وەها ئایدیالۆژیایەک لە چەمکێکی پڕ واتا و هەمەلایەنەی وەک "سوسیالیزمی دێمۆکراتیک"دا دەتوانێ خۆی پیشان بدات، کە بەرنامەی سەرەکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و تێیدا سوسیالیزم لە ڕێگای پرۆسەی دێمۆکراتیکەوە دەستەبەر دەکرێت. هەروەها بەشی گرنگی ئەم ڕەوتە دێمۆکراتیکە جێبەجێ کردنی دێمۆکراسی فرەنەتەوەیی فێدراڵە. وێرای ئەوەی کە لیبرالیزم و سوسیالیزمی پەتی لە بەر کێشە جۆراوجۆرەکانیان جێگای خۆیان بە سیستەمگەلێکی نوێی تێکەڵ داوە، لەلایەکەوە بارودۆخی ئابووریی و ئاستی ئاسوودەیی گشتی و کەلەپووریی لە ئێراندا بە جۆرێ نییە کە دەوڵەت زۆر خۆی بکێشێتەوە و لەرادەبەدەر بچووک بکرێتەوە و پێویستە لە هەندێ بواردا بەرپرس و بەهێز بێت و لەلایەکی تریشەوە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی جیهانی و پەرەپێدانی وڵات و پێویستی بازاڕی ئازادی ڕکابەرایەتی هەیە، بۆیە لە ئێرانیشدا دەبێت سیستەمێکی تێکەڵی شیاو ڕەچاو بکرێت؛ دەوڵەتێکی سوسیال کە هەندێ کار و خزمەتگوزاریی گشتی دەکات و لە پەناشیدا ئازادی هەیە. لە مۆدێلەکانی دیکەی نزیک لەم بەرنامەیە دەکرێ ئاماژە بە وڵاتانی خاوەن سیستەمی سوسیال دێمۆکراسی بکرێت، کە دەکرێ ڕەچاو بکرێن. ئەمە پێشنیارێکی

گشتییه بۆ ئاستی دەوڵەت و ئایدیالۆژیەکی نەرمونیانە لە کردەوەدا. بەپێی پلان و سیاسەتی حیزب یان هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان و حکوومەتە جیاوازەکان، لە داهاتوودا رەنگە جیاوازیگەلێک ببینرێن کە رەچاوکردنی سیستەمی تێکەڵ دەرفەت بۆ چاکسازیی بەپێی کاردانەوەی سیاسەتەکان و گۆڕانکاریەکانی داهاتوو دابین دەکات. ئەورۆکە تەنانەت چەمکی وەک سوسیال لیبراڵ بۆ هەندێ دەوڵەتیش، بۆ نموونە هیندوستان، بەکار دەبردرێت. وەک پێشتریش هەندێ زانا و فەیلەسووفی سیاسیش ئاماژەیان پێ کردووە وڵاتەکان بەرەو ئەوە رۆشتوون کە هاوسەنگی لە نێوان ئەمانەدا هەبێت و ئەمەش لە وڵاتانی خاوەن دەوڵەتی ئاسوودەیی و سوسیال دیمۆکراسیەکاندا زیاتر دەبینرێت و ئەمە وەک ئاماژەی پێ کرا هەنگاونانە بەرەو دابینکردنی لایەنە گرنگەکانی دیمۆکراسی واتە: ئازادی، بەرابەری یان دادپەروەری و برایەتی. لە سوسیالیزمی دیمۆکراتیکدا ئەم چەمکانە و لایەنە گرنگەکانی دیمۆکراسی بە چاکی پێکەوە کۆ دەبنەوە. سوسیالیزم ئاماژە بە حکوومەت دەکات کە پشتگیری لە چین و توێژی کەم دەسەڵات دەکات و هەوڵ دەدات بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و خزمەتگوزاریی گشتی. دیمۆکراتیک بوونیش سێ لایەنی دیمۆکراسی لەبەردەگرێت و گەرەنتی ئازادی بۆ هەموان دەکات و بازاڕی رکابەرایەتی رەوا لەبەر دەگرێت.

بگەڕێوە بۆ پێڕست

**ب) زمان:** له مێژووی ئێرانی نوێدا هیچ جێگەو پێگەیەک و ڕێزێک بۆ زمانەکانی تر جگه له فارسی دانەنراوه و به جۆرێک له جۆرەکان ئیمپریالیزمی زمانی[417] هەبووه و زمانی فارسی بێ ڕەزامەندی نەتەوەکانی تر به سەریاندا سەپاوه و سنوورەکانی خۆی پتر له هێڵەکانی بازنەی نەتەوه و کەلەپووری فارس پەرەپێداوه. ئەوه له کاتێک دایه که ناکرێ هیچ نەتەوەیەک به زۆرەملێ زمانێکی بێگانه به سەریدا بسەپێت و له زمانی زکماکی خۆی چاوپۆشی بکات. وەها سەپاندنێک به درێژایی مێژوو بەردەوام هۆکاری نارەزایەتی و سەرهەڵدان بووه. بەڵام کێشەی زمان له ڕێگای بەکارهێنانی بنەماکانی فیدراڵیزمەوه دەکرێ چارەسەر بکرێت. واته هەموو زمانه گرنگەکانی وڵات به فەرمی بناسرێن و له یەک ئاستدا جێ بگرن و زمانەکانی دیکەش ئازادییان هەبێت، وەکو ئەو وڵاته فیدراڵانەی که له پاژی ٢ دا ئاماژەیان پێکرا.

له ئێراندا لانیکەم شەش زمانی سەرەکی پێوەندیدار به نەتەوەکان هەیه. یاسای بنچینەیی دەبێت ئەم شەش زمانه وەکو زمانی فەرمی و هاوئاست له وڵاتدا بناسێت واته: فارسی، تورکی-ئازەریی، کوردی، بەلووچی، عەرەبی و تورکمانی. دیاره زمان و زاراوەی زۆرتریش له ئێراندا دەبینرێن که بەداخەوه هەندێکیان

---

[417] Imperialism linguistic

خەریکن لە نێو دەچن، ئەم زمانانەش دەبێت ئازادییان هەبێت و حکوومەتی فیدراڵ بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئەوانە یارمەتی بدات. لەم زمانانە دەکرێ ئاماژە بە زمانی گیلەکی و تاڵشی و... بکرێت. ئەم زمانانەش دەکرێ لە یاسادا ئاماژەیان پێ بکرێت. هەموو زمانەکان لە بازنەی بەکارهێنانی خۆیاندا دەبێت فەرمی بن و خەڵکەکەی فێر بکرێن و لە نێو نەچن. لە هەر ئاستێکدا ئەم زمانانە دەتوانن فەرمی بن، واتە ئەگەر گروپێکی بچووک بەس لە ئاستی شارەوانییەکدا حەشیمەتیان هەیە دەتوانن ئەو زمانە بە زمانی فەرمی خۆیان لە پەنای زمانی پێوەندیدەردا بناسێنن. زمانی فەرمی هەرێمەکان زمانی نەتەوەیی خۆیان دەبێت بۆ مەبەسەتە جیاوازەکان؛ پەروەردە، پێوەندی، بازرگانی و...هتد. جێی ئاماژەیە کە هەموو بەڵگەنامەو داکیومێنتەکانی حکوومەتی فیدراڵ (لە ئاستی هەر سێ دەسەڵاتەکەدا) بەتایبەت یاسای بنچینەیی دەبێت وەربگێڕدرێنە سەر هەر شەش زمانە فەرمییەکە.

جگە لە ناساندنی زمانە فەرمییەکانی وڵات، لە یاسای بنچینەییدا دەبێت زمانی پێوەندیدەر دیاری بکرێت. زمانی پێوەندیدەر، زمانێکە بۆ پێوەندی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان، و هەرێمەکان لەگەڵ یەک. ئەم زمانە زمانێک نییە کە بە زۆر بسەپێندرێت و هەرێمەکان بە دڵخواز، دەبێت دیاری بکەن. دوو زمانی ئینگلیزی و فارسی دەکرێ لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵەوە وەکو پێوەندیدەر بناسرێن. پاڕلەمانی هەر هەرێم یان

ویلایەتێک کە حکوومەتەکەی کۆماری خودموختارە، دەتوانێت بڕیار بدات کە بۆ پێوەندی لەگەڵ هەرێمەکانی دیکە و ناوەند چ زمانێک هەڵدەبژێرێت؛ ئینگلیزی وەک زمانی پێوەندیدەر کە هەم بۆ ناو و هەم بۆ دەرەوە بەکار دێت یان فارسی و زمانەکانی تر کە تەنیا زمانی پێوەندیدەری ناوخۆیی دەبن و یان بۆ پێوەندی دەرەکی دیسان ناچار دەبن سەرنجی زمانی ئینگلیزی بدەن. بەپێی ئەزموونی وڵاتانی تر و لەبەرچاوگرتنی مافی هەموو نەتەوەکان لێرەدا پێشنیار دەکرێت کە زمانی ئینگلیزی کە جیهانییە و هۆی زۆرتر پێشکەوتنە وەکو زمانی پێوەندیدەر دیاری بکرێت. نموونەی ئەم کارەش وڵاتانی هیندوستان و ئێتیۆپیان. لە هێندا خەڵکی هەندێ هەرێم بەس ئینگلیزی و زمانی خۆیان قبووڵ کردووە واتە زمانی خۆیان لە هەرێمەکەیاندا فەرمییە و لە پەناشیدا ئینگلیزی وەکو زمانی پێوەندیدەر فێر دەکرێن و لە هەندێ هەرێمی تردا زمانی هێندی لە پەنای زمانی خۆیاندا قبووڵ کراوە. ئەم فۆرمولە سێ زمانە بۆ ئێران شیاوە و لە سێ زمانەکە (ئینگلیزی، فارسی و زمانی سێهەم واتە یەکێک لە زمانەکانی نەتەوەکانی دیکە) حکوومەتی فێدراڵ و هەرێمەکان بە مەیلی خۆیان دوو زمان هەڵدەبژێرن. لە بەر ئەوەی حەشیمەتی فارس زمان زۆرترن بە ئەگەرەوە حکوومەتی فێدراڵ دوو زمانی ئینگلیزی و فارسی هەڵدەبژێرێت و هەرێمەکانیش بە دڵخواز لە ڕێگای هەرکام لەو دوو زمانەوە لەگەڵ حکوومەت پێوەندییان دەبێت. ئەوڕۆکە

زۆربەی وڵاتان وەکو زمانی زانستی کەڵک لە ئینگلیزی وەردەگرن و وەکو پێویستی هەستی پێکراوە. بۆ نموونە لەم دواییانەدا لە کابول، حامید کەرزای لە کۆنفرانسی "ڕاگەیاندنی بانگهێشتی نیشتمانی بۆ چاکسازیی سیستەمی فێرکاریی و کاردۆزینەوە" ڕایگەیاند کە داواکاریی ئەوەیە کە زمانی ئینگلیزی لە باتی فارسی لە لقەکانی پزیشکی و ئەندازیاریدا، لە ئەفغانستان دانرێت[٤١٨].

هەروەها لەسەر هەندێ شتی هاوبەشی وەک پارە، پاسپۆرت دەبێت بە زمانە سەرەکیە فەرمییەکانی نووسین هەبێت. نموونەی ئەم کارەش دراوی هێندوستانە کە بە نزیکەی ١٥ زمانی سەرەکی لەسەری نووسراوە. واتە بابەتە سەرەکیەکان بە ئینگلیزی یان زمانی پێوەندیدەری تر دەنووسرێن و لە سووچێکیشەوە بابەتێک بە هەموو شەش زمانەکە دەنووسرێت. و بەم جۆرە هاوشانی و ڕێز لە زمانەکان پیشان دەدرێت. سەبارەت بە پاسپۆرت و ئەو شتانەی کە کارکردی دەرەکیان هەیە و بۆ ناوخۆ بەکار نایەن چاکترە بە دوو زمان بنووسرێت واتە زمانی ئینگلیزی و زمانی فەرمی هەرێمی پێوەندیدار. و چی تر پێویست بە زمانی

418 http://www.alarabiya.net/articles/2012/06/24/222461.html, 23-6-2012.

پێوەندیدەری تر جگە لە ئینگلیزی لە پاپسۆڕتدا نییە. یان بە هەر سێ زمانەکە بنووسرێت واتە ئینگلیزی، فارسی و زمانی نەتەوەیی هەرێمی پێوەندیدار کە وەها کارێک لە عێراقدا کراوە و پاسپۆرتی کوردەکان بە کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی دەنووسرێت. ئەمانە هەندێ نموونە لە شێوازی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان بوون و هەرچۆنێک بێت لەبەرچاونەگرتنی زمانی نەتەوەکان لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا، نەتەنیا دەبێتە هۆی زاڵبوونەوەی زمانی فارسی و تواندنەوەی زمانەکانی دیکە، بەڵکو بێ ڕێزی و نایەکسانیشە بەرامبەر بە نەتەوەکان و هەر وەها پێشێل کردنی مافەکانیانە.

**پ) ئاڵا، هێما و سروودی نیشتمانی:** بەپێی ئەوەی کە دەوڵەتی فێدراڵ، دەوڵەتی هاوبەشی هەموو هەرێم و نەتەوەکانە و هەموویان تێیدا بەشداریان هەیە، سەمبۆلەکانی ئەم دەوڵەتەش دەبێت پیشاندەری فرەنەتەوەیی و یەکسانی بن لە نێوانیاندا و ئاماژە بە نەتەوە و حکوومەتە پێکهێنەرەکانی وڵات بکەن. هەروەها وێرای ئەمانە هەر هەرێمێک یان کۆمارێکی خودموختار بۆ ناسینەوەیان لە یەکتر ئاڵا و هێما و سروودی نەتەوەیی خۆیان دەبێت. وەکو هەندێ وڵات بۆ وێنە ئێسپانیا، دەکرێ لە بۆنە فەرمییەکاندا هەردوو ئاڵاکە پێکەوە هەڵکرێن.

**ت) پێتەختی فێدراڵ:** تاران وەکو پێتەختی فێدراڵ شارێکی فرەنەتەوەیە بۆخۆی و دەبێت لە باری ئیداریەوە بە شێوەی خودموختار لە ژێر چاوەدێریی حکوومەتی فێدراڵدا بەڕێوە ببرێت

بگەڕێوە بۆ پێرست

و سەر بە هیچ هەرێمێک نەبێت. یان دەکرێ وەکو ئافریقای باشوور چەند پێتەختێک هەبن، بۆ نموونە پێتەختی سێ دەسەڵاتەکە لە سێ هەرێمی گەورە بن؛ یەک لە هەرێمی فارس، یەک لە هەرێمی تورکان و یەک لە هەرێمی کوردان هەبێت و هەروەها دەکرێ وەزارەتخانەکان بە سەر هەرێمەکاندا دابەش بکرێن، کە هەرێمە بچووکەکانیش وەزارەتخانەی فیدراڵیان تێدا بێت. بەڵام بە گشتی بەهۆی زێدە بوونی هەرێمەکان و ڕەنگە پێکهاتنی نابەرابەری بە گوێرەی هەرێمە بچووکەکان، یەک پێتەختی بۆ حکوومەتی فیدراڵ چاکترە. ئەگەر هەوڵ بدرێت کە حکوومەتی ناوەندیی تاڕادەیەک بچووک بێت و تا دەکرێ کارەکان لە هەرێمەکاندا جێبەجێ بکرێن.

### ٢-پێکهێنەرەکانی وڵات

لە پێوەندی لەگەڵ دابەشکردنی ئەستوونیی وڵاتدا، پێوەری جۆراوجۆر هەیە. یەک لەوانە دابەش کردنێکی ئیداریی-جوگرافیایی پەتییە بێ سەرنج دان بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و جاروباریش بە مەبەستی دابڕانی خەڵکی نەتەوەیەک لە یەکتر و پێکهێنانی کەلێنی کۆمەڵایەتی لە نێویاندا، وەکو ئەوەی تا ئێستا لە ئێران بووە و زۆربەی پارێزگاکانی شوێنی دانیشتنی نەتەوە نافارسەکان، پێکهاتوون لە چەند نەتەوە و ئایینی جیاواز و دەسەڵاتدارانی ناوەند بە مەبەستی پێکهێنانی کەلێنی کۆمەڵایەتی

ڕێگەر یوە بۆ پێرست.

لە ناو خودی نەتەوەکاندا ئەم کارەیان کردووە ودواجار ئەمەش نارەزایەتی نەتەوەکانی بە دواوە بووە. ئەم کارە هەندێ کەمینەی لە پارێزگاکاندا پێکهێناوە کە لە دەسەڵات بێ بەش بوون یان ناکۆکی و چەند بەرەکی لێکەوتووەتەوە. هەروەها ئەم دابەشکارییە بەس بۆ ئاسانی کاری ئیداری ناوەند بووە و هیچ بە مەبەستی دابینکردنی مافی گەلانی ئێران و بەشداری سیاسیی نەبووە.

وەکو پێوەری تر، بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە دابەشکردنی بە پێی ئایین بکرێت، کە لێرەدا و بۆ ئێران لە ئارادا نییە. هەرچەند ستەمی ئایینی و نابەرابەری و هەڵاواردن لەم بوارەدا هەبووە بەڵام ئەمە بە هۆی هەبوونی حکوومەتی ئایینی بووە. کێشەی سەرەکی ئێران نە ئایین بەڵکو مافی نەتەوەکانە. بە دانانی بنەمای سێکیولاریزم لە یاسای بنچینەییدا واتە بەرابەری ئاین و ئایینزاکان و دەوڵەتێکی دادپەروەر و بێ لایەن و ئازادی ئایین و باوەڕ، ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت. هەروەها ئەگەر بەپێی ئایین دابەشکاریی بکرێت دیسان کێشەی نەتەوەیی دەمێنێتەوە و لە زۆرینەی نەتەوەکانی ئێراندا ئایینی جۆراوجۆر دەبینرێن. بۆیە ئەو نەتەوانەی کە دەکەونە چوارچێوەی هەرێمێکی لەسەر بنەمای ئایین، دیسان وەک کەمینە دەمێننەوە. هەروەها بە هۆی زاڵیەتی یەک ئایین کە زۆرینەی ئێران پێکدەهێنێت (شیعە) و دوور بوونی هەرێمە سوونەکان لە یەکتر دابەشکاری بە پێی ئایین جێبەجێ ناکرێت. هەندێ نەتەوەش هەن کە کەلێنی ئایینیان تێدا

بگەڕێوە بۆ پێرست

نییە و بەس مافی نەتەوەییان دەوێت کە دیسان کێشەسازە وەک عەرەبەکان کە زۆرینەیان شیعەن و کێشەی ئایینیان نییە یان کوردە شیعەکان یان زۆرینەی تورکەکان کە شیعەن، ئەمانە بەس مافی نەتەوەییان پێویستە. بۆیە کێشەی ئایینی بە پەسەندکردنی سێکیولایزم و ریز لە ئایینە جۆراوجۆەکان و بەرابەری لە بەرانبەر یاسا و نەبوونی هەڵاواردن و دیمۆکراسی فرەچەشنی، بریتی لە فرەئایینیش کە لە هەرێمەکاندا پشکی دەسەڵات بۆیان تەرخان بکرێت چارەسەر دەکرێت و پێویست ناکات ئایین ببێتە بنەمای دابەشکاریی سیاسی لە ئاستی وڵاتدا.

دیارە دەکرێت ئاماژە بە پێوەرەکانی تریش بکرێت بەڵام بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، شیاوترین پێوەر، دابەشکاریی نەتەوەیی-جوگرافیاییە لەگەڵ دیمۆکراسی فرەیی و فرەنەتەوەیی کە لە پەناشیدا بەشداری سیاسی هەموو کەمینەکانی تر دابین بکرێت. لێرەدا پێوەر نەتەوە و خەڵکی دانیشتووی خاکێکە کە تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە، لە خەڵکی دیکەی وڵات. هەر نەتەوەیەک، زمان، کەلەپوور، مێژوو و خاکی خۆی هەیە و جوگرافیا و سنوورێک کە هەر نەتەوەیەک لەبەر دەگرێت تاڕادەیەکی زۆر دیارە. بەم پێیە پتر لە شەش هەرێم یان ویلایەت (لەگەڵ چەند ناوچەی خودموختار) دەبێت لە ئێراندا پێکبێن کە دەبنە یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵ. هەروەها یاسای بنچینەیی دەبێت بارودۆخی گروپە کەمینەکانی دیکەش دیاری بکات. ئەم کەمینانە

بگەڕێوە بۆ پێرست.

چەند جۆرن، هەندێکیان ناوچەو کەرتی تایبەتیان نییە کە بە کۆمەڵ لەوێ بژیێن، و بڵاوەیان کردووە لە ناو گروپە گەورەکانی دیکەدا، کە ئەمانە بە پێی حەشیمەتیان مافیان دەپارێزرێت و پشکیان بۆ دیاری دەکرێت و دەتوانن لە حکوومەتی خۆجێیی شارەوانیەکان، پارێزگاکان و هەرێم و تەنانەت ئاستی وڵات بەشدارییان هەبێت و نوێنەریان لە ئەنجومەنەکانیشدا هەبێت. هەندێکی تر کەرت یان ناوچەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە وەک کوردەکانی خوراسان کە ناوچەی دیاری خۆیان هەیە. ئەمانە دەتوانن حکوومەتی خۆجێیی و ناوچەی خودموختاریان هەبێت و لە باری ئیداریەوە بەشێک بن لە یەکێک لە هەرێمەکان یان حکوومەتی فێدراڵ. بۆ نموونە کوردانی خوراسان لە بەر ئەوەی کوردن و پێویستی تایبەتیان هەیە بەتایبەتی لە باری کەلەپوور و خوێندنەوە، دەکرێ لە ژێر سەرپەرشتی هەرێمی کۆماری کوردستاندا بن و بەشێکی ئیداری خۆبەڕێوەبەر لەم هەرێمە بێنە ئەژمێر. یان تەنانەت لە بەر ئەوەی بۆخۆیان حەشیمەتێکی زۆرن و دوورن لە کوردستان دەتوانن هەرێمێکی خودموختار بن. ناوچەگەلێکی بچووکی دیکەی لەم چەشنەش دەکرێ بە شێوەی ناوچەی خودموختار هەبن و لە ژێر ئیدارەی حکوومەتی فێدراڵدا بن. هەربەو جۆرەی کە ڕێگای یاسایی بۆ جیابوونەوەی هەرێمەکان دیاری دەکرێت، یاسا دەبێت ڕێگا بۆ ئەو خەڵکانەش دیاری بکات کە دەیانەوێت ببنە هەرێمی خودموختار یان

ناوچەی خودموختار و ئەم ئازادییە لەبەرچاو بگرێت. بۆ نموونە مازنییەکان، گیلەکەکان و تالشیەکان کە زمان و کەلەپووری تایبەتی خۆیان هەیە.

هەرچۆنێک بێت، ئێستاکە شەش هەرێمی پێکهێنەر بەپێی ویستی خەڵکەکانیان دەکرێ دیاری بکرێن: هەرێمی فارس (ناوەندیی)، هەرێمی ئازەربایجان (ئازەربایجانی باشوور)، هەرێمی کوردستان (کوردستانی رۆژهەڵات)، هەرێمی بەلووچستان (بەلووچستانی رۆژئاوا)، هەرێمی خوزستان (عەرەبستانی ئێران)، هەرێمی تورکمەن سەحرا (تورکمەنستانی باشوور). لە پەنای ئەم هەرێمانەدا وەک ئاماژەی پێ کرا دەکرێ ناوچە خودموختارەکانیش هەبن. بۆیە لە ئێراندا نزیکەی ٤ تا ٥ ئاستی حکوومەتی لە باری ئەستوونیەوە رەچاو دەکرێت: ئاستی وڵات، ئاستی هەرێمەکان، ئاستی ناوچە خودموختارەکان، ئاستی پارێزگاکان و ئاستی شار و شارەوانیەکان. هەرکام لەم ئاستانە چاکتر وایە لە یاسای بنچینەییدا ئاماژەیان پێ بکرێت و دەسەڵاتەکانیان دیاری بکرێت. هەرێمەکان کە رەنگە لە یەک یان چەند پارێزگا پێکهاتبێتن، پێکهێنەری سەرەکی وڵاتی فێدراڵن. هەر هەرێمێک حکوومەتێکی هاوشێوەی حکوومەتی فێدراڵی دەبێت و دەکرێ وەکو کۆمارێکی خودموختار کە دەسەڵاتی دیار و تایبەتی خۆی هەیە، چاوی لێ بکرێت.

### ٣- سێ دەسەڵاتی ئاسۆیی حکوومەتی فیدراڵ

بازنەی دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵ، ئاستی وڵاتە و هاوبەشە لە نێوان هەموو هەرێم و نەتەوەکاندا و هەموویان بە گوێرەی حەشیمەت دەبێت تێیدا بەشدار بن. حکوومەتی فیدراڵ بریتی دەبێت لە سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەریی. یاسای بنچینەیی هەرکام لەم سێ دەسەڵاتە بە جیاواز دیاری دەکات:

#### ئەلف) دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵ

دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی باڵای حکوومەتی فیدراڵ دەبێت و وەکو دیکەی وڵاتانی فیدراڵ لە دوو ئەنجومەن پێکدێت؛ ئەنجومەنی سەرەوە یان ئەنجومەنی نەتەوەکان (ئەنجومەنی فیدراڵ)، و ئەنجومەنی خواروو یان ئەنجومەنی نوێنەران. ئەنجومەنی فیدراڵ پێکدێت لە نوێنەری هەرێمەکان (نەتەوەکان) و هەر هەرێمێک (یان شەش نەتەوە سەرەکیەکە) بە شێوەی بەرابەر لە ئەنجومەندا نوێنەریان دەبێت. هەروەها بۆ پاراستنی مافی کەمینە نەتەوەییەکانی تر ئەوانەش دەکرێ نوێنەریان لە ژووری سەرەوەدا هەبێت. نوێنەری نەتەوەکان لەلایەن هەرێمەکانەوە دیاری دەکرێن. پاڕلەمانی هەرێمەکان بڕیار دەدەن کە نوێنەرانی ئەنجومەنی فیدراڵ چۆن هەڵبژێردرێن، بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە (وەکو ئیسپانیا و ئەمریکا...) یان

بگەڕێوە بۆ پێرست

ناڕاستەوخۆ لەلایەن هەرێمەوە واتە سەرۆکی هەرێم ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەکان لەسەر پەسەندی پارڵەمانی هەرێم دیاری دەکات یان شێوازی لەم چەشنە. هەرچەند لە باری دیمۆکراسییەوە، هەڵبژاردنی راستەوخۆ پەسەندترە بەڵام لە بەر هەندێ هۆکار لەوانە چاکتر دیاری کردنی کەسانی دڵسۆز و شارەزا و بوێر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان و دووەم بەرگیری لە هەڵبژاردنی پەیتاپەیتا و تێچوونی زۆری حکوومەتی و ماندووکردنی خەڵک، هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ لەلایەن پارڵەمانی هەرێمەکان و پەسەندییان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، شیاوترە. نوێنەرانی هەرێم یان نەتەوەکان لەو بابەتانەیدا پێوەندیان بە بەرژەوەندی هەرێمەکانەوە هەیە، دەکرێ مافی ڤیتۆیان هەبێت. هەروەها وەک هەندێ وڵات دەکرێ چەند نوێنەر لەلایەن سەرۆک/سەرۆکانی دەوڵەتەوە وەکو پارێزەرانی بەرژەوەندی حکوومەتی فیدراڵ دیاری بکرێن. ئەم ئەنجومەنە سەرۆک و جێگرێکی دەبێت و لە یاسای بنچینەییدا دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانی دیاری دەکرێن کە گرنگترینیان پەسەندی یاسا پەسەندکراوەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانە.

ئەنجومەنی نوێنەران بریتییە لە نوێنەرانی هەمووی وڵات کە بەپێی حەشیمەتی هەر هەرێمێک رێژەیەک لە نوێنەران لەلایەن خەڵکی هەرێمەکانەوە هەڵدەبژێردرێن. بۆ نموونە هەرێمی هەڵبژاردنەکان دەتوانێ شار (خودی ناوشار و شارۆچکە و گوند و

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دەوروبەری) بێت و بۆ هەر سەد هەزار کەس نوێنەرێک هەڵبژێردرێت. هەڵبژاردنەکان بە تەواوەتی ئازاد دەبن و هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان دەتوانن بەشداری بکەن. هەر بەو جۆرەی کە سیستەمی فرەحیزبی هەیە، بۆیە هەموو حیزبەکانی سەر بە نەتەوەکان بەشدار دەبن و پشکی نەتەوەکان لە ئەنجومەندا بە حەشیمەتیاندا دیارە و بەمجۆرە بەرگیری لە زاڵیەتی تاقە حیزبی سەر بە نەتەوەیەک دەکرێت و ئۆپۆزیسیۆنی بەهێزیش پێکدێت. لەم نێوەدا دەکرێ پشکێک بۆ ژنان و هەروەها ئەو کەمینانەش دیاری بکرێت کە ڕەنگە بە ڕەوشی ئاسایی نەتوانن نوێنەر بنێرنە ئەنجومەنی نوێنەران. ئەم ئەنجومەنەش سەرۆک یان وتەبێژ و جێگرێکی دەبێت. لە یاسای بنچینەییدا دەسەڵاتەکان و ئەرکی ئەم ئەنجومەنەش دیاری دەکرێت، کە گرنگترینیان یاسادانانە بۆ وڵات، لەو بابەتانەیدا کە یاسا لە ڕیزبەندی دەسەڵاتەکاندا بۆ حکوومەتی فێدراڵی دیاری کردوون، بەتایبەت دیاریکردنی بووجە.

جێی ئاماژەیە بەپێی شێوازی دابەشکاریی دەسەڵات لە نێوان نەتەوەکان بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیەکان (هەروەک لە هەر وڵاتێکدا بەپێی بارودۆخ و بەتایبەت ڕێژەی نەتەوە سەرەکیەکان شێوازێک دیاری کراوە)، لە ئێرانی داهاتووشدا ڕەنگە سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنانە بۆ نەتەوەگەلێکی تایبەت دیاری بکرێن. بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکایەتی وڵات بە کۆمەڵ نەبێت واتە سەرۆک کۆمار تاکەکەسێک بێت نەک ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی، ئەوا

بگەڕێوە بۆ پێرست

چاکترە سەرۆکایەتی هەرکام لە بەرپرسایەتیە گرنگەکانی وڵات سەرۆک کۆماریی، سەرۆک وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنەکان، سەرۆکی دادوەری، پشکێکی تایبەت لە وەزیرەکان بۆ نەتەوەیەک تەرخان بکرێت. و ئەگەر سەرۆکایەتی وڵات بەکۆمەڵ بێت واتە ئەنجومەنێک لە شەش کەس ئەوا دەکرێت بەس لە ئەنجومەنی وەزیران و سکرتارێتییەکاندا دابەشکاریی بکرێت و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نەتەوەکان لەلایەن خودی نوێنەرانەوە هەڵبژێردرێن، کە رەنگە بە نۆرە بۆ هەر خولێک یان بە ساڵ، نوێنەرێکی سەر بە نەتەوەیەک بێت. ئەگەر لێژنەی سەرۆکایەتی هەبێت لە ئەنجومەندا دەکرێ دابەش بکرێت. هەرچۆنێک بێت یاسای بنچینەیی ئەم شێوازانەی دیاری کردنی بەرپرسایەتیەکان، دیاری دەکات.

**ب) دەسەڵاتی جێبەجێکاریی فیدراڵ**

دەسەڵاتی جێبەجێکاریی یان راپەڕاندنی فیدراڵ پێکدێت لە سەرۆک کۆمار/ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی و ئەنجومەنی وەزیران. سەرۆکایەتی دەوڵەت لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەک ئێراندا دەتوانێ هەم تاکەکەسی بێت هەم چەندکەسی. بەپێی ئەوەی کە ئەم دامەزراوەیە زۆرتر رەوشی تەشریفاتی و سەمبۆلیکی هەیە چاکتر وایە کە بۆ ئێران بە شێوەی ئەنجومەنی بێت وەکو وڵاتی بۆسنیا یان مالیزیا. واتە وەک بۆسنیا کە هەر



بەگەڕێوە بۆ پێڕست

نەتەوەیەکی سەرەکی نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی (راستەوخۆ لەلایەن خەڵکی ئەو نەتەوە یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمەکان) خۆی لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا دەبێت کە ئەمانە بە هاوبەشی و پێکەوە کاروبار جێبەجێ دەکەن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی خولی سەرۆکایەتی بۆ نموونە هەر ساڵە یەکیان دەوری سەرۆک کۆمار دەگێڕێت. یان وەک مالیزیا کە دەکرێ ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی وڵات لە سەرۆک کۆمارانی هەر هەرێمێک پێکبێت و لە نێوان خۆیاندا کەسێکیان وەکو سەرۆک هەڵبژێرن و ئەم سەرۆکایەتیەش هەرچەند ساڵ جارێک بسوورێت لە نێوان هەرێمەکاندا. یان خولەکە دابەش بکەن و هەر ماوەیەک یەکیان سەرۆک بێت، بۆ نموونە بۆ شەش ساڵ هەڵبژێردرێن و هەر ساڵ یەکیان. لێرەدا ئیدی خەڵکی هەرێم یەک کەس هەم وەکو سەرۆکی هەرێم و هەم ئەندامی سەرۆکایەتی وڵات هەڵدەبژێرن. بەپێچەوانەی ئەم رەوشانە واتە ئەگەر سەرۆک کۆماری تاکەکەسی بێت، بەپێی دابەشکاریی بەرپرسایەتیەکان بە گوێرەی حەشیمەتی هەر نەتەوەیەک رەنگە سەرۆک کۆماریی بکەوێتە پشکی نەتەوەیەک و جێگرەکانیشی هەر بەو شێوەیە پشکبەندی بکرێن. هەرچۆنێک بێت، سەرۆک کۆمار سەرۆکی دەوڵەت دەبێ و خەڵکی وڵات بە گشتی نوێنەرایەتی دەکات و بە پێی ئەوەی کە دەبێت یاساکان پەسەند بکات، وەکو بەشێک لە دەسەڵاتی یاسادانانیش رەچاو دەکرێت

بگەڕێوە بۆ پێڕست

هەرچەند ئەندامی پارڵەمانیش نیە. دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماریی لە یاسادا دیاری دەکرێن. سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران و هەندێ لە بەرپرسایەتیەکانی تر دیاری دەکات و دەبێت لە دیاری کردندا هاوسەنگی لە نێوان نەتەوەکاندا بپارێزێت. سەرۆک کۆمار نوێنەرایەتی وڵات دەکات لە جێژن و بۆنەکاندا و هەروەها لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکاندا. جگە لە سەرۆک کۆمار، دەوڵەتی فیدراڵ هەندێ کۆمیسیۆنی سەربەخۆی دەبێت بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ کاروباری گرنگی وڵات کە دەبێت بێلایەنانە بەڕێوە بچن یان کاروباری پشکنین و چاوەدێریی بکەن وەک: کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان و...هتد، کە ئەم کۆمیسیۆنانەش دەبێت لە یاسادا دیاری بکرێن. لە هەموو ئەم کۆمیسیۆنانەشدا دەبێت نوێنەرانی نەتەوەکان هەبن. لە دامەزراوە نیشتمانیەکاندا وەک دادگای یاسای بنچینەیی و بانکی ناوەندیی هەر شەش نەتەوەکە نوێنەری بەرابەر و دەسەڵاتی ڤیتۆیان دەبێت (وەکو وڵاتی بۆسنیا). سەرۆک کۆمار دەکرێ مافی ڤیتۆی هەبێت.

بەشی دووەمی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی ئەنجومەنی وەزیرانە. ئەنجومەنی وەزیران، حکوومەتی ناوەندیی پێکدەهێنێت و لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت کە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دیاری دەکرێت. سەرۆک وەزیران سەرکردە یان نوێنەری حیزب یان هاوپەیمانی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکان و

بگەڕێوە بۆ پێڕست

خاوەن زۆرترین کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت. سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان دیاری دەکات. دەبێت ئەنجومەنی وەزیران؛ جێگری سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان، جێگرەکان و سکرتاریێتی وەزارەتخانەکان لە نێوان نەتەوەکان یان هەرێمەکاندا بەپێی حەشیمەت پشکبەندی بکرێت. سەرۆک وەزیر سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی راستەقینە بۆ کاروباری راپەڕاندن دەبێت و لەگەڵ وەزیرەکانیدا لە بەرانبەر پاڕلەماندا بەرپرسیارە. دەسەڵات و ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزیران (کابینە) لە یاسای بنچینەییدا بە پێی ریزبەندی ئەو شیاویەتی و دەسەڵاتانەی کە بۆ حکوومەتی فیدراڵ دیاری کراون، دیاری دەکرێت. دیارە زۆربەی کاروباری پێوەندیدار بە هەرێمەکان بەتایبەت کاروباری ناوخۆیی خۆیان بە حکوومەتی هەرێمەکان، دەسپێردرێت. تەنیا بوارگەلێک کە زۆربەی شیاویەتی و ئەرکەکانیان لە ئەستۆی ناوەندە، کاروباری پێوەندیدار بە بەرگری، دەرەوە، پارەو دراو دەبن. لەم بوارانەشدا نەتەوە و هەرێمەکان لە ڕێگای ئەو کەسانەیانەوە کە لە ئاستی فیدراڵدا ئامادەن، بەشدار دەبن لە بڕیاردان و سیاسەت دانانەکانی حکوومەتی ناوەندیی دا. لە دیکەی بوارەکاندا وەک بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەرک و بەرپرسایەتیەکان دابەش دەکرێت. هەندێ شیاویەتی هەن کە هەر دوو حکوومەتی ناوەندیی و هەرێمەکان تێیدا بەشدار دەبن وەک سیاسەتە گشتییەکانی پێوەندیدار بە تەندروستی، پەرەپێدان، زانست و... بۆ

بگەڕێوە بۆ پێرست

نموونە سیاسەتی گشتی تەندروستی، ڕێگاوباون (ڕێگای ئاسن) لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە دیاری دەکرێت، بەڵام جێبەجێ کردنی بەپێی هەلومەرجی هەرێم، بە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمەکانە و لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە چاوەدێریی دەکرێن بۆ هاوسەنگی و هاوئاهەنگی. یاسای بنچینەیی بۆرد یان لیژنەیەک بۆ خزمەتگوزاریی گشتی دیاری دەکات و لەم بوارەدا بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان و پێکهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی چالاکی دەنوێنن. ڕیزبەندێکی تر لە دەسەڵاتەکان، تایبەتی خودی هەرێمەکانە و حکوومەتی ناوەندیی دەستێوەردانی تیدا نابێت وەک سیاسەتی زمان و پەروەردە و... هەندێ لەم سیاسەتانە وەک زمان و پەروەردە، بەو بۆنەوەیە کە نەتەوەکان پشتگریی لە شوناسی خۆیان بکەن، کە پێشتر لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە زیانیان لێکەوتووە. ئەم ڕیزبەندانەی شیاویەتی و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی و هەرێمەکان لە یاسای بنچینەییدا دیاری دەکرێن و پاشماوەی ئەرک و شیاویەتیەکان کە لە یاسادا دیاری نەکراون، لە ئەستۆی هەرێمەکان دەبن.

جگە لەو شێوازانەی سەرەوە کە دوو دەسەڵاتی جێبەجێکاریی تەشریفاتی و ڕاستەقینە واتە سەرۆک/سەرۆکانی کۆمار و کابینەی وەزیران لێک جیا دەکرێنەوە، مۆدێلێکی تر شێوازی تێکەڵی سویسی، دەبێت. دەکرێت وەکو سویس بەس ئەنجومەنێکی جێبەجێکاریی بۆ حکوومەتی فیدراڵ هەبێت کە هەر کامیان



بگەڕێوە بۆ پێرست

نوێنه‌ری نه‌ته‌وه‌كان بن و هه‌ركامیشیان وه‌زیرێک بن. چونكه لێره‌دا ئیدی به پێویست نازانرێت كه زۆر وه‌زاره‌تخانه‌ی فیدراڵی هه‌بن و به‌س چه‌ند وه‌زاره‌تخانه‌یه‌ک بۆ كاروباره گشتییه‌كان ده‌بن كه به هه‌رێمه‌كان جێبه‌جێ ناكرێن وه‌ک ده‌ره‌وه و به‌رگری و... له‌م مۆدێله‌دا زۆرینه‌ی كاره‌كان له هه‌رێمه‌كاندا ده‌كرێن، پێویست به ده‌زگایه‌كی حكوومه‌تی به‌رباڵوی ناوه‌ندیی ناكات. بۆ نموونه شه‌ش وه‌زاره‌تخانه ده‌بن كه هه‌ر هه‌رێمێک وه‌زیرێكی ده‌بێت و له‌وانه‌ش هه‌ر ساڵ یه‌كیان ده‌بێته سه‌رۆک كۆمار، كه هاوكات هه‌م كاری وه‌زاره‌ته‌كه خۆی ده‌كات، هه‌م سه‌رۆک كۆماریش، چون كه كاری سه‌رۆک كۆمار زۆرتر ته‌شریفاتییه.

هه‌رچۆنێک بێت بنه‌مای سه‌ره‌كی حكوومه‌تی فیدراڵ دابه‌شكاریی به‌رپرسایه‌تیه‌كانه به شێوه‌ی شیاو له نێوان نوێنه‌رانی نه‌ته‌وه‌كان له ده‌سه‌ڵاتی سیاسیدا. تێكه‌ڵێک له‌م شێوازانه‌ی سه‌ره‌وه بۆ ئێران چاكتره، واته سه‌رۆک كۆمارانی هه‌رێمه‌كان (شه‌ش هه‌رێم) هاوكات ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رۆک كۆماری وڵات بن و به نۆره به‌پێی خولی ئه‌نجومه‌نی سه‌رۆكایه‌تی بۆ ماوه‌یه‌كی دیاریكراو (بۆ وێنه هه‌ر ساڵ یان كه‌متر)، یه‌كیان سه‌رۆک كۆمار بێت. پێویست ناكات له ئاستی وڵاتدا وه‌زاره‌تخانه‌ی زۆر هه‌بن، چونكه ئه‌نجومه‌نی وزیران و به‌رپرسایه‌تیه‌كانی دیكه پشكبه‌ندی ده‌كرێن له نێوان هه‌رێم یان نه‌ته‌وه‌كاندا. له لووتكه‌ی وه‌زاره‌تخانه‌كاندا چاكتر وایه كه

ئەنجومەنگەلێک پێکهاتوو لە بەرپرسانی باڵای ئەو وەزارەتخانەیە هەبێت کە هەر کامیان لە نەتەوەیەک بن، کە بە راوێژکاریی سیاسەتەکان دانرێن. بۆ وێنە دەبێت جێگرەکانی وەزیر و سکرتاریێتی وەزارەتخانە و رێکخراوە گرنگەکان و جێگرەکانیان لە نەتەوەکانی تریش هەبن و پێکەوە ئەنجومەنی باڵای ئەو وەزارەتخانەیە بۆ بڕیاردان، پێکبهێنن.

**چەند خاڵێک:**

١-هێزی چەکداری وڵات لە هێزی چەکداری هەرێمەکان پێکدێت و ئەنجومەنی فەرماندەریی دەبێت کە لە فەرماندەرانی هێزی چەکداریی هەر هەرێمێک پێکدێت و بڕیارەکان بە کۆمەڵ دەدرێن و لەلایەن دەمڕاستی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە رادەگەیندرێن. دەکرێ لە نێوانیاندا دابەشکاریی بکرێت و فەرماندەری هەر هەرێمێک هەر لەو کاتەدا فەرماندەری هێزێکی گشتی بێت (وەک هێزی ئاسمانی، زەوینی، زرێیی، زەریایی...). ئەرکی ئەم هێزە پاراستنی وڵات لە بەرانبەر هێرشی دەرەکی دایە و هیچ دەورێکی لە ناوخۆدا نابێت. هەرێمەکان هێزی پاراستن و ئاسایش و پۆلیسی خۆیان دەبێت. هەروەها ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی هەبێت، هەر کام لە ئەندامانی سەرۆک کۆماریی فەرماندەری سقیلی هێزی چەکداری پێوەندیدار بە هەرێمی خۆی دەبێت، کە بەشدارە لە هێزی چەکداری وڵاتدا.

بگەڕێوە بۆ پێرست.

ئەمانەش کۆمیتەیەک بۆ هاوئاهەنگی هێزە چەکدارەکان پێکدەهێنن. ئەگەریش وانەبێت یان سەرۆکی هەرێم و ئەندامی سەرۆک کۆماری یەک کەس نەبێت، ئەوا سەرۆکی هەرێم فەرماندەری سڤیلی هێزی پێوەندیدار بە هەرێمی خۆی دەبێت.

٢-کاروباری دەرەوە و پێوەندی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زۆربەی لە ئەستۆی حکوومەتی ناوەندیی دەبێت. وەزیری دەرەوە دەبێت لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی باڵای وەزارەت کە لە نەتەوەکانی ترن، راوێژ بکات و هەروەها پشکی هەرێمەکان لە هەڵسووڕانی باڵوێزخانە و قونسوڵخانەی دەرەوەدا دیار بێت و بەرپرسایەتیەکان دابەش بکرێن. ئەم وەزارەتە لەو بابەتانەدا کە پێوەندییان بە هەرێمەکانەوە هەیە دەبێت لەگەڵیان راوێژ بکات و بەرژەوەندییان نەخاتە مەترسییەوە. هەروەها لە هەر قونسوڵخانەیەکدا بەشێکی تایبەت بە هەر هەرێمێک هەیە بۆ کاروباری پێوەندیداری هەرێم، بەتایبەت لە باری کەلەپوورییەوە. بەپێچەوانەشەوە هەرکام لە وڵاتەکان دەبێت لە هەرێمەکاندا بۆ هاسانکاریی کاروباری هاووڵاتییانی ئەو هەرێمانە لەگەڵ دەرەوە، قونسوڵخانەیان هەبێت.

٣-بۆ کاروباری پێوەندیدار بە دراو و پارە کە لە دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵە، دەبێت ئەنجومەنێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی بانکی ناوەندیی دیاری بکرێت (بریتی لە نوێنەرانی هەرێمەکان، هەر هەرێمێک کەسێک) کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

یان ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە پەسەندی سەرۆک کۆماریی، دیاری دەکرێن. لە پارەو دراودا وەکو سەمبولی ئەو وڵاتە کە فرەنەتەوەیە سەمبول و هێما و زمانە نەتەوەییە فەرمییەکان رەچاو بکرێن و بە شێوەی بەرابەر وێنەی رێبەرانی نەتەوەکان کە لە رێگای بەدیهێنانی دیمۆکراسی لە ئێراندا گیانیان بەخت کردووە بەکار بهێنرێن.

٤-هەروەها، لێرەدا پێویستە ئاورێکیش بدرێتەوە سەر باسی ئابووری و فیدرالیزمی پێوەندیدار بە دارایی. وەک لە پاژی یەکەمدا ئاماژەی پێ کرا، فیدرالیزمی ئابووریی یان دارایی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی فیدراڵدا باس دەکرێت و مەبەست دیسەنتراڵ کردنی ئابووریی و لێکدانەوەی لایەنی ئابووریی فیدرالیزمە لە وڵاتانی فیدراڵدا. سەبارەت بە ئێران لە ساڵانی رابردوودا هەندێ کەس بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان باسی فیدرالیزمی ئابوورییان کردووە بە شێوەی جوگرافیایی، کە ئەمە بە بێ هەبوونی سیستەمی سیاسی فیدراڵ پێوەندی بە فیدرالیزمەوە نابێت و بە کردەوەش جێبەجێ ناکرێت و زۆرتر پێوەندی بە دیسەنتراڵ کردنی ئابووریی لە حکوومەتێکی یونیتەریدا دەبێت کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ناوەندی دایە و کاروبار و دیاری کردنی هەڵسوڕێنەرانیشی لە ئاستی نزمتردا هەر لەلایەن حکوومەتەوە دیاری دەکرێ، کە ئەمە ئەگەر چی بۆ هەرێم و

بگەڕێوە بۆ پێڕست

نەتەوەکان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی پێکنەدەهێنا، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی ئەوەشی بە مەترسی دەزانی.

بەشی ئابووریی و بەکارهێنانی سامانەکان کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر نەچوونە ژێرباری قبووڵ کردنی فێدراڵی و دێسەنتراڵی لەلایەن ئێلیتی ناوەندەوە. دیارە ئەگەر ئێران فێدراڵ بایە بۆ ماوەی پتر لە ١٠٠ ساڵ ناوچە ناوەندییەکانی فارس نشین نەیاندەتوانی ناوچەکانی تر بچەوسێننەوە و ئیستیعماری ناوخۆیی و ناوەند-پەڕاوێز لە ئێراندا پێکبێت. بۆیە هەموو کاتێک هەر شێوە خەبات و شۆڕشێکیان لەم ناوچانەدا بە توندی سەرکوت کردووە. بۆ نموونە نەوتی عەرەبستانی ئێران و ئاوی کوردستان و سامانە سروشتییەکانی تر وەک زێڕ و...هتد لەو ناوچانەدا گوازراونەتەوە بۆ پەرەپێدانی ناوەند و لە بەرامبەردا خەڵکی خودی ئەم ناوچانە، کەمترین قازانجیان پێگەیشتووە. ئێستا هەوڵدان بۆ فێدراڵی بە جۆرێک لە پەنای هۆکارەکانی دیکەدا، هەوڵدانە بۆ بەرابەر کردنی ئابووریی و کەڵک وەرگرتنی ئەم ناوچانەش لە سامانی خۆیان و بەرگیری لە چەوساندنەوەی ناوخۆیی لە ئێراندا.

سەبارەت بە ئێرانی فێدراڵی داهاتوو لە باری ئابووریەوە دابەشکاریەکی جوان و شارەزایانە پێویستە بۆ ئەوەی حکوومەتی ناوەندیی زاڵ نەبێت بە سەر هەرێمەکاندا و دیسان چەوساندنەوەی لێکەوێتەوە. پشکی حکوومەتی ناوەندیی وەکو حکوومەتی هاوبەشی هەرێمەکان دەبێت تا ڕادەی پێویست بۆ

بگەڕێوە بۆ پێڕست

جێبەجێ کردنی کاروباری فیدراڵی بێت. بەبێ سەرچاوەی سەربەخۆی داهات، حکوومەتی هەرێمەکان بۆ یارمەتی لە باری داراییەوە پێبەستەی حکوومەتی ناوەندی دەمێننەوە. ئەمە نەتەنیا زیان لە خودموختاری سیاسی ئەوان دەدات، بەڵکو بەرگیریش لە جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتانە دەکات کە خۆیان خولقاندوویانن[٤١٩]. دەبێت وڵات بەتەواوی لە داهاتەکانی نەوت و گاز و بەرهەمە پێوەندیدارەکانی تر، کە داهاتی سەرەکی ئێران پێکدەهێنن، کەڵک وەرگرن و حکوومەتی فیدراڵ دابەشی بکات، بە جۆرێک کە پشکی حکوومەتی فیدراڵ، پشکی تایبەتی هەرێمی بەرهەمهێنەر و پشکی هەرێمەکانی تر لەو داهاتە بە شێوەی شیاو دیاری بکرێت و کۆنترۆڵی هاوبەشیان لە سەر بێت. جگە لەم بابەتە دەگمەنانە وەک نەوت و گاز یان ئەگەر رادەیەکی هەرە زۆر لە کانزایەک وەک زێڕ لە هەرێمێک هەبێت، داهاتەکانی دیکە چاکتر وایە لەلایەن هەرێمەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن. واتە وەکو وڵاتی بۆسنیا هەموو فاینانس بە هەرێمەکان بێت و ئەوان بەپێی توانایی هەرێم یارمەتی حکوومەتی فیدراڵ بدەن و پشکی هەرێمەکان لەم پێوەندییەدا دیاری بکرێت. هەروەها دەکرێ سیاسەتی دیسان بڵاوکردنەوە بەپێی یاسا لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە جێبەجێ بکرێت، وەکو کەنەدا، کە لە هەرێمە

419 Brancati, **op.cit**, 2004

دەوڵەمەندەکان ڕێژەیەکی زۆرتر یان پاشماوەی پێویستی خۆیان وەرگیردرێت بۆ حکوومەتی فیدراڵ و یارمەتی و بڵاوکردنەوەی لە نێوان هەرێمە لاوازەکاندا. و بە جۆرێک هاوکاری و یارمەتی ئابووریی و نێوان حکوومەتی پێکبێت. هەرچۆنێک بێت، دەبێت دابەشکاریی سەرچاوەی ئابووریی (باج، داهات و...) بە جۆرێک لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا بەش بکرێت، کە هەرێمەکان پێبەستەی یارمەتی ناوەند نەبن و سەربەخۆیی ئابووریی زۆرتریان هەبێت. یاسای بنچینەیی دەسەڵاتی هەر دوو ئاستی حکوومەتی لە بواری گومریک، باج و داهاتدا، تارادەیەک دیاری دەکات.

**پ) دەسەڵاتی دادوەریی**

دەسەڵاتی دادوەریی وڵات بە تەواوەتی سەربەخۆ دەبێت و نابێت لە ژێر کاریگەری هیچ کام لە دوو دەسەڵاتەکەی تردا بێت. هەر ئاستێکی حکوومەتی دادگای تایبەتی خۆی دەبێت. لە ئاستی فێدراڵدا، ئەنجومەنی باڵای دەسەڵاتی دادوەریی دەبێت، کە دەتوانێت دادوەری کۆتایی بابەتە یاساییەکان بێت. پاش ئەم ئەنجومەنە، دادگای یاسای بنچینەیی بانترین دادگا دەبێت و پێوەندی بە ناکۆکیە پێوەندیدارەکان بە یاسای بنچینەیی و پێوەندی نێوان هەرێمەکان لەگەڵیەک و هەرێمەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی، دەبێت. ئەنجومەنی باڵا و دادگای یاسای

بگەڕێوە بۆ پێرست

بنچینەیی چاک وایە لە ئەندامانێکی سەر بە نەتەوەکان کە بە شێوەی بەرابەر لەلایەن پارڵەمانەوە و لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی سەرۆک کۆماریی/سەرۆک کۆمار دیاری کراون، یان چاکتر وایە لە ئەندامانێک کە لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمەکانەوە هەڵبژێردراون، پێکبێت. بۆ نموونە هەر هەرێمیک دوو کەس. چونکە دەبێت کەسانێکی بێلایەن بن و نەهێڵن مافی نەتەوەکان پێشێل بکرێت. جگە لەم دادگایە دەکرێ دادگای باڵا و دادگای تێهەڵچوونەوە و دادگای مافەکانی مرۆڤیش هەبن. کە لەمانەشدا دەبێت بەرابەری ئەندامانی هەر نەتەوەیەک رەچاو بکرێت. لە یاسای بنچینەییدا شیاویەتی و ئەرک و بەرپرسایەتی دادگاکان دیاری دەکرێن.

لە ئاستی کۆمارەکانیشدا هەرکام لە کۆمارەکان دەبێت دادگای یاسای بنچینەیی خۆیان، دادگای باڵا و دادگای مافەکانی مرۆڤیان هەبێت. لە ئاستی پارێزگاکانیشدا دادگاکانی بەرز و هەروەها لە ئاستی شار و شارەوانیەکانیشدا دادگاکانی تایبەت بە ئاستی خۆیان، دەبێت هەبن.

**٤-حکوومەتی هەرێمەکان**

لە ئێراندا هەرێمەکان هەندێ قەوارەی نەتەوەیی - جوگرافیایی -مێژوویین. هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا چاکترین مۆدێلی فیدراڵی بۆ ئێران نەتەویی-جوگرافیاییە لەسەر بنەمای مێژوو بەو واتایە کە سنووری هەرێمەکان دەکەوێتە سەر هێڵە نەتەوەییەکان و ئەو شوێنانەش کە لە مێژوودا بەشێک لە خاکی نەتەوەیەک بوون و بە هۆی سیاسەت و داگیرکاریی لەو نەتەوەیە دابڕێندراون، بەشێک لە خاکی هەرێمی سەر بەو نەتەوە دەبن. بەپێی ویستی نەتەوەکان بۆ پێکهێنانی هەرێمی خودموختاری تایبەت بە خۆیان تاکو ئێستا دیارە شەش هەرێم دەبێت پێکبێن و ڕەنگە لە داهاتووشدا هەندێ ئێتنیکی تر وەکو مازنی و گیلەکی و...هتد، داوای هەرێم بکەن و چەند هەرێمێکی نوێی دیکە پێکبێن، کە دەبێت یاسا پێکهێنانی هەرێمی نوێ بە فەرمی بناسێت و شێوازی داواکاریی بۆ هەرێمی نوێ دیاری بکات.

یاسای بنچینەیی وڵات دەبێت ئاماژە بە هەرێمەکان و مافی چارەنووسیان بکات و لە بەشێکدا شیاویەتی دەسەڵاتەکانیان دیاری بکات. هەرێمەکان یاسای بنچینەیی، ئاڵا، هێما و سروودی نیشتمانی و زمانی فەرمی و پێوەندیدەری خۆیان دەبێت. خەڵکی هەر هەرێمێک تا کاتێک لە فیدراسیۆندا بن هاووڵاتییەتی دووانەیان دەبێت واتە هەر لەو کاتەیدا کە سەر بە هەرێمێک بۆ نموونە کوردستان دەبن سەر بە ئێرانیش دەبن بەڵام خاوەن یەک



بگەڕێوە بۆ پێرست

نەتەوایەتین و ئەوەش نەتەوەی خۆیانە بۆ نموونە کورد[٤٢٠]. خەڵک و حکوومەتی هەر هەرێمێک زمانی فەرمی خۆیان دەبێت، کە زمانی زکماکییانە و بۆ مەبەستە جۆراوجۆرەکانی خوێندن و زانستی و بازرگانی و...هتد، کەڵکی لێوەردەگرن و لە پەناشیدا دەبێت زمانی پێوەندیدار (کە چاکترە ئینگلیزی بێت) فێر بکرێن. بەمجۆرە هەم کێشەی پێوەندی ناوخۆیی و هەم دەرەکی چارەسەر دەکرێت و بە تیرێک دوو نیشانە دەپێکرێت.

وەک ئاماژە کرا هەرێمەکان لە هەموو دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵیشدا بەشدار دەبن. لە پەنای ئەوەشدا بۆخۆیان بە جیاواز کاروباری خۆیان جێبەجێ دەکەن. هەر هەرێمێک هێزی پاسەوانی هەرێم و ئاسایشی خۆی دەبێت. هەرێمەکان دەتوانن لەگەڵیەک پێوەندی و گرێبەست و رێکەوتنیان هەبێت. ئەمەش هەم لە یاسای بنچینەیی فیدراڵ و هەم لە یاسای بنچینەیی هەرێم دا، دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت. لە باری ئابووریەوە، حکوومەتی هەر هەرێمێک دەبێت پلانی ئابووریی ناوچەکە بەپێی بارودۆخی تایبەتی ئەوێ دارێژێت، راهاتوو لەگەڵ پلانی گشتی ئابووریی وڵات. هەرێمەکان باج و داهاتی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن و پشکێکی تایبەتییان لە داهاتی نەوت و گاز دەبێت. لە سامانە سروشتیەکانی دیکەش هەر هەرێمێک، کە

[420] Citizenship & nationality

بگەڕێوە بۆ پێڕست

لەلایەن حکوومەتی ئەو هەرێمەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، دەکرێ ڕێژەیەک بۆ حکوومەتی فیدراڵ دیاری بکرێت. ئەو هەرێمانەی کە داهاتیان زۆرترە، زیاتر یارمەتی حکوومەتی فیدراڵ دەدەن و لەسەریانە کە لە بەرنامەی دیسان بڵاوکردنەوەی سامان و داراییەکاندا زۆرتر لە ڕێگای حکوومەتی فیدراڵەوە یان بە ڕێکەوتن لەگەڵیەک یارمەتی هەرێمەکانی تر بدەن. هەروەها هەر هەرێمێک دەتوانێت بانکی تایبەتی هەبێت لە پەنای بانکەکانی وڵات و تەنانەت بانکە دەرەکیەکانیش.

هەرچۆنێک بێت هەرێمەکان حکوومەت و دەسەڵاتی خودموختاری خۆیان دەبێت و لەباری فۆرمەوە دەکرێ وەکو حکوومەتی فیدراڵ بن و بریتی بن لە هەر سێ دەسەڵاتە ئاسۆییەکە. ئەم هەرێمانە لە ڕاستیدا هەرکام بۆخۆیان وەکو کۆمارێکی خودموختارن. جگە لە ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتیەکانی یاسای مەشروتە، دیارە لە ئێراندا ئەزموونی هەرچەند کورتەماوەی ئەم جۆرە کۆمارانە هەبووە. کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤ی هەتاویدا نموونەگەلێکی چاکی خۆحکوومەتی و کۆمارگەلێکی دیمۆکراتیک بوون، کە وەکو ئەزموون و وانە دەکرێت ڕەچاو بکرێن. هەرکام لە شەش هەرێم یان کۆمارەکان کە لە بەشی پێکهێنەرەکاندا ئاماژەیان پێکرا، بۆخۆیان خاوەن حکوومەتی کۆماری دیمۆکراتیک دەبن، واتە مۆنارشیيان نییە و سەرۆکی هەرێم لە ڕێگای

هەڵبژاردنەوە (راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ) دیاری دەکرێت. هەروەها دیمۆکراسی بە هەموو لایەنەکانیەوە لەم هەرێمانەدا رەچاو دەکرێت. سیستەمی حکوومەتی ئەم هەرێمانە دەکرێت هەم پارڵەمانتاری بێت، هەم سەرۆکایەتی (پریزدینتاڵ) و دەبێت خۆیان لەسەر جۆری حکوومەتەکەیان بڕیار بدەن. بەڵام چاکتر وایە کە وەکو ئاستی فیدراڵ سیستەمی پارڵەمانتاریان هەبێت. لێرەدا بە کورتی ئاورێک دەدرێتەوە سەر لایەنە جیاوازەکانی حکوومەتی ئەم هەرێمانە.

**ئەلف: یاسای بنچینەیی هەرێمەکان:** هەر هەرێمێک دەبێت یاسای بنچینەیی هەبێت کە بۆ هەرێم بانترین یاسایە و سەروەریی و باڵادەستی دەبێت بە سەر هەموو ئەو یاسایانەی کە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دەردەچن. لە بەشگەلێکی جیاوازدا وەکو یاسای بنچینەیی وڵات ئاماژە بە هەموو ماف و ئازادیەکان و سیستەمی حکوومەتی و ئەرک و شیاویەتیەکانی حکوومەتی هەرێم دەکات. هەر هەرێمێک پاش پێکهاتن، حکوومەتێکی کاتیی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بۆ دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی. خەڵکی هەرێم دەتوانن دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی راستەوخۆ هەڵبژێرن یان لە رێگای نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و رێکخراوە مەدەنیەکان و چین و توێژەکانەوە یان هەر شێوازێکی تر کە لەسەری رێدەکەون نوێنەرانێک رەوانەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی بکەن.

بگەڕێوە بۆ پێرست

لە یاسای بنچینەییدا ئاماژە بە ناو و هێما و ئاڵا و سروود، زمانی فەرمی و پێوەندیدەر و پێناسەو پێکهاتەکانی هەرێم دەکرێت. لەم هەرێمانەدا کە بۆخۆیان کۆماری دیمۆکراتیک دەبن، سیستەمی حکوومەتی پارڵەمانتاری یان پریزدێنتاڵ (کە وەک ئاماژەی پێ کرا چاکترە پارڵەمانتاری بێت) دیاری دەکرێت و دەسەڵاتە سێیانییەکان شرۆڤە دەکرێن. هەروەها پێکهاتە و دەسەڵاتی فەرمانگەیی پارێزگاکان و شارەوانیەکان واتە حکوومەتی خۆجێیی و شێوازی ئەنجومەنەکانیان دیاری دەکرێن. ئەگەر هەرێمێک بۆخۆشی فیدراسیۆن بێت، دەبێت شێواز و پێکهاتەکەی دیاری بکرێت.

لە یاسای بنچینەیی هەرێمەکاندا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەسەر بنەمای دیمۆکراسی، خەڵکی هەر هەرێمێک دەبێت سەبارەت بە بابەتی پێوەندیدار بە خۆیان بڕیاری کۆتایی بدەن. هەروەها دەبێت ئاماژە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی پێوەندیدار بکات. و هەروەها سەبارەت بەو بابەتانەی ناکەونە ناو دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵەوە دەبێت مافی رێکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتە بیانیەکان و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و هەرێمەکانی نێو ئەو دەوڵەتانە لەبەرچاو، بگرێت. هەروەها دیاری بکات کە هەرێم مافی بەشداری کردنی لە هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتی فیدراڵ و باڵوێز و شاند و

بگەڕێوە بۆ پێرست

کورسییەکانی خوێندن و کۆنفرانسەکان دا (ناوخۆیی و دەرەوە) هەیە.

**ب: پێکهاتەی هەرێمەکان:** هەر هەرێمێک پێکدێت لە یەک یان چەند پارێزگا و پارێزگاکانیش لە چەند شار و شاروچکە و گوند. لە ئاستی پارێزگاکاندا دەکرێ حکوومەتی خۆجێیی و ئەنجومەنی پارێزگا هەبێت، کە ئەنجومەن پارێزگارێک دیاری دەکات. هەر شار و شارەوانیەکیش دەکرێ ئەنجومەنێکی هەبێت و شارەوان دیاری بکەن. ئەنجومەنەکانی پارێزگا و شارەوانیەکان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. ڕەنگە وەک پێشتر ئاماژە کرا لە هەرێمەکاندا بە هۆی هەبوونی کەمینەیەکی خاوەن جوگرافیای دیار ناوچە یان ناوچەگەلێکی خودموختاریش پێکبێن، یان داوای هەرێم بکەن لە داهاتوودا. بۆ نموونە مازنی و گیلەکیەکان لە هەرێمی فارسدا. یان ناوچەی خودموختار بۆ کوردانی خوراسان کە دوورن لە کوردستان.

جێی ئاماژەیە کە هەرێمەکان دەتوانن بۆخۆشیان بە شێوەی فیدراسیۆن بن. وەک فیدراسیۆنی بۆسنیا و هێرتسەگۆڤینا یان هەندێ کۆماری روسیا. و بەپێی زاراوە، ئایین و...هتد، ناوچەگەلێکی خودموختار پێکبێن یان خودموختاری کەلەپووریی (چاندی) هەبێت.

**پ: دەسەڵاتی یاساданانی هەرێمەکان:** دەسەڵاتی یاساданانی هەرێمەکان دەکرێت یەک ئەنجومەن یان دوو ئەنجومەنە بێت.

بگەڕێوە بۆ پێرست

ئەرک و شیاویەتیەکانی پارلەمانی هەرێم لە یاسای بنچینەیی هەرێمدا دیاری دەکرێن، کە گرینگترینیان دانانی یاسا و ڕێساکانی هەرێم دەبێت. ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەرێم ڕاستەوخۆ بەپێی حەشیمەتی پارێزگا و شارەکان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. هەروەها پشکێکی تایبەت بۆ ژنان و کەمینەکانی هەرێم لەبەرچاو دەگیردرێ. ئەگەر هەرێم دوو ئەنجومەنە بێت (کە چاکترە ئەو هەرێمانەی بریتین لە چەند پارێزگا بەم شێوەیە بن) ئەوا یاسا دەبێت ئەوە دیاری بکات کە چۆن ئەندامانی ئەنجومەنی دووەمیش (ئەنجومەنی پارێزگاکان یان چین و توێژەکان) هەڵبژێردرێن. لێرەدا ئەندامەکان دەکرێ نوێنەری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، ناوچە، زاراوە، ئایین و...هتد، بن و هەروەها کەمینە جۆراوجۆرەکانیش نوێنەریان دەبێت. هەرکام لەو گروپە کۆمەڵایەتیانەی هەرێم دەتوانن لە ناو خۆیاندا نوێنەریان هەڵبژێرن، یان نوێنەرایەتی و یەکیەتیەکانیان ئەو کارە بکەن، یان لەلایەن سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی هەرێم و بەپێی ناسیاویی و بەناوبانگی، دیاری بکرێن.

**ت: دەسەڵاتی جێبەجێکاریی هەرێمەکان:** دەسەڵاتی جێبەجێکاریی لە سەرۆکایەتی هەرێم (سەرۆک کۆماری هەرێم) و ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت. بەپێی سیستەمی حکوومەتی دیاریکراوی یاسا (پاڕلەمانتاری یان سەرۆکایەتی)، دەبێت سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران دیاری بکرێن. لە سیستەمی پاڕلەمانتاریدا کە

چاکتر وایە هەرێمەکانیش پاڕلەمانتاری بن، حیزب و هاوپەیمانی سەرکەوتوو کە زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەرێمیان بە دەست هێناوە، دەبێت حکوومەت پێکبهێنن و بە پێی ڕێژەی کورسی زۆرترین وەزیرەکانیان دەبێت و سەرۆک وەزیرانیش لەوان دەبێت، کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت. لەم سیستەمەدا خودی سەرۆکی هەرێمیش (سەرۆک کۆمار) هەم دەکرێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ خەڵک هەڵیبژێرن و هەم کۆلێژگەلێکی هەڵبژاردن لە پاڕلەماندا پێکبێن و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرن، کە دیارە شێوازە ڕاستەوخۆکەی چاکترە. لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا (پریزدێنتاڵ)، ئەگەر هەرێمێک ئەوە هەڵبژێرێت، سەرۆک کۆمار بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت و بۆخۆی وەزیرەکانی دیاری دەکات و دەیانناسێنێت بە ئەنجومەنی هەرێم بۆ پەسەند کردن. لە یاسای بنچینەیی هەرێمدا دەسەڵات و شیاویەتیەکانی سەرۆک کۆماری هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکرێن، کە دیارە گرنگترینیان ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی یاسا و سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێمە.

**س: دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمەکان:** هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا هەرێمەکان لە ئاستی خۆیاندا دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆیان دەبێت، کە بریتییە لە دادگا جۆراوجۆرەکانی هەرێم. دادگاکانی هەرێم دەکرێ بریتی بن لە ئەنجومەنی دادوەری باڵا،

دادگای یاسای بنچینەیی، دادگای مافەکانی مرۆڤ، دادگای پێداچوونەوە. لە ئاستی پارێزگاشدا دەکرێ دادگای بەرز هەبێت. شار و شارەوانیەکان دادگا جۆراوجۆرەکانی خۆیان دەبێت (بریتی لە دادگای کەتن و سزا، خێزان و باری کەسێتی و...هتد) سەرۆکایەتی هەرێم و پارڵەمان پێکەوە دەتوانن ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەریی و دادوەرە باڵاکانی دیاری بکەن. شێوازی دیاری کردن دەبێت لە یاسای بنچینەییدا، ئاماژەی پێ بکرێت.

**٥- نموونەی هەرێمێک لە ئێراندا: کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان**

وەک دیارە لە بەر هۆی جۆراوجۆری سیاسی، خاکی کوردستان لە رەوتێکی مێژووییدا دابەشکرا بە سەر چەند وڵاتێکدا کە ئێستا هەر بەشێکی بووە بە پارچەیەک لە وڵاتانی تر (ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا و ئەرمەنستان). ساڵانێکی زۆرە کە نەتەوەی کورد وەکو یەکێک لە گەورە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە پێناوی مرۆڤایەتی و بەرابەری مرۆڤەکان و دابینکردنی مافە سەرەتایی و رەواکانی خۆی لە سەر خاکی خۆی خوێن دەدات و لە ناوماڵی خۆی بەرگری لە مافی بوونی خۆی، دەکات. داسەپاندنی سیستەمی سیاسی وڵاتانی داگیرکەری جۆراوجۆر بە سەر کوردستاندا، بەرەبەرە بە هۆی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی حکوومەتەکانیان و هەوڵدانیان بۆ لە نێو بردنی نەتەوەکان و یەکدەست کردنی وڵاتانی پێوەندیدار تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی



بگەڕێوە بۆ پێرست

لەسەر پارچە جیاوازەکانی کوردستان هەبووە و بەرەبەرە بووەتە هۆی دابڕانی ئەوانە لە یەکتر و هەرکامەیان هەوڵی داوە کەلوپووری خۆی بە سەر پارچەی بن دەستدا زاڵ بکات. بۆیە ویڕای هەموو بزووتنەوەکان و هەوڵی سەرکردەکان، سیاسەتوانان، چالاکان و ڕێکخراوە کوردیەکان، هەرکام لەم پارچانەی کوردستان بە شێوەیەک کەوتە بەر کاریگەریی ئەو وڵاتانە و هەندێ تایبەتمەندی جیاوازیان لە بواری جۆراوجۆردا بە خۆوە گرتووە. لەم راستایەدا هەرچەند بنەما هاوبەشە بنەڕەتیەکانی گەلی کورد (زمان، کەلەپوور، مێژوو و خاک) وەکو خۆیان ماونەتەوە و بزووتنەوەی کوردی لە راستای یەکخستنەوەی خاکی کوردان هەوڵەکانی بەردەوامە، بەڵام بەپێی هەلومەرجی جیاوازیی وڵاتانی داگیرکەر بزووتنەوەی کوردی لە سیاسەتدا ڕێبازی جۆراوجۆری گرتووەتە بەر. هەرئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە بۆ داهاتووی کوردستانیش هەندێ سێناریۆی جیاواز مەزندە بکرێت وەکو: یەکەم، یەکخستنەوەی خاکی کوردستانی گەورە و پێکهێنانی وڵاتێکی گەورەی سەربەخۆ (ڕەنگە خاوەن سیستەمی فێدراڵ). جیابوونەوەی کوردستان و ناوچەکانی دیکە ئەگەری پێکهاتنی یەکیەتیەکی ناوچەیی ڕەنگە بەدواوە بێت، لە چەشنی ئەو یەکیەتیانەی کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا لە نێوان چەند وڵاتی سەربەخۆ پێکدێن، ئێستا یان بە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ئێران، چۆنکو ئێرانیش ناوێکی گشتیترە وەک

بگەڕێوە بۆ پێڕست

ئەوروپا و...هتد، کە دەکرێ هاوپەیمانیەک لە نێوان وڵاتان و نەتەوەکانی فەلاتی ئێران بە گشتی پێکبێت. دووەم، پێکهاتنی چوار پێنج وڵاتی سەربەخۆی خاوەن نوێنەری تایبەت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. سێیەم، پێکهاتنی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی لە پارچەیەکی کوردستان وەک باشوور و حکوومەتە هەرێمیەکانی تر لە چوارچێوەی وڵاتانی تردا کە بە شێوەی فێدراڵی هەڵدەسووڕێن. چوارەم، مانەوەی هەموو پارچەکان بە شێوازی هەرێمی لە چوارچێوەی وڵاتانی ئێستاکەدا.

بەپێی هەلومەرجێک کە تا ئێستا هەبووە زۆربەی ڕێکخراوە سیاسیەکان هەوڵیان داوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا. هەست کردن بە پێویستی دەسەڵاتێکی سیاسی هەرێمی بۆ پارێزگاریی لە کەلەپوور، زمان، مێژوو و خاکی کوردان هاندەری سەرەکی و نزمترین ئاستی ویستی ئەم ڕێکخراوانە بووە. ئەم ویستەش بۆخۆی بەپێی گۆڕینی بارودۆخ و ویستی وەچەی نوێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لە خودموختاریەوە بەرەو فێدراڵی. لەم ڕاستایەدا بەپێی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دایە و زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئەوانەی سەر بە نەتەوەکانیی دیکەی ئێران باس لە فێدرالیزم و حکوومەتی فێدراڵی بۆ ئێرانی فرەنەتەوە دەکەن، لێرەدا هەوڵ درا ئاورێک بدرێتەوە سەر فێدرالیزم و شێوازی دابەزاندنی لە وڵاتانی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

فرەنەتەوەدا و لەو ڕێگایەوەش شێوازی فیدراڵی بۆ ئێران باس بکرێت، کە مافی هەموو نەتەوەکان بەتایبەت گەلی کورد تاڕادەیەک تێیدا مسۆگەر بکرێت. هەڵبەت، ئەم کارە دەکرێ بە پێکهاتنی کوردستانی سەربەخۆش وەکو بنەمایەک بۆ سیستەمی حکوومەتی بەکار بهێنرێت.

هەرچۆنێک بێت، هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بریتی دەبێت لە تەواوی ئەو ناوچانەی کە نەتەوەی کورد لەسەری دانیشتووە و هەروەها ئەو شوێنانەی کە لە باری مێژووییەوە نشینگە و بەشێک لە خاکی نەتەوەی کورد بووە و بە هۆی سیاسەتی حکوومەتە جیاوازەکانی ناوەندەوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گۆڕدراوە و تەفریس کراون. سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژئاوا هاوسنووری کوردستانی باشوور و وڵاتی عێراق، لە باکووری ڕۆژهەڵات هاوسنووری هەرێمی ئازەربایجانی باشوور، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنووری هەرێمی فارس و لە باشوورەوە هاوسنووری هەرێمی عەرەبستانی ئێران دەبێت. کوردستان پێکدێت لە چەندین پارێزگای ئێستای ئێران؛ زۆرینەی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێستا، کوردستان، کرماشان، ئیلام، زۆرینەی هەمەدان (کە لە باری مێژوویشەوە پێتەختی کورد یان مێدیا بووە و ئێستاش جگە لە خەڵکی شارەکەی کە کوردی زۆرە، شار و ناوچەکانی دەوروبەری بە زاراوەی لۆری، زمانی کوردی قسە دەکەن)، لۆڕستان، کاکیلۆیەو بۆیر ئەحمەد،

گەڕانەوە بۆ پێڕست

چوارمەحال و بەختیاری و ناوچەی خودموختاری کوردەکانی خوراسان (کە لەباری ئیدارییەوە بەشێک لە کوردستان دەبێت). وێرای ئەوەش رەنگە بە هۆی جۆراوجۆر بەتایبەت دواهاتەکانی ساڵانی ساڵ سیاسەتی یەکدەست کردن و هەروەها نائاگایی سیاسی-نەتەوەیی، هەندێ لەم ناوچانە داواکاریی جیاوازیان هەبێت کە لە کۆتاییدا، ئەوە خەڵکی ئەو ناوچانەن کە دەبێت بڕیار بدەن، ئاخۆ لەگەڵ کوردستان دەبن یان هەرێمێکی جیاواز داوا دەکەن. هەر پارێزگایەک لە چەند شار و شارەوانی پێکدێت و حکوومەتی خۆجێییان دەبێت و خەڵک ئەنجومەنی پارێزگا و شارەکان هەڵدەبژێرن و ئەنجومەنیش پارێزگار و شارەوان. جێی ئاماژەیە ئەو پارێزگایانەی کە ئاماژەیان پێکرا و لە بەر ئەوەی سنوورەکانیان ساختەکراو و دەسکردی رەژیمەکانی پێشوون، رەنگە بگۆڕدرێن و بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رەچاوکردنی هەندێ بابەتی تر پارێزگای نوێ پێکبێن بۆ وێنە: پارێزگایەک بۆ کوردانی کورمانجی سەرەوە، موکریان، ئەردەڵان، گەڕووس، هەورامان، لەکستان و...هتد. هەروەها کەمینەکانی ناو هەرێم مافی خۆیان دەبێت، بۆ وێنە لە پارێزگای ورمێ تورکەکانی ناو هەرێم دەتوانن لەو یەکە کارگێڕیانەدا کە زۆرینەن بە زمانی خۆیان بدوێن و لەوێدا بۆیان فەرمی بێت. پێتەختی هەرێمی کوردستانی رۆژهەڵات، کرماشان دەبێت کە گەورەترین شار و یەکێک لە

بگەڕێوە بۆ پێرست

شارە مێژوویییەکانی کوردستانە و لە هەموو بوارێکیشەوە شیاوی پێتەخت بوونە و گرینگی ستراتیژیکیشی هەیە.

وەک لە بۆ ئێران، ئاماژەی پێکرا، حکوومەتی کوردستانیش لە باری ئایدیالۆژیکەوە چاکترە "سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک" رەچاو بکات، کە نەرمونیانە و توانستی چاکسازیی هەیە و لە باری پێکهاتەییەوە دیمۆکراتیکی لیبراڵ. هەروەها دەبێت دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سیاسی بۆ خەڵک، ئامانجی حکوومەت بێت. رەنگە بۆ هەندێ کەس کۆکردنەوەی ئەمانە پێکەوە بە سەخڵەت بزانرێت بەڵام هەندێ وڵات بە چاکی ئەمانەیان لە پەنای یەکدا رەچاو کردووە. بەپێی بارودۆخی ئابووریی و ئاستی ئاسوودەیی خەڵک تا ئێستا ئەمە پێشنیار و بەرنامەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووە و وەکو ئایدیالۆژیای گشتی حکوومەتی کوردستان رەچاو دەکرێت. دیارە لە داهاتوودا بەپێی گۆڕانی هەلومەرج و ئەوەی کە چ حیزب یان هاوپەیمانیەک حکوومەتەکان پێکدەهێنن و چ بەرنامە و پلانێکیان هەیە، رەنگە لە کردەوەدا جیاوازیگەلێک ببینرێن. بە تێپەڕینی کات ئاستی سەرکەوتنی پلانەکان دەردەکەوێت و بە پێی کاردانەوەیان حکوومەت هەوڵ بۆ چاکسازیی دەدات، چونکە ئەم ئایدیالۆژیە هەڵگری چاکسازییە. ئەم بەرنامەیە شەبەنگێکی بەربڵاو لە بیرۆکەکان دەتوانێت لەخۆ بگرێت و هێزی راهاتوویی زۆرە، چونکو لایەنی گرنگی پاشگری "دیمۆکراتیک" ئازادییە، کە دەتوانێ

بگەڕێوە بۆ پێڕست

لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بێت. بۆیە حکوومەتی سوسیال وێرای بە ئەستۆ گرتنی خزمەتگوزاریی گشتی و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هەوڵ بۆ بەرابەری، رێز لە ئازادیەکانیش دەگرێت و برایەتی لە ناو هەموو چین و توێژەکاندا دابین دەکات و ئەمەش هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ مسۆگەرکردنی دێمۆکراسی بە هەموو لایەنەکانیەوە.

حکوومەتی کاتیی کۆماری کوردستان کە بە بەشداریی حێزب و لایەنە سیاسییەکان پێکدێت لە یەکەم دەرفەتی پاش پێکهاتنی هەرێمدا، هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی بەڕێوە دەبات یان نوێنەرانی دامەزراوە جیاوازە سیاسی-مەدەنییەکان و پسپۆڕانی بواری یاسا و سیاسەت بۆ ئەم ئەنجومەنە دیاری دەکرێن. هەرێمی کوردستان خاوەن یاسای بنچینەیی، ئاڵا، سروودی نیشتمانی، هێماکان، زمانی فەرمی و پێوەندیدەری خۆی دەبێت. یاسای بنچینەیی، یاسایەکی پێشکەوتوو و بەتەواوەتی دێمۆکراتیک دەبێت و ماف و ئازادیەکانی هەموو خەڵکی کوردستانی لە هەر زاراوە، ئایین، هۆز و چین و توێژێک، تێیدا رەچاو دەکرێت. سەبارەت بە ئایین، لە راستیدا وەکو زۆربەی وڵاتانی دێمۆکراتیک کە زۆرینەی خەڵکەکەشیان سەر بە ئایینێکن، بەڵام حکوومەت سێکیولار و بێلایەنە، چاکتر وایە حکوومەتی کوردستانیش سێکیولار بێت واتە هەموو ئایین و ئایینزاکان بەرابەر بن و حکوومەت بێلایەن بێت، نەک ئەوەی کە

دژی ئایین بێت. دیاره‌ کاتێک زۆرینه‌ سه‌ر به‌ ئایین و که‌له‌پوورێک بن که‌سانێکیش که‌ له‌و که‌له‌پووره‌وه‌ ده‌چنه‌ سه‌رێ و هه‌ڵبژارده‌ی ئه‌وانن ره‌چاوی ئه‌و که‌له‌پووره‌ ده‌که‌ن و رێزیش بۆ ئایینه‌کانی تر داده‌نێن و پێویست به‌ ئاماژه‌ کردن به‌ ناوی ئه‌و ئاین و که‌له‌پووره‌ ناکات. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌، له‌ به‌ر ئه‌گه‌ری پێکهاتنی هه‌ندێ کێشه‌، ده‌کرێ (له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی زۆرینه‌ی خه‌ڵکی کوردستان موسوڵمانن) ئاماژه‌ به‌ ئیسلام وه‌کو ئایینی زۆرینه‌ی خه‌ڵک بکرێت و وه‌کو سه‌رچاوه‌یه‌کی یاسا چاوی لێکرێت و هه‌ر له‌و کاته‌ دا ماف و ئازادیه‌کانی هه‌موو ئایین و ئایینزاکانیش، بپارێزرێت.

زمانی نه‌ته‌وه‌یی و فه‌رمی هه‌رێم، زمانی کوردی ده‌بێت و بۆ هه‌موو کاروباری خوێندن، ئیداری، بازرگانی و پێوه‌ندی و...هتد، که‌ڵک له‌م زمانه‌ وه‌رده‌گیردرێت. زمانی پێوه‌ندیده‌ری هه‌رێمی کوردستان چاکتر وایه‌ زمانی ئینگلیزی بێت و له‌ په‌نای کوردیدا هه‌ر له‌ قۆناخی سه‌ره‌تاییه‌وه‌ بوترێته‌وه‌، که‌ هه‌م پێوه‌ندی ناوخۆ و هه‌م ده‌ره‌وه‌ی وڵاتی پێ جێبه‌جێ بکرێت. هه‌روه‌ها زمانێکی جیهانییه‌ و بۆ ده‌سته‌به‌رکردنی زانست و ته‌کنۆلۆژیا و پێشکه‌وتنی زۆرتر پێویسته‌ و زمانێکی زانستی و کارامه‌یه‌. له‌ باری پێشکه‌وتنی منداڵان و ده‌روونزانیشه‌وه‌ منداڵی کورد ئیدی له‌ سه‌رلیشێواوی دێته‌ ده‌رێ و به‌س زمانی خۆی و زمانێکی تر ده‌خوێنی و مه‌جبوور نابێت زمانێک که‌ نه‌ کارامه‌ و نه‌ زانستییه‌ به‌ زۆره‌ملێ

فێر ببێت. بەوجۆرە بناخەی کوردستانێکی پێشکەوتوو و کراوە بە رووی جیهان دادەمەزرێت و دەروازەش بەرەو بەرۆژ بوون لە بوار زانستی و تەکنۆلۆژیادا دەکرێتەوە.

سروودی نیشتمانی کوردستان، سروودی "ئەی رەقیب" دەبێت مەگەر ئەوەی کە بە گۆڕانی هەلومەرج، پارلەمانی کوردستان لە داهاتوودا بڕیاری تر بدات. بۆیە ئەم هۆنراوەیە تاکو پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان وەک پێویستی دەبینرێت. ئاڵای کوردستان کە دیارە لە مێژە هەیەتی و میراتی کۆماری کوردستان و شەهیدانی کوردستان لە سەرەوەی هەموویانەوە پێشوا قازی محەمەدە، وەک خۆی دەمێنێتەوە. وەک پێشنیار، دەکرێت تا کاتێک کە کوردستانی گەورە پێکنەهاتووە بۆ دیاری کردنی پارچەکانی کوردستان لە یەکتر، هەرپارچەیەک هێما یان نیشانەیەکی تایبەت لە سووچێک یان لایەکی ئاڵاکەوە دانێن بۆ وینە: رۆژهەڵاتی کوردستان لەلای راست، رۆژئاوای کوردستان لای چەپ، باکوور لای سەرەوە و باشوور لای خوارەوەی ئاڵای کوردستان.

هەروەها هەرێمی کوردستان لە باری ئابووریەوە باج و داهاتەکانی خۆی کۆنترۆڵ دەکات و لەم پێوەندییەشدا بانکی تایبەتی خۆی "بانکی کوردستان"ی دەبێت، لە پەنای بانکەکانی دیکەی وڵات و (رەنگە) لقی بانکە بیانیەکانیش. حکوومەتی کوردستان بەپێی ئایدیالۆژیەکەی هەوڵ دەدات بۆ دادپەروەریی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریی گشتی لەلایەن حکوومەتەوە. بەڵام هەر لەو کاتەشدا ڕێگە دەدات بە کەرتی تایبەتی بەهێز و بازاڕی ڕکەبەرایەتی ڕەوا لەگەڵ هاندان بۆ پەرەپێدانی ئابووریی و وەبەرهێنان.

هێزی پێشمەرگە هێزی چەکداریی کوردستان دەبێت، کە هەم وەکو پاسەوانی هەرێم دەبێت و هەم بەشێک لە هێزی چەکداری وڵات و لەم ڕێگەیەوە پشکی هەرێمی کوردستان لە هێزی چەکداری وڵاتدا مسۆگەر دەکات و تەنیا بۆ بەرگری لە سنوورەکان و هێرشی دەرەکی بەکار دەهینرێت. جگە لە هێزی پێشمەرگە، هێزی ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی دەبن کە بە جوانترین شێواز ئاسایشی خەڵک مسۆگەر بکەن.

هەروەها حکوومەتی هەرێم، هەندێ کۆمیسیۆنی سەربەخۆشی دەبن. وەک کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، هەڵبژاردنەکان و...هتد، کە یاسا دەبێت ئاماژە بە شێوازی دیاری کردنی ئەندامەکانی بکات، کە زۆرتر لەلایەن سەرۆکی هەرێم و پارڵەمانەوە دیاری دەکرێن، واتە لەسەر پەسەندی پارڵەمان سەرۆک دیارییان دەکات.

### سێ دەسەڵاتی ئاسۆیی کۆماری کوردستان

هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێ کرا، ئەم دەسەڵاتانە بەتایبەت یاسادانان و جێبەجێکاریی دەکرێت بە شێوەی جۆراوجۆر هەبن، لێرەدا بەس ئاماژە بە شیاوترینیان بۆ کوردستان دەکرێت:

١- **دەسەڵاتی یاسادانانی کوردستان**، چاکترە پێک بێت لە دوو ئەنجومەن، ئەنجومەنی سەرەوە (ئەنجومەنی پارێزگاکان یان چین و توێژەکان) و ئەنجومەنی خوارەوە (ئەنجومەنی نوێنەران). یاسای بنچینەیی رێژەی ئەندامەکانی هەرکام لەم ئەنجومەنانە دیاری دەکات. ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی حەشیمەتی هەر شار و پارێزگایەک راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. لەم نێوەدا پشکێک بۆ ژنان و کەمینەکان دیاری دەکرێت. ئەندامانی ئەنجومەن سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکانی دیاری دەکەن. ئەنجومەنی سەرەوە بریتی دەبێت لە نوێنەرانی پارێزگاکان، چین و توێژەکان و گروپە کەمینەکان و هەم دەکرێ بە هەڵبژاردنی گشتی بێت و هەم دیاری کردنیان لەلایەن سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنەکانەوە. بەڵام چاکتر وایە کە نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرەوە وەی پارێزگاکان لە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە وەی چین و توێژەکانیش لە رێگای یەکیەتیەکانەوە و هی گروپە کەمینەکانیش بە شێوەی هەڵبژاردن یان دیاری کردنی نوێنەر لە نێوان خۆیاندا، دیاری بکرێن.

بگەڕێوە بۆ پێرست

**٢- دەسەڵاتی جێبەجێکاریی کوردستان،** لە سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت. سیستەمی سیاسی کوردستان پارڵەمانتاری و فرەحیزبی دەبێت. لە بەر ئەوەی مۆنارشی نابێت و سەرۆک کۆماری هەیە، چاکترە کە سەرۆک کۆمار لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە هەڵبژێردرێت، هەرچەند دەکرێت لە ڕێگای کۆلێژەکانی هەڵبژاردنی ناو پارڵەمانیشەوە (هەر دوو ئەنجومەن و نوێنەرانی ئەنجومەنی پارێزگاکان) بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەڵبژیردرێت. سەرۆک وەزیران، سەرۆک یان نوێنەری حیزب یان هاوپەیمانیَ دەبێت، کە زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە دەستەوەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران دیاری دەکات و سەرۆک وەزیرانیش، وەزیرەکان دیاری دەکات، کە دەبێت بۆ دیاری کردنی وەزیرەکان بەپێی ڕێژەی کورسی لە پارڵەمان و گەشەی حیزبەکانی تریش لە ناو خەڵکدا، لە حیزبەکانی تریش وەزیر هەبن.

**٣- دەسەڵاتی دادوەریی کوردستان،** دەسەڵاتێکی بەتەواوەتی سەربەخۆ دەبێت. ئەم دەسەڵاتە پێکدێت لە ئەنجومەنی دادوەریی، دادگای یاسای بنچینەیی، دادگای پێداچوونەوە و دادگای مافی مرۆڤ. هەر پارێزگایەکی کوردستانیش دادگای بەرزی دەبێت و لە شارەکانیشدا دادگا جۆراوجۆرەکان بۆ جێبەجیَ کردنی کاری دادوەریی جیاواز، پێکدێن. ئەندامانی ئەنجومەنی

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دادوەریی و دادوەرانی دادگاکانی هەرێم، دەکرێ لەسەر پەسەندی پارڵەمان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری بکرێن.

**بە هیوای رۆژێک کە:** هیچ مرۆڤێک لە ئێراندا لە نەبوونی ئازادی نەدوێت و لە بەرامبەردا دیمۆکراسی، ئازادی و ئاسایشی وەها تێدا سەقامگیر بێت، کە هەمووان مافی خۆیان هەبێت و هەمووش بێ هیچ ترس و لەرزێک ژیان ببەنە سەر مرۆڤێک لە هێزی ئاسایش و پۆلیس نەترسێ و بە پارێزەری ئاسایشیان بزانێت، نەک بەپێچەوانەوە و بەو شێوەی کە لە ئێرانی ئێستادا هەیە؛ هیچ تاک و نەتەوەیەک نەناڵێنێت بە دەست نادادپەروەریی و هیچ کەسێک ڕێگە نەدات بە خۆی، لە جێی کەس و نەتەوەکانی تر بڕیار بدات و بیری مرۆڤانە جێی بیری تەسکی شۆڤێنیزمی بگرێتەوە؛ بایەخی مرۆڤ پتر لە پاراستنی چوارچێوەی بە زۆر ڕاگیرکراو بێت؛ هیچ کەس بە هۆی دەسەڵاتەوە لەخۆبایی نەبێت و هەمووان وەکو ئەرک و خزمەت کردن، چاو لەبەرپرسایەتیەکان بکەن؛ هەموو دەسەڵاتدارێک ئەوەندە لە خۆی دڵپاک بێت و خزمەتگوزار بووبێت، نەک جەلاد، کە بێ ترس وەکو خەڵکی ئاسایی لە شەقامەکاندا بگەڕێ! و دەرەنجام، بە هیوای رۆژێک کە ئەوەندە ئاستی بیری دیمۆکراتیک، مرۆڤانە و ئاوەزمەندی لە نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستاندا گەشە بستێنێت، کە ڕێگە بدەن نەتەوەی کوردیش خۆی بۆ خۆی بڕیار

بگەڕێوە بۆ پێڕست

بدات و وەک ئەوان دەسەڵاتی سەربەخۆی هەبێت. بەمجۆرە بیسەلمێنن باوەڕیان بە بەرابەری مرۆڤەکان هەیە، کە ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت، دەبێت گومانیان لە مرۆڤ بوونی خۆیان هەبێت!

# پاشکۆکان؛

**پاشکۆی ١:** نووسین بە زمانە جۆراوجۆرەکان لەسەر پارەی هێندووستان




بگەڕێوە بۆ پێرست

**پاشکۆی ٢:** نووسینی کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی لە سەر پاسپۆرتی عێراقی




بگەڕێوە بۆ پێڕست

# سەرچاوەکان:

Allister, James A. Mc, ‘Redistributive federalism: Redistributing Wealth and income in the Canadian federation’, **Canadian public administration**, volume 54. No 4, December 2011, pp. 487-507.

Agarwal, R. C., **Indian Political system (Indian Government and politics)**, S. Chand & company Ltd, fifth edition, New Delhi, 2003, p. 206.

Auer, Andreas, The constitutional scheme of federalism, **Journal of European Public Policy**, June 2005: pp. 419–431.

Ayua. Ignatius Akaayar & Dakas C. J. dakas, ‘Federal Republic of Nigeria’, forum of federations, **international association of ceters for federal studes**, at; http://www.federalism.ch/files/categories/IntensivkursII/nigeriag1.pdf

Azam, Kousar J., **Federalism and Good Governance, Issue Across cultures**, New Delhi, south Asian publishers, 1998.

Bassey, Celestine, ‘The Politics of Resource Control in Nigeria’, **European Journal of Social Sciences**, ISSN 1450-2267 Vol.27 No.2 (2012), pp. 222-232.

Bhatttacharajee, Arun, **An Introduction to Political Theory**; second edition, New Central Book Agency, London, 1993.

Biela. Jan, Annika Hennl, and André Kaise, ‘**Combining Federalism** and Decentralization: Comparative Case

گەڕانەوە بۆ پێڕست

Studies on Regional Development Policies in Switzerland, Austria, Denmark, and Ireland', *Comparative Political Studies* 2012, 45: 447 originally published online 18, October 2011. The online version of this article can be found at: http://cps.sagepub.com/content/45/4/447

Blume, Lorenz and Stefan Voigt, 'Federalism and decentralization—a critical survey of frequently used indicators', **Const Polit Econ** (2011) 22:238–264

Brancati, Dawn, 'Can Federalism Stabilize Iraq?', **The Washington Quarterly** _ Spring 2004, pp 7-21.

Crowley, George R. and Russell S. Sobel, 'Does fiscal decentralization constrain Leviathan? New evidence from local property tax competition', **Public Choice** (2011) 149:5–30.

Dua B. D. & M. P. Singh, **Indian federalism in new millennium**, New Delhi, Ajay Kumar Jain, 2003, p. 27

Edinger, **Casebook, Law 100, Canadian Constitutional Law**, Faculty of law, University of British Columbia, 2011 – 2012.

Erk. Jan, 'Austria: A federation without federalism', **the journal of federalism**, 34:1, winter 2004.

Fenna. Alan, 'Federalism Symposium, The Malaise of Federalism: Comparative Reflections on Commonwealth–State Relations', **The Australian Journal of Public Administration**, vol. 66, no. 3, *September* 2007, pp. 298–306.

Gillette. Clayton P., 'Fiscal federalism as a constraint on states', **Harvard journal of law & public policy**, vol, 35, No 1, pp. 101-114.

Mallat, Chibli, 'federalism in the middle east', **Case W. RES. J. INT**, LL, VOL. 35:1, 2003.

McGinnis, John O., Federalism as discovery process and a catalyst for humility, ***Harvard Journal of Law & Public Policy*** [Vol. 35 No. 1]. Pp 115-120.

McGovern, Shannon K., 'A new model for states as laboratories for reform: How federalism informs education policy', ***New York University Law Review*** [Vol. 86: pp. 1519-1555

Oates, Wallace E., 'An Essay on Fiscal Federalism', **Journal of Economic Literature**, Vol. XXXVII (September 1999) pp. 1120–1149

Sbragia. Alberta M., 'Federalism and Intergovernmental Relations', Copyright Oxford University Press, 2009 – 2012. see http://www.oxfordhandbooks.com/oso/public/privacy_policy_oho.html.

Schutter, Helder De, **'**Federalism as Fairness, ***the Journal of Political Philosophy****:* Volume 19, Number 2, 2011, pp. 167–189.

Seidman, Louis Michael, **'**Depolitizing Federalism', *Harvard Journal of Law &* ***Public Policy*** [Vol. 35 No. 1]. pp 121-127.

Selin, Henrik and Stacy D. VanDeveer, 'Federalism, Multilevel Governance and Climate Change Politics across the Atlantic', **Presented at the EUSA Twelfth Biennial International Conference**, Boston, Massachusetts, March 3-5, 2011.

Shirk, David A., 'New federalism in Mexico: Implications for Baja California and the cross-Border region', ***San Diego Union-Tribune*** **and Sempra Energy**, July 1999.

Tommasi, Mariano, Sebastián Saiegh, and Pablo Sanguinetti**,** 'Fiscal Federalism in Argentina: Policies, Politics, and Institutional Reform', **Economia**, Spring 2001, pp:147-201

Vickers, Jill, 'A Two-Way Street: Federalism and Women's Politics in Canada and the United States', **Publius: The Journal of Federalism**, volume 40 number 3, pp. 412^435.

Villiers, Bertus de, 'Ethiopian Federalism, Learning from the World'**, Brief feature**, July 2010, pp 28-33.

Verma, S. L., **Federalism Authority in the Indian political system (A comparative study of structure, processes, and operational dynamics of federal authority in select federations)**, published by R & SA Publisher, Jaipur, India, 1987.

Waseem, Mohammad, 'Federalism in Pakistan', The Forum of Federations project in Pakistan is funded by the German Ministry of Foreign Affairs, august 2010.

Watts, Ronald L., 'Daniel J. Elazar: Comparative Federalism and Post-Statism', **Publius: The Journal of Federalism,** 30:4 (Fall 2000), pp 155-168.

Watts, Ronald L., **Comparing Federal Systems**, second edition, Queen's University Kingston, Ontario Canada, 1999.

Wing, Adrien Katherine, 'The south African constitution as a role model for the United States', **Harvard Blackletter Law Journal**,Vol. 24, 2008, pp 73-80

Zhuravskaya, Ekaterina, 'Federalism in Russia, russia after the global economic crisis'**, center for economic and financial research at new economic** school, April 2010.

**Federal Constitution of the Swiss Confederation**, of 18 April 1999 (Status as of 11 March 2012)

**Spanish constitution**, Modified by the Cortes Generales in the plenary sittings of the Congress held on July 22, 1992 and of the Senate held on July 30, 1992 and sanctioned by His Majesty the King on August 27, 1992.

**The constitution of Bosnia and Herzegovina**, at: http://www.ccbh.ba/public/down/USTAV_BOSNE_I_HERCEGOVINE_engl.pdf

**The constitution of the federation of Bosnia and Herzegovina**, Consolidated translation, with

amendments indicated, 18 March 1994, available at: http://www.unhcr.org/refworld/docid/3ae6b56e4.html [accessed 5 August 2012]**The constitution of India**, 26 November, 1949, (Consolidated with amendments).

**The constitution of South Africa**, No. 108 of 1996.

**The constitution Act [of Canada], 1867,** 30 & 31 Victoria, c. 3. (U.K.), (Consolidated with amendments)

**Laws of Malaysia, Federal constitution,** Incorporating all amendments up to P.U.(A) 164/2009

**The Belgian constitution,** April 2012 Belgian House of Representatives, This publication contains the text of the Constitution as coordinated on 17 February 1994, including the further revisions.

**The Constitution of the Federal Republic of Nigeria 1999**, Third Schedule.

**The constitution of the Russian Federation** (with the Amendments and Additions of December 30, 2008)

**The Constitution of the Federal Democratic Republic of Ethiopia**, Constitution of Ethiopia, 1994, 8 December 1994.

**The Constitution of Iraq, 2005,** available at: http://parliament.iq

**The Constitution of Kurdistan - Iraq**, 2009, available at: www. Perleman.org

Bosnia and Herzegovina, Religious Demography, at: http://www.state.gov/documents/organization/171686.pdf

European Commission, commission staff working paper, Bosnia and Herzegovina 2011 Progress Report, Brussels, 12.10.2011, SEC(2011) 1206 final, at:

http://ec.europa.eu/enlargement/pdf/key_documents/2011/package/ba_rapport_2011_en.pdf

Establishing a Stable Democratic Constitutional Structure in Iraq: Some Basic Considerations, prepared by the Public International Law & Policy Group and The Century Foundation, may 2003 at: www.pilpg.org
Bosnia and Herzegovina, Religious Demography, at: http://www.state.gov/documents/organization/171686.pdf

http://en.wikipedia.org

بگەڕێوە بۆ پێڕست

دیاره باس کردن لەسەر پێکهاتەی سیاسی وڵاتی ئێران بابەتێکه پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە و ئەوە خەڵک و نوێنەرانی کۆمەڵانی خەڵکن کە دەبێت لەسەری رێکەون. بۆیە لێرەدا بەس وەکو پێشنیار، بەپێی باسە تیۆریکەکان و ئەزموونی وڵاتانی فێدراڵی فرەنەتەوە و بارودۆخی ئێران بۆخۆی، هەندێ گەڵاڵە لەسەر شێوازی سیستەمی فێدراڵی دەهێنرێتە ئاراوە.

بیری شۆڤێنیزمی و فاشیستی وەهای کردووە کە کاتێک باسی مافی نەتەوەکان دێتە ئاراوە، هەموویان بە هەر ئایدیالۆژیا و بیرۆکەیەکەوە، دەبنە یەک و ئامادە دەبن کە مافی مرۆڤ و هەموو بایەخە مرۆییەکان پێشێل بکەن، تا وەک خۆیان دەڵێن پارێزگاری لە چوارچێوە و ناوێکی بێ ناوەرۆک بکەن.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حدکا - ٢٧١٠
PDKI Center For Strategic Research - 2010

csr@pdki.org
pdkicrs@gmail.com